# دامەزراندنی
# چەند میرنشینێکی کورد
# لەهەردوو سەدەی
# (٨و٩ك - ١٤و١٥ز) دا

کامەران جەمال بابانزادە

هەولێر ٢٠١٢

* ناوی کتێب: دامەزراندنی چەند میرنشینێکی کورد لەهەردوو  سەدەی (٨ و ٩ك/ ١٤و ١٥ز)دا
* نووسەر: کامەران جەمال بابان زادە.
* بەرگ و سەرپەرشتیاری هونەری: عوسمان پیرداود .
* نەخشەسازی: عیسام موحسن.
* بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(     ).
* چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.
* تیراژ:  ٥٠٠ دانە.
* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(      )ی ساڵی ٢٠١٢ی پێدراوە.

## هیما کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| ب.ش | بێشوێنی چاپ |
| چ | چاپ |
| ب | بەش، بەرگ |
| ژ | ژمارە |
| ل | لاپەڕە |
| ز | زاینی |
| ك | کۆچی |
| هـ | هجري |
| م | ميلادي |
| د،ت | بدون تأريخ الطبع |
| د،م | بدون مكان الطبع |
| ت | توفي |
| تح | تحقيق |
| ج | جزء او جلد |
| مج | مجلد |
| ع | العدد |
| گ | طبع |
| ص | صفحة |
| P | Page لاپەڕە |

## پێشەکی

تەرخانکردنی ئەم توێژینەوەیە بۆ دامەزراندنی میرنشینە کوردیەکان، لە بەر بایەخی بەشداری ئەوانە لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستدا، کە بەشێکی گرنگی مێژووی سیاسیی میللەتی کورد پێکدەهێنێن، لە سەردەمی مێژووی نویٚ، بە تایبەت لە دوای شەڕی چالدێران (٩٢٠ك/١٥١٤ز) بۆ ناوەڕاستی سەدەی (١٣ك/١٩ز) رۆڵی گرنگیان لە مێژووی کوردستاندا گێڕاوە، کە چەندین میرنشینی گەورەو بچووكو فەرمانڕەوایەتی خاوەن قەڵاو هاوپەیمانیەتی هۆزایەتین.

ئەم نامەیە پێدەچێت یەکەم توێژینەوە بێت بە تەنیا تەرخان کرابێت بۆ دامەزراندنی هەندێك لە میرنشینە کوردیەکانی هەردوو سەدەی ٨و ٩ك/١٤و ١٥ز، بەڵام ئەوەی پەیوەندیی هەیە بە چۆنیەتی هەڵبژاردنی ئەو پێنج میرنشینە، کە لەو دوو سەدەیە هەبووە، لە سەرەتاوە بڕیار بوو (١٠) لەوانە دیاری بکریت، لە ناو زیاتر لە (٤٠) میرنشینی کورد، کە هەموویان لە کۆتایی سەدەی ٩ك/١٥ز سەرەتای سەدەی ١٠ك/١٦و هەبوون، ئەوانش میرنشینەکانی (حصن کیفا، جەزیرەی بۆتان، هەکاری، چمشکزاك، ئەردەلان، موکریان، دونبڵی، بادینان، سۆران، بابان) بوون.

لە دوای کۆکردنەوەی زانیاری، گەیشتینە ئەو باوەڕەی ، کە (١٠) لەوانە زۆرە بۆ نامەیەك، (پێنج) لەوانەمان لابرد، ئەمەش لە سەر ئەو بنەڕەتەی، کە ماوەی توێژینەوەکەمان دیاری کردبوو بۆ هەردوو سەدەی ٨و ٩ك/ ١٤و ١٥ز، بەدەرکەوت کە میرنشینەکانی (دونبڵی، چەمشکزاك، هەکاری، جەزیرە، حصن کێفا، برادۆست) پێش ئەو دوو سەدەیە کەوتوون، بۆ هەندێکیشیان سەرچاوەی بنەڕەتی زۆر کەمە، هەریەك لە (حصن کیفا)و (برادۆست) توێژینەوەیان لەسەر کراوە، ئەوە زیاتر مەبەست بوو میرنشینەکانی باشوورو رۆژهەڵاتی کوردستان بوو، مایەوە (ئەردەلان، بادینان، سۆران، بابان، موکریان).

لەگەڵ دیاریکردنی ناونیشانی نامەکە، لەرووی سەردەمەوە هەر بەناوی ئەو میرنشیانەوە خستمانە بەردەم سەرۆکایەتی بەشی مێژوو، کە ئەو میرنشینانە لە کۆتایی سەدەی ٩ك/١٥زو سەرەتای سەدەی دواتر هەبوون، هیچ توێژینەویەکمان لەبەردەست دا نەبووە، کە سەرەتای دامەزراندنیان بۆ کەی دەگەڕێتەوە، بەڵام لەدوای دەستبەکاربوون، ئەو پێنج میرنشینەکەی دیاریمان کرد، بەو ناونیشانەی هەیە گەڕاپین بەدوای سەردەمی دامەزراندنیان.

مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست لە شەڕی چالّدێران (٩٢٠ك/١٥١٤ز) کۆتایی دێت، ئەو پێنج میرنشینەی لێرەدا باس کراون، پێش شەڕی چاڵدێران هەبوون و لە ماوەی دوو سەدەی پێشترو لە دەرفەتو قۆناغی جیا دامەزراون، کە بەشێکە لە دواپین سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست.

پاشان چەند توێژینەوەیەك لە سەر قۆناغی تازەی ئەوانە بە جیا کراوە، وەکو: (إمارة بهدينان ١٧٠٠-١٨٢٤)ی (کاوە فريق شاولی)یو (قلاع الامارة السورانية في اربيل)ی (زياد احمد)و (إمارة سوران (منذ بداية القرن ثامن عشر حتى العام ١٨٣٦م)ی (عثمان عبدالرحمن)ی (الإمارة البابانية ١٧٨٤-١٨٥١)ی (عبدربه ابراهيم الوائلي)، ئەو توێژینەوانە لە سەر مێژووی نوێ (الحديث)نو بۆ ئەم توێژینەوەیە، ئەو بایەخەیان نەبووەو پەیوەندیی بە سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاستەوە نییە.

لەم توێژینەوەیەدا سەرەڕای دەروازەو بەشێکی پەیوەست بە سیستمی میرنشیانیەتی بە تایبەت لە ماوەی ئەو دوو سەدەیەدا، بەشو باسەکانی دابەش کراون بە سەر ئەو داواکاریانەی راستەوخۆ پەیوەندییان هەیە بە سەر دامەزراندنی ئەو پێنج میرنشینەی ئەو توێژینەوەی بۆ تەرخان کراوە.

(ناو)ی میرنشینەکان بایەخێکی زانستی هەیە بۆ دۆزینەوەی ئەو سەرەداوانەی پەیوەندییان بە بوونی ئەوانەوە هەبووە، دوایی شوێنو مەڵبەندی دامەزراندنو ئەو کەسو خانەوادەیەی دایمەزراندوون، لەگەڵ ساڵو

سەردەمی دامەزراندنو ئەو هۆکارە تایبەتیانەی لە پشت دامەزراندنی ئەو میرنشینەوە بوون.

لەگەڵ ئەوەدا هەموو میرشینە کوردییەکان لە هەندێك خەسڵەتی گشتیو هۆکاری دامەزراندن هاوبەشن، کە پێویستمان بە بەشێکی سەربەخۆ هەبووە بۆ دیاریکردنی ئەو خەسڵەتو هۆکارە هاوبەشانە، بەڵام هیچ کامێکیشیان بەدەر نەبوون لە چەند خەسڵەتو هۆکاری تایبەت بە خۆیان، لێرەوە دوو میتۆدی پۆلینکردن هەبوون، ئەوانیش دابەشکردنی بەشو باسەکانی تایبەت بە دامەرزاندن لە سەر بنەڕەتی بابەتەکانی پەیوەست بە میرنشینەکان، وەکو ئەوەی پەیوەستە بە (ناو)ی ئەوانەوە، هەموو پێکەوە لە بەشێك باس بکرێت، یان هەر یەکەو بەشێکی سەربەخۆ بێتو هەموو تەوەرەکانی پەیوەست بە دامەزراندنی بکرێتە باسێکی سەربەخۆ، بەشەکە ناوی ئەو میرنشینەی لێ بنرێت، دواجار جۆری دووەم بە باشتر زانرا.

توێژینەوەکە لە دەروازەیەكو شەش بەش پێکهاتووە، بێجگە لە بەشی یەکەم شێوازی دابەشکردنی ئەوانی دیکە لە یەکتریەوە نزیکە.

لە دەروازەی ئەم توێژینەوەیە، بە کورتی تیشك خراوەتە سەر باردۆخی سیاسیی کوردستان لە ماوەی ئەو دوو سەدەیە، ئەوەی پەیوەستە بە شاڵاوی داگیرکارانو ڕەنگدانەوەی لە سەر بارودۆخی سیاسیی کوردستان.

بەشی یەکەم/ تایبەتە بەو خەسڵەتو هۆکارە گشتیانەی هەموو یان بە لایەنی کەمەوە زۆربەی میرنشینە کوردیەکانی تێدا هاوبەشن، ئەویش لە دوو باس پێکهاتوون: باسی یەکەم، ناساندنی میرنشینو خەسڵەتو جۆرەکانی لە ماوەی ئەو سەدەیەدا.

لە باسی دووەم بە کورتی لەو هۆکارە گشتیانە دواوین، کە بە شێوەیەکی گشتیی کاریگەریان هەبووە بۆ دروستبوونیان.

لە بەشەکانی دووەم تا شەشەم بۆ پێنج میرنشین تەرخانکراوە، کە بە پێی سەردەمی دامەزراندن لە کۆنەوە بۆ تازە ریز کراون، دوو لەوانە

(ئەردەلان‌و بادینان) لە سەدەی ٨ك/١٤ز دامەزراون‌و ئەوانی دیکە، (سۆران، بابان، موکریان) لە سەدەی ٩ك/١٥ز دامەزراون.

بەشی دووەم بۆ ئەردەلان‌و بەشی سێیەم بۆ بادینان‌و بەشی چوارەم بۆ سۆران‌و بەشی پێنجەم بۆ بابان‌و بەشی شەشەم بۆ موکریان تەرخانکراوە.

چونکە پێویستییەکانی بەدواداچوونی هەریەك لەوانە لە یەکەوە نزیکە، هەریەك لەو بەشانە بۆ (چوار) باس دابەشکراوە:

باسی یەکەمی هەریەك لەو بەشانە تایبەتە بە (ناو)ی میرشینەکە لە رووی مێژوویی‌و زاراوەوە، ئەمەش وەکو بونیادێکی خێڵایەتی یان ناوەندێکی جوگرافی، هەتا دەگاتە ناونیشان بۆ ئەو میرنشینە وەکو رەهەندێکی سیاسیی.

باسی دووەمی هەریەك لە بەشەکانی دووەم هەتا شەشەم تایبەتە بە دواداچوون لە سەر مەڵبەندی دامەزراندن‌و سنوورەکەیی‌و ئەو قەڵاو ئاوەدانیانەی لەو سنوورە دا هەبوون، لەگەڵ پێکهاتەی دانیشتووان لە رووی کۆمەڵایەتییەوە.

باسەکانی سێیەمی تایبەتە بە دامەزرێنەر: هەر پێنج بەش، تەرخان کراوە بۆ دۆزینەوەی دامەزرێنەری‌و هۆزو تیرەکەی‌و ئاکامی فەرمانڕەوایەتی، هەتا دوای جێگیربوونی فەرمانڕەوایەتی ئەو میرنشینە.

باسەکانی چوارەم تەرخان کراوە بۆ ساغکردنەوەی ساڵ‌و سەردەمی دامەزراندن، لەگەڵ ئەو خەسڵەت‌و هۆکارە تایبەتیانەی پەیوەندیی راستەوخۆیان هەبووە بە میرنشینەکە، بۆ ئەو مەبەشتەش پشت بە سەرچاوەو شرۆڤەکاری سەرچاوەکان بەستراوە.

## شرۆڤەی سەرچاوەکان

لە گیروگرفتە گەورەکانی بەردەم ئەو توێژینەوە، کەمی سەرچاوەی بنەڕەتی‌و راستەوخۆ بووە، لە سەر بارودۆخی سیاسیی‌و ئابووری‌و

کۆمەڵایەتیی کوردستان لە ماوەی ئەو دوو سەدەیەو لە سەر میرنشینە کوردیەکان بە تایبەتی، سەرچاوەی خۆماڵی بێجگە لە (شەرەفنامە) زۆر بە کەمی دەستدەکەوێت باسی لە سەرەتاکانیان کردبێت.

ئەو سەرچاوانەش لەم نامەیەدا بە کارهێنراوە سەرچاوەی کۆنو ژێدەری تازەو نامەی ئەکادیمیو وتاری مێژوویین.

**سەرچاوە بنەڕەتیەکان**

لە دیارترین ئەو سەرچاوانەی بۆ زۆربەی میرنشینە کوردییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست پشتی پێدەبەسترێت(شەرەفنامە)یە، لە (١٠٠٥ك/١٥٩٨ز) شەرەفنانەی نووسیووە، کە بۆتە سەرچاوەیەکی بنەڕەتی بۆ میرنشینە کوردییەکانی ئەو سەردەیە، لەگەڵ ئەوەدا لە هەندێك شوێن زانیاریەکانی لەسەر میرنشینە کوردیەکان دروست نییە، بە تایبەت لە گەڕانەوەی بۆ ئەو سەردەمەی چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیە، لەوێدا پشتی بەگێڕانەوەی پشتاوپشت بەستووە، بەڵام سەرچاوەی دیکە لەو بارەیەوە کەم بووە بۆ پشتڕاستکردنەوەی زانیاریەکانی ئەو مێژوونووسە، زۆر دەقی مێژوویی هەیە، لەبەدلیسی بەولاوە، پێشتر زانیاری لەسەر دەست ناکەوێو لە دوای بەدلیسی هیچ سەرچاوەی بنەڕەتی پشتڕاستی نەکردۆتەوە، بۆ هەر پێنج میرنشینی چوارچێوەی ئەم توێژینەوە شەرەفانە بۆ سەرچاوەی یەکەمو بنەڕەتی.

لە دوای شەرەفنامە چەند سەرچاوەیەکی کەمی دیکەی بنەڕەتی دەستکەوتن، بۆ ساغکردنەوەی سەرەتای هەریەك لەو پێنج میرنشینە بەشداریان کرد، بەڵام بەو ئەندازەیە لە رووی زانیارییەوە دەوڵەمەند نەبوون، ئەوانیش:- (مذكرات مأمون بيك)، کە نامەیەکی درێژی یەکێك لە میرەکانی ئەردەلانە بۆ سوڵتانی عوسمانی، ئەمەش بە تەنیا بۆ میرنشینی ئەردەلانە، لەچەند ئاماژەیەکی کورت نەبێت ئەوەی دیکە پەیوەندی بە سەرەتای دامەزراندنی ئەو میرنشینەوە نییە، هەروەکو کتێبەکەی (عبدالصمد

التوداری)یه، به ناوی (نور الأنـوار)و (النجـوم الزاهـرة)ي (إبـن تغـري بـردي)، بەتـەنیا چـەن زانیاریـەکی سـەرەتاییو بەشـداری بچـووکیان هەیـە لەسـەر سەرەتاکانی بابان هەیە، پێش ئەو سەردەمەی بەدلیسی باسی کردووە.

دەستنووسی (سەجەری زیوکی)، کە (عماد عبدالسلام) بەدواداچوونی بۆ کردووە، زانیاریەکانی لەسـەر میرنشـینی بادینـان جێـی متمانـە نییـەو کـاتی نووسـینو نووسـەری ئـەو دەستنووسـەش دیـار نییـە، (مسـالك الابصـار)ی (العمـري)، (صـبح الاعشـى)ی (القلقشـندي)و (دیاربەکریـە)ی (تـاراني) بـۆ میرنشـینی سـۆران، هەریـەك بەچـەند ئاماژەیـەك چـەند زانیاریـەکیان لەسـەر قـەڵای ئامێـدی لێدەسـت دەکـەوێت، بـەڵام هیچـیان باسـی ئـەو میرنشـینی بادینانیان، یان هیچ کام لەو پێنج میرنشینەیان نەکردووە.

بـۆ هەریـەك لـە میرنشـینەکانی ئـەردەڵانو بادینـانو سـۆران، موکریـان هەندێك لە سەرچاوەی فارسی هەن، وەکو (لب التواریخ)ی (القزویني)و (عـالم ارای عەباسی)ی (أسکندر بیك ترکمان)و (تأریخ ألفی)ی (قازی احمد تتـوی)، لەگەڵ ئەوەدا بـۆ باسـی گشـتی رووداوەکـان بـە کـەڵك بـوونو سـەرەداوێکی سـەرەتاییان لـە سـەر دووەم مـیری مـوکری بـۆ بـاس کـردووین، بەشـداریان هـەبووە، بـۆ ئـەو شـرۆڤەکاریانەی پێویسـت بـوو، بـۆ لایـەنی سیاسـیو کۆمەڵایەتی سەردەمو قۆناغەکانی دواتر بەڵام زانیاری راستەوخۆیان لەسـەر ئەو میرنشینانە تێدا نەبووە.

سەرچاوە فارسیەکانی دیکە بە زمانی فارسی یان وەرگێڕدراوی عەرەبیو کوردی یاریدەدەر بوون بۆ باسی رووداوە گشتییەکانی کوردستان لە ماوەی ئەو دوو سەدەیە، وەکو (دیاربەکریـە)، (أحسـن التـواریخ)ی (حسـن روملـو)، (جامع التواریخ)ی (الهمذاني)، (ذیل جامع التواریخ)ی (الحافظ أبـرو)، (تـاریخ جهانگشا)ی (الجویني)، هەردوو (ظفرنامـە)ی (الشـامی)و (الیـزدی)، (دوو ذە یلـی شـەرەفنامەی بەتلیسـی)ی (شـەمع و محەمـەد ئیـبراهیم ئـەردەلانی)و هەندێك سەرچاوەی دیکە، ئەوەی جێی سـەرنجە شـوێنی سەرچـاوە فارسـیە

بنەڕەتییەکان لە ئامادەکردنی ئەو توێژینەوە کەمتر نیە لە بایەخی سەرچاوە عەرەبیەکان.

لــە سەرچــاوە ئەرمەنییــەکانیش کــە Colophons of Armenias Manuscripts کە بە زمانی ئینگلیزی بوو، بە کەڵکی ئەم توێژینەوەیە هات.

لە سەرچاوە بنەڕەتییـە عەرەبیـەکان وەکـو (الکامـل في التـأریخ)ی (إبـن الاثیر)و (تأریخ ابن خلدون)ی (إبن خلدون)و لە سەرچاوە بولدانیەکانی وەکـو (معجم البلدان)ی (یاقوت الحموي) و (صورة الارض)ی (إبن حوقـل)و (مراصـد الاطلاع)ی (إبن عبدالحق البغـدادی) و ئـەوانی دیکـە، بـۆ دیـاریکردنی شـوێن‌و قـــەڵاو ئاوەدانییـــەکان‌و شـــڕۆڤەکاری ڕووداوە گشـــتییەکان ســـوودیان لێوەرگیراوە، یاریدەدەرێکی باش بوون.

بە کورتی لەسەر میرەکانی ئەو پێنج میرنشینە بێجگە لـە لایـەنی گشـتی نەبێت، وەکو دیاریکردنی شوێن‌و ڕووداوە کشتیەکانی ئەو دوو سەدەیە، ئـەو سەرچــاوە بنەڕەتییــەکان بێجگــە لــە (شــرفنامە)، ئــەوانی بەشــداری زۆر سنووردایان هەبووە.

لـە هەنـدێك لـەو سەرچـاوانەی کـە، مێـژوویان دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەدەی نۆزدەم، میرنشینی ئەردەلان پشکی زیاتری بەرکەوتووە، زۆربەیان لە سایەی میرانی ئـەردەلان لـە لایـەن مێژوونووسـانی ئەردەلانـەوە نووسـراون، وەکـو (ذەیـل)ێـك بـۆ کتـێبی (شــەرەفنامە)ی شــەرەفخانی بەدلیســی تایبــەت بــە ئەردەلان، لـە لایـەن (موحەمـەد ئیـبراهیم ئەردەلانی)یـەوە، (زبـدە التـواریخ سننجی در تاریخ کردستان)ی (مەلا محەمـەدی شـەریف قـازی)، (تـأریخ الأ کراد)ی (مەستورەی ئـەردەلانی)، (حدیقـة ناصـریة و مـرأت الظفـر)ی (وقـایع نگار کردستانی)، کە هەموویان بە زمـانی فارسـی نووسـراون، لـەو سەرچـاوە فارسیانەن کە بەفارسی یان بە وەرگێڕدراوی کوردی سوودیان هەبووە، بەڵام زۆربەی زانیارییەکان دووبارەی یـەکتر، یـان سەرچـاوەی بنـەڕەتیان بـۆ ئـەو پێـنج میرنشـینەو بەتایبـەت لەسـەر (ئـەردەلان) دیـار نـەبووە، بەگومانـەوە سوودیان لێوەرگیراوە.

### ژێدەرەکان

نکـۆڵی لـەوە ناکرێـت ژمارەیـەك ژێـدەر هەیـە لـە سـەر میرنشـینە کوردییەکان، کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە بە دواوە نووسراون، زۆرینەیان جەختیان لە سەر مێژووی دوای سەدەی ١٠ك/١٦ز کردۆتەوە، بە سەرپێی لـە سەرەتای دامەزراندیان دواون، زانیاریـەکانی زۆربـەیان لـەوەی (شـەرەفنامە) تێپـەڕی نـەکردووە، سەرچـاوەی هـەنێك لـە زانیاریـەکانیان دیـار نیـەو جێـی گومانـە، ئـەو سەرچـاوانەش لـە رووی زانسـتیەوە دەکـرێن بـە دوو بەشـەوە: هەنـدێککیان هـەوڵی دڵسـۆزانەی مێژوونووسـانەو ئـەوانی دیکـە، ئـەو نامـە زانستیانەن، کە لە چوارچێوەی بابەتەکانی خۆیان، تیشکیان خسـتۆتە سـەر دامەزراندنی ئەو میرنشینانە، بەڵام نامە زانستیەکان، کە تەرخانن بۆ مێژووی نوێ، بە سەر پێی گەڕاونەتەوە بۆ ئەو سەردەمە، یان بە شـێوەیەکی گشـتی سەردەمێك یان هـەرێمێکی دیاریکراویـان لـە مێـژووی سـەدەکانی ناوەڕاسـت وەرگرتـووە، بـە شـێوەیەکی لاوەکـی نـەبێت زانیـاری راسـتەوخۆیان لـێ دەستناکەوێت، لەو روانگەیەوە دەگەینە ئەو ئاکامەی کە زانیـاری بنـەڕەتیو باوەڕپێکراوە لەسەر ئەو رۆژگارە زۆر کەمەو بە لەڕووی سەرچـاوەی زانیـاری ئەو دوو سەدەیەش وەکو پێشە خۆی هەژارە.

پاشان لە رووی بایەخەوە ئەو سەرچاوانە دەکرێت دابەش بکرێن بـۆ دوو بەش، ئەوانەی، کە تەرخان کراون بۆ مێژووی یەکێك لەو میرنشینانە یـان بـە گشتی باسـی مێـژووی کـوردی کـردووەو لەوێدا بەشـێکی تـەرخانکردووە بـۆ میرنشینەکانو بە گشتی باسی ئەو پێنج میرنشینەی کردووە.

ئەوانـەی لـە دوو سـەدەیەی رابـردوو نووسـراون، زۆریـان بـۆ میرنشـینە کوردییەکان تەرخانکردووە، بەڵام لەسەر ئەو هـەردوو سـەدەی ٨و ٩ك/ ١٤و ١٥ز زانیاری تازەیان تێدا زۆر کەمـەو دووبـارەی (شـرفنامە) یـان دووبـارەی یەکترین، یان سەرچـاوەی زیانیاریـەکانیان ونـە، وەکـو (خولاصـەی تـاریخی کـورد و کوردسـتان)و (الـدول والامـارات الکردیـة)و (مشـاهیر الکـرد و الکردستان)ی (ئەمین زەکـی)، (مێـژووی گـەلی کـورد..)ی (صـالح قـەفتان)،

(تاريخ مشاهير كرد وكردستان)ی (بابا مـردۆخ)، (تـاريخ كـرد و كردسـتان)ی (صفی زاده) به زمانی فارسی، (تاريخی جوگرافيـای بـاكووری كوردسـتان)ی (جلال الدينی شافيعی)، (عشائر العراق)ی (عباس العزاوی)، (وڵاتەكەت باشتر بناسـە)ی (مـەلا جـەميل رۆژبـەيانی)و هەنـدێككی ديكـە، كـە دەچـنە ئـەو چوارچێوەيە، ئەوەی لەو سەرچاوانە هـاتووە، هـەتا هەنـدێك لەوانـە، كـە لـە شـوێنی خـۆی باسـی دەكـەين، خوێندنـەوەی دروسـتيان بـۆ دەقـەكانی شەرەفنامە نەبووە.

ئـەو ژێدەرانـەی لـە سـەر ميرنشـينی بادينـان نووسـراوە، يـان بەشـێكی گرنگی بۆ تەرخانكراوە، وەكو (الاكراد في بهدينان)ی (أنـور المـائي)، (إمـارة بهـدينان أم إمـارة العماديـة)ی (صـديق الـدملوجي)، (العباسـيون بعـد احـتلال بغداد)و (امارة بهدينان العباسية)ی (محفـوظ العباسـي)، (العمادية في مختلـف العصور)ی (عباس العزاوي)، لەسەر سەرەتاكانی ميرنشينی بادينـان زانيـاری تازەيان كەمو بە گومانەوە سوودی لێوەرگيراوە.

ئەوانەش، كە بۆ ميرانی سۆران يان سنووری هەولێرو سـۆران بـە گشـتی نووسراون، وەكو (أربيل في مختلف العصـور)ي (العـزاوي)و (أربيـل في ادوارهـا التاريخيـة)ي (زبـير بـلال اسماعيـل)و (مێـژووی ميرانـی سـۆران)ی (حـوزنی موكريـانی)، حـوزنیو (زبـير بـلال) لـە نـاو ئـەم ناوانـەدا پشـكی زياتريـان بەركەوتووە، كە لەسەر سەرەتاكانی (سۆران) دواون، بەڵام يان زانياريـەكانی (شەرەفنامە)يان دووبارە كردۆتەوە، يان ئەوەی تازەيە لەسەر ئەو ميرنشينە سەرچاوەی بنەڕەتی ديار نييە، پشت بە بۆچوونەكانيان وەرگيراوە، لـە پـاڵ سـەرنجو گومـان بـۆ ئـەو زانياريانـەی بـۆ پشتڕاسـتكرنەوە، پشـتيان پـێ بەستووە.

ئـەوەش لـە سـەر بابـانو موكريـان لـە بەردەسـت دابـووە، وەكـو (كوردستانی موكريان)و (مێـژووی حوكمـدارانی بابـان)ی (حوسـێن حـوزنی)، (فەرمانڕەوايانی موكريان)ی (رۆژبەيانی)، (الامارة البابانية)ي (حسين نـاظم)، (تاريخی سلێمانیو وەڵاتی)ی (ئەمين زەكـی بـەگ)، (مێـژووی فـەرمانڕەوايی

ئەردەڵانییەکان)ی (تەقی ئەلحوسینی)، (تاریخ مردۆخ)ی (مردۆخی کوردستانی)، بەڵام زۆربەی ئەو سەرچاوە راستەوخۆیانە گرنگن، بەڵام لە بارەی میرانی دامەزرێنەرو سەرەتای دامەزراندن زۆر بە کەمی زانیاری تازەیان تێدایە.

هەردوو میرنشینی (بابان، موکریان) بەدلیسی وەکو ئەوانی دیکە باسی سەرەتای دامەزراندنی کردوون، بەڵام بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی ئەو دوو میرنشینە، کە لەسەدەکانی ناوەڕاست ناوچەکەیان یان ئەو مەڵبەندەی میرنشینەکەیان لێ دامەزراندووە، رۆڵی سیاسی دیاری نەبووە، بەهۆی ئەو میرنشینەوە نەبیت ناوی نەهاتووە، ئەو سەرچاوانەی سەرەوە نەیانتوانیوە، زۆر لایەنی شارەوەی بەدیار بخەن.

بەشێکی تری ئەو سەرچاوانەی بۆ ئەم نامەیە بە کەڵك هاتوون، توێژینەوە زانستییەکانن، بە چاپکراوو چاپ نەکراوەوە، بەڵام سوودی ئەوانەش سنووردارەو بۆ ناسینی بارودۆخی گشتیو شار و ئاوەدانییەکان بووە، وەکو (أذربیجان)ی نامەی بڵاونەکراوەی (حسام الدین علی غالب نەقشبەندی)و (بلاد الهکاري)و (الاسرة الشهرزوریة ودورها السیاسي و الحضاري)ي (درویش یوسف حسن)و (الاحوال الاجتماعیة و الاقتصادیة في بلاد الجزیرة الفراتیة خلال القرن السادس الهجري)ی (سوادی عبدمحمد)و (اربیل فی فترە (٦٣٠-٨٧٤ھ /١٢٣٣-١٤٦٩م)ی (علی عادل حسین)و لە توێژینەوە بڵاوکراوەکانی وەکو (کردستان في القرن الثامن الهجري)و (القبائل والزعامات القبلیة الکردیة في العصر الوسیط)ی (زرار سدیق توفیق)و (کوردستان لە سەدەی پازدەی زاینیدا)ی (رابیعە شێخ محەمەد)و (میرنشینەکانی کوردستانی رۆژهەڵات)ی نازناز محەمەدو (إدارة العراق الاسرة الحاکمة والقضاء في العراق في العهود المتأخرة)و (دراسات وثائقیة في تاریخ الکرد الحدیث و حضارتهم) کۆبەندی چەند توێژینەوەیەکی زانستی (عماد عبدالسلام)ە، لەگەڵ چەند نامەیەیەکی دیکەی ماستەرو دکتۆرا بە هەردوو زمانی کوردیو عەرەبی، بێجگە لە توێژنەوەکانی (زرار سدیق) کە راستەوخۆ

لەسەر ئەو سەردەمە بۆچوونو شرۆڤەکاری تازەی راستەوخۆی تێدا بووە، ئەوانی دیکە یان تەرخان کراون بۆ پێش هەردوو سەدەی ٨و٩ك/١٤و ١٥ز یان بۆ سەردەمی دوای ئەو دوو سەدەیە، بۆ دیاریکردنی شوێنو هەرێمەکان یان بۆ بارودۆخی گشتی پەیوەست بەو ناوچانە سوودیان هەبووە.

بەشێکی دیکە سەرچاوە بیانیەکانن، کە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی یان عەرەبی یان فارسی وەکو (قيام النظام الاماراتي في كردستان و سقوطه)ی (سعد بشير أسكندر)و (تاريخ ايران از دوران باستان تا پايان سده هيجدهم ميلادی)ی (پیگۆلوسکایاو دیگران) و (تأريخ ايران)ی (بير سی كوكس)و (القبائل الكرديه)ی (وليام يگلتن)و (گلشن خلفا)ی (نظمي زادة)و (الاكراد)ی (مینورسکی)و (بلدان الخلافة الشرقية)ی (كي لسترنج)و (تأريخ الشعوب الاسلامية)ی (كارل بروكمان)و (اربعة قرون من تأريخ العراق الحديث)ی (لونكريك)و (گەشتی ریچ)ی (جێمس ریچ)و چەند سەرچاوەیەکی دیکە، ئەوانە بەشدارییەکی سنوورداریان هەبووە لە بابەتەکانی پەیوەست بە دامەزراندنی میرنشینە کوردیەکان.

ئەو سەرچاوانەش وەکو باری گشتی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی بەسوودبوون، لەهەندێك شوێن زانیاریو شرۆڤەکاری تازەیان تێدا بووە لەسەر ئەو میرنشینانە.

لە پاڵ ئەوەدا ژمارەیەك توێژینەوەو وتاری مێژوویی، کە لە گۆڤارەکان بە کوردیو عەرەبی بڵاوکراوەتەوە، سوودیان لێوەرگیراوە.

ئەوەی دەمێنێتەوە ئەو زانیاریانەیە، کە بە پێی بایەخ لە ئینسکلۆپیدیاو مەوسوعەکان دەستکەوتووە، وەکو (دائرة المعارف الاسلامية)و (دائرة المعارف الاسلامية الكبرى)و (دايره المعارف كردی (فرهنگ اعلام)و (قاموس الاعلام)ی تورکیو ( The Encyclopedias Of Islam) لەگەڵ سەرچاوەیەکی ئەرمەنی بووە،بە زمانی ئینگلیزی، هەریەك لە وانە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بۆ ناساندنی شوێنو شاڵاوەکانی داگیرکەران لەماوەی ئەو دوو سەدەیە سوودیان لێوەرگراوە.

## دەروازە

# بــارودۆخی سیاسیی کوردستان

# لە سەدەی (٨و ٩ك/١٤و ١٥ز)دا

گەرچی بەکارهێنانی زاراوەی (کوردستان) لە سەرچاوە مێژووییەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی ٦ك/١٢ز[١]، بەڵام وەکو وڵاتو نیشتیمانی کوردان پێشتر سنوورێکی جوگرافی دیاریکراوی هەبوون، زۆربەی ناوچە کوردییەکانی ئەوکاتەی بە ناوی چیای کوردان(جبال الاکراد) ناوبراوە[٢]، (بەدلیسی)یش بە لە بەرچاوگرتنی شوێنی کوردو قەوارە خۆجێییەکانی سنووری کوردستانی دیاریکردووە، کە نوێنەرایەتی رەوشی سیاسیی کوردستانی لە سەردەمی خۆی کردووە[٣]، لەوانەیە لەپێش بەدلیسی لە

---

[١]- زاراوەی (کوردستان) گوایە بۆ یەکەم جار سوڵتان سەنجەری سەلجوقی ( ٥٥٢ك/١١٥٧ز مردووە ) لە هەرێمی چیا وەکو یەکەیەکی کارگێڕی بەکاری هێناوە، (حمدالله مستوفي)، کە لە ساڵی (٧٤٩ك/ ١٣٤٩ز مردووە) باسی کردووە، بەڵام (مستوفي) ناوی سەردەمی سەلجوقی نەهێناوەو پێدەچێت مەبەستی سەردەمی فەرمانڕەوایی مەغۆلەکان بێت لە کۆتایی سەدەی ٧ك/١٣. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (نزهة القلوب، بكوشش محمد دبير ساقي، كتابخانة طهوري، تهران، ١٣٣٦هـ.ش، ص١٢٧ ؛ زرار صديق : كردستان في القرن الثامن الهجري، مؤسسة الموكرياني للطباعة النشر، اربيل، ٢٠٠١، ص٣٧-٤٠؛ لازاريف و اخرون: تأريخ كوردستان، ترجمة/عبدي حاجي، دار سبيريز للطباعة والنشر، دهوك، ١٩٩٩، ص٣٠).

[٢]- القلقشندی: صبح الاعشى في صناعة الانشا، تح/ عبدالقادر زكار، دمشق، ١٩٨١، ج٤/ ص٣٧٣، ج٧، ص٣٠٦

[٣]- سنووری کوردستان لە کۆتایی سەدەی ١٠ك/١٦ز کە رەنگدانەوەی سنووری میرنیشینە کوردیەکان بووە، بەو شێوە دیاریکراوە: (لە کەناری دەریای هورمزەوە دەست پێدەکات، بە خەتێکی راست هەتا دەگاتە ولایەتی مەلاتیەو مەرعەش، لە رۆژئاوا لە باکوریەوە بە هەرێمی فارسو عێراقی عەجەمو ئازەربایجانو هەردوو ئەرمینیای گەورەو بچووکدا تێدەپەڕێ، عێراقی عەرەبیو دیاربەکرو موسڵ بەشی رۆژئاوایەتی بووە. (شرفخان البدليسي: شرفنامة، ترجمة/ محمد جميل الروزبياني، مؤسسة الموكرياني للطباعة و النشر، أربيل، ٢٠٠١، ص٥٠-٥١).

سەرچاوەکاندا سنووری کوردستان باس نەکرابێت، کە گوزارشت لە هەموو ناوچە کوریەکان بکات.

لە ڕووی سیاسییەوە لە سەردەمی دەسەڵاتی بوەیهی (٣٣٤–٤٤٧ك/٩٤٦–١٠٥٥ز)دا دەرفەتی بۆ سەرهەڵدانو گەشەکردنی چەند بنەماڵەیەکی کورد رەخساند، پەرە بە دەسەڵاتی خۆیان بدەنو بە شێوەی میرنشین دەرکەوتن[١]. دواتر بە هۆی پەیڕەوکردنی سیاسەتی مەرکەزیەوە، لەلایەن سوڵتانەکانی سەلجوقی، ئەو دەسەڵاتە خۆجێییانەی کورد بەرەو پووکانەوە چوون[٢]، گەرچی ئەوانە نەیانتوانی نوێنەرایەتیی هەموو ناوچە کوردییەکان بکەنو هەموو کورد لەسایەی یەك قەوارەی سیاسیدا یەك بخەن.

لە ناو هەموو ئەو میرنشینانەدا هەردوو میرنشینی لوڕی گەورە (فضلویە)[٣]و لوڕی بچووك (خورشیدی)[٤]، لە دوای لەناوچوونی سەلجوقیەکان

---

[١] - مەبەست لە میرنشینەکانی سەردەمی بویهی (رەوادی، شەدادی، مەروانی، هەزبانی، حەسنەوەیهی، عەنٮازی، هتد)ە، کە سەرەتاکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی چوارەمی کۆچی/سەدەی دەیەمی زایینی)، زۆربەیان لە سەرەتای سەردەمی سەلجوقی کۆتاییان هاتووە. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: (قادر محمد حسن: الامارات الكردية في العهد البويهي، دراسة في علاقاتها السياسية والاقتصادية "٣٣٤-٤٤٧/ ٩٤٦-١٠٥٦"، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، أربيل، ١٩٩٩، ص٤٧-٦٧).

[٢] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (نیشتیمان بەشیر محەمەد: کوردو سەلجوقیەکان، لێکۆڵینەوەیەکە لە پەیوەندیە سیاسییەکان ٤٢٠-٥٢١ك/١٠٢٩-١١٢٧ز، وەرگێڕانی/ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٢٦٩-٣٢٠)

[٣] – لوڕی گەورە (فضلویە) لە ناوەڕاستی سەدەی ٦ك/١٢ز لە باشووری رۆژهەڵاتی لورستان دامەزراوە، بە درێژایی شاڵاوە دەرەکیەکان سەربەخۆیی خۆیان پاراستووە لە سەرەتای سەدەی ٩ك/١٥ز لەناوچووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (حمد الله مستوفي: تاريخ گزيدة، باهتمام/ عبدالحسين نوائي، مؤسسة انتشارات امير كبير، تهران، ١٣٨١ﻫ، ش، ص٥٤٠-٥٤٨؛ البدليسي: شرفنامه، ص١٢٨-١٤٠؛ زرار سديق تۆفيق: چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی مێژووی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢٤-٤٣)

[٤] - لوڕی بچووك (خورشیدی) لە نیوەی دووەمی سەدەی ٦ك/١٢ز لە باکوری رۆژئاوای لورستان دامەزراوە، لەگەڵ هەندێك لە شاڵاوە دەرەکیەکان رێك کەوتووەو لەبەرانبەر هەندێکیان خۆی

دامەزران‌و لە دوای شاڵاوەکانی مەغۆلیش هەر بەردەوام بوون، چونکە لە بەرانبەر شاڵاوی مەغۆل‌و تەیموور لەنگ[1] خۆیان راگرتووە[2]، لە ریزی ئەو میرنشسینانەی ریز کراون، کە ئاڵای سەربەخۆییان هەڵکردووەو میرەکانیشی بە نازناوی پاشا ناوی بردوون[3].

دوو سەدەو نیوی دوای شاڵاوی مەغۆل وڵاتی کوردان ملکەچی ئەو وەرچەرخانە مەترسیدارە مێژووییە بووە، کە بە سەر جیهانی ئیسلامیدا هات، بە تایبەت هەرێمە کوردیەکان[4]و کەوتنی بەغدا لە ساڵی (٦٥٦ك/١٢٥٨ز)، کە لە لایەن یەکێتی هۆزە کۆچەریەکانەوە بە ناوی مەغوڵ‌و تاتارو کە پێشتر لە ژێر سەرکردایەتی تیمۆجین ناسراو بە (جەنگیزخان) یەکیان گرتبوو[5].

---

راگرتووە، هەتا لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی لە ناوچووە. بڕوانە: (البدليسي: شرفنامە، ص١٤١-١٥٩؛ تەیموور لەنگ: بیرەوەریەکانی تیموری لەنگ، "دراوەتە پاڵ تەیموور لەنگ"، وەرگێڕانی/ حەمەی حەمە سەعید، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل١٦٩).

[1]- تەیموورخانی لەنگ: لە شاڵاوەکانی لە ماوەی (٧٨١-٨٠٧ك/١٣٨٠-١٤٠٥ز) بەردەوام بووە، دەستی بە سەر هەموو کوردستان‌و عێراقی عەرەبی‌و ئێران‌و ئاسیای بچووك دا گرتووە، تەمەنی دەوڵەتەکەی دوای مردنی خۆی زۆری نەخایاند. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: (حمد الله مستوفي: تاريخ گزيده، ص٥٤٩-٥٦١؛ نظام الدين شامي: ظفرنامة، با مقدمي و کوشيپناهی سمناني، انتشارات بامداد، تهران، ١٣٦٣ ه،ش، ص٩٩، ١٢٩-١٣٠، ٢٣٢-٢٤٢؛ العسقلاني: تح/محمد احمد دهمان، انباء الغمر بانباء العمر، دمشق، ١٣٩٠ه،ش، ج١/ ص١٥-٢١؛ ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، تح/ جمال الدين الشيال و فهيم محمد شلتوت، وزارة الثقافة والارشاد القومي، القاهرة، ١٩٧٢، ج١٢/ ص٢١٨-٢٣٠).

[2]- تەیموور لەنگ: بیرەوەریەکانی، ل١٦٤-١٧٤

[3]- البدليسي: شرفنامە، ص١٠٣

[4]- الهمداني: جامع التواريخ، ترجمة/ محمد صادق نشات و فؤاد عبدالمعطي الصياد، مج ٢/ ج٢/ وزارة الثقافة والارشاد القومي، دار الاحياء الكتب العربية، القاهرة، د.ت، مج٢/ ج٢/ ص٢٦٠-٣٠٦

[5]- الجويني: تاريخ جهانگشای جويني (ذيل محمد الطوسي)، دنياي كتاب، تهران، ١٣٨٢ه،ش، ج٣/ ص٢٨٣-٢٩٠؛ پيگۆلوسکايا و ديگران: تاريخ ايران از دوران باستان تا پايان سده هيجدهم ميلادي، ترجمة/ كريم كشاورز، تهران، ١٣٥٤، ص٣٣٥-٣٣٨ ؛ عباس إقبال: تاريخ المغول منذ حملة جنكيزخان حتى قيام الدولة التيمورية، ترجمة/عبدالوهاب علوب، المجمع الثقافي، ابوظبي، ٢٠٠٠، ص٥٧-٦٠

وڵاتی کوردانو ناوچەکە بە گشتی پێش شاڵاوی مەغۆل بە دەستی (خوارزمی)یەکان تووشی وێرانەییەکی دیکە هاتبوو[١]، شاڵاوی خوارزمیەکان زۆربەی هەرێمە کوردیەکانی گرتبۆوە، بە تایبەت ناوچەکانی ئازەربایجانو دیاربەکر[٢]و خەڵات (خلاط)[٣].

(ابن کثیر) لە باسی رووداوەکانی ساڵانی پێش هاتنی مەغۆل لە نیوەی یەکەمی سەدەی ٧ك/١٣ز ئاماژەی بە لەشکرکێشیەکەی (جلال الدین خوارزمشاه) کردووە بۆ کوردستانی باکوورو دواتر شاڵاوەکانی مەغۆل بۆ هەندێك لە هەرێمە کوردیەکان، لەوێدا باسی ئەو بارودۆخە گرژە سیاسیەی کردووە، کە لە پێش شاڵاوەکانی مەغۆلو لەکاتی لەشکرکێشیەکە لە ناوچەکەدا هەبووە، رێگر بووە لە بەردەم دروستکردنی هێزێکی یەکپارچە، کە بتوانی بەرهەڵستی ئەو شاڵاوە بکات[٤].

بۆ دەربازبوون لەم باردودۆخە نالەبارەو دۆزینەوەی شوێنێکی ئارامتر، ژمارەیەکی زۆری هۆزو تیرەو بنەماڵەی هەرێمە کوردیەکان بە ناچاری کۆچیان کرد بۆ وڵاتی شامو میسر، ئەوکات ئەویش لە ژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی مەمالیکەکان دابووە، ببووە جێگای داڵدەی ژمارەیەك هۆزی

[١]- بۆ زانیاری زیاتر لە سەر دەوڵەتی خوارزمیو شاڵاوەکەی بۆ وڵاتی کوردان بە سەرۆکایەتی (جلال الدین منکبرتی) بەتایبەتی بۆ شەر شاری خەڵات، دوا جار بە دەستی کوردێك کوژرا بڕوانە: (ابن الاثیر: الکامل في التأریخ، تح/عبدالله القاضي، دار الکتب العلمیة، لبنان، ١٤١٥ه، ج١٠/ ص٤٤٣-٤٦٩؛ حافظ أحمد حمدي: الدولة الخوارزمیة و المغول، دار الفکر العربي، القاهرة، د.ت، ص٢١١-٢١٣، ص٢٢٤-٢٢٥؛ فؤاد عبدالمعطي الصیاد: المغول في التأریخ، دار النهضة العربیة للطباعة والنشر، بیروت، د.ت، ص٢٤، ٦١-٦٢)

[٢]- دیاربەکر: وەکو وڵاتێکی فراوان هەژمار کراوە، میافارقینو سەعرەتو خێزانی دەگرتەوە، شاری ئامد مەڵبەندەکەی بووە. بڕوانە: (ابن عبدالحق البغدادي: مراصد الاطلاع علی اسماء الأمکنة و البقاع، تح/ علی محمد البجاوي، دار احیاء الکتب العربیة، بیروت، ١٩٥٥، ج٢/ ص٥٤٧).

[٣] خەڵات (خلاط): شارێکی بەناوبانگە لە هەرێمی ئەرمینیا، پڕ لە بێستانو کشتوکاڵە. بڕوانە: (یاقوت الحموی: معجم البلدان، دار الصادر، بیروت، ١٩٩٥، ج٢/ ص٣٨٠-٣٨١)

[٤]- البدایة و النهایة، مکتبة الصفا، قاهرة، ٢٠٠٣، ج١٣/ ص١٢٨، ١٤٥، ١٥٤، ١٨٢

جەنگاوەری کوردو خۆسازدانەوە دژی داگیرکاران[١]، بە تايبەت کە شالآوی مەغۆل لە وڵاتی شام تێکشکاو مەماليك دەبێتە سنووری بەرگری بەرامبەر ئەو شالآوە[٢].

دەسەڵاتی مەغۆل، کە بە دەسەڵاتی دەوڵەتی ئێلیخانی ناسراوە[٣]، بە سەر ئازەربایجانو عێراق هەتا سنووری رۆم بە کوردستانیشەوە باڵادەست بووەو وڵاتی کوردان کەوتبووە ناو ئەو سنوورە بەرفراوانەی ئەوان، کە سیستمێکی کارگێڕی تازەیان لەگەڵ خۆیان نەهێنابوو، کوردستانیش لە پادشا گەردانیدا دەژیا، رووبەڕووی تالآنیو کوشتنو وێرانیو دەربەدەری ببۆوە، سیمای دیاری قۆناغی دوای شالآوی مەغۆلەکان بۆ کوردستان بە سەرکردایەتی هۆلاکۆ، کە لە دەوڵەتی ئیلیخانیدا بەرجەستە ببوو، بەشێکی دەکەوێتە سەرەتای سەدەی ٨ك/١٤ز.

مەمالیکەکان لە سەردەمی ئیلیخانیدا لە هەوڵی بەدەستهێنانی دۆستایەتی کوردان دابوونو پەیوەندیی نێوانیان لەو سەردەمەدا پەرەی سەند[٤]، هەتا دواتر لە ساڵی (٧٢٣ك/١٣٢٣ز) بە ناچاری دەوڵەتی ئێلیخانی لەگەڵ مەمالیك رێکەوتنی ئاشتیان واژۆ کرد[٥].

---

[١]- زرار سديق تۆفيق: چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی، ل١٣٧-١٣٨

[٢]- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (أحمد مختار العبادي: تاريخ الايوبيين و المماليك، دار النهضة العربية للطباعة و النشر و التوزيع، بيروت، ١٩٨٥، ص١٧٦-١٨١، ٢٠١-٢٠٩).

[٣]— دەوڵەتی ئێلیخانی(٦٥٦-٧٣٦ك/١٢٥٨-١٣٣٥ز): بەشی رۆژئاوای ئیمپراتۆریەتی مەغۆل لە دوای هۆلاکۆ، بەو ناوە ناوبراوە، ئێرانو ئاسیای بچووكو هەرێمە کوردیەکانی گرتبۆوە، لە لایەن کوڕو نەوەکانی هۆلاکۆوە بەڕێوەدەبرا. بڕوانە: (زامباور: معجم الانساب و الاسرات الحاكمة في التاريخ الاسلامي، دار الكتب و الوثائق القومية، القاهرة، ٢٠٠٨، ج٢/ ص٣٦٢؛ نظمي زادة مرتضى افندي: گلشن خلفا، ترجمة/ موسى كاظم نورس، د، م، ١٩٧١، ص١٥٢-١٦٧).

[٤]- کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا، وەرگێڕانی/حەمە کەریم عارف، هەولێر، ١٩٩٧، ل٦٥

[٥]- العبادي: تاريخ الايوبيين و المماليك، ص٢٠٢-٢٠٤؛ پیگۆلوسکایا و دیگران: تاریخ ایران از دوران باستان، ص٣٧٨

بـارودۆخی سیاسـی کوردسـتان لـه سـەرەتای سـەدەی ٨ك/١٤ز هـەتا کۆتـایی سـەدەکانی ناوەڕاست لـه مێـژووی کـورددا بـه قۆنـاغێکی هەسـتیار دادەنرێت به هۆی لەشکرکێشی هێزە داگیرکەرەکان، کـه سـەرەتاییەکەی لـه بەرایی سەدەی ٨ك/١٤ز دەستی پێکردووە، هەرچی دەوڵەتی ئیلیخانیـه لـەو سەرەتاییه، که به هۆی ناکۆکیی نێوان بنەماڵەی فەرمانڕەوا دوایی هات[١]. لـه رووی سیستمی سیاسیەوە بە مەیلی سوڵتانەکانیان بەڕێوە دەچوو، لە رووی ئابووریشـەوە لـه ژێـر نـاوی جیاجیـادا بـاج و سـەرانەی زۆریـان بـه سـەر دانیشتواندا سەپاندبوو[٢].

له دوای لەناوچوونی ئیلیخانیـەکان، جەلائیریـەکان هـاتن[٣]. کوردسـتان و ناوچـەکه بـۆ ئـەوان بـه ئـارامی نەمایـەوە، بـه هـۆی نـاکۆکی نێـوان بەغـداو تەورێزەوە، کـه پادشـای جـەلائیری شـێخ حەسـەنی گـەورە (بـزرگ)و شـێخ حەسـەنی بچـووك چـۆپانی (گچـك)[٤]، یەکـەمیان بەغـداو دووەمیـان تـەورێزی کردبـووە مەڵبەنـدی دەسـەڵاتی، چـونکە لەلایەکـەوە کوردسـتان کـەوتبووە بندەستی حەسەنی بچووك، کوردستان ببووە مەیدانی شەڕو ململانێی نێوانی حەسەنی گەورەو حەسەنی بچووك، بە تایبەتیش شارەکانی هەردوو هـەرێمی

---

[١]- عباس اقبال: تاريخ المغول منذ حملة جنكيزخان، ص٣٢٢-٣٤٤

[٢]- خصباك: العراق في عهد المغول و الايلخانين، بغداد، ١٩٦٨، ص١١١

[٣]- جەلائیریەکان: (٧٣٦- ٨١٣ك/ ١٣٣٦- ١٤١١ز) یەکێکی دیکە لە پاشماوەی ئەو هۆزانە بووە، کە لەگـەڵ شـالاوەکانی مـەغۆل پەیـدابوون، شـێخ حەسـەنی گـەورە (بـزرگ) لـە سـاڵی (٧٣٦ك/١٣٣٦ز) ئـەو دەوڵەتەی دامەزراندووە، بەردەوام بـووە هـەتا سـاڵی (٨١٣/١٤١١ز). بڕوانـە: (پـژوهش از دانشـگاه کمبرج: تاريخ ايران "دوره تيموريان"، مترجم/ يعقوب أژند، تهران، ١٣٨٢ه، ش، ص١٥-٢٠).

[٤] - لــە دوای بــەدیار کــەوتنی (شــیخ حســن بــزرگ)، شــێخ حەســەنی بچــوك (کچـك) وەکــو بەرهەڵســتکارێکی بــەهێز بەدیارکــەوت، کوردســتان و ئازەربایجـانی خســتە ژێردەســەڵاتیەوە، تــەورێزی کــردە پایتــەخت و بەرانبــەر دژەکــەی کــە (بەغـدا) کردبــووە پایتــەخت. بــۆ زیـاتر زانیاری بڕوانە: ((حافظ أبرو: ذيل جامع التواريخ رشيدي "زبـدة التـواريخ"، بالحواشـي/خانيا بابياني، شركت التضامن علمي، تهران، ١٣١٧ه.ش، ص١٥٧-١٥٨)

ئازەربایجانو جەزیرەی بۆتان[1]، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی جوگرافیای کوردستان کە لەنێوان تەورێزو بەغدا هەڵکەوتبوو، هەر بۆ نموونە لە سەروبەندی ئەو بارودۆخە سەختە سیاسیەدا، ساڵی (٧٤٩ك/١٣٤٨ز) نەخۆشی گرانەتا وڵاتی گرتەوەو نزیکەی نیوەی دانیشتووانی لە ناوبرد[2]، کە تازە هەندێك لە خاوەن قەڵاو هاوپەیمانیەتییە خێڵەکییەکان لە کوردستان بە هۆی لاوازی دەسەڵاتی ئێلیخانیەوە بووژابوونەوە[3]، بەڵام وەکو بەدیاردەکەوێ هاتنی هێزێکی تازەی وەکو جەلائیریو بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لە بایەخی ئەو نیمچە سەربەخۆییەی میرە کوردییەکانی کەم کردەوە، بە تایبەتیش کە بەشێکی ناکۆکییەکانی ناو بنەماڵەی ئەو دەوڵەتە لەسەر خاکی کوردستاندا بووە.

ئەم باردودۆخە تازەیەش زەمینەی بۆ سەرهەڵدانی هێزێکی دیکە بە ناوی قەرەقۆینلۆ (مەڕی رەش) رەخساند[4]. بە تایبەتە لاوازی جەلائیریەکانی بە دەرفەت زانیو لە دوای مردنی حەسەن گەورە (٧٥٧ك/١٣٥٦ز)، وەکو هێزێکی  تازە سنووری فرمانڕەوایەتی خۆیان لە کوردستان فراوان کرد[5].

---

١- بۆ زانیاری زیاتر لەوبارەیەوە بڕوانە: (زرار صديق : كردستان في القرن الثامن الهجري، ص٨٢-٨٨)

٢- عباس العزاوی: تأريخ العراق بين احتلالين، مطبعة بغداد الحديثة، بغداد، ١٩٤٩، ج٢/ ص٥٦

٣- زرار صديق : كردستان في القرن الثامن الهجري، ص٦٥

٤- قەرە قۆینلۆ (مەڕی رەش): یەکێك بووە لەو هۆزە تورکمانانەی لە سەردەمی مەغۆڵەوە بەشداری چالاکیە سەربازیەکانیان کردووە، لە دوای مردنی تەیموور، قەرەیوسف دەرفەتی هێناوە، کوردستانیش بووە بەشێك لە دەسەڵاتی قەرەقۆینلۆ. بڕوانە: (حسن پیر نیا: تاريخ ايران، بالمقدمه و فهارست انتشارات كتبخانه خيام، چ٣، تهران، ١٣٦٢ه،ش، ص٦٥٢٠٦٥٥ ؛ عبدالعظيم الرضائي: تاريخ ده هزار ساله ايران، چاپی انتشارات اقبال، چ٤، تهران، ١٣٨١ه، ش، ج٢/ ص٣٢٩-٣٣١).

٥- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (القزويني: لب التواريخ، أز نشريات مؤسسة خاور، مطبعة سمين ، د.ت، ١٣١٤ه،ش، ص٢٠-٢١؛ رابیعە شێخ محەمەد: کوردستان لە سەدەی پازدەی زاینیدا، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٦٤-١٧٩)

لە کۆتایی سەدەی ٨ك/١٤زو سەرەتای سەدەی ٩ك/١٥ز کوردستان رووبەڕووی شاڵاوێکی تازەی هۆزە تاتارەکان ببۆوە بە سەرۆکایەتی تەیموور لەنگ، کە بە هاتنی ئەو دەوڵەتی جەلائیری لە ناونەچوو. سوڵتانی جەلائیری پەنای بردە بەر دەوڵەتی مەمالیك بۆ سەندنەوەی بەغدا لە بەرامبەر تەیمورخان[1]، ئەمە لە کاتێکدا لەگەڵ لاوازبوونی جەلائیری لە دوای مردنی حەسەنی گەورە، شارەکانی موسڵ هەتا جەزیرەی ئین عومەر (بۆتان) ملکەچی خۆیان بۆ سوڵتانی مەمالیك راگەیاندبوو[2].

شاڵاوەکانی تەیموور لەنگ بۆ کوردستان لە سەردەمی لاوازی دەسەڵاتی قەرەقوینلۆ دابوو. لە ساڵانی (٧٩٨ك-٨٠٧ك/١٣٩٥-١٤٠٤ز) زۆربەی شارە کوردییەکان بە زەبری هێزو بە ناچاری کەوتنە ژێردەسەڵاتی ئەوەوە[3]، لە بەرامبەر ئەودا دەسەڵاتداریەتی قەرەقۆینلۆ (مەڕی رەش) بۆ سەردارە کوردەکان نەرمیان نواندووە[4]. شاڵاوی تەیموور لەنگ بۆ ئاسیای بچووكو لە سەرەتای سەدەی ٩ك/١٥ز ، سەرکەوتنی بە سەر دەوڵەتی عوسمانیدا[5]، هاوکێشەی هێزی لە ناوچەکە گۆڕی، ئازەربایجان کەوتە بندەستی لەشکری تەیموور لەنگ، تەورێز بووە مەڵبەندی سەرەکی ئەو هێزە، لە دوای مردنی تەیموور لەنگ سنوورێکی بەرفراوان لە ئێرانو وڵاتی ئەودیو رووبار (ماوراء النهر)و ئەنادۆل لە بندەستی بنەماڵەکەیدا بووە، وڵاتی کوردان لەو سەردەمە

[1] - رغد عبدالكريم احمد النجار: العراق في العهد الجلائري (٧٤٠-٨١٤ه/ ١٣٣٩-١٤١١م)، رسالة ماجستير، كلية الاداب، قسم التاريخ، جامعة الموصل الموصل، ٢٠٠٥، ص١٠٩-١١١

[2] - ابن كثير: البداية و النهاية، ج١٤/ ص٢٩٣

[3] - شامى: ظفرنامة، ص١٤٦- ١٥٣ ؛ اليزدي: ظفرنامة، بتصحيح واهتمام محمج عباس، انتشارات امير كبير، تهران، ١٣٣٦ه، ش، ج٢/ ص٢٥٦-٢٥٧، ٢٦٠، ٢٧٧

[4] - رابیعە فەتاح: کوردستان لە سەدەی پازدەی زاینییدا، ل٧٢

[5] - أحمد عبدالكريم سليمان: تيمور لنك و المماليك الجراكسه، دار النهضة العربية للطباعة و النشر و التوزيع، القاهره، ١٩٨٥، ص٣٩؛ روبيرمانتران: تاريخ الدولة العثمانية، بتعاون مع البعثة الفرنسية للابحاث و التعاون، ترجمة/ بشير السباعي، دار الفكر للدراسات و التوزيع، القاهرة، ١٩٩٢، ج١/ص٧٤-٧٦

وەکو میرات بووە پشکی ئەو بنەماڵەیە[1]، بەڵام بە هۆی ناکۆکیی لە سەر میراتی تەیموور لەنگ زوو کۆتایی هات[2]. لە ساڵی (٨١٢ك/١٤١٠ز) لە دوای هێوربوونەوەی شوێنەواری شاڵاوی تەیموور لەنگ، کوردستان جارێکی دیکە کەوتەوە ژێردەسەڵاتی دەوڵەتی قەرەقۆینلۆ.

لە دوای لاواز بوونی دەوڵەتی قەرەقۆینلۆ، دەوڵەتی ئاق قۆینلۆ جێگەی گرتەوە[3]، کە سەرەتا پایتەختەکەی لە شاری دیاربەکر بووە، دواتر لە سەردەمی ئۆزۆن حەسەن (٨٧١–٨٨٢ك/ ١٤٦٩–١٤٧٨ز) بەهێزترین پادشای ئاق قۆینلۆ گواستیەوە بۆ تەورێز. ئەو قۆناغانەش بە هاتنی دەسەڵاتی سەفەوییەکانو دواتر هاتنی تورکە عوسمانییەکان لە ئاکامی شەڕی چاڵدێران (٩٢٠ك/١٥١٤ز) کۆتایی هات[4]، ململانێی (عوسمانی – سەفەوی) جێگەی هەمووانی گرتەوەو بارودۆخێکی تازە هاتەدی، کە دەبێتە سەرەتای مێژووی تازە لە ناوچەکەدا[5].

---

[1] - قازى احمد تتوى و ديگران: تاريخ ألفى (تاريخ ايران وكشورهايه همسايه در سال هاى ٨٥٠-٩٨٤ﻫ)، انتشارات فكر روز، تهران، ١٣٧٨ﻫ،ش، ج٨/ص٧٧

[2] - فاروق عمر، مرتضى حسن النقيب: تأريخ ايران، بغداد، ١٩٨٩، ص٢١٧-٢٢٠

[3] ئاق قۆینلۆ (مەڕی سپی): لەو هۆزە تورکمانانە بوون، کە لە باشووری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ لە نیوەی یەکەمی سەدەی ٩ك/١٥ز قەوارەیەکی سیاسییان دامەزراندبوو، لەگەڵ کۆتایی ئەو سەدەیە کۆتایی بەدەسەڵاتیان هات، ئۆزۆن حەسەن یەکێك بووە لە پادشا بە هیزەکانیان، تەورێزی کردە پایتەختو عێراقو ئازەربایجانو کوردستانی لە بندەست دابووە، بڕوانە: (قازى احمد تتوى و ديگران: تاريخ ألفى، ج٨/ ص٣١٨-٣٢٤؛ پژوهش از دانشگاه كمبرج: تاريخ ايران، تهران، ١٣٨٢ ﻫ،ش، ص١٧٤-١٧٧؛ عماد الجواهرى: صراع القوى فى المشرق العربى، الموصل، ١٩٩٠، ص٣١).

[4] - شەڕی چاڵدێران: بە ناوی دەشتی چاڵدێرانەوەیە، لە باکوری رۆژئاوای شاری خوی لە ئازەربایجان هەڵکەوتووە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (راجر سيوري: ايران عصر صفوي، ترجمة/ كامبيزي عزيزي، تهران، ١٣٧٨ﻫ،ش، ل٣٧-٤٧ ؛ روبيرمان تران: تاريخ الدولة العثمانية، ج١/ ص٢١١-٢١٢).

[5] - سعدي عثمان هروتي: كوردستان والامبراطورية العثمانية، مؤسسة الموكرياني للبحوث والنشر، اربيل، ٢٠٠٨، ص٣١-٤٠

ئەو شالاوە یەك لە دوای یەکانە، کە ماوەی دوو سەدەو نیویـان خایانـدو شوێنەواری خراپیان لە سەر بارودۆخی گشتیی کوردستان بەجێهێشتووە، بە تایبەت باری ئابووریو کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی گشتی لە خراپـەوە بـەرەو خـراپتر چـوو، زیـانی گـەورەش بـەر کشـتوکاڵ کـەوت[1]، کـە برِبـڕەی پشـتی ئابووری کوردستانی پێکدەهێناو ببووە سەرچاوەی بژیوی دانیشتووان، ئەمە سـەرەڕای بـاجی قـورسو دیـاری بـۆ سـوڵتانەکانو سـازدانی کەرەسـتەی جەنگیو دروستکردنی قەڵاو ئامادەکاری بۆ شەڕو بەرئەنجامە وێرانکاریەکانی لـە هـەموو ئاسـتەکاندا، کـە سـیمای دیـاری قۆنـاغی هـەردوو سـەردەمی قەرقۆینلۆو ئاق قۆینلۆ بوو[2]. لە رووی سیاسیشەوە جیاوازیی نـەبووە لەگـەڵ هی سەردەمی مەغۆلو نەیانتوانیوە سیستمی تازەی وا بهێنن بۆ کوردسـتان سوودبەخش بێت.

بە خوێندنەوەیەك بۆ مێژووی فەرمانڕەوایـەتی لـە دەوڵـەتی ئێلیخـانیو جـەلائیریو تـەیموورىو قـەرەقۆینلۆو ئـاق قۆینلـۆ، ئـەوە ئاشـکرا دەبێـت، هەموویان کۆبەنـدی کۆمـەڵێك هـۆزی خێڵـەکی بـوونو لـە کۆکرنـەوەی بـاجو ئامادەکاری شەڕو کوشتار بەو لاوە، زۆر لە خەسڵەتەکانی دەوڵەتـداریان ون کردبوو.

لە ناوەڕاستی سـەدەی ٨ك/ ١٤ز، هـەردوو فـەرمانڕەوایی قـەرەقۆینلۆو ئاق قۆینلۆ لە هەمووان زیاتر بەشداریان لە داڕشتنی رووداوەکانی کوردسـتان کردووە[3]، وێرانەییەکی زۆریان ئەنجامدا بە تایبەت لەو هەرێمە کوردیانەی، کە ئێستا بە باکووری کوردستان ناودەبرێت[4].

---

[1]- زبیر بلال : تأریخ اربیل، اربیل، ١٩٨٦، ص١٣١-١٣٣؛ زرار صدیق : کردستان في القرن الثامن الهجـري، ص٨٣

[2]- قـازی احمـد تتـوی و دیگـران: تـاریخ ألفـی، ج٨/ ص٣٢٥-٣٣٦ ؛ محمـد جـواد مشـکور: محمـد جـواد مشکور : تأریخ ایران زمین "از روزکار باستان تا انقراض قاجاریة" انتشاراتي اشراقي، تهران، ١٣٦٦ه، ش، ص٢٤٠-٢٤٢

[3]- زرار صدیق : کردستان في القرن الثامن الهجري، ص٩٩

[4] - Colophons of Armenias Manuscripts, (1301–1480) Selected and annotated by A, K, Sanjian, arvard University1969, p.221–225

لەگەڵ سەرەتای سەدەی ٨ك/١٤ز رەوشی ئایینیو باری كۆمەڵایەتی بە هۆی موسوڵمان بوونی دوایین سێ سوڵتانی دەوڵەتی ئیلیخانی ئاسایی بۆوەوە، ئیتر ئەو جیاوازیەی لە بیروباوەڕی ئایینی فەرمانڕەواكانی مەغۆڵو ناوچەكەو هەرێمە كوردیەكاندا هەبوو نەما، ئەمەش رێگەی خۆش كرد بۆ هۆزە فەرمانڕەوا تەتەرو مەغۆلەكان دوای ئەوان كە موسوڵمان بن[١]. گەرچی لە سەرەتاوە مەغۆلەكان پابەند بوون بە ئایینو نەرێتی خۆیان[٢]، هەر ئەو ماوەیە بەشی رۆژهەڵاتی كوردستان تووشی سەرگەردانییەكی بەربڵاو ببوو، ناكۆكی مەزهەبی نێوان شیعەو سوونەو شیعەو رێبازە سۆفیگەرەكان پەیدا بوو[٣]، پێدەچێت ئەمەش رەنگدانەوەی خراپی لە سەر كۆی ژیانی كۆمەڵایەتیو سیاسی دروستكردبێت.

یەكێك لە سیما هەرە دیارو بەرئەنجامەكانی هەردوو سەدەی ٨و٩ك/١٤و١٥ز، كۆچی بەردەوامی هۆزە تۆرانیەكانەوە بووە، كە بە رەگەزو پێكهاتەی جیاجیاوە هاتنە كوردستان نیشتەجێ بوونو بوونە یەكێك لە فاكتەرەكانی نائارامی لە ناوچەكە[٤]، وڵاتی كوردان ببووە مەیدانی پێكدادانی قەوارە سیاسیە خێڵەكییەكانو شەپۆلی داگیركاران لە رۆژهەڵاتو رۆژئاواوە لە سەر تەپۆلكەكانی چیاكانی كوردستان یەكتریان قڕكردووە، ئەو وڵاتەیان

---

[١]- لە سەر رەوشی ئایینی مەغۆڵو ئەو گۆڕانكاریانە، بڕوانە: (محمد جواد مشكور: تأريخ ايران زمين، ص٢٢٦-٢٤٠).

[٢]- مەغۆلەكان كۆمەڵێك دابو نەریتو بیروباوەڕی ئایینی خۆیان هەبووە، پێوەی پابەند بوون، ناویان لێ نابوو (یاسا)، هەروەها پیاوە گەورەكانی خۆیان لەلا پیرۆز بووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (حسن كريم الجاف: الوجيز في تأريخ ايران، دار اراس للطباعة النشر، اربيل، ٢٠٠٨، ج٢/ ص٢٢٥-٢٢٦؛ عباس اقبال: تاريخ المغول منذ حملة جنكيزخان، ص١١٣)

[٣]- پژوهش از دانشگاه كمبرج: تاريخ ايران، ص٣٠١-٣٠٩

[٤]- زرار صديق : كردستان في القرن الثامن الهجري، ص٩٩

ویــران کــردوەو کولتووریــان شــێواند، هەنــدێك جــار هێــزی کوردیشــیان بەکارهێناوە[1].

تێگەیشتن لە بارودۆخی سیاسیو کۆمەڵایـەتیو ئـابووری کوردسـتان لـە ماوەی ئەو دوو سەدەیەدا راستەوخۆ لـە ژێرکاریگـەری ئـەو شـاڵاوە یـەك بـە دوای یەکانـەدا بـووە، دامەزرانـدنو هەڵکشـانو داکشـانی دەسـەڵاتی ئـەو میرنشـینە کوردیانـەش لـەو سـەردەمە پشـکی گـەورەیان لـەو کاریگەریـە بەرکەوتووە.

دەوڵەتی ئیلیخانی لە سـەرەتاوە سیسـتمێکی کـارگێڕی هـەبووە، بـەڵام لەگەڵ دابەش بوونی ئەو دەوڵەتە بە هۆی ناکۆکی نێوان فەرمانڕەوایانی ئـەو بنەماڵەیە شیرازەی تێکچوو[2]، ئەوەش رەنگدانەوەی راستەوخۆی هـەبووە لـە سەر خراپ بوونو تێکچوونی رەوشی ئابووریو سیاسی وڵاتی کوردان.

لە دوا ساڵانی خەلافەتی عەبباسـیدا شـیرازەی کـارگێڕی تێکچـوو، هـەتا سیستمی کارگێڕی دەوڵەتی ئێلیخانی بەو سیستمە کارگێڕیە دواکەوتوویـەی هەیبوو، جێگەی گرتەوە، بە سەبارەت کورد گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتو تەواو جیاواز بووە لەگەڵ هی سەردەمی عەبباسی، ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی رژێمی پێشکەوتووتریان هێنابێت، بەڵکو کورد وەکو رێبەرێکی ئایینی سەیری خەلیفەکانی عەبباسیان کردووە، بەڵام بەو چاوەوە سـەیری پادشـاکانی ئـەو دەوڵەتــەیان نــەکردووە، لــە کۆتــایی ئــەو دەوڵەتــەدا پادشــای ئیلیخــانی ئولیجــاریتو (٧٠٣-٧١٦ك- ١٣٠٤-١٣١٦ز) مســوڵمان بــوو[3]، بــەڵام ئــەو هــەنگاوە ئــەو کاریگەریــەی نــەبووە لــە ســەر هەڵگەڕانــەوەی دەرەبــەگو میرەکـانی ئـەو دەوڵەتـە. مـەمالیك لـە وڵاتـی شـامەوە سـنووری دەوڵـەتی ئیلیخانی بە ئاراستەی هەرێمە کوردییەکان بەزاندو لە ساڵی (٧٢٣ك/١٣٢٣ز)

---

[1]- ڤاسلیەڤا: خواروی رۆژهەلات لە سەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە، وەرگێڕانی/ رەشاد میران، وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٧، ل١٤

[2]- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (عماد عبدالسلام: اداره العراق في القرون المتأخره، بغداد، ١٩٩٢، ص٣١).

[3]- حمدالله مستوفي: تاريخ كزيده، ص٦٠٦-٦٠٧

دەوڵـەتی ئێلیخـانی ناچـار بـە رێککـەوتنی ئاشـتی کـرد، لەلایـەکی تـرەوە (تەیموور تاش کوڕی میر چۆپان)[1] لـە سـوڵتان (أبـو سـەعید) هەڵگەڕایـەوەو دراوی بە ناوی خۆی لێداو فەرمانی کرد بە ناوی ئەوەوە وتار بخوێندرێتەوە[2].

جەلائیریەکانیش بەردەوام بـوون لـە سـەر ئـەو سیسـتمە کارگێڕیـەی لـە سەردەمی ئێلیخانیدا هەبووە[3]. لە رۆژگاری ئەواندا کوردستان بـە سـەر پێـنج هەرێمی کارگێڕی دابەشکرابوو، کە بـریتی بـوون لـە (کوردسـتانو دیاربـەکرو خوی[4]لە ئازەربایجانو خەڵات لە ئەرمینیا)[5].

لە سەردەمی دەسەڵاتی ئۆزۆن حەسـەنی ئـاق قوینلـۆش جـارێکی دیکـە بەشـێکی بنەماڵـە فـەرمانڕەواکانی کـورد وەکـو بنەماڵـەی هـەکاری[6]و ئەیوبیەکانی حصن کیفا[7]، ناچار بوون کۆچ بکەن بۆ لای مەمالیکـەکان، دوای

---

[1]- تەیموور تاش کوڕی چۆپان: (٧١٧-٧٢٨ك/١٣١٧-١٣٢٨ز) لاوازی دەسەڵاتی ئەبو سـەعیدی بـە دەرفـەت زانی بوو، دەستی گرتبوو بە سەر بەشێکی ئیمپراتۆریـەتی ئیلیخـانی، بەشـەکەی ئـەو دەوڵـەتی چۆپانی ناسرابوو. بڕوانە: (حمدالله مستوفي: تـاریخ گـزیـدة، ص٦٠٠-٦٠٧ ؛ حسـن کـریم الجـاف: الوجیز في تأریخ ایران، ص٢٨٣).

[2]- حسن کریم الجاف: الوجیز في تأریخ ایران، ص٢٨٣

[3]- زرار صدیق : کردستان في القرن الثامن الهجري، ص٤٦

[4]- خوی: شـارێکە لـە ئازەربایجانی رۆژئـاوا لـە هـەرێمی تـەورێزو لـەنزیك ورمـێ. بڕوانـە: (یـاقوت الحموي: معجم البلدان، ج٢/ ص٤٠٨؛ القلقشندي: صبح الاعشی، ج٤،ص٣٦٠).

[5]- زرار صدیق : کردستان في القرن الثامن الهجري، ص٤٦

[6] - هەکاری: هەریمێکی فراوان بووە لە نیوان ئەرمینیاو ئازەربایجان، دەکەوێتە بـاکوری موسـڵەوە، لـە سـەردەمی عەبباسـیەکانەوە مەڵبەنـدی میرنشـینێکی کـوردی بـووە، کـە بـەر هەڵسـتی مەغۆڵەکانی کردووە. بڕوانە: (ابن الاثیر: الکامل في التاریخ، ج٧/ ص٣٩٠؛ البدلیسي: شـرفنامة، ص٢٣٣-٢٤٠).

[7]– میرنشینی حصن کیفا: شاری حصن کیفا لـە رۆژهـەڵاتی دیاربـەکر هەڵکەوتووە، میرانـی حصـن کێفا لە بنەماڵەی ئەیوبیەکان بوون، مێژووی فـەرمانڕەوایانی ئـەو بنەماڵەیـە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەدەی ٧ك/١٣ز، لـە کـاتی شـالاوی تـەیموور لـەنگ مـیری حصـن کێفـا، بـە رێکـەوتن لەگەڵیـدا ناوچـەکەی خۆیـان پاراسـت.. بڕوانـە: (البدلیسـي: شـرفنامة، ص٣١٣ ؛ زرار صـدیق : القبائـل والزعامات القبیلیة الکردیة في العصر الوسیط، مؤسسة الموکریاني للبحوث والنشر، اربیـل، ٢٠٠٧، ص١٤٢؛ سیپان حسن علی بنگلی: حصن کیفا في القرنین السادس والسابع الهجري/ الثاني عشر و الثالث عشر المیلادي، دار سپیریز للطباعة و النشر، دهوك، ٢٠٠٥، ص٢٨-٣١).

له ناوچوونی دەسەڵاتی ئاق قۆینلۆ گەڕانەوە[١]، سەردەمی دەسەڵاتی ئەوان له کوردستانو ناوچەکە کۆتایی قۆناغێکی مێژووییە، کە قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاستە. یەکەم مەڵبەندی فەرمانڕەوایەتیان هەرێمی کوردنشینی (ئاران)[٢]و دواتر دیاربەکرو خەلات بووە[٣]. لەگەڵ ئەوەدا هەرێمی دیاربەکر بە هۆی بەرهەڵستی قەرەقۆینلۆکانەوە لە بەرامبەر ئاق قۆینلۆو دواتر ناکۆکی لە نێوان ئەو بنەماڵەیە لە سەر دەسەلات زیانی زۆری بەرکەوت[٤].

تێکشکانی ئاق قۆینلۆ بەرامبەر عوسمانییەکان لە ساڵی (٨٧٨ك/١٤٧٣ز)داو[٥]، دواتر مردنی (ئۆزون حەسەن) لە ساڵی (٨٨٢ك/١٤٧٧ز) دەرفەتێکی سیاسی بۆ هەرێمە کوردیەکان دروستکرد، بە ئاشکراو نهێنی، بۆ نوێکردنەوەی دەسەڵاتو فەرمانڕەوایەتی بە سەر قەڵاوو هەرێمەکانی خۆیان بکەونەوە چالاکی[٦]، بەڵام ئەو دەرفەتە زۆری نەخایاند، چونکە کوردستان لەگەڵ سەرەتای سەدەی ١٠ك/١٦ کەوتەوە بەر شاڵاوی شا ئیسماعیلی سەفەوی[٧]و دواتر یش بووە بە شانۆی ململانێی نیوان دەوڵەتی سەفەویو عوسمانی.

---

[١] - العيني: عقد الجمان في تأريخ اهل الزمان، تح/محمد محمدامين، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٨٩، ص١٨٠ ؛ البدلسي: شرفنامة، ص٢٨٠، ٣١٥ ؛ رابیعە فەتاح: کوردستان لە سەدەی پازدەی زاینییدا، ل١٧٧

[٢] – ئاران: هەرێمێکی بچووکە لە نێوان ئازەربایجانو ئەرمینیا هەڵکەوتووە، زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن، له سەرچاوە ئیسلامیەکاندا بە (الران) هاتووەز بڕوانە: (المقدسي: أحسن التقاسيم في معرفة الاقاليم، تح/ غازي طليمات، وزارة الثقافة و الارشاد القومي، دمشق، ١٩٨٠، ص٢٥٨؛ القلقشندي: صبح الأعشى، ج٤/ ص٣٦٢؛ اسماعيل شكر رسول: الامارة الشدادية الكردية في بلاد ئاران، ط١، مؤسسة الموكرياني للطباعة و النشر، أربيل، ٢٠٠١، ص٣٤-٣٥)

[٣] - ئەبو بەکری تارانی: کتێبی دیاربەکرییە، وەرگێڕانی/سەلاحەدین ئاشتی، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٧، ب١/ ل١٤١

[٤] - هەمان سەرچاوە، ل١٤٢-١٤٥

[٥] - روبيرمانتران: تاريخ الدولة العثمانية، ج١، ص١٤٠-١٤٢؛ كارل بروكمان: تأريخ الشعوب الاسلامية، ترجمة/نبه أمين فارس، منير بعلبكي، دار العلم للملايين، بيروت، ٢٠٠٠، ص٤٣٩

[٦] - البدليسي: شرفنامة، ص٦٤٢-٦٤٤

[٧] - سعدى عثمان هروتي: كوردستان و الامبراطورية العثمانية، ص٣٠-٣٣

لـه رووی سیاسـیو ئـابووریو كۆمەڵایەتیـەوە، ئێـرانو بەغـداو ئاسـیای بچووك بە هەرێمە كوردیەكانیشەوە لە هەردوو سەدەی ٨و ٩ك/١٤و ١٥ز، كـە لــە ئــاڵۆزترین قۆناغــە مێژووییــەكانی تێپەڕانــدو چــڕترین شــاڵاوی گەلــە ناشارسـتانییەكان بـۆ مەبەسـتی تـاڵانو كوشـتار روویـان تێكـرد، شـێرازەی سیستمی سیاسـیش لـە كوردسـتان رەنگدانـەوەی ئـەو قۆناغـە ئـاڵۆزە بـوو، ئەوەش كاریگەری لە سەر گشت بوارەكانی دیكە دروستكردووە.

لە هەموو ئەو قۆناغانەشدا جیاوازیی بەرچـاو نابینرێـت لـە نێـوان ناوچـە جیاجیاكـانی كوردسـتاندا، چـونكە هـەمووی ملكەچـی یـەك جـۆرە شـاڵاوی داگیركەران بوونەتەوە، بە جۆرێك هەموو ناوچەكەكان هاووێنەی یـەك بـوون، ئەمــــەش وای كـــردووە بـــاردۆخی سیاســـی كـــە لـــە بەرەئـــەنجامی لەشكركێشیەكانەوە سەرچاوەی گرتبوو، ناوچەكانی كوردستان بنكەونە ژێـر كاریگەری كۆمەڵە خەسڵەتێكی هاوبەشی سیاسیو ئابووریو كۆمەڵایەتی.

## بەشی یەکەم

# بنەماو هۆکارەکانی دامەزراندنی میرنشینە کوردیەکان لە سەدەی (٨و ٩ك/ ١٤و ١٥ز)دا.

**باسی یەکەم: بنەماکانی دامەزراندن و مانەوەی میرنشینایەتی لە کوردستاندا**

**باسی دووەم: هۆکارەکانی دامەزراندن و مانەوەی میرنشینە کوردیەکانی هەردوو سەدەی ( ٨و٩ك/ ١٤و١٥ز)**

## باسی یەکەم:

## بنەماکانی دامەزراندن و مانەوەی میرنشینایەتی لە کوردستان

سیستەمی میرنشینایەتی لە سەدەی (٨و ٩ك/١٤و١٥ن)دا، پێگەیەکی گرنگی هەبووە لە رووداوە سیاسییەکان، بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و سەختی ناوچە شاخاویەکانی کوردستانەوە، داگیرکەران بە رێکەوتن نەبووبێت لەگەڵ دانیشتووانی ناوچەکە نەیانتوانیوە بە ئاسانی داگیری بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا لە دەرفەتە رەخساوەکاندا کوردا نەیتوانیوە لە یەك قەوارەی فەرمانڕەوایەتیدا یەك بگرێ، بۆیە لە ماوەی ئەو دوو سەدەیە میرنشینە خۆجێیەکان جێگەی فەرمانڕەوایەتییەکی سەرتاسەریان گرتبووەو لە قۆناغە مێژوویەکاندا نوێنەرایەتی واقیعی سیاسیی کوردستانیان کردووە، کە سروشتی گەشەکردن و بنەماکانی لەگەڵ میرنشینەکانی سەردەمی بویهی جیاواز بوون.

لە سەردەمی بویهی سەرۆك هۆزەکان لاوازی دەسەڵاتی ناوەندیان بە دەرفەت زانیبوو هەتا نیمچە سەربەخۆیی خۆیان رابگەیەنن، خەلیفەی عەبباسیان بە هیمای ئایینی دەناسی، بەڵام دوای شاڵاوەکانی مەغۆل، پیمان وایە ئەگەر لە هەندێ قۆناغدا بەشێك لە میرو خاوەن قەڵاکانی کوردستان دانیان بە دەسەڵاتی فەرمانڕەوایانی داگیرکەرانی کوردستاندا نابی، ئەوە بە تەنیا هەنگاوێکی دیبلۆماسی بووە بۆ پاراستنی ناوچەکەیان لە شەڕو کوشتارو کاولکاری و هاوکات لە بیری بەدەستهێنانی سەربەخۆیدا بوون.

هەندێك ناوچەی کوردستان بە سیستەمی (ئەتابەك)[1]ی حوکم دەکران، کە ئەوانیش هەر بە رەگەز لە گرووپی نەتەوە تورکەکان بوون، کە رۆڵیان لە

---

[1]- ئەتابەك: وشەیەکی تورکیە، مانای باوکی گەورە دەگەیەنێت، لە کاتی خۆی لە بنەماڵە تورکمانەکان بوون، سوڵتانەکانی سەلجوقی وەکو پاداشت، هەندێ شاریان پێ سپاردن، کە چاودێری پێگەیاندنی منداڵەکانیان لە ئەستۆ گرتووە، ژمارەیەك لە شارەکانی کوردستان بەو کەسانە سپێردران، کە دواتر بە سیستەمی ئەتابێك ناسرا لە بەرێوەبردن. بڕوانە: (القلقشندي:

بەرگری‌و پێشکەوتنی هەرێمەکەیاندا بینیووە[1]، تێکەڵ بە رەوشی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی مێژووی کورد بوون، هەر بۆ نموونە بنەماڵەی سوڵتان مزەفەرەدین کوکبری (٥٨٦–٦٣٠ك/١١٩٠–١٢٣٢ز)، کە دەسەڵاتی بە سەر هەولێر (أربل)[2]و (شارەزوور)[3]دا هەبووە، لەو بنەماڵە ئەتابەکیانە بووە، لەو حاڵەتەشدا بەرگری لە قەڵاو شارە کوردیەکان بە رێبەری کوردان خۆیان نەبووە، بەڵام وەکو بەدەردەکەوێت لە سەردەمەکانی دواترو لە هەردوو سەدەی ٨و ٩ك/١٤و ١٥ز بەرپرسیاریەتی سەنگەرو شورەکانی کوردستان زیاتر لە بندەستی میرو سەردارە کوردیەکان دابوون.

صبح الاعشى، ج٤/ص١٨؛ الكرد في دائرة المعارف البريطانية، ترجمة/ حميد ريبوار، الرابطة كاوة للثقافة الكردية، بيروت، ١٩٩٩، ص٥٣-٥٤ ؛ محسن محمد حسين: اربيل في العهد الاتابكي، مطبعة اسعد، بغداد، ١٩٧٦، ص٢٤-٢٥).

[1]– بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: (الذهبي: تأريخ الاسلام، دار الكتب العربي، بيروت، ١٩٨٧،، ج٤٦/ ص١٨-١٩ ؛ ابن العماد الحنبلي: شذرات الذهب، تح/ عبدالقادر الأرنوؤط، محمد الأرناوؤط، دمشق، ١٤٠٦، ج٤/ ص٢٠٩؛ البدليسي: شرفنامة، ص١٣٠–١٣١ ؛ حسن ابراهيم حسن: تأريخ الاسلام السياسي والديني والثقافي والاجتماعي، قاهرة: ١٩٦٧، ج٤/ ص٧٧-٨١ ؛ عبدالحليم عبدالله فارس العزاوي: دور الكرد في مقاومة الغزو المغولي "٦٥٦-١٢٥٨م"، رسالة ماجستير، كلية الاداب، قسم التاريخ، جامعة بغداد، ٢٠٠٩، ص١٥٩-١٦٥).

[2]– هەولێر (أربل): لە سەرچاوە مێژووییەکان بە (اربل) ناسراوە، لە سەردەمی جەلائیری‌و لە کاتی شاڵاوەکانی تەیموور هەولێر حاکمی تایبەتی خۆی هەبووە، هەتا دوای فراوانبوونی میرنشینی سۆران، لە سەرەتای سەدەی ١٠ك/ ١٦ز بە سەربەخۆیی فەرمانڕەوایەتی خۆی کردووە. بڕوانە: (اليزدي: ظفرنامة، ج١/ ص٤٧١، ج٢/ ص٣٧٠ ؛ البدليسي. شرفنامة.ص٤٥٨-٤٥٩ ؛ نوري عبدالحميد العاني: العراق في العهد الجلائري، دار الشئون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٨٦، ص٥٤؛ حكيم احمد خوشناو: الكورد و بلادهم عند البلدانيين و الرحالة المسلمين "٢٣٢-٦٢٦ه/ ٨٤٦-١٢٢٩م"، دار الزمان للطباعة و النشر و التوزيع، دمشق، ٢٠٠٩، ص١٧١-١٧٣).

[3]- لە بەشێك لە سەرچاوەکانی سەدەکانی ناوەڕاست ناوی شارەزوور بە (شارەزول) هاتووە. بۆ زیاتر زانیاری. بڕوانە: (حسام الدين على غالب نەقشبەندی: شارەزوورو لوڕستانی باکور لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، وەرگێڕانی/ ڕەنج ئەبوبەکر محەمەد، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل١٠٩- ١١١).

هاوکات ئارەزوومەندانە یان لە ڕێگەی هێزەوە، دەسەڵاتی دەوڵەتی (ئەیووبی)یش، گەیشتبووە کوردستانو هەندێك لە شارەکان لە بندەستی ئەوانە دابوون،

لەگەڵ نزیکبوونەوەی کۆتایی سەدەی ٩ك/١٥زو سەرەتای سەدەی دواتر، بارودوخی فەرمانڕەوایەتی کوردستان لە دەیان میرنشینو بنەماڵەی فەرمانڕەواو خاوەن قەڵاو هاوپەیمانی هۆزایەتی پێکهاتبوو، ئەمە لە کاتێکدا ئەوانە هەبوونو ئارەزوومەندانە یان بە ڕێگەی هێز هەڵوەشانەوەو لە هێزێکی گەورەتر یەکیان گرتەوە.

ئەو میرنشینە کوردیانە بە کردەوە نوێنەرایەتی رەوشی سیاسیی وڵاتی کوردانیان کردووە، بە هۆی ئەو پێشینەی لە پێش سەدەی ٩ك/١٥ز هەیانبووە، ناچار دەوڵەتی عوسمانی دانی بە دەسەڵاتیان داناوە، کە بە پێی ناوەرۆکی نێوان (سوڵتان سەلیم — ئیدریسی بەدلیسی)یەوە ڕێکخرابوو[1]، هەموو ئەوانە ئەوکات بەرهەمی گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیو سیاسییو جوگرافیو کولتوورییەکانی هەردوو سەدەی پێش خۆیان بوون، کە رەنگدانەوەی ناسەقامگیری سیاسیی ئەو سەردەمە شوێنەواری بەسەرەوە بەجێهێشتووە، ئەمەش بەڵگەی بەهێزی ئەوانە لە سەدەی پێشتر.

بە هۆی خۆپاراستن لە شاڵاوی یەك بە دوای یەکی داگیرکەران، قەڵا بایەخێکی تایبەتی هەبووە، یان هەندێك لە میرنشینەکان هەر لە میانی فراوانبوونی دەسەڵاتی ئەو خاوەن قەڵایانەوە بۆنەتە میرنشینی گەورە، بۆیە لە پاڵ میرنشینە بەناوبانگەکەکانی وەکو (بۆتان[2]، هەکاری، بەدلیس،

---

[1]- سعدي عثمان هروتي: كوردستان و الامبراطورية العثمانية، ص٦٣-٦٦

[2]– میرنشینی بۆتان: شاری جەزیرە مەڵبەندی بووە، لە پێش سەدەی ٨ك/١٤ز دامەزراوە، کەوتبووە باشووری گۆمی وان، میرنشینی بادینان لە باشوورو هەکاری لە رۆژهەڵاتی بووە. بڕوانە: (البلدليسي: شرفنامه، ص٢٧٥-٢٨١ ؛ صلاح هروري: امارة بوتان في عهد الامير بدرخان ١٨٢١-١٨٤٧، مؤسسة الموكرياني للطباعة والنشر، دهوك، ٢٠٠٠، ص١١-٢٥).

دونبولّی[١]، ئەیوبیەی حصن کێفا، چەمشکزاك[٢]، شـێروان[٣]، برادۆسـت[٤]، لـوڕی گەورەو لوڕی بچووك، ئەردەلان، بادینـان، سـۆران، بابـان، مـوکری، دەیـان فەرمانڕەوایـەتی بچـووك[٥]و خـاوەن قـەلا لـە سەرچـاوە مێـژوویی‌و شـارناس‌و رۆژهەلاتناسەکان ناویان هاتووە.

بەدلیسی زۆربەیانی باس کردووە، کە لە سەرەتای سـەدەی ١٠ك/١٦ز دا هـەبوون[٦]، کـە مێـژووی دامەزرانـدنی هەنـدێکیان دەگەڕێتـەوە بـۆ کۆتـایی دەسـەلاتی ئێلیخـانی‌و کۆتـایی دەسـەلاتی ئـاق قۆینلـۆ، زۆربـەیان لەگـەڵ

---

[١]-میرنشـینی دونبـولّی: شـاری (خـوی) دوا مەلّبەنـدی دونبـولّی بـووە، مێـژووی فەرمانڕەوایـەتی بنەمالّەی دونبولّی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەلجوقیەکان، پێشتر لەدەرووبەری موسلّو دواتر لە هەکاری دەسەلاتدار بوون . بڕوانە: (ئەمین زەکی بەگ: خولاصەی تأریخی کوردو کوردستان لە زۆر قەدیمەوە تـا ئـەمڕۆ، بنکـەی ژیـن، سلێمانی، ٢٠٠٦، ب٢، ص٢٦٥-٢٦٦؛ محەمـەد جـەمیل رۆژبەیانی: چوار دەولّەتی کورد، هەولێر، ٢٠٠٠، ل٧-١٩).

[٢]- میرنشـینی چەمشـکزاك: شـاری چەمشـکزاك لـە بـاکوری مەلاتیـە مەلّبەنـدی بـووە، خـاوەنی ژمارەیەکی زۆری قەلاّی بەرگری بوون، کە مێـژووی فـەرمانڕەوایانی چەمشـکزاك دەگەڕێتـەوە بۆ سەدەی ٧ك/١٣ز سەردەمی عەبباسی. بڕوانـە: (أمین زکی: تأریخ الـدول والإمـارات الکردیـە، ترجمة/محمـد علـی عـوني، مطبعـة دار السـعادة، القـاهرة، ١٩٤٥، ص٢٧٢-٢٧٣ ؛ زرار صـدیق : کردستان في القرن الثامن الهجري، ص١٦٥).

[٣]- میرنشینی شێروانە: لە رۆژهەلاتی جەزیرەی بن عومەر قەلاّی کفرا مەلّبەندی بووە، پێدەچێت لە ناوەڕاستی سـەدەی ٩ك/١٥ز دامـەزرابێ. بڕوانـە: (البدلیسـی: شـرفنامە، ص٤٠٥-٤٠٦ ؛ صـدیق بورەکـەیی: دایـره المعـارف کـردی، "فـرهنگ اعـلام"، چ١، انتشـارات پلیکـان، تهـران، ١٣٨٠ه، ش، ص١٤١-١٤٢).

[٤]- میرنشـینی برادۆسـت: شـاری ورمـێ‌و باشـووری ئـەو شـارە مەلّبەنـدی ئـەو میرنشـینە بـووە، لـە کۆتـایی سـەدەی ٩ك/١٥ز هـەبووە. بڕوانـە: (البدلیسـی: شـرفنامە، ص٤٩٥-٥٠٠؛ سـعدي عثمـان هروتي: کوردستان و الامبراطوریة العثمانیة، ص٢٧).

[٥]- هەندێ لەو میرنشیانە لە ئاکامی دابەشبوونی میرنشینە گەورەکان یان لە بنەڕەتـەوە لـە کۆتـایی سەدەی ٩ك/ ١٥ز هەبوون، وەکو پازۆکی، سویدی، سلێڤانی، ئـەگێل، پـالّو، چـرموك، مـەحمودی، ساسون، دەرزینی، کلیس، بانە، داسـەنی. خێـزان، سپاروت. بـۆ زانیـاری زیـاتر بڕوانـە: (سعدي عثمان هروتي: کوردستان و الامبراطوریة العثمانیة، ص٢١-٣٠).

[٦]- شرفنامة، ص١٢٨ لاپەڕەکانی دوایی.

مێــژووی تــازەی دوای شــەڕی چــاڵدیران بــەردەوام بــوون[1]، ئــەوانی دیکــە سەرەتاییەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ پێش شاڵاوەکانی مەغۆل.

چــڕی ڕووداوەکــانی ئــەو دوو ســەدەیە، لــە ســەر ئاســتی کوردســتان‌و دەرووبــەری کاریگــەری هــەبووە بــە ســەر کــاتی پەیــدابوون‌و چــۆنیەتی فەرمانڕەوایەتیە خۆجێییەکان، بۆیە لەو دوو سەدەیەدا یەك جۆر لە سیستمی میرنشینایەتی لە کوردستان نەبووە، بەڵکو لە پاڵ سەرهەڵدانی میرنشینەکان چەند سیستمێکی فەرمانڕەوایەتی هەبووە، کە زیاتر لەو سەدەیەدا هــەبوون‌و لــە پێشــتر نــەبوون، ئــەوانیش وەکــو خــاوەنی قــەڵا (صــاحب القــلاع)و مــیرە دەرەبەگــەکان (أمــراء الاقطــاع)و فــەرمانڕەواکانی شــار (حکــام المــدن)و هاوپەیمانیــــەتی هۆزایــــەتی (التحــــالف القبلــــی). ســــەرەڕای میرنشــــینە ســـەرەکییەکان، ئـــەو جـــۆرە دەســـەڵاتەنەش هـــەروەکو دیاردەیـــەکی تـــازە ســـەرەتاییەکەی دەگەڕێتـــەوە بـــۆ ســـەدەی ٧ك/١٣ز ، لەگـــەڵ نزیکبوونـــەوەی کۆتــایی ســـەدەی ٩ك/١٥زش بـــەرەو کەمبوونـــەوە چـــوون[2]، ئـــیتر سیســـتمی فەرمانڕەوایەتی کورت بۆتەوە لە میرنشینەکان‌و جۆرەکانی دیکە ناوچووبن.

هەریەك لەو پێکهاتانەی باس کران هەرچەندە بەشێك بـوون لـە شـێوازی فەرمانڕەوایــەتی، کەچــی وەکــو میرنشــین ناویــان هــاتووە، لــە ســەدەی ٨ك/١٤زیش بوونەتە توخمێکی گرنگ لە پێکهێنەرەکانی ڕژێمی میرنشینی لـە کوردســتاندا، بــۆ نموونــە هەریــەك لــە قــەڵای (ئامێــدی)و هاودیــان (خفتیــان) پێشتر وەکو خاوەنداریەتی قەڵا ناسرا بـوون، یـان میرنشـینی سـۆران پێشـتر هۆزێك بووەو دواتر پــەرەی ســەند بــۆ میرنشــین[3]. بــەڵام مــەرج نییــە ئــەوەی

---

[1] - بـۆ زانیـاری زیـاتر لـە سـەر ژمـارەو شـوێنی میرنشـینە کوردیـەکانی کۆتـایی سـەدەی ٩ك/١٥زو سەرەتای سەدەی ١٠ك/١٦ز بڕوانە: (رابیعە فتاح: کوردستان لە سەدەی پازدەی زاینییـدا، ل٢٠٨-٣٣٤؛ سعدي عثمان هروتي: کوردستان و الامبراطورية العثمانية، ص٢١-٣٠).

[2] - بۆ زانیاری لەو بارەیـەوە بڕوانـە: (رابعـە فـەتاح شـێخ محەمـەد: کوردسـتان لـە سـەدەی پـازدەی زاینییدا، ل٢٦٥-٣٣٤؛ زرار صديق : كردستان في القرن الثامن الهجري، ص١٣٧-١٨٥)

[3] - بڕوانە: (بەشی چوارەم / باسی دووەم؛ بەشی سێیەم/ باسی دووەم).

بەدلیسی باسی کردوون، کۆی هەموو فەرمانڕەوا خۆجییەکانی کوردستان بوو بێت.

خاوەن قەڵاکان لەگەڵ سەرەتای سەدەی ٨ك/١٤ز بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەدیار کەوتن، بەڵام ئاڵوگۆڕیان بە سەردا هات، لەگەڵ نزیکبوونەوەی سەدەی ٩ك/١٥ز هەندێکیان لە ناوچوون، هەر بۆ نموونە لە ناوچەی بادینان لە جیاتی میرنشینەکانی (داسەنی، حەمیدی، سندی) کە هەریەك خاوەنی چەند قەڵایەك بووە، بوونە بەشێك لە میرنشینی (بادینان)[1].

بەشێك لەوانە لە سەر دەستی سەرۆك هۆزە دەرەبەگەکان دامەزراون، کە وەکو فەرمانڕەوایەتی بەهێز خۆیان بەدیار خستووە بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆییو دەرفەتی لاوازی داگیرکەرانیان لە دەستنەداوە، دامەزراندنی میرنشینی موکری لەو جۆرە بووە، کە فەرمانڕەوایەتی دەرەبەگو سەرۆکی هۆزێك توانیویەتی ئەو قەوارەیە دابمەزرێنێتو دوایی هۆزەکانی دیکە لە دەوری کۆبوونەتەوە[2].

دەوڵەتۆکەی شار (دویلات المدن)ە، کە لە ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاستدا هەبووە، لە هەندێك لە شارە سەرەکییەکانی کوردستانیش لە دوای خاوبوونەوەی شاڵاوەکانی مەغۆل بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشایە پەیدا بوو، بەرپرسیار بووە لە بەڕێوەبردنی شارو لە کاتی شاڵاوەکاندا بڕیاری کۆتایی بۆ فەرمانڕەوای ئەو شارە بووە، لەگەڵ زۆربەیان بەدەست کوردەوە نەبوون، هەریەك لە شارەکانی هەولێر (أربل) و شەنگار (سنجار)[3] لە نموونەی ئەو جۆرە فەرمانڕەوایەتیە بوون.

---

[1] - بڕوانە: (بەشی سێیەم/ باسی دووەم)

[2] - بڕوانە: (بەشی شەشەم/ باسی سێیەم)

[3] - ژەنگار (سنجار): لە دامێنی شاخێك هەڵکەوتووە، لە هەرێمی جەزیرە، لە خۆراوای موسڵ بە دووری ٨٠کم، دارو درەختو میوەجاتی زۆرە. بڕوانە: (ابن عبدالحق: مراصد الاطلاع، ج٢/ ص٧٤٣؛ القزويني: اثار البلاد واخبار العباد، دار صادر، بيروت، ١٩٩٨، ص٣٩٣ ؛ القلقشندي: صبح الأعشى، ج٨/ ص٢٢٧؛ عطا عبدالرحمن: حركات الخوارج في في بلاد الكورد و ما جاورها (٤١-٢١٨ه/٦٦١-٨٣٣م)، مركز دراسات الكردية، السليمانية، ٢٠٠٧ ، ص١٠٢-١٠٣).

هاوپەیمانیــەتی خێڵــەکی بنچــینەیەکی گــرنگ بــووە بــۆ ســەرەتای دامەزراندنی میرنشـینە کوردییـەکان، کـە لـە سـەر دەسـتی سـەرۆك هـۆزێکی بەهێز یان پیاوێکی ئایینی دروستبووە، هەندێك جار بـە هەڵوێسـت نوانـدێکی بەرگریکارانە لە بەرامبەر داگیرکەران ئەو هاوپەیمانیەتیـە هاتۆتـەدیو دوایـی بۆتــە بنچـینە بـۆ دروسـت بـوونی میرایەتیـەکی گـەورە، قۆنـاغ بـە قۆنـاغ هۆزەکـانی ناوچــەکە ئارەزوومەندانــە یــان بــە زۆر چــوونەتە ژێربــاڵی ئــەو هاوپەیمانیەتیەوە، هەروەکو میرنشینی بادینان کۆتـایی سـەدەی ٩ك/١٥ز لـە سەر حیسابی قەوارە خیڵەکیەکانی ئەو کاتەی بادینان فراوان بووە[١].

هەر لە بنجینەدا هەروەکو (توێژەرێك) ئاماژەی بەوە کردووە، کە خێڵـە کوردەکان یەکەیەکی کۆمەڵایـەتیی سیاسـیینو بـە گشـتی بـە مەڵبەندێکـەوە بەسـتراونەتەوە، یەکەیـەکی ئـابووری پێکـدەهێنن، کـە ئـەو پێیوایـە زیـاتر دەمـارگیری پەیوەنـدیی هـەبووە بـە رەچـەڵەكو خزمایـەتی راسـتەقینە یـان هەڵبەستراو، ئەمە رۆڵی بینیووە، لە کۆبوونەوەی تیرەو پێکهاتەکانی دیکەی دەوری ئەو خیڵە گەورەیە[٢].

کاتێك ئاماژە دەدرێ بە هوز مەبەست لێی یەکیەتی کۆمەڵە گروپێکە، کە پەیوەندیی خوێن پێکەوەی بەستوونو دابـەش دەبـن بـە سـەر چـەند تـیرەو بەرەبابێکـدا[٣]، مـەرج نییـە ئـەو ناسـاندنە بـۆ هـۆز بەتـەواوی بەسـەر هـۆزە کوردیەکاندا جێبەجی ببیٚ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا رێـی تێناچـێت بڵـێین ئـەو هەموو هۆزو تیرانەی لە دەوری هۆزی فەرمانڕەوا کۆبوونەتەوە، هـەمووی لـە رێگـەی خزمایەتیـەوە یـەکیان گرتبێـت، هـەر بـۆ نموونـە میرنشـینی لـوڕی گـەورەو لـوڕی بچـووكو حصـن کێفـا لـە چـەندان هـۆزو تـیرە پێکهـاتوون[٤]،

---

[١] - بڕوانە: (بەشی سێیەم/ باسی سێەم).

[٢] - ڤان بروینسن: ئاغاو شێخو دەوڵەت، وەرگێڕانی/ کوردۆ عەلی، چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٣، ب٢/ ل٧٨

[٣] – ارشاك بولاديان: الاكراد حسب المصادر الارامية، ترجمة/خشادور قصاريان و عبدالكريم ابازيد، منشورات اكاديمية العلوم، مجموعة أرمينيا السوفيتية، معهد الاستشراق، ايريفان، د.ت، ص٨٢.

[٤] - حمدالله مستوفي: تاريخ كزيده، ص٥٤١، ٥٥٠ ؛ البدليسى: شرفنامه، ص١٢٦، ١٢٩، ٣١٠

دامەزراندنی میرنشینی بادینان لەلایەن میر بەهائەدینەوە، ئەویش لە سایەی هاوپەیمانیەتیەکی هۆزایەتی نموونەیەکی دیکەیە بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونە[1]. بوونی سنووری جوگرافی دیاریکراو بۆ هۆزو بالادەستی لەو سنوورەو پاراستنی سامانی ئابووریی باشترین رەگەزی دامەزراندنی ئەو فەرمانڕەوا خۆجێیەمانە بووە لە سەر بنەمایەکی هۆزایەتی.

سیستمی میرنشینی لە کوردستان، بەوەی جۆرە بەڕێوەبردنێکی سیاسیی، کۆمەلایەتی، ئابووریی ناوچەیی لەخۆ گرتووە، کە هەرگیز سەرتاسەری کوردستانی نەگرتۆتەوە، ملکەچی چەند خەسلەتێکی هاوبەش بووە، مەبەست لە بەڕێوەبردنی سیاسیی، واتە لە کاروباری داڕشتنی سیاسەتی فەرمانڕەوایەتیەکەیو هێزی سەربازی سەربەخۆیی خۆی پاراستووە، جەختی لە سەر رایەلەی کۆمەلایەتی ئەو فیدراسیونە هۆزایەتییە کردووەتەوە، کە کەوتبووە سنووری فەرمانڕەوایەتیەکەیو لە رووی ئابووریەوە لە کۆکرنەوەی باجو پەرەپێدانی بازرگانیو کشتوکاڵ سەربەخۆ بووە، کە ئەمانە هەموو پەیوەندیان بە باری ناوخۆیی میرنشینەکانەوە هەبووە[2].

لە لایەن مێژوونووسانەوە شوناسێکی یەکگرتوومان نییە بۆ ئەو میرنشینە کوردیانە تا بە سەربەخۆ، یان نیمچە سەربەخۆ یان دەوڵەتی بچووك یان پاشانشینی ناویان ببەین، میر دەسەلاتی یەکەم بووە لە میرنشینەکەیداو کاروباری کارگێڕیو سەربازیو پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەموو لە بندەستی خۆیدا بووە[3]. هەندێك جار پەیوەندیی دەرەکییەکانیان لە هەندێك قۆناغ لە ژێرچاودێری دەسەلاتی داگیرکارانی کوردستان دابووە، بەلام بۆ کاروباری ناوخۆ زیاتر سەربەخۆ بوون، سەبارەت بە باجدانو

---

[1] - بڕوانە: (بەشی سێیەم، باسی سێیەم).

[2] - نازناز محمد عبدالقادر: میرنشینەکانی کوردستانی رۆژهەلات، چ١، دەزگای چاپو بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٧٧

[3] - لازاريف و اخرون: تأريخ كوردستان، ص٧٧- ٧٨

پشتیووانی له سوپای داگیرکەران که له سەردەمی عوسمانی ببووه بنچینەی پەیوەندیی نێوان میرشینه کوردیەکانو دەسەڵاتی عوسمانی[1]، بەڵام ئەو جۆره پەیوەندییه له هەردوو سەدەی ٨و ٩ك/١٤و ١٥ز رۆشن نیه.

له ڕێگەی پەیوەندییو دۆستایەتیو پردی متمانەوه یان له ڕێگەی نیشاندانی هێزو دەسەڵاتەوه بووبێت، پارسەنگی هێز له لای میرنشینەکان ئەو پەیوەندییه بەهێزه بووه، که میر هەیبووه لەگەڵ هۆزو سەردارانی دەوروبەری خۆی[2]، بەڵام سروشتی پەیوەندیی سەربەخۆ بوون یان نیمچه سەربەخۆ بوون له هەردوو سەدەی ٨و٩ك/١٤و١٥ز یەك شێوازی ستانداردی نەبووه.

له سەردەمی بویهیی (٣٣٤-٤٤٧ك/٩٤٦-١٠٥٦ز) میره کوردەکان لەگەڵ خواستی سەربەخۆیی، وەکو سەرچاوەیەکی دەسەڵاتی مەعنەوی، پێویستیان به شەرعیەتی دانپێدانانی خەلیفەکان هەبووه، بەڵام بۆ میرنشینەکانی دوای شاڵاوەکانی مەغۆل، شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ پادشایانی داگیرکاری کوردستان جیاواز بووه. هەر بۆ نموونه هەردوو میرنشینی فەزڵەویو خورشیدی له لوڕستان، مامەڵەیان لەگەڵ داگیرکارانی مەغۆلو تەیمووریەکانو ئاق قۆینلۆ به بەراورد لەگەڵ ئەو مامەڵەی لەگەڵ خەلیفەی عەبباسی کردوویانه زۆر جیاواز بووه[3]، چونکه پەیوەندی لەنێوان خەلیفەو میره کوردییەکان له باڵادەستی خەلیفەوه سەرچاوەی گرتبوو، وەکو هیمایەکی ئایینی بۆ جیهانی ئیسلامی، بەڵام وەکو داگیرکەر سەیری ئەو شاڵاوانەیان کردووه.

خەسڵەتێکی دیکەی میرنشینو خاوەن قەڵاکان له کوردستانی ئەو ماوەیەدا ئەوه بووه، که هەموویان پێکەوەو له یەك سەردەمدا پەیدانەبوون،

---

[1] - سعدي عثمان هروتی: كوردستان و الامبراطورية العثمانية، ص٦٣

[2] - المصدر نفسه، ص ٧٨

[3] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانه: (البدليسی: شرفنامه، ص١٤١-١٥٩؛ ئەمین زەکی بەگ: حولاصه، ج٢/ ل٢٠٦- ٢١٦، ج٢/ل٢٠٦-٢١٦).

سەرهەڵدانی ئەوانیش دیاردەی بەرەنگاربوونەوەی هەموو شێوازەکانی داگیرکردنو پاشاگەردانی سیاسیی بووە لە ناوچەکەدا، بۆیە دامەزراندنیان پرۆژەیەکی میللی بووە، بە تەنیا پیرۆزی بنەماڵە دیارەکان نەبووەتە داینەمۆ، بەڵکو کۆبوونەوەی هۆزەکانیش بووە لە دەوری ناوەندێك بۆ بەرەنگاربوونەوەی داگیرکارانو یەکخستنەوەی تواناکانو دابینکردنی ئارامیو ئاسایش[1].

لە پاڵ ئەوەدا میرە کوردیەکان داگیرکارانی کوردستانیان ناچار کردووە، لە بەرامبەر ئەواندا نەرمی بنوێنن، لە ناوچە جیاجیاکانی خۆیاندا هەوڵیان داوە دوو شەرعیەت بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، ئەوانیش شەرعیەتی بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی بێگانەو شەرعیەتی فەرمانڕەوایەتی سیاسیی بووە لە بەرگی ئاییندا. وا پێدەچێت، هەر ئەمە وای لە (سعد بشير أسكندر) کردبێت، کە پێی وابێت، ڕەوایی بەرەنگاربوونەوەو فەرمانڕەوایەتیی سیاسیی بووەتە هۆکاری سەرهەڵدانی ئەوان[2]، کە لە ڕاستیدا دەرهاویشتەی ئەو هۆکارانەی سەرەوەیە، بە تایبەت، کە دوای شاڵاوەکانی مەغۆل شەرعیەتی مەرکەزی خەلافەتی ئیسلامی لە ناوچە کوردییەکان نەهێشت، کورد بە پشت بە خۆبەستن بیری بەرەنگاریو شەرعیەتی کۆکردنەوەی هۆزو پێکهاتە جیاوازەکانی کردە دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی.

بنەڕەتی زۆربەی میرنشینە کوردییەکان لە هۆزێکەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام بوونە بەشێك لە هۆزو بنەماڵەی فەرمانڕەوا لە ناو ئەندامانی ئەو هۆزەو فیدارسیونە هۆزایەتیەدا، وەکو دەمارگیریی پەیوەندیی نێوانیانیان پاراستووە[3].

---

[1]- عماد عبدالسلام: السلطان حسين أمير بهدينان، سلسلة اصدارات الجمعية الثقافة التأريخية لكردستان، هەولير، ٢٠٠٩، ص٩، ٦٩.

[2]- سعد بشير أسكندر: قيام النظام الاماراتي في كردستان و سقوطه، ط٢، بنكەی ژين، السليمانية، ٢٠٠٨، ص٤١-٤٢

[3]- حەیدەر لەشکری: دەسەڵاتی میری کورد لە سەدەکانی ناوەڕاست، گۆڤاری شانەدەر، ژ(٩)، ساڵی سێیەم، ١٩٩٩، ل٢٣

میره كوردەكان بەوە رەوایەتی خۆیان مسۆگەر كردووە، كە لە بەرامبەر داگیركەران وەستاونەتەوە، لەو بارەیەوە گوتراوە: "چەمكی شەرعیەت بۆ بنەماڵەی میرەكان بایەخی خۆی هەبووە، هەتا بۆ ئەو بنەماڵە كوردانەش كە پێشتر خاوەن دەسەڵات بوونو لە رۆژانێك هەڵوەشابوونەوە..."[١]، یان ئەو بنەماڵانەی رەچەڵەكی خۆیان دەگەڕاندەوە، بۆ سەر خەلیفەكانو خاوەن پێشینە ناودارەكان، بەڵام خاڵی گرنگ لێرەدا سەختی ناوچە كوردییەكان رۆڵی گرنگی بینیووە، لە پاراستنی ئەو رێژە سەربەخۆییەی دەستیان كەوتووە.

سەرەڕای كوشتارو وێرانی لە دوای لەشكركێشی، داگیركەران ئەو خەرجیە زۆرەش بۆ هێزی سەربازیو جبەخانەو دابینكردنی جەنگاوەرو تفاقی شەڕ پێویستیان پێی هەبووە، لە ناوخۆ دابینكراوە[٢]. دەشێت ئەو دوو شەرعەیەتەش متمانەی مسۆگەر كردبێتو وای كردبێت، كە دانیشتوانی سنووری میرنشین باری قورسی خەرجیەكانی شەر بە ئەستۆ بگرن.

بەدلیسی لە سەر زاری خۆیانەوە زۆربەی میرانی سەردەمی خۆی گەڕاندووتەوە بۆ بنەماڵە دەسترۆیشتووەكانی سەدەكانی ناوەڕاست، لە سەحابەو خەلیفەكانو سوڵتانەكانی سەلجوقیو ئەیووبی بوونەتە باپیرانی زۆربەی میرو سەردارانی كورد، كە دیارە زۆبەیان راستیەكی مێژوویی نییەو ئەوەش، كە ناوبراو باسی كردوون، سەرەتایەكی سادەو ساكارەو زیاتر لە ئەفسانە دەچێ، زۆربەیان رەچەڵەكی وەهمی بوون، بۆ خۆیان دروست كردبوون[٣]، بەڵام هەرچۆنێك بێت بەڵگەیە لە سەر ئارەزووی ئەوان بۆ

---

[١]- أسكندر: قيام النظام الاماراتي، ص٤٣

[٢]- المصدر نفسه، ص٤٧-٤٨

[٣]- بە پێی شەرەفنامە، میرانی بادینانو سۆران نەوەی خەلیفەكانی عەبباسین، میرانی جەزیرە، نەوەی خالیدی كوڕی وەلید، میرانی دونبوڵی بۆ سوڵتانی سەلجوقی دەگەڕێنەوەو میرانی حصن كێفا بۆ بنەماڵەی ئەیوبی، كە ئەمەی دوایی پشاڕاستكراوەتەوە بەڵام ئەوانی دیكە بەدواداچوونی زیاتری دەویو هەندێك لە رەچەڵەكی ئەو میرانەش بابەتی ئەو توێژینەویەنو لە شوێنی خۆی باسی دەكەین، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: (البدليسي: شرفنامة، ص٢٥٣، ٤٥٣، ٢٦٩، ٥١٣).

دابینکردنی شەرعیەت بەو ڕێگەیە، چونکە پێویستیان بەوە هەبووە بوونی خۆیان لە ناو مێژوودا بسەلمێنن.

هەرچەندە ئەمە لە لایەن مێژوونووسانی هاوچەرخەوە بە راست وەرنەگیراوەو هۆکاری ئەو دیاردەیەش دەگەڕێتەوە بۆ دروستکردنی روخسارێکی پیرۆز بۆ بنەماڵەی ئەو میرانە، تا لەوێوە شەرعیەت ملکەچیو گوێڕایەڵی لەلایەن هۆزەکانەوە مسۆگەر بکەن.

راستە لەو رژێمە فەرمانڕەوایەتیەی میرە کوردیەکان دروستیان کردووە، بەڕێوەبردن زۆر سادە بووەو رێکخستنی کارگێڕیان نەبووە[1]، بەلاّم ئەوە ناگەیەنێت، کە جۆرێك لە سیستمی بەڕێوەبردنیان نەبووبێت، کە لەگەڵ ئەو قۆناغە گونجاو بووبێت. هەر بۆ نموونە میر بوداغی کوڕی میر ئەبدال، سەرچاوەیەك پێی وایە، کە ئەو ناوچانەی دەستی بە سەرداگرت، لە رووی بەڕێوەبردنەوە بە یەکێك لە نزیەکانی خۆی سپاردووە[2]، دابەشکردنی ناوچەکان بە سەر بەرپرسیاریەتی جۆریکە لە بوونی سیستمێکی کارگێڕی سەرەتایی بۆ ئەو قۆناغە.

ئەوەی جێی ئاماژەیە، لە کاتی گەڕاندنەوەی دەسەلاّتی میرنشینەکان بۆ دەسەلاّتی هۆز، دەبێت ئەوە لە بەرچاو بگیرێت، کە هۆز لە سەدەکانی ناوەڕاستو دواتر لە کوردستان بە شێوە تەقلیدیەکەی نەبووە، واتە بگەڕێتەوە بۆ دەسەلاّتی یەك بنەماڵەو نەوەی یەك خێزان، بەڵکو لە یەك شوێن نیشتەجێ بوونو پەیڕەویان لە یەك سەرۆك کردووە[3]، واتە لە ڕێگەی سەرۆکی بە توانا یان بنەماڵەی بە تواناوە کۆمەڵێك هۆز کۆکراوەتەوە، بەلاّم وەکو یەك هۆز ناویان هێنراوە.

---

[1] - لەشکری: دەسەلاّتی میری کورد، ل٢٣

[2] - البدليسي: شرفنامة، ص٤٧٤

[3] - کوردو کوردستان لە ئەنسکلۆپیدیای تورکیدا (قاموس ئەعلامی تورکی)، وەرگێڕانی/ ئەحمەد تاقانە، دەزگای چاپو بلاّوکردنەوەی ئاراس، ،هەولێر، ٢٠٠٨، ل١١٨

مانەوەی تۆكمەیی دەسەڵاتی ئەو میرنشینانەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، كە بە چاوی پیرۆزییەوە سەیری میرە ناسراوەكانی خۆیان كردووە، بەمەش پایەی میر لە ناوخۆدا پتەوبووە، هەر ئەو هۆیەش وای كردووە ئەو میرنشینانە لەو سەردەمەی دامەزران لە چاو ئەوانی پێش خۆیان پتەوتر بن[1]، دەمارگیری بۆ شوێنو بەها پیرۆزەكانی ئەو قەوارەیەو هێزی سەربازیو ئابووریو دارایی بایەخی زۆری هەبووە[2]، بەڵام دەكرێت بووترێت، كە هۆكاری سەرەكی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دوو شەرعیەتەی باس كران. لەوەش بترازێت، شتێكی باڵاتر نەبووە، كە وەك هی سەردەمی بویهی، لە كاتی پێویست بتوانێت شەرعیەتی میرەكان بخاتە مەترسییەوە، چونكە هەردوو چەمكی شەرعیەت لەو قۆناغەدا پەیوەندیی بە ناوخۆی میرنشینەكەوە هەبووە، جگە لەوەش دەبینین تەمەنی ئەوانی ئەو قۆناغە لە هی سەردەمی پێشووتر درێژتر بووە، بۆ نموونە میرنشینی ئەردەلان لەگەڵ ئەوەدا نزیكەی دوو سەدەی لە سەدەكانی ناوەڕاست تێپەڕاند، سێ سەدەش لە مێژووی نوێ بەردەوام بووە، میرنشینی موكری نزیك بە چوار سەدە بەردەوام بووە[3].

كەواتە تەمەنی درێژی میرنشینەكانی ئەو قۆناغە سیمایەكی دیكەی ئەوانە، گەرچی بەشی زۆری تەمەنیان لە مێژووی تازەدا بەڕێكردووە، بەڵام دەرئەنجامی ئەو بنەڕەتانەیە كە ئەوان لە سەری دامەزراون.

جێی ئاماژە پێكردنە شاریش رۆڵی گرنگی هەبووە لە دروستبوونو گەشەسەندنی شارستانیەت، وەك مەڵبەندێكی كارگێڕیو تەندروستیو زانستی جێ پەنجەی دیارە، لە سایەی میرنشینو قەوارە كوردیە خۆجێیەكانەوە لە كوردستاندا پەرەی سەند[4].

---

[1]- بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: (أسكندر: قيام النظام الاماراتي، ص٤٠-٤٥).

[2]- لەشكری: دەسەڵاتی میری كورد، ل٢٦

[3]– بابا مردوخ روحانی شێواو: تاريخ مشاهير كرد و كردستان و امراء خاندانها، ،تهران، ١٣٨٢ه،ش، ج٣/ص٢٢٧-٢٩٢، ٣٦٣-٣٧٥

[4] – بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (فەرهاد حاجی عبوش: المعالم الاساسية للمدينة الكردية عند ياقوت الحموي، مجلة دهوك، ع٣١، تموز ٢٠٠٦، ص٨٦-٨٩).

**باسی دووەم:**

## هۆکارەکانی دامەزراندنی میرنشینە کوردیەکانی هەردوو سەدەی (٨- ٩ك/ ١٤- ١٥ز)

خاڵی هاوبەش وەك هۆکار بۆ پەیدابوونی سیستمی میرنشینایەتی لە زۆربەی سەردەمەکان زۆرە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك تایبەتمەندی لە هەردوو سەدەی ٨و ٩ك/١٤و ١٥ز دا تێبینیکراوە، دەکرێت لە چەند خاڵێکدا پوختبکرێنەوە:

**یەکەم: سروشتی جوگرافیی کوردستان**

کوردستان ناوچەیەکی شاخاویەو خاوەنی چەندین زنجیرە چیایەو زۆربەی چیایەکانی بەرزن، سەختی ناوچەکەو دابڕانی لە یەکترەوە، کاریگەری بەرچاوی هەبووە لە سەر کۆی ئەو گۆڕانکاریە سیاسییانەی لە سەر خاکی کورد روویانداوە. ئەمەش خەسڵەتێکی تایبەتی لە بەرامبەر داگیرکەراندا هێناوەتە ئاراوە، کە بە ناچاری دەبوو دانی پێدابنێن[1]، هەروەکو توێژەرێك ئاماژەی بەوە داوە کە داگیرکەرانی مەغۆلو تەتەر خۆیان لە دەسەڵاتی راستەوخۆ بە سەر کوردستان بە دوور گرت، ئەگەر وایان نەکردبا بەردەوام کوردستان دەبووە، هەرێمێکی یاخیو هەڕەشەی لە ئاسایشی ئەوان دەکرد. بەڵام سروشتی مامەڵەی کورد لە ناوچە جیاوازەکانیدا یەك شێوە نەبووە، هەموویان بەرهەڵستیان هەڵنەبژاردووە. بۆ نموونە قەڵای ئامێدی کە ئەوکات نمایندەی (بدر الدین لؤلؤ ٦١٥-٦٥٧ك/١٢١٩-١٢٥٩ز) بەڕێوەی دەبرد، لەچوارچێوەی ئەو رێکەوتنەی بەدرەدین لەگەڵ مەغۆلەکان بەستی بە رێگەی ئاشتی ناوچەکەی لە

---

[1] - أسكندر: قيام النظام الاماراتي، ص٤٦

لەشکرکێشی مەغۆل پاراستووە[1]، ئەمەش دەروازەیەك بووە، کە کوردستان قەوارەی سیاسیی جیاجیای بەرهەمهێناوەو دابەشبوونی بە سەر چەند میرنشینو قەوارەیەکی هۆزایەتیدا لێکەوتۆتەوە.

سەرەڕای ئەوەی سروشتی جوگرافیای کوردستان، شوورەیەکی بەگری لەبەرامبەر داگیرکەراندا زامن کردبوو، لەهەمان کاتدا ئەو مەرجانەی پێوست بوون بۆ مانەوەی شار وەکو سەنگەری بەرگری لە رێگەی سروشتی شاخاویو ئاوی سازگارو باخو بێستانو لەوەڕگاو کەرەستەی دروستکردنی شار لە بەردو دار لە کوردستان فەراهم بووە[2]، وەکو بەدیاریش دەکەوێت چۆنیەتیو رەگەزەکانی پێکهێنانی شار لە کوردستان رێگەی خۆشکرد بۆ پەیدابوونی فەرمانڕەوایەتیە خۆجێیەکان، لە لایەکی دیکەشەوە شار لە کوردستان رەنگدانەوەی سیستمی میرنشینایەتی پێوە دیارە.

لەگەڵ ئەوەدا شارەکان بە قەڵاو شوورەی بەرگری دەورە درابوون، هەندێك جار داگیرکارانی کوردستان لە توانایاندابوو دەست بە سەر مەڵبەندی شارەکاندا بگرن، بەڵام دەرەوەی شارو ناوچە شاخاویە سەختەکان، بە بێ رەزامەندی خەڵکەکەیو گفتۆگۆ کردن لەگەڵ کورد ئەستەم بووە دەستی دوژمنی بگاتێ[3]، بۆیە دەبینین مەڵبەندی میرە کوردەکان زیاتر لە ناوچە سەختە شاخاویەکان هەڵکەوتبوو نەك دەشتەکان، تەیموور لەنگ زۆر بە مەترسیەوە باسی ئەستەمی هەرێمی (لوڕستانی گەورە)ی کردووە، کە لە دوای شەرێکی خوێناوی توانیویەتی دەستی بە سەردا بگرێت[4]، میری (لوڕستانی بچووك)یش لە بەر ئەستەمی ناوچەکەی رووی کردبووە

---

[1] - العمري: مسالك الأبصار في ممالك الامصار، تح/ احمد عبدالقادر الشاذلي، ابوظبي، ٢٠٠٣، السفر الثالث/ ص١٣٤

[2] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (فرهاد حاجي عبوش: المدينة الكردية من القرن ٤–٧ه/ ١٠–١٣م، دراسة حضارية، دار سبيريز للطباعة و النشر، دهوك، ٢٠٠٤، ص٣١-٤١).

[3] - لازاريف و اخرون: تأريخ كوردستان، ص٤٩

[4] - تەیموور لەنگ: بیرەوەریەکانی، ل١٦٥٠١٧٥

شاخەکانو لە پاش مردنی تەیموور لەنگ گەڕاوەتەوە سەر تـەختی میرایـەتی خۆی[1]. شالاوی ئاق قۆینلۆ لـە سـەردەمی ئـۆزۆن حەسـەن لـە دوای بـەرگری تـوانی دەسـت بـە سـەر هـەولێرو موسـڵ دابگرێـت، بـەڵام چـاوەڕوان نـەبوو، خاوەنی قەڵای هاودیان ئەو بەرگریە بکات[2].

ڕەنگە میرنشینی بابانو سۆرانو بادینـانو ئـەردەلان لـە مەڵبەنـدەکانی خۆیانەوە بەرگریان لە سـەروەری خۆیـان کردبـێ، بۆیـە دوای خاوبوونـەوەی شالاوی داگیرکاران، ناچاری سازش بوون لەگەڵ کورد.

سروشتی جـوگرافیی کوردسـتانیش کاریگـەری هـەبووە بـۆ ڕەخسـاندنی زەمینەی کولتووری جیـاواز[3]، ئـەم دیاردەیـەش وەکـو لەمپـەرێك وابـووە بـۆ دابڕانی ناوچـەکان لـە یەکتریـەوە، دواتـر وەکـو هۆکارێـك بـۆ دابـەش بـوونی ناوچـەکەی لێکەوتۆتـەوە، لـە ئاکـام یـەك قـەوارە بـۆ کـورد دروسـتنەبووەو دابەشبوونی ناوچەکەی لێکەوتۆتەوە بە سەر میرنشینە کوردیەکاندا.

**دووەم: سەربەخۆیی ئابووری**

بە هۆی بوونی ئاوو زەوی بە پیتو لەوەڕگاو باخو بێستانەکانەوە هەموو هەرێمـە جیاجیاکـانی کوردسـتان لـە ناوخۆیـداو لـە ڕێگـەی پیشەسـازی سەرەتاییو ئاڵوگۆڕی بازرگانیەوە، دەیانتوانی پێویستیەکانی خۆیان دابین بکـەن، سـەربەخۆیی ئـابووریش بنەمایـەکی گـرنگ بـووە بـۆ سـەربەخۆیی سیاسـیی. گەڕیـدەو مێژوونووسـانو توێـژەرەوان لـە باسـی شـارو هەرێمـە کوردەکانی ئەو سەردەمە هەمیشە لەگەڵ باسی قەڵاو شوورەی قـایم، باسـی سامانی کشتوکاڵیو باخو بێسـتانیان کـردووە، بـۆ نموونـە شـاری خـەڵات لـە سەردەمی ئیسـلامیدا بـە زۆری بیسـتانو فراوانـی سـامانو خێـرو بەرەکـەتی

---

[1]- البدلیسی: شرفنامە، ص١٦٠-١٦١

[2]- تارانی: کتیبی دیاربەکرییە، ب٢/ ل٥٢٦-٥٢٧

[3]- ڤاسیلیە: خواروی رۆژهەلات، ل٩٤

کشتوکاڵی ناسرابوو[١]. (یاقوت الحموی) لە ناساندنی زۆربەی شارە کوردییەکان باسی لە کشتوکاڵو باخو بێستان کردووە. بۆ نموونە شاری بدلیس، کە ئەوکات سەر بە ئەرمینا بووەو لە نزیك خەڵات باخو بێستانی زۆری هەبووە، قەیسی بەناوبانگ بووە[٢]، شاری (خۆی)، بە ئاراستەی رۆژئاوا، هەتا دەگاتە (خەڵات) پڕ لە داهاتەو میوەی زۆر بووە، چەندین جۆری بازرگانی تێدابووە[٣]، گوتراوە ژەنگار شارێکی گەورەیەو دارودرەختو میوەو بێستانو ئاوی زۆرە[٤]، (ورمێ)[٥] خاوەنی بەرهەمو داهاتێکی زۆرە[٦]، زۆربەی شارە کوردییەکان بایەخی کشتوکاڵو بێستانو داری بەری هەبووە[٧]. پاشان (الحموی) باسی بازرگانیو دوکانی بازرگانی نێوان نەسیبین (نصیبین)[٨]و موسڵ دەکات[٩]، لەگەڵ ئەوەدا ئەو شارانە لە هەردوو سەدەی

---

[١] - عبدالرحمن زبیر البابیري: مدینة خلاط (دراسة في تاریخها السیاسي و الحضاري)، سبیریز، دهوك، ٢٠٠٥، ص٢٠٧-٢٠٨

[٢] - معجم البلدان، ج١/ ص٣٥٨-٣٥٩

[٣] - مؤلف مجهول: حدود العالم من المشرق الى المغرب، تح/ یوسف الهادي، دار الثقافة للنشر، القاهرة، ١٩٩٩، ص١٢١؛ یاقوت الحموی: معجم البلدان، ج٢/ص٤٠٨

[٤] - ابن بطوطة: رحلة ابن بطوطة، (تحفة النظار في مصار و عجائب الاسفار)، مؤسسة الرسالة، بیروت، ١٤٠٤ھ، ج١/ص١٤٣

[٥] - ورمێ (أرمیە): قەڵاو شارەدێیەکە لە ئازەربایجان، ئێستا مەڵبەندی پارێزگایە، دوو فرسەخ (نزیکەی ١٢کم) لەو دەریاچەوە دوورە، کە بە هەمان ناوی ورمێوەیە. بڕوانە: (ابن حوقل: صورة الارض، دار المكتبة الحیاة، بیروت، ١٩٧٩، ص٣١٥ ؛ یاقوت الحموي: معجم البلدان، ج١/ ص٨٩، ٢١٠؛ حسام الدین علی غالب النقشبندي: اذربیجان، "٤٢٠-٦٥٦ھ/١٢٠٩-١٢٥٦م"، رسالة دكتوراء، كلیة الاداب، جامعة بغداد، بغداد، ١٩٨٤، ص٧٨-٧٩؛ كي لسترنج : بلدان الخلافة الشرقیة، ترجمة/بشیر فرنسیس، كوركیس عواد، بغداد، ١٩٥٤، ص٢٠٠).

[٦] - القزویني: اثار البلاد، ص٢٩٣.

[٧] – بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (فەرهاد حاجي عبوش: بعض الجوانبی الاقتصادیة و الاجتماعیة للمدینة الكردیة كما أوردها یاقوت الحموي، مجلة/ دهوك، ع٣٢، تشرین الاول ٢٠٠٦، ص٩٤-٩٥).

[٨] - نەسیبین (نصبین): دەکەوێتە ناوچەی جەزیرەی ئیبن عومەر، لە باکوری موسڵ هەڵکەوتووە، ئێستا سەر بە تورکیایە، لە هاوسنووری سوریا لە بەرامبەر قامیشلو. بڕوانە: (یاقوت الحموي: معجم البلدان، ج٥/ص٢٨٨ ؛ القلقشندي: صبح الاعشى، ج٤/ ص٣٢٥، ٣٣٠).

[٩] - معجم البلدان، ج١/ص٣٨٧

٨و ٩كۆچـی/ ١٤و ١٥ز زۆربـەیان لەهەنـدێك لـە قۆناغـەكانی سـەدەكانی ناوەڕاست لەرووی بەڕێوەبردنەوە بەدەست كوردەوە نەبووو بەهۆی شاڵاوە یەك لەدوای یەكەكانی داگیركەرانەوە پووكانەوە، ئەو رۆڵەی پێشوویانە نەمابوو، بەڵام هەمیشە لە دەرفەتی ئارامی ئۆقرەیی لە بووژانەوە نەوەستاون.

بۆیە لێرەدا گونجاوە ئەگەر بوترێت سەربەخۆیی ئابووری ناوچە كوردییەكان، سەرداره كوردییەكانی هانداوە، سەردانەنەوێنن. پێكهاتەی هۆزایەتیش لە كوردستان، لە پاڵ ئەوەدا خاوەن رایەڵەیەكی كۆمەڵایەتی بووە، جۆرێك لە پەیوەندیی ئابووری لە نێوان ئەندامانی هۆزەكەیدا دروستكردووەو بەوەش سنووری زەویە كشتوكاڵییەكانو لەوەڕگای جیای خۆیان هەبێت.

سەرەڕای بایەخدانی زۆر بە كشتوكاڵو سامانی ئاژەڵداری لە شارو ئاوەدانییەكانی هەرێمە كوردییەكان، كە پێی دەناسرانەوە، لە رووی كانیو سەرچاوە، كانزا، پیشەسازیو بازرگانی سەربەخۆیی ئابووری مسۆگەر كردبوو[١].

## سێیەم: پەرتبوونی كولتووری فەرمانڕەوایەتی لە هەرێمە كوردیەكان لە سەدەكانی پێشتر

كولتووری فەرمانڕەوایەتیی یەكگرتووانە، بۆ هەر نەتەوەو پێكهاتەیەك، زۆر پێویستە، بەڵام لە ژێر حوكمی هۆكارەكاندا، ئەم كولتوورە هەر لە كۆنەوە لە كوردستان دابەشبووە، بۆیە لە هەموو دەرفەتەكان، میرو سەرداره كوردەكان هێندەی سنووری دەسەڵاتی خۆیان مەبەست بووە، بە تەنگ یەكگرتوویی هەموو نەتەوەكەیانەوە نەبوون. هەروەكو (بەدلیسی) دەڵێت: "كوردەكان ئەگەر ئاكارێكی ناپەسندیان هەبێ، هەر ئەوەندەیە

[١] - بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: (خوشناو: الكورد و بلادهم، ص٢٢١-٢٤٠)

کەسیان سەر بۆ کەسیان دانانەوێنێت، گوێ بە یەکتر نادەن، هەر کەسە بیر لە سەربەرزی خۆی دەکاتەوە، بە تێکڕایی بیر لە سەر بڵندی هەمووان ناکەنەوەو پشتی یەکتر ناگرن..."[1]، لە بەرامبەردا دەبینین نەتەوەکانی دەوروبەر کەمتر لەو سەردەمە دابەشبوون بە سەر میرایەتیو قەوارەی بچووکدا.

فەرمانڕەوایەتیی ناوچەیی پێشینەیەکی کولتووری مێژوویی لە سەدەکانی ناوەڕاست دا هەبووە. لۆنگریك لە بارەی کوردستانی باشوور[2] ی سەرەتای سەدەی ١٠ك/١٦زدا، کە درێژکراوەی هەردوو سەدەی پێش خۆیەتی، دەڵێت: "...پاشماوەی ئەو قەڵایانەی لە سەر گردەکان دروستکراونو ناوەکانیان، یادگاری رۆژگارێکە، گوزارشت لە گیانی خۆپەسندی دەکات لە کوردستان لە سەدەکانی ناوەڕاست، ئێستاش وەکو خۆی ماوەو نەگۆڕاوە..."[3]، کە مەبەستی سەدەکانی پێش سەدەی ١٠ك/١٦زیە.

لەلایەکی دیکەوە ناکۆکیو پێکدادانی بەردەوامی ناوخۆ لە نێوان میرە کوردەکان پێش سەدەی ١٠ك/١٦ز، هەروەها لە رووی سیاسییەوە دەرفەتی نەهێشتەوە بۆ بە دەستهێنانی یەکیەتیو یەکگرتن[4]، ئەم کولتووری میرنشینایەتیە لە کوردستان لە پێش هەردوو سەدەی ٨و٩ك/١٤و١٥ز کاریگەری هەبووە لە سەر دابەشبوونی زمانی کوردی بە سەر دیالەکتێکەکان، بۆیە دەبینین سنووری زۆربەی میرنشینەکانی کورد

---

[1] - شرفنامە، ص١٠٠

[2] لێرەدا زاراوەی کوردستانی باشوور یان باکورو رۆژهەڵات زیاتر مانایەکی جوگرافی دەبەخشێت، بۆیەش ئەوەمان بەکارهێناوە، چونکە زاراوەیەکی دیکەی باومان نیە، کە هەرێمەکانی بابانو سۆرانو بادینانی پێ لە بەشەکانی دیکە جیا بکرێتەوە.

[3] - اربعة قرون من تأريخ العراق الحديث، ترجمة/ جعفر الخياط، ط٦، بغداد، ١٩٨٥، ص١٩

[4] - حسين ناظم بيك: الامارة البابانية، ترجمة/شكر مصطفى و محمد ملا عبدالكريم، مؤسسة الموكرياني للطباعة و النشر، هەولیر، ٢٠٠١، ص١٨

دیالەکتێکی تایبەت بە ناوچەکەی خۆیان هەیە[1]، بۆیە وا بە دەردەکەوێت جیاوازیی دیالەکتیکەکانی زمانی کوردی رەنگدانەوەی بەر ئەنجامی ئەو پەرتبوونە سیاسییە بێت، لە هەردوو سەدەی کۆتایی چاخەکانی ناوەڕاست باڵی بە سەر ئەو ناوچەیەدا کێشاوە[2].

**چوارەم: رژێمی هۆزایەتی و رۆڵی لەبەرامبەر شاڵاوە دەرەکیەکاندا.**

گردبوونەوەی کورد لە دەوری سەردارو پیاوە ئازاکانی خۆی، دەگەڕێتەوە بۆ وڵامدانەوەی ئەو مەترسیو شاڵاوانەی لەلایەن دەسەڵاتی بێگانەوە کراونەتە سەر کوردستان، هەتا لە بارەی هۆزە کوردەکانەوە هاتووە، کە "...کۆمەڵە خەڵکانێکن پێکەوە خڕبوونەتەوە هەتا ئەندامانی خۆیان لە دەستدرێژی خەڵکانی دی بپارێزن"[3].

سەرەتای دامەزراندنی میرنشینی موکری لە کۆتایی سەدەی ٩ك/١٥ز وەك بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی هۆزە تورکمانەکانی ئاق قۆینلۆوە دەستی پێکرد[4]. سەرەتای دامەزراندنی ئەمارەتی سۆران لە گردبوونەوەی خەڵکی ناوچەکە لە دەوری دامەزرێنەر دەستی پێکرد بە مەبەستی پاکردنەوەی هەرێمەکەیان لە داگیرکاران[5]، بەڵام هەریەك لەوانە بە شێوازی جیا بەرەنگاری داگیرکەران بۆتەوەو هەرێمەکەی خۆیان پاراستووە، ئەمەش بۆتە بنەڕەتو سەرەتای پێویست بوونی دامەزراندنی ئەو قەوارەیە.

---

[1] - بۆ زیاتر زانیاری لە سەر کاریگەریو پەیوەندی نێوان میرنشینەکانو دابەشبوونی لە هجەکانی زمانی کوردی، بڕوانە: (فؤاد حمة خورشيد: اللغة الكردية والتوزيع الجغرافي للهجاتها، مطبعة وسام، بغداد، ١٩٨٣، ص٢٨-٢٩، ٣٤-٣٥).

[2] - ئیدمۆنس: کورد، تورك، عەرەب، وەرگێڕانی/ حامید گەوهەری، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٢٦، ٢٩-٣٠

[3] - کوردو کوردستان لە ئینسکلۆپیدیای تورکیدا، ل١١٨

[4] - بڕوانە: (البدلسی: شرفنامە، ص٤٨٥)

[5] - المصدر نفسه، ص٤٥٣

مینورسـکی پێـی وایـە، دەسـەڵاتی سیاسـیی کـورد لـە سـەدەکانی ناوەڕاستدا، بە کـردەوە هـی سـەرۆك هـۆزو دەرەبەگـەکان بـووە[1]، ئـەوەش بووە بە بنەمایەك بۆ دروسـتبوونی میرنشـینە کوردییـەکانی ئـەو سـەردەمە، ڤاسیلیەڤاش گوتوویەتی، کە "مەبدەئی یەکیەتی خێڵ، وەکو دەردەکـەوێ هەر لە سەرەتاوە بریتی بووە لـە نـاوەرۆکێکی قـایم، بنەماڵەیـەك یـان چـەند بنەماڵەیەك، کە بە هۆی جیابوونـەوەی خێڵـەکانی تـر دەیـانتوانی لـە دەوری کۆببنەوە..."[2]. بەدلیسی بەشێك لە دەسـەڵاتی فـەرمانڕەواکانی کوردسـتانی گەڕاندۆتـەوە بـۆ گـەورەیی هـۆزو بنەماڵـەکانیان، کاتێـك دەڵێـت: "دەسەڵاتدارانی کوردستان ئەوانەی هۆزەکـەیان گـەورەو نـاودارن، بـە نـاوی هۆزەکانیانـەوە دەناسـرێن، وەکـو هـۆزی هـەکاریو سـۆرانو بابـانو ئەردەڵان..."[3]، کە دیارە هەریەك لەو هۆزانەی ناوی بـردوون دوایـی بوونەتـە بنەڕەتێك بۆ دامەزراندنی فەرمانڕەوایەتی بە دەسەڵات لە کوردستان.

هۆزی کوردی بۆ بنیاتنـانی رایەڵـەی کۆمەڵایـەتیو سیاسـیی لـە شـوێنی خۆیـدا رۆڵـی بنـەڕەتی گێڕاوەو بۆتـە هێڵـی یەکـەمی بـەرگری لـە بەرامبـەر لێکترازانو نوشستی لە کۆمـەڵگای کـوردی، بنـەڕەتی دامەزرانـدنی زۆربـەی میرنشینە کوردییەکان بوون، پشتگیری هۆزی گۆران بـۆ بابـا ئـەردەڵان یـان هۆزی بـۆتی (بـوختی = بۆتـان)و بنەماڵـەی هـەکاری بـۆ هـەردوو میرنشـینی بۆتانو هەکاری، وەك هۆکاری سەرەکی لە دامەزرانـدنی ئـەو میرنشـینانەدا[4]، دوو نموونەی گرنگی سەلمێنەری ئەو راستیەن. ئـەو تێڕوانینـەش تاڕادەیـەك جێی بە هێند وەرگرتنە، کە وتویەتی میرنشینە کوردیەکان بۆیە نەیانتوانیوە

---

[1] - الاكراد (ملاحظات و انطباعات)، ترجمة/معروف خزندار، مطبعة النجوم، بغداد، ١٩٦٨، ص٦٠

[2] - خوارووی کوردستان، ل١٧٩

[3] - شرفنامە، ص١٠١

[4] - لازاريف و اخرون: تأريخ كوردستان، ص٥٠

ببنە دەوڵەت چونکە لە مانای دەوڵەت حاڵی نەبوون[1]، سروشتی هۆزایەتی لە ناو کورد بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاستو دواتر حاڵی نەبوونی ئەو میرانەیە لە مانای یەکبوونو دەوڵەتداری، بۆیە دەبنە بەشێك لەو هۆکارانەی بوونە هۆی دووبارە سەرهەڵدانەوەو درێژەدان بە پرۆسەی میرنشینایەتی لەو سەدەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەیە وەکو لایەنێکی باش سەیری کردووەو ئاماژە دەکات بەوە بەدرێژایی دەسەڵاتی دەگیرکەران لە سەردەمی مەغۆلەوە، میرە کوردەکان تاڕادەیەك سەربەخۆیی وڵاتی خۆیان پاراستووە[2]، گەرچی لەو سەدەمەدا کورد خاوەنی دەوڵەت نەبووە، بەڵام وەکو توێژەر ئاماژەی پێداوە، دەوڵەت لەو سەردەمە بریتی بووە لە بنەماڵە فەرمانڕەواکانی کورد، کە بە ڕێگەی دەمارگیریەوە، یەکیان گرتبوو[3]، ئەم جۆرە پاڵنەرەش بەسەر میرنشینە کوردیەکانەوە باڵادەست بووە[4].

### پێنجەم: قەڵاو شوورەی بەرگری

مێژوونووسێك لە بارەی پەیوەندی نێوان میرو سەردارە کوردیەکانو قەڵاکان وای بەدیارخستووە، کە لە مێژووی کوردا پادشای گەورە بەوە دەناسرێتەوە شاری گەورەو قەڵاو تەلاری بەرز دادەمەزرێنێت[5]، بۆیە قەڵاو شوورەی قایم لە مێژووی کورد بایەخی تایبەتی هەبووە، بە هۆی قەڵا سەختەکانو شوورە قایمەکانەوە بووە دەسەڵاتداریە خۆجێیەکان

---

[1] - کەمال بورقای: کوردو کوردستان لە سەردەمی باستانەوە هەتا جەنگی جیهانی یەکەم، وەرگێڕانی/ عەلی فەتحی، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢٠٣

[2] - عەلی ئەصغەری شەمیمی هەمەدانی: جوگرافیای کوردستانی ئێران، وەرگێڕانی/ عبدالرحمن حمدامین زەبیحی، کوڕی زانیاری عێراق ، بەغدا، ١٩٨٠، ل٣٠-٣١

[3] - حيدر لشكري خضر: الكرد في المعرفة التأريخية، دراسة تحليلية – نقدية، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، أربيل، ٢٠٠٤، ص١٧٧

[4] - المصدر نفسه، ص١٧٨

[5] -ابن خلدون: مقدمة ابن خلدون، ط٣، مؤسسة الكتاب الثقافية، بيروت، د.ت، ج٢/ ص٧-٨

سەرکردەکانی داگیرکەری کوردستانیان ناچارکردووە دان بەدەسەڵاتیاندا بنێن، لە راستیدا زۆربەی شارەکانی کوردستان بە مەبەستی سیاسییو سەربازی دروستکراون. فەرمانڕەواکانیش بە خاوەنی قەڵا شوورەو قوللە (البرج)ی بەرگری ناسراون[١]، ئەگەر سەرنجیش بدرێتە ئەو شارانەی تەمەنیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست لە دەرووبەریاندا شوێنەواریان بەرچاو دەکەوێت، لەبەر ئەوەش، کە ئەو قەڵاو شوورانە زامنی دابینکردنی ئاسایش بوون، وەکو کەرەستەیەکی بەرگری سەربازی سەیرکراون[٢].

ئەولیای چەلەبی لە سەرەتای نیوەی یەکەمی سەدەی ١١ك/١٧ز، کە لە باسی هەرێمی دیاربەکرو باکووری کوردستان ناوچەکەی لە سەر بنەڕەتی قەڵاو شوورە دابەشکردووە، وێنەیەکی بەرچاوی داوە لە سەر ژمارەو بایەخی قەڵاو قایمکاری لە کوردستاندا، کە ئەوکات ژمارەیان گەیشتۆتە (٧٧٠) قەڵا[٣]، کە زۆربەیان پاشماوەی سەدەکانی ناوەڕاستبوون، لە هێرشەکەی (عمادالدین زنكی ٥٢١–٥٤١ك/١١٢٧–١١٥٧ز) ئەتابیکی موسلیشدا[٤] بۆ سەر ئامێدیو هەرێمی هەکاری لە ساڵی٥٣٧ك/١١٤٣ز، بۆ سەر شارەزوور لە ساڵی (٥٣٤ك/١١٣٩ز)، باسی گرتنی قەڵاو سەنگەرە سەختەکان کراوە[٥]. هەندێك لەوانە تەمەنیان دەگەڕێتەوە بۆ پێش هاتنی ئیسلام.

زۆربەی شارو ئاوەدانییەکانی کوردستان پەیوەستکراون بە قەڵای سەخت یان ناوچەی شاخاوی شوورەدار، لە باسی ئامێدیدا دەڵێت:

---

[١] - بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: (فەرهاد حاجي عبوش: المدينة الكردية، ص٤٦- ٨٣).

[٢] - المصدر نفسه، ص٤٧-٤٨

[٣] - أولياء جلبي: رحلة اولياء جلبي في كوردستان، ترجمة/رشيد فندي، دهوك، ٢٠٠٨، ص١٧-٢٨

[٤] – عیمادەدین زەنکی ئەتابێکی موسلی دامەزراندووەو بەرمانڕەوای موسڵو وڵاتی شام بووە. بڕوانە: (ابن كثير: البداية و النهاية، ج١٢/ ص١٩٠-١٩٢ ؛ مصطفى طه البدر: محنة الاسلام الكبرى أو زوال الخلافة العباسية على ايدي المغول، الهيئة العربية العامة للكتاب، د.م، ١٩٩٩، ص٦٣).

[٥] - کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا، ل٥٨

"...قەڵایـەکی شـوورە دراوە"[1]. مێژوونووسـێك لـە باسـی شـاری (ئامـەد)دا دەڵێت: "...شارێکی سەختەو بە بەردی رەش شوورەی بۆ کراوە..."[2].

مەڵبەنـدی هـەموو ئـەو میرنشـیانەی لـەو سـەردەمە ناوبانگیـان پەیـدا کـردووە، لـە سـەر پاشمـاوەی ئـەو قـەڵاو شـورانە دروسـت کـراون، کـە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی پێشووتر. بۆ نموونە سۆران، بـووە میراتگـری قەڵایـەکانی میرەکـانی (زەرزاری)[3] لـە (هاودیـان)و (هـەریر)، میرنشینی ئەردەڵان لە سەر پاشماوەی سەنگەرەکانی شارەزوورو میرنشـینی بادینـانیش لـە سـەر شـوێنەواری قـەڵاو شـوورەی سـەختی ئامێـدی ناوچـەی بادینان دامەزراوە[4].

هەتا قەڵا بۆتە هێمای ناولێنانو نـاودەرکردنی بـۆ شـارو ئاوەدانیـەکانی کوردستانو میرو سەردارەکانی کورد، ئەو میرانـەی، کـە قـەڵای سـەخت یـان شاریان لە بەردەست دایە، بە ناوی ئەو قەڵایە یان ئـەو شـارەوە نـاودەبرێن، وەکو فەرمانڕەوایانی حصن کێفاو بەدلیسو جەزیرەی ئیبن عومەر (بۆتـان)و ئەگیل[5]. لە کاتی شاڵاوەکانی تەیموور لەنگ یان ئـەوانی دواتـر، لـە پارسـتنو مانەوەی ئەو میر نشینە رۆڵی بنەڕەتی بینیوە، بۆیە کوردستان پـڕ بـووە لـە قەڵاو شارۆچـکەی شـوورەدار، کـە ئەمـەش یـەکێك بـووە لـە پیویسـتیەکانی

---

[1]- یاقوت الحموی: معجم البلدان، ج٤/ ص٤٩

[2]- العمري: مسالك الأبصار في ممالك الامصار، تح/ عبدالله بن يحى السريحي، هيئة ابو ظبي للطباعة النشر، ابوظبي، ٢٠٠٦، السفر الثاني/ ص٤٩

[3]- زەرزاری: لـە پـاڵ هـۆزی گـەورەی هـەزبانی تایەفەیـەك بـوون لـە سـەدەکانی ناوەڕاسـت، لـە قەڵایەکانی برازگرد (بلاذکر)، سیدەکان هەتا دەگاتە شنۆ، دەسەڵاتیان هەبووە، چـەندین زانـاو شـارەزایان تێـدا هەڵکـەوتووەو دوای شـاڵاوەکانی مـەغۆل پیـاوانی ئـەو هـۆزە لـە پـاڵ دەوڵـەتی مەملوکی رۆڵی بەرچاویان هـەبووە. (القلقشـندي: صـبح الأعشـى، ص٣٧٦؛ زرار صـديق: القبائـل والزعامات، ص١٠١).

[4]- بڕوانە: (بەشەکانی دووەمو سێیەم، چوارەم)

[5]- البدليسی: شرفنامه، ص١٠١

فەرمانڕەوایەتیی سەربەخۆ[1]. قەڵای (وان) لە بەرامبەر لەشکرکێشی تەیموور لەنگو ئامێدی بەرامبەر شالاوی ئاق قۆینلۆو[2].

سەرەڕای ئەوەی قەڵاو شووورەی بەرگری بایەخێکی سەربازیو گوزارشتی سەربەخۆیی هەبووە، بۆ خاوەنەکانیان، نیشانەی پێشکەوتنی شارستانیو ئاوەدانی بووە[3].

**شەشەم: سوودوەرگرتن لە سەردەمە لاوازەکانی دووژمنان**

ماوەی نێوان شالاوی مەغۆل تا شالاوەکانی سەفەویو عوسمانی لە رووی هەڵکشانو دابەزینی دەسەڵاتی داگیرکەرانو جیاوازی لە شالاوەکاندا، یەکێکە لە خەسڵەتەکانی مێژووی سیاسیی ئەو سەردەمە، بۆیە هیچ یەکێك لە لەشکرکێشی داگیرکەران لەو ماوەیەدا بۆ ماوەی نیو سەدە بە بەهێزی لە کوردستاندا نەماوەتەوە، بەڵکو بەرەو لاوازی چووەو دواتر شالاوێکی دیکە جێی گرتۆتەوە. کورد لەو دەرفەتە سوودی وەرگرتووە، سەرۆك هۆزە بە تواناکان لە دوای ئەوەی هەستیان بە لاوازی دەسەڵاتی ناوەند دەکردو دەسەڵاتی نیمچە سەربەخۆییان بۆ خۆیان مسۆگەر دەکرد[4]. یەکەم هەنگاو، کە زانیاری لە سەر دەست کەوتبێت، کورد سوودی لێ وەرگرتبێت بۆ بانگەشەی سەربەخۆیی لە کۆتایی سەدەی ٧ك/١٣ز دەستی پێکردووە، کە لە ساڵی (٦٩١ك/١٢٩١ز) هۆزی لوڕ[5] لە دەسەڵاتی مەغۆل هەڵگەڕانەوەو

---

[1] - زرار سدیق تۆفیق: چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی، ل٩

[2] - البدلسي: شرفنامه، ص٢٣٤

[3] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: (خوشناو: الكورد و بلادهم، ص٢٠٣-٢١٢)

[4] - أسكندر: قيام النظام الاماراتي، ص٤٥-٤٧

[5] - هۆزی لوڕ: وەکو هۆزە بەوە ناسراون، کە کۆمەڵەیەکن لە کوردان، لە چیاکانی نێوان ئەسفەهانو خوزستان لەو شوێنەی پێی دەوترێت وڵاتی لوڕ یان لوڕستان دەژین. بڕوانە: (یاقوت الحموی: معجم البلدان، ج٥/ ص١٦).

هەتا شاری (ئەسفەهان)[1]نیان رزگارکرد[2]، بەهەمان شێوە لە ساڵی (٦٩٧–٧١٠ك/١٢٩٧–١٣١٠ز)ش بە هۆی هۆکاری ئایینیو خراپی بارودۆخی ئابووری دانیشتوانی هەولێر بۆ ماوەی سێ ساڵ دژی دەسەڵاتی مەغۆل شۆڕشیان کرد[3].

لەگەڵ سەرەتای سەدەی ٨ك/١٤ز دەوڵەتی مەغۆلی بە گشتی بەرەو لاوازی چوو، کەمێك ئارامیو ئاسایش لە کوردستان پەیدا بوو، لەوێوە سەرۆك هۆزو خاوەن قەڵاو قەوارەی سیاسیی لە کوردستان پەیدا بوونەوە، ئەمەش سەرەتایەك بوو بۆ دامەزراندنی میرنشینەکانی سەردەمی جەلائیری[4]، نموونەیەکی دیکە لە سوودوەرگرتنی میرەکانی کورد لە لاوازی داگیرکارانی کوردستان، بەهۆی ناکۆکی ناو بنەماڵەی پادشایانی ئاق قۆینلۆ بووە لە دوای مردنی ئۆزۆن حەسەن لە ساڵی (٨٨٢ك/١٤٧٨ز)[5]، کە هەندێك لە میرە کوردەکان لەوە دەرفەتیان وەرگرتو سەربەخۆیان راگەیاند، کە میرنشینی موکریان یەکێکە لەو نموونانە[6]

ئیدارەی دەسەڵاتی ئیلیخانی (٦٥٦–٧٣٦ك/١٢٥٨–١٣٣٥ز) جۆرێك لە لامەرکەزیەتی پێوە دیار بووە، زیاتریش مەبەست لێی سەلامەتی کۆکردنەوەی باجو پشتگیری بووە لە پاراستی دەسەڵاتی خۆیان لە کاتی

---

[1] - ئەسفەهان: یەکێك بووە لە شارە گەورەکانی عێراقی عەجەم، یان هەرێمی چیا، شارێکی دڵگیر بووە، ئێستا شارێکە کەوتۆتە نێوان شاری شیرازو شاری تاران. بڕوانە: (المقدسي: أحسن التقاسیم، ص٢٦٠؛ ابن بطوطة: رحلة، ج١/ ص٢٢٠).

[2] - پیگۆلوسکایا و دیگران: تاریخ ایران از دوران باستان، ص٣٨١

[3] - ئەو بەرەنگاربوونەوەیە، بە شۆڕشی (قیاجی) ناسراوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (علی عادل حسین: اربیل في الفترة "٦٣٠-٨٧٤هـ /١٢٣٣-١٤٦٩م"، رسالة دكتوراء، كلیة الاداب، قسم التاریخ، جامعة صلاح الدین، أربیل، ٢٠٠٦، ص١٢٢-١٢٧).

[4] - زرار صدیق : كردستان في القرن الثامن الهجري، ص٦٥

[5] - نظمي زادة: گلشن خلفاء، ص١٧٨-١٧٩

[6] -بڕوانە: (بەشی شەشەم، باسی چوارەم)

مەترسیدا[١]، بەڵام پێ ناچێت ئەو حاڵەتە بە ئارەزوومەندی سوڵتانەکانی دەوڵەتی ئێلیخانی بووبێت، چونکە لە مێژووی ئێراندا هاتووە، کە دەرەبەگو چادرنشینەکان کاتێك لاوازی دەوڵەتی ئێلیخانیان بۆ دەرکەوت، لە کۆتایی دەسەڵاتی ئێلیخانی یاخی بوون، ناکۆکیو هەڵگەڕانەوەی میر (چۆپان)و دواتر (تەیمورتاش)ی کوڕی کاریگەری بە سەر وڵاتی ئێرانو ئەنادۆڵ بەجێهێشت[٢]و هەرێمە کوردییەکانیش بەشێك بوون لە سنووری جوگراف وڵاتی ئێرانو ئەنادۆڵ، مەرجیش نەبووە هەموو جارێك بە تەنیا لاوازی کاردانەوەی دەوڵەتە داگیرکەرەکان بووبێتە هۆی دروستبوونی دەسەڵاتی خۆجێیی، بەڵکو هەڵوێستی توندی داگیرکەرانیش کاریگەری هەبووە، بۆ نموونە دەسەڵاتی ئێلیخانی ئەگەرچی دواتر تووشی لاوازی بووبێت ئەوە لە سەرەتاوە توند بووە لە کۆکردنەوەی باجو رەچاوی بارودۆخی کشتوکاڵی نەکردووە[٣].

هەندێك جاریش، لە لایەن میرنشینەکان نیشاندانی ملکەچی لە لایەن میرە کوردەکان وای کردووە، لە بەرژەوەندیی هەردوولا دابێت، درێژە بە بوونی خۆیان بدەنو بە ناوی داگیرکەرانەوە لە شوێنی خۆیان حوکم بکەن، هەروەکو لە کاتی شاڵاوی تەیموور لەنگ بۆ کوردستان فەرمانڕەوایی حصن کێفاو میری بەدلیس ملکەچی خۆیان بۆ تەیموور لەنگ نیشان دا[٤]. ئەگەرچی بەوە شرۆڤە کراوە، کە هەر کاتێك داگیرکەرانی کوردستان دەستدرێژیان بۆ سەر کورد کردبێت، دوا جار بە ناچاری بە خاوەنی پێشووی خۆیان سپاردۆتەوە[٥].

---

[١]- جعفر حسين خصباك: العراق في عهد المغول و الايلخانين، ص٨٠

[٢]- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (پیگۆلوسکایا و دیگران: تاریخ ایران از دوران باستان، ص٣٧٦-٣٨٠).

[٣]- پیگۆلوسکایا و دیگران: تاریخ ایران از دوران باستان،، ص٣٦٩-٣٧١

[٤]- شامی: ظفرنامة، ص١٤٦، ١٥٢

[٥]- البدلیسی: شرفنامه، ص١٠٢

خاڵێکی گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ماوەی دەسەڵاتی ناوەندی داگیرکەرانی کوردستان زۆر کەم بووە، بۆیە دەمارگیریی بۆ میرنشینە کوردیەکان بەند بووە بە نەمانی لاوازی ئەو دەمارگیریە بۆ دەسەڵاتی ناوەند[١].

**حەوتەم: دیبلۆماسیەتی هەندێك لە میرە کوردەکان**

سەرەتای دامەزراندن یان دانووسان لەگەڵ داگیرکاران لە پێناو مانەوەی قەڵاو سنووری فەرمانڕەوایەتی رێگەیەکی تر بووە، هەندێك لە میرە کوردەکان پەنایان بۆ بردووە، هەر بۆ نموونە میر عێزەدین شێری بوهتی[٢]، لە ئەو کاتەی بۆی دەرکەوت، ناتوانیت بەرگری سوپای تەیموور لەنگ بکاتو شاڵاوەکانی ئەو هێزە بوەستێنێ، لە ساڵی (٧٩٦ك/١٣٩٤ز) ناچار بە دەستو دیاریەوە چووە پێشوازیو گوێڕایەڵی خۆی بۆ راگەیاند[٣]، لە ساڵی (٨٢٤ك/١٤٢١ز) کوردەکانی موش[٤]و خەلاتو دەروبەری کۆبوونەوەو چوونە سەردانی شارۆخی کوڕی تەیمورخ لەنگ[٥]، ئەویش دانی نا بە فەرمانڕەوایەتی ئەوان[٦].

---

[١] - حيدر لشكري: الكرد في المعرفة التأريخية، ص١٧٩

[٢] - بوهتی یان بوختی: بە کوردانی بوختی یان هۆزەکانی بوختی لە سەدەکانی ناوەڕاست ناویان هاتووەو ناوچەی جەزیرە مەڵبەندی ئەوانە. بڕوانە: (یاقوت الحموی: معجم البلدان، ج١/ ص٥١، ج٢/ ص١٢٤؛ البدلیسی: شرفنامه، ص٢٦٩).

[٣] - الیزدی: ظفرنامة، ج١/ ص٤٨٦

[٤] - موش: شارۆچکەیەك بووە لەنزیك خەلات لە ئەرمینیا. بڕوانە: (ياقوت الحموي: معجم البلدان، ج٥، ص٢٢٣).

[٥] - شاروخی کوڕی تەیموور لە دوای باوکی لە ساڵانی (٨٠٧-٨٥٠ك/١٤٠٥-١٤٤٦ز) حوکمی کردووە، دەوڵەتی تەیمووری لە سەردەمی ئەو بە تەواوی لاواز بووە، بڕوانە: (حسن پیر نیا: تاریخ ایران، ص٦٤٠).

[٦] - حسن روملو: احسن التواریخ، به أهتمام عبدالمحسن نوائي، تهران، ١٣٤٩)، ج١١/ بسعي و تصحیح چالس نارمن، انتشارات کتابخانة شمس، تهران، ١٣٤٢ه.ش، ص١٢٣-١٢٦

هەنـدێك لـە مێژوونووسـان دروسـتبوونی میرنشـینی ئـەردەلانیان بـە بەرهەمی پەیوەندیی نێوان دامەزرێنەرییو سـەرکردەکانی مـەغۆل زانیـووە[1]، لەگەڵ ئەوەدا هاوسەردەمی هۆلاکۆو سەرکردە لە پێشینەکانی مەغۆل لەگەڵ بابـا ئـەردەلان بـە دروسـت نابینرێـت، بـەڵام نموونەیـەکی دیبلۆماسـیەتی سەرکەوتووی لێ وەردەگیرێت لەگەڵ سەرکردەکانی داگیرکەراندا.

سوود وەرگرتن لە دەوڵەتی مەمالیك لە میسرو شام لـە لایـەن میرەکـانی کورد، هەوڵێکی دیکەی ئەوانە بووە لە پێناو مانـەوەدا، کـە بـە درێـژایی ئـەو هەردوو سەدەی ٨و ٩ك/١٤و١٥ز لە دوو رێگـەوە بـۆ دوو مەبەسـت بـەردەوام بووە، ئەویش یەکەمیان بۆ پاراستنی خۆیان کۆچیان کردووە بۆ وڵاتی شـامو لەوێ بەشداری سوپای مەمالیکیان کـردووە[2]، دووەمیـان لـەوێوە بـەرەنگاری داگیرکـارانی کوردسـتان بوونەتـەوە، هەنـدێك لـە میرەکـان لـە سـەر قـەڵاو مەڵبەندی فەرمانڕەوایەتیی خۆیانەوە پەیوەندییان بە دەوڵـەتی مەمالیکـەوە کردووە[3]، ئەو هەنگاوە ئەگەر بۆ هەندێك لـە میرنشـینەکان بووبێتـە هۆکـاری مانەوە، ئەوە دەشێت زەمینـەی خـۆش کردبێـت بـۆ دامەزرانـدنی میرنشـینی تـازە، ناگونجێـت مانـەوەو بـەردەوامی هەنـدێکیان شـوێنەواری لـە سـەر دامەزراندنی ئەوانی دیکە بەجێنەهێشتبێت.

---

[1] - بۆ ئەو مەبەستە بڕوانە: (خسرو بن محمد منوچهر ارلان: لب تواريخ "تاريخ اردلان"، انتشارات كـانون خـانوادگی اردلان، تهـران، ١٣٥٦هـ.ش، ص٤؛ أمـين زكـي: تـأريخ الـدول والإمـارات، ص٢٧٦ ؛ حوسین حوزنی: سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی،، دەزگای چاپو بڵاوکردنـەوەی ئـاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، بـ١/ ل٣٧٩؛ لونكريك: أربعة قرون، ص١٨)

[2] - ابن العبري: تأريخ مختصر، دار الكتب العلميه، بيروت، ١٩٩٧، ص٢٤٢-٢٥٧

[3]- Minorsky : The Encyclopaedia Of Islam "new Edition, prepared by a number of leading orientalists, Volume V, (N.P, 1986), p.460

## بەشی دووەم
# دامەزراندنی میرنشینی ئەردەلان

**باسی یەکەم: چەمکی ( ئەردەلان ) لە رووی زاراوەو ریشەی مێژووییەوە**

**باسی دووەم: مەڵبەندو سنووری میرنشینەکە**

**باسی سێیەم: دامەزرێنەری میرنشینی ئەردەلانو سەرەتای دامەزراندنی**

## باسی یەکەم:

## چەمکی ( ئەردەلان ) لە ڕووی زاراوەو ریشەی مێژووییەوە

مەبەست لە ناوی (ئەردەلان) لێرەدا ناوی ئەو میرنشینەیە، کە وەکو ناوێکی کوردی بەکاردێت. سەبارەت بە ریشەی پەیدابوونی وشەکە، لە دوو بۆچوون کورت دەبێتەوە: یەکەمیان، کە لە ناوی دامەزرێنەکەیەوە (بابا ئەردەلان) وەرگیرابێت، چونکە لە سەرچاوە مێژووییەکاندا هیچ ئاماژەیەك دەست نەکەوتووە، کە ئەو ناوە پێش دامەزراندنی میرنشینی ئەردەلان، هۆز یان شار یان قەڵا یان دەڤەرێك بەو ناوەوە هەبووبێت[١]. (بەدلیسی)یش وەکو سەرچاوەی بنەڕەتی بۆ سەرەتاکانی ئەو میرنشینە، هیچ شتێکی لەو بارەیەوە باس نەکردووە[٢]، بەڵام شرۆڤەکاری بۆ ئەو ناوە هەندی دەروازە دەکاتەوە.

لە پێش هاتنی دامەزرێنەرو دامەزراندنی ئەو میرنشینە ئەو ناوە بەرچاو ناکەوێت، کەواتە پەیوەندیی راستەوخۆیان بەیەکەوە هەیە. لەو بارەیەوە هەیە پێی وایە، لە (ئەردەڵ)ەوە هاتبێ، گوایە ناوی (فەیرۆز) بووەو هۆلاکۆ کردوویەتییە ئەردەڵی تایبەتی خۆی وەکو بیرمەندێکی بە تەگبیر بە بابا ئەردەلان ناوی بردووە[٣]، کە لێرەدا (ئەردەل) بە واتای هاوەڵو یاوەر دێت، ئەردەلان کۆ (جمع)ی ئەردەلە[٤]. ئەو بۆچوونەی حوزنی بەهەڵە دەزانرێت، کە پێی وایە، ئەردەلان واتای (بابی گەورە)، دەگەیەنێت، کە (یەشموتی کوڕی

---

[١]- محەمەد جەمیل رۆژبەیانی: وڵاتەکەت باشتر بناسە، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٨.

[٢]- شەرفنامە، ص٢١١، رۆژبەیانیش پێی وایە شەرەفخان یەکەم کەسە ناوی ئەردەڵانی بردبێ. (وڵاتەکەت باشتر بناسە، ل١٨).

[٣]- جلال الدین شافیعی: تاریخی جوگرافیای باکوری کوردستان، چ١ انتشارات ن و القلم، (تاران، ١٣٧٨ه، ش) هەتاوی، ص٧٤٦

[٤]- شافیعی: تاریخی جوگرافیای، ل٧٤٥؛ محمد مردوخ کوردستانی: تاریخ مردوخ، نشر کارنگ، تهران، ١٣٧٩ه، ش، ص٣١٢

**هۆلاکۆ)[١] ئەو نازناوەی داوەتە بابا ئەردەلان[٢]. بەو پێیە دەبێت وشەیەکی مەغۆلی بێت، نەك کوردی، ئەمەش بەپێی بۆچوونێکی دیکە، دروستکراوی مێژوونووسانی دواییە[٣]، هەیشە پێی وایە: "... لە زمانی تورکیدا بە ئاشەوان دەڵێن ئەردەلان"[٤]، بەڵام ئەمە راست نییەو دەبێت بەدوای بۆچوونو شرۆڤەی دروست دا بگەڕێین، چونکە ئەو بۆچوونانە زانستی نینو سەرچاوە بنەڕەتییەکانی سەردەمی مەغۆل ناوی ئەردەلانیان نەبردووە.**

**ئەوەی لێرەدا جێی ئاماژەیە دەکرێت ئەو وشەیە کوردی نەبێت، بەڵام ئەو سنوورەی ئەو میرنشینەی تێدا دامەزراوە، سنووری هۆزی گۆران بووە، ئەو میرنشینەش لە ناو ئەو هۆزە بەدیارکەوتووە[٥]، رەنگە ئەم وشەیە لە کوردی گۆرانەوە نزیك بێت نەك تورکی.**

**بۆ ریشەی ئەم وشەیە، ئەگەر بەدەر لە ناوی (بابا ئەردەلان) وەری بگرین، ئەو مێژوونووسێك دیدێکی دیکەی بۆی هەیە، دەڵێت: "ئەردەلان وشەیەکی کوردیە، واتە بە (سپی واژ، ئارداوی رەنگ)، لێکداوەتەوە، ئەو رای بەرامبەری بە راست نازانی، کە بە واتای (ئاری دڵان)ی لێکداوەتەوە، چونکە ئەو پێی وایە لە بنەڕەتەوە، (هەردوو ئالان) بووە، کە مانای هەموو وەڵاتەکە**

---

**[١] - یەشموت کوڕی هۆلاکۆ: یەشموت وەکو یەکێك لە فەرماندە سەربازیەکانی مەغۆل لە گرتنی دیابەکرو هەریمی جەزیرە ناوی هاتووە، ئەوەمان لە سەرچاوەکان دەست نەکەوت کە هۆلاکۆ کوڕی بە ناوی (یەشوت)ەوە هەبوو‌بێت. بڕوانە: (الهمداني: جامع التواريخ، مج٢/ ج٢/ ص٣٠٦-٣١٩؛ ج.ساندر: تأريخ فتوحات مغول، ترجمة/ابو القاسم حاتي، مؤسسة انتشارات امير كبير، تهران، ١٣٦٣ه.ش، ص٩؛ محمد جواد مشكور: تأريخ ايران زمين، ص٢٢٦-٢٢٧).**

**[٢] - سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی، ب١/ل٣٨٠**

**[٣] - محەمەد عەلی سوڵتانی: راپەڕینی عەلەویەکانی زاگروس، وەرگێڕانی/ حەسەن عەبدولکەریمو کەمال رەشید، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل١٤٢**

**[٤] - میرزا شکراللە سنندجی: هۆزو تایەفەی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاست، وەرگێڕانی/ئەنوەر سوڵتانی، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٦٠**

**[٥] - البدليسى: شرفنامه، ص٢١١ ؛ منوچهر اردلان: لب تواريخ، ل٤**

دەگەیەنێت[١]، لەگەڵ ئەوەدا رۆژبەیانی ویستویەتی ئەوە بەدیاربخات کە ئەو وشەیە کوردیەو لە زمانێکی دیکەوە نەهاتووە، بەڵام لە بۆچوونێکی دیکەوە نزیکە، یا لە (ئەرد = زەوی)و (ئالان) پێك هاتووە، کە دەکاتە زەویو نیشتیمانی ئالان[٢].

کەمتر بە دواداچوون کراوە لە سەر ریشەی ئەو وشەیە، لەو بارەیەوە شرۆڤەی زانستیانەمان لە بەردەست دانییە.

بەڵام ئەوەی گونجاوترە لە بۆچوونەکانی دیکە، زیاتر دوو بۆچوونە یەکەمیان، ئەوەیە کە لە دوو برگەی (ئەرد)و (ئالان) یان ئەردی دڵانەوە هاتبێت، ئەوکات پێدەچێت (ئەردی دڵان) بێت، کە بە مانای خاكو نیشتیمانی دلگیر دێت، یان (ئەردی ئالان)، کە دەکاتە نیشتیمانی ئالانەکان، ئەوەش ئەو بۆچوونە پتەوتر دەکات، کە ناوی شاخو دوڵو ناوچەیەکی زۆر لە سنووری فەرمانڕەوایەتی میرنشینی ئەردەلان بە ناوی ئالانو ئالانەوە هەیە[٣]، دووەمیان گەڕانەوەیە بۆ (بیرەورەیەکانی مەئموون بەگ)ە کە پێی وایە بە باپیرانی ئەو بنەماڵەیان وتووە، (عادیلانی) بە هۆی رێکی لەسەر زمانەوە گۆڕانی بۆ (ئەردەلانی)، کە لە رێشەی هەردوو بۆچوونەکەدا ئەوە بەدیار دەخەن وشەی (ئەردەلان) بە (ل) سوك بێت.

---

١- مەبەست لە رای بەرامبەر، بۆچوونی (موحەمەد میهری)یە لە رۆژنامەی (هەتاو)، کە بە (ئاری دڵان)ی لێك داوەتەوە. بڕوانە: (رۆژبەیانی: وڵاتەکەت باشتر بناسە، ل١٧).

٢- رحيم اشنؤئي محمد زادة: معاني بعضي از اسامي كهن و ايراني در زبان كردي، ناشر پيام روز، تهران، ١٣٨٣هـ، ش، ل٧٤؛ سوڵتانی: راپەڕینی عەلەویەکانی، ل١٣٥

٣- سوڵتانی: راپەڕینی عەلەویەکانی، ل١٣٥-١٣٦؛ عەلی ئەصغەری هەمەدانی: جوگرافیای کوردستانی، ل٢٨

## باسی دووەم:
## مەڵبەندو سنووری میرنشینەکە

شوێنی دامەزراندنو پەرەسەندنی ئەو میرنشینە وەکو باسکراوە، لە شارەزوور بووە، بەدلیسی لەو بارەیەوە دەڵێت: "بابا ئەردەلان ... دەستی بە سەر شارەزووردا گرتووەو میرایەتی دامەزراندووە... بە سەربەستی فەرمانڕەوایی مەڵبەندی شارەزووری کردووە..."[1]، هەرچەندە ناوچەی ناوبراو، وەکو یەکەم مەڵبەندی فەرمانڕەوایەتی ئەو میرنشینە کۆڕایەکی زۆری لە سەرە[2]، سنووری شارەزوور بەو شێوەی (یاقوت الحموی) دیاری کردووە، لە سەدەکانی ناوەڕاست فراوان بووە، لە نێوان موسڵو هەمەدان[3]، بەڵام ئەم دیاریکردنە دروست نییە، هەموو نێوانی ئەو دوو شارە ناگرێتەوە، سنووری ئاسایی خۆی لە سەدەکانی ناوەڕاست لە باکورەوە بە سنووری ئازەبایجانو لە لەرۆژهەڵاتەوە هەتا حولوان بووەو لە باشوورەوە بۆ خانەقینی ئێستاو لە رۆژاوەوە هەتا زێی بچووك[4].

ئەوەی لێرەدا دەبێتە پرسیار ئەوەیە، ئایا قەڵەمڕەوی ئەو میرنشینە هەموو فراوانیەکەی شارەزووری گرتۆتەوە، ئەگەر وانەبێت لە کوێی ئەو

---

[1] - البدلیسی: شرفنامە، ص٢١١

[2] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (ملا محمدی شریف قازی: زبده التواریخ سنندجی در تاریخ کردستان، انتشارات توکلی، تهران، ١٣٧٩ه، ش، ص١٣؛ میرزا شکرالله سنندجی: هۆزو تایەفەی، ل٦١ ؛ علی اکبر وقایع نکاری کردستانی: جغرافیا و تاریخ کردستان "حدیقة ناصریة و مرأت الظفر"، با کوششي محمد رؤوف توکلي، انتشارات توکلی، د.م، ١٣٦٤ه. ش، ص٢٨-٢٩؛ تەقی ئەلحوسەینی: مێژووی فەرمانڕەوایی ئەردەلانیەکان، وەرگێڕانی/ئاسۆس هەردی، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٧؛ رۆژبەیانی: وڵاتەکەت باشتر بناسە، ل٣٩٧، ٤٦٣؛ شوکروڵای بابان: مێژووی کوردو کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٤، ل١٤٥؛ عماد عبدالسلام: ادارة العراق الاسرة الحاکمة والقضاء في العراق في العهود المتأخرة، بغداد، ١٩٩٢، ص٢٣٢).

[3] -القلقشندی: صبح الأعشی، ج٤/ ص٣٦٧ بۆ زیاتر زانیاری لە بابەت سنووری شارەزوور، بڕوانە: (عطا عبدالرحمن محی الدین: حرکات الخوارج في بلاد الکورد، ص٦٤-٧٤).

[4] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (حسام الدین نەقشبەندی: شارەزوورو لوڕستانی باکور، ل١٠٧-١٠٨)

هەرێمە دامەزراوە؟ چونکە پێ ناچێت لەگەڵ دامەزراندنیدا هەموو سنووری فراوانی شارەزووری بە یەکجاری گرتبێتەوە، باس لەوە دەکرێ، کە هۆزی گۆران پشگیری لە بابا ئەردەلان کردووە بۆ دامەزراندنی میرنشینەکەی[1]، مەڵبەندی ئەم هۆزەش ئەو دەوروبەری کرماشان (قرماسین)[2]و سنە (سنندج)[3] بووە[4]، گۆران بە (کورانییە) هاتووە، لە نزیك دەرەتەنگ[5] دەژین[6]، یان لە هەندێك لە سەرچاوەکانی ئیسلامی بە (جورقان) هاتووە[7]، کە "... لە دەوروبەری حەلوان ناوی هۆزێکی گەورە بووە"[8]، هۆزەکانی (جەلالی، باسیان، حەکمیە، سیوەیلی) لە سەردەمی مەغۆل لە شارەزوور بوون، بەڵام ناوی گۆران نەهاتووە[9]، توێژەر بە دووری نەزانیوە ئەو هۆزە لە سەردەمی

---

[1] - بۆ پشتگیری گۆران لە بابا ئەردەلان بڕوانە: (البدلیسی: شرفنامە، ص٢١١ ؛ مەلا محمدی شریف قازی: زبدە التواریخ، ل١٣).

[2] - کرماشاه (قرماسین، قرمسین): کەوتۆتە نێوان هەمەدانو حولوان، ١٨٠کم لە هەمەدانەوە دوورە، ئێستا کەوتۆتە بەشی باکوری رۆژئاوای ئێران. بڕوانە: (یاقوت الحموي: معجم البلدان، ج٤/ ص٣٣٠؛ صبح الاعشي، ج٤/ ص٣٦٩؛ عطا عبدالرحمن: حرکات الخوارج في بلاد الکورد و ما جاورها، ص٥٢-٥٣).

[3] - شاری سنە لەو سەردەمە نەبووە، سلێمان خانی ئەردەلان لە ساڵی (١٢٠٦ك/١٧٩٢ز) بنیاتی ناوە. بڕوانە: ( بورەکەیی: دایرە المعارف کردی، ص٥٣٣؛ کەریم زەند: جوگرافیای کوردستان، ب، ش، ٢٠٠٥، ل٦٧).

[4] - بورەکەیی: کاکەییەکانو رێو رچەکەیان، وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٩٥

[5] - گەرووی دەرەتەنگ: لەدەروازەی شاری حەلوانە، لە کۆتایی سەدەی ٩ك/ ١٥ز مەڵبەندی بەشێك لە فەرمانڕەوایەتی کەلهور بووە. بڕوانە: (البدلیسی: شرفنامە، ص٥٣٧ ؛ کي لسترنج: بلدان الخلافة الشرقیة، ص٢٢٨).

[6] - القلقشندي: صبح الاعشی، ج٧/ ص٣٧٥

[7] - زرار صدیق : القبائل والزعامات، ص٧١

[8] - ابن الاثیر: اللباب في تهذیب الانساب، دار صادر، بیروت، ١٩٩٠، ج١/ ص٣٠٧

[9] - ابن مهلهل: الرسالة الثانیة، دار الادب الشرقیة، ناش/ بولص بولغاکوف، ص١٨؛ یاقوت الحموي: معجم البلدان، ج٣/ ص٣٧٥ ؛ عباس العزاوي: شهرزور السلیمانیة (اللواء والمدینة)، بغداد، ٢٠٠٠، ص١٥٢

سەلجوقیەکان لە ژێر فشاردا کۆچیان کردبێ بۆ دەرووبەری هەولێر[1]، بەڵام مێژوونووسێکی ئەردەلانی ئاماژەی بەوە کردووە، کە قەڵای (زەڵم)[2]، پێش ئەوەی بکەوێتە بندەستی بابا ئەردەلان مەڵبەندی گۆرانەکان بووە[3].

مێژوونووسێك دەڵێت: "بابا ئەردەلان ... تەواوی شارەزوورو قرماسین (کرماشان)ی خستە ژێر حوکمیەوە"[4]، یان گوتراوە کە ئەو لە ناو گۆرانو (کەلهوڕ) فەرمانڕەوا بووە[5]. ئەو دیاریکردنە لە راستییەوە نزیکە، هەرچەندە شارەزوور بە سنووری فراوانی سەردەمی پێش هاتنی مەغۆل لەگەڵ سەدەکانی دواتر تێکەڵ بووە،، دوور نییە ئەو میرنشینە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە کەمتر سنووری شارەزووری ئێستای گرتبێتەوە، ئەوەی زیاتر لەو بۆچوونە نزیك دەبێتەوە ئەوەیە، کە سنووری سەرهەڵدانی میرنشینەکە زیاتر بەشی رۆژهەڵاتی هەرێمی ناوبراوی ئەوکاتی گرتبێتەوە، ئەویش ناوچەی گۆران بووە، چونکە:

یەکەم: پەیوەندیی نێوان سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو میرنشینە لەگەڵ بزاڤی ئایینی ئەهلی هەق تێکەڵ بووە، مەڵبەندی ئەو ئایینەش زیاتر ناوچەی

---

[1]- کرڤان ئامیدي: الكرد في كتابات المؤرخ ابن الجزري (دراسة تحليلية)، مطبعة سپيريز، (دهۆك، ٢٠٠٩)، ص٣٤٢

[2] - ئێستا شوێنەواری قەڵای زەڵم ماوە، لە دووری (١٠)کم، لە رۆژهەڵاتی خورماڵ لە ناوچەیەکی سەخت هەڵکەوتووە، خان ئەحمەدخان (١٠٤٨ك/١٦٣٨ز مردووە)ی میر ئەردەلان جارێکی تر نوێی کردۆتەوە، لە شوێنێکی سەختەو بە دەوری قەڵایەکەدا شوورەی هەبووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (عبدالرقيب يوسف: ئەشکەوتی خان ئەحمەد خانو قەڵاتو شورەی زەڵم، گۆڤاری مێژوو، ژ(٨)، پاییزی ٢٠٠٨، ل٩٧-١٠٢).

[3] - محەمەد ئیبراهیم ئەردەلانی: دوو ذە یلی شەرەفنامەی بەتلیسی، ئامادەکردنو وەرگێڕانی/ئەنورە سوڵتانی، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٩٣

[4]- حوزنی: سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی، ب١/ ل٣٨٠

[5]- وقايع نكارى كردستانى: حديقة ناصرية، ص١٢.

گـۆران بـووه، باسـی ئـەوە کـراوە، کـە بابـا ئـەردەلان لـە نـاو گـۆران گیرساوەتەوە[١].

دووەم: دواتـر کـە ئـەردەلان وەکـو سـنوورێکی جوگرافیـایی سـەربەخۆ ناسراوە، لە باکوورەوە هەتا سەقز[٢]و لە باشوورەوە تا قەسری شیرین[٣]و لـە رۆژهەڵاتەوە هەتا کرماشانو لە رۆژئاوا تا شـارەزووری گرتۆتـەوە، کـە دواتـر ئەو ناوچانە بە کوردستان ناوبران[٤]. لۆنگریکیش هەر بەو شێوەیە سنووری بۆ دیـاریکردووە، گوتویـەتی: "هــەرێمی ئـەردەلان واتــە کوردسـتانی ئێرانـی ئێستا"[٥]، پێدەچێت هەر مەبەستی پارێزگای کوردستان ئێستا بێت، لە باسی هاتنی بابا ئەردەلاندا هاتووە، کە لە بەشی وڵاتی گـۆرانو کـەلهوڕ بـووەو بـە خێرایـــی دەســـەڵاتی گەیشـــتۆتە هۆزەکـــانی شـــارەزوورو رۆژهـــەڵاتی (هەورامان)[٦]یشی گرتۆتـەوە[٧]، یان لە سەرچاوەیەکی دیکەشدا هـاتووە: "بابـا ئەردەلان ... لە ناو گۆرانو کەلهوڕ فەرمانڕەوا بـووە..."[٨]، بۆچـوونی تـریش

---

[١]- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (أمين زكي: تأريخ الدول والإمارات، ل٢٧٦-٢٧٧؛ ئیدمۆنس: کورد، تورك، عەرەب، ل٢٢٦-٢٣٠؛ سوڵتانی: راپەڕینی عەلەویەکانی، ل١٢٢-١٢٧؛ عماد عبدالسلام: ادارة العراق الاسرة الحاكمة ، ص٢٣٢؛ وليام ايغلتن: القبائل الكردية، ترجمة/ أحمد محود خليل، مؤسسة الموكرياني للطباعة والنشر، كوردستان، ٢٠٠٦، ص٦٩).

[٢]- سەقز: دەکەوێتە بەشی باکوری شاری سنە، بەشی رۆژوای سابلاخ، بە ئاژەڵداریو کشتوکاڵو داری بەریو میوەجات بەناوبانگ بووە، بڕوانە: (میرزا شكرالله سنندجی: هۆزو تایەفەی، ل٣٦؛ مردوخ کوردستانی: تاريخ مردوخ، ل٢٨٨).

[٣]- قەسری شیرین: شارێکە دەکەوێتە نێوان هەمەدانو حولواان لە نزیك قرماسین (کرماشان). بڕوانە: (ياقوت الحموی: معجم البلدان، ج٣/ ص٣٨٣).

[٤]- حەسەن ئەرفەع: کوردستان (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، سیاسی)، وەرگێڕانی/ سەردار موحەمەد، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٤١؛ کەریم زەند: جوگرافیای کوردستان، ل٦٤)

[٥]- أربعة قرون، ص١٨

[٦]- هەورامان: هەورامان بە هەردوو بەشە، هەورامانی تەخت سەر بە ئێرانەو هەورامانی لهۆن سەر عێراقە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (کەریم زەند: جوگرافیای کوردستان، ل١٨).

[٧]- هەمان سەرچاوە، ص١٨.

[٨]- وقايع نكاری کردستانی: حديقة ناصرية، ص٨٢.

هەیە، کە ئەو لە دوای ئەوەی لە ناو گۆران جێگیر بووە، دەستی گرتووە بە سەر هەرێمی رۆژهەڵاتی هەورامان[1]، ئەو سنوورەش، کە دیاری کراوە، هی سەرەتای دامەزراندنی میرنشینەکەیە[2]، زیاتر لە ژێدەرە تازەکان ئەو سنوورە دیاری کراوە، بۆ ناسینی سنووری فەرمانڕەوایەتی ئەو میرنشینە لە شارەزوور، ئەوانیش بەدیدی ئێستای رەهەندی جوگرافی ئاماژەیان پێکردووە

بۆیە دەبێت سەرەتای سەرهەڵدانەکەی بەشی رۆژهەڵاتی قەڵای (زەڵم)ی گرتبێتەوە، نەك بەشی رۆژئاوای، ئەو شارەزوورەی سەدەکانی ناوەڕاست وەکو هی سەردەمی عوسمانی نەبووە[3]، پێدەچێت لەدوای فراوانبوون گەیشتبێتە رۆژئاوای شارەزوور.

کە گوتراوە بابا ئەردەلان بە فەرمانی جەنگیزخان، (کۆیە)[4]و هەریرو رەواندزو ئامێدی درایە[5]، یان دەسەڵاتی بۆ کەرکووك‌و رەواندزو هەولێر درێژببووە[6]، راستە ئەو ناوچانە کاتی خۆی بەشێك بوون لە شارەزوور، بەڵام پێناچێت ئەو فراوانییە راست بێت، بەڵکو ئەوەی جێی ئاماژەیە لە سەردەمی دەسەلاتی جەلائیریەکان باسی فراوانی ئەردەلان کراوە، بەوەی سنووری

---

[1] - أمین زکی: تأریخ الدول والامارات الکردیه، ص٢٧٦؛ بابا مردوخ روحانی شیواو: تاریخ مشاهیر کرد، ص٢٢٧

[2] - حەسەن ئەفرەح: کوردستان، ل٤١

[3] - بۆ سنووری شارەزووری سەردەمی عوسمانی (١٥١٤- ١٩١٨ز)و بەراورد لە گەڵ سەردەکانی ناوەڕاست. بڕوانە: (فارس العزاوي: دور الکرد في، ص٣٥-٣٧؛ کوردو کوردستان لە ئەنسکلۆپیدیای تورکیدا، ل٢١٥-٢١٧).

[4] - لە کاتی فراوانخوازی میرانی ئەردەلان لەو سەردەمە ناوی کۆیە هاتووە، ئەگینا لە سەرچاوەکانی ئاماژەمان دەست نەکەوتووە، لە سەر بوونی کۆیە، لەگەڵ ئەوەدا شارێکی کۆنەو سەرەڕێی بازرگانی نێوان هەولێرو شارەزوور بووە.. بڕوانە: (زرار صدیق : کردستان في القرن الثامن الهجري، ص٣١٣).

[5] - وقایع نکاری کردستانی: حدیقة ناصریة، ص٨٢

[6] - لە بابەت فراوانخوازی بابا ئەردەلان بۆ ئەو ناوچانە بڕوانە: (منوچهر اردلان: لب تواریخ، ل٤؛ ئەلحوسەینی: مێژووی فەرمانڕەوایی ئەردەلانیەکان، ل٧؛ بابا مردوخ روحاني شیواو: تاریخ مشاهیر کرد، ص٢٢٨؛ صفی زاده: تاریخ کرد و کردستان، تهران، ١٣٧٨ه،ش، ص٤٨٢).

هەتا زێی بادینان یان ئامێدی درێژبووەتەوە[1]، بە پێی ئاماژەی سەرچاوەکان، لە سەردەمی جەلائیریەکان، دەسەڵاتی کڵۆڵ لە هی باوکی فراوانتر بووە[2]، فراوانخوازی ئەو میرنشینە لە سەردەمی کڵۆڵ ڕێی تێدەچێتو لە ڕاستیەوە نزیکە، یان سنوورێکی فراواننتر لە هی باوکی باجو سەرانەیان دابێت بە میرانی ئەردەلان، بەڵام پێناچێت، گەیشتبێتە هەولێرو بادینان.

بەدلیسی هەتا کۆتایی سەدەی ٩ک/١٥ز ناوی (دە) میری بردووە، کە بەدوای یەکدا حوکمیان کردووە، لە بارەی ئەوەش، کە سنووری فەرمانڕەوایەتیی بابا ئەردەلان یان کڵۆڵی کوڕی بەو شێوە فراوان بووبێت، هیچی نەنووسیووە[3].

سەبارەت بە (زەڵم) سەرچاوەکان باسیان کردووە، بەوەی یەکەم پایتەختی ئەو فەرمانڕەوایەتییە بووە[4]، بەڵام لەوەدا بۆچوونی جیاواز هەیە، کە پێشتر ئەو قەڵایە هەبووبێت. هەیە پێی وایە بە پایتەختی خۆی هەڵی بژاردووە، یان دەستی بەسەردا گرتووە[5]، بەو مانایەی پێشتر هەبووە، لە

---

[1] - أمين زكی: تأريخ الدول والامارت، ص٢٧٨؛ لونكريك: أربعة قرون، ص٢٧٩

[2] - أمين زكی: تأريخ الدول والإمارات، ص٢٧٧ ؛ مشاهير الكرد و الكردستان، بنكەی ژين، سليمانية، ٢٠٠٥، ج٢/ ص١٣٢؛ لونكريك: أربعة قرون، ص١٨؛ مەردۆخ كوردستانی: تاريخ مردوخ، ص٣١٤

[3] - البدليسي: شرفنامه، ص٢١١-٢١٤

[4] - وقايع نكاری كردستانی: حديقة ناصرية، ص٨٢؛ ئەلحوسەينی: مێژووی فەرمانڕەوايی ئەردەلانيەكان، ل٧؛ سعدي عثمان هروتي: كوردستان والامبراطورية العثمانية، ص٢٩؛ شافيعی: تاريخی جوگرافيای، ص٧٤٥ ؛ محەمەدی حەمە باقی: ميرنشينی ئەردەلان، بابان، سۆران لە بەڵگەنامەی قاجاريدا، دەزگای چاپو بڵاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١، ل٣٠

[5] - بەدليسی ناوی قەڵای زەڵمی نەهێناوە، بۆ ئەوانەش، كە دەڵێن دروستی كردووە، بڕوانە: (ئەردەلانی: دوو ذە يلي شەرەفنامەی، ل٩٣؛ ئەلحوسەينی: مێژووی فەرمانڕەوايی ئەردەلانيەكان، ل٧؛ بابا مردوخ روحانی شيواو: تاريخ مشاهير كرد، ج٣/ ص٢٢٧؛ ڕۆژبەيانی: وڵاتەكەت باشتر بناسە، ل٤٦٢؛ ؛ محەمەدی حەمە باقی، ميرنشينی ئەردەلان، بابان، سۆران، ل٣٠.

سەرچاوە بولدانیەکان بە (کەشی زەڵم) ناوی براوە، بەوەی چیایەکە لە نزیك شارەزوور[١].

بەو پێیەش بێت دەبێت، کە ئەو قەڵایە پێشتر هەبووبێت، کە یەکەم مەڵبەندو پایتەختی میرنشینی ناوبراو بووە، کە لە ناوچەیەکی شاخاوی سەخت هەڵکەوتووە، بەڵام پێناچێت ئەوکات زەڵم تاکە قەڵاو سەنگەری بەرگری بووبێت، چونکە سەرەڕای ئەوەی ناوچەیەکی گونجاوە بۆ بەرگری، چەندین شوێنەواری قەڵاو شورەی بەرگری لە دەوروبەریدا هەن[٢].

لەگەڵ ئەوەدا شوێنی زەڵم لە ناوچەیەکی شاخاوی هەڵکەوتووە، بەڵام سنوورێکی دەشتو پڕ کشتوکاڵ بووە[٣].

ئەگەر سەرنج لە مەڵبەندی زۆربەی میرنشینە کوردییەکان بدەین، مەڵبەندو پایتەختەکەیان لە ناوچەیەکی شاخاوی بە تەنیشت دەشتە بەپیتەکانو دوڵو کانیاو رووبارەکانەوە دامەزرانــدووە، ئەمەش یاریدەدەرێکی باش بووە بۆ پێگەی ئابووری ئەو فەرمانڕەوایەتیە.

---

[١] - ابن مهلهل: الرسالة الثانية، ص١٨ ؛ ياقوت الحموى: معجم البلدان، ج٣/ ص١٤٦، ٣٧٥).

[٢] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (عبدالرقيب يوسف: ئەشکەوتی خان ئەحمەد خانو قەڵاتو شورەی زەڵم، ل٨٩-١٠٥).

[٣] - ابن مهلهل: الرسالة الثانية، ص١٨

## باسی سێیەم:

## دامەزرێنەری میرنشینی ئەردەلان و سەرەتای دامەزراندنی

بەدلیسی بابا ئەردەلانی بەدامەزرێنەری ئەو میرنشینە ناو بردووە[1]، وا دیارە بێجگە لە (مأمون بك بن بیکە بیك)[2]، کۆڕاییەك بۆ پەسندکردنی ئەو بۆچوونە هەیە[3].

لە سەر رەچەڵەکی بابا ئەردەلان، کۆمەڵێك بۆچوونی جیاواز هەیە، هەندێك لە مێژوونووسانیش ئەو بۆچوونە جیاوازانەیان خستۆتەروو، بەبێ ئەوەی پشت بە بەڵگە یان میتۆدێکی شرۆڤەکاری ببەستن.

لە هەموو ئەو بۆچوونامەی زیاتر جێی بایەخە ئەوەیە، کە ئەو بنەماڵەیە سەر بە میرانی دەوڵەتی (مەروانی – دۆستەکی)[4]ین، بەدلیسی، نووسیویەتی: "...بنچینەی فەرمانڕەوایانی ئەردەلان دەگێڕنەوە سەر میرانی

---

[1] - شرفنامە، ص٢١١

[2] - بە نزیکەی بیست ساڵ پێش بەدلیسی لە چوارچێوەی سکالانامەیەك، بەشێکی گرنگی لە رووداوەکانی سەردەمی خۆی، لە سەر بنەماڵەکەیان و ململانێی سەفەوی و عوسمانی بۆ سوڵتان موڕادی عوسمانی (لە ساڵی ٩٨٤ك/ ١٥٧٤ز هاتۆتە سەر حوکم) نووسیوە، لەوێدا ناوی (بابا ئەردەلان)ی نەهێناوە. لە کاتێکدا مەئمون بەگ خۆی یەکێك بووە لە میرەکانی ئەردەلان، بڕوانە: (مذکرات مأمون بیك بن بیكە بك، ترجمة/محمد جمیل الروزبیاني و شكور مصطفی، بغداد، ١٩٨٠، ص١٦، ١٥-٨٠).

[3] - خسرو بن محمد منوچهر اردلان: لب تواریخ، ص٤؛ مستورەی اردلان: تأریخ الاكراد، با مؤخرەی میرزا علی اكبر وقایع نكار، سازمان چاپ و نشر ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، ص٢٥؛ أمین زەكی: مشاهیر الكرد و الكردستان، ج٢/ ص١٣١؛ ئەلحوسەینی: مێژووی فەرمانڕەوایی ئەردەلانیەکان، ل٧؛ زامباور: معجم الانساب، ج٢/ ص٣٩٦ ؛ شوکروڵای بابان: مێژووی کوردو، ص١٤٥ ؛ لونکریك: أربعة قرون، ص١٨؛ مردوخ کوردستانی: تاریخ مردوخ، ص٣١٣ ؛ نەوشیروان مستەفا: لە پەراوێزی مێژووی ئەردەلان دا، ل٣١

[4] - دەوڵەتی مەروانی - دۆستەکی: باز کوڕی دۆستەك لە ساڵی (٣٧٣ك/٩٨٤ز) لە دیاربەکرو میافارقین دایمەزراندووە، لە ساڵی (٤٨٩ك/١٠٩٦ز) لەلایەن سەلجوقیەکانەوە لە ناوبراوە. بڕوانە: (ابن الاثیر: الكامل في التاریخ، ج٧/ ص٤٤٤).

دیاربەکر، ئەوانیش لە نەتەوەی ئەحمەدی کوڕی مەروانن"[١]، کە ئەمە ساغکردنەوەی مێژوونووس نییە، بەڵکو بیستویەتی، پێدەچێت سەرچاوەی زۆربەی ئەوانەی ئەو بۆچوونەیان هەیە لە ئەوەوە وەرگیرابێت[٢]، بەڵام جیاوازی هەیە لە وردەکاریەکانی ئەو بردنەوەیە بۆ سەر بنەماڵەی (مەروانی— دۆستەکی)، بەڵام ئەوەی دڵنیاکردنەوەی زیاتر دەدات لەسەر ئەو زانیارییە، ئەوەیە کە (الفارقی) ئەوەی بەدیار خستووە، کە یەکێك لە بنەماڵەی (مەروانی — دۆستەکی) لە ساڵی (٤٧٧ك/١٠٨٥) پەنای بردۆتە بەر سوڵتانی سەلجوقی لە ئەسفەهان هەتا بەری ئەو شاڵاوە بگرێ کە کراوەتە سەر دیاربەکر[٣]، لەو سەرچاوە بنەڕەتییە ئەو زانیاریە لەبەردەست دایە. سەرچاوەی یەکەمی بردنەوەی راستەوخۆی بنەماڵەی میرانی ئەردەلان بۆ سەر بنەماڵەی مەروانی، بەدلیسیە، ئەویش دەڵێت: "...لە ئەتابەگەکانی لوڕستانم بیستووە..."[٤]، بەڵام وردەکاری لەو بارەیەوە نەخستۆتەڕوو.

هەیە پێی وایە مێژوونووسانی ئەردەلان تەواوی مێژووی میرنشینەکەیان نووسیوەتەوە[٥]، بەڵام ئەوانە لە سەر سەرەتای سەرهەڵدانی میرنشینەکەیان نووسیوە زانیاریەکانیان لە سەر میرانی ئەو میرنشینە لەو بۆچوونەی ئاماژەی پێدرا، زیاتریان تێنەپەڕاندووە، هەندێکیان کە ویستوویانە بچنە ناو وردەکاریەوە، تووشی هەڵە هاتوونو پشتیان بە بەسەرهاتی ئەفسانەیی ناکۆك لەگەڵ رووداوە مێژووییەکان بەستووە. هەر بۆ نموونە، مەردۆدخ دەڵێت: "...لە ساڵی (٥٩٨ك /١٢٠١ز) دەوڵەتی دۆستەکی لە ناوبرا، شا

---

[١] - شرفنامه، ص٢١١

[٢] - وقايع نكارى كردستانى: حديقة ناصرية، ص٨١؛ أمين زكى: تأريخ الدول والإمارات، ص٢٧٦ ؛ ساڵح قەفتان: مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٩٩؛ ڤاسیلیە: خوارووی رۆژهەڵات، ل٤٦؛ محەمەدی حەمە باقی: میرنشینی ئەردەلان، بابان، سۆران، ل٢٩-٣٠

[٣] - تاريخ الفارقي، تح/ بدوي عبدالطيف، القاهرة، ١٩٥٩، ص٢٠٩

[٤] - شرفنامه، ص٢١١

[٥] - محەمەدی حەمە باقی: میرنشینی ئەردەلان، بابان، سۆران، ل٢٩

(مەنصور)ی حوکمڕانی دۆستەك، کە بە دەستی تورکمان لە ناوچوو، ... چوار کوڕی لە پاش بەجێ ماون، (فەیرۆز)، یەکێك بووە لە کوڕەکانی شا (مەنصور)، ناوی خۆی گۆڕی بۆ (قباد ساسان)، لە لای سورخاب کوڕی بەدر (٤٥٠-٥٠٠ك/١٠٥٨-١٠١٧ز)[١] ... بۆتە پەناهێندە..."[٢]، راستەوخۆ بەستنەوەی بە بنەماڵەی دۆستەکی - مەروانی یان هەر بە ناوی فەرمانڕەوایانیی دیاربەکر، بە جیاوازی لە خستنەڕووی وردەکاری راوبۆچوونی زۆرو بەسەرهاتی هاوشێوەی مەردۆخی بۆ دروست کراوە[٣]، کە ئەم زانیاریانە هیچی لەگەڵ رووداوە مێژووییەکان تێك ناکاتەوە، چونکە لە ساڵی (٤٧٨ك/١٠٨٦ز) میرنشینی مەروانی لەناوچوو، لە ساڵی (٤٨٥ك/١٠٩٣ك) لەلایەن میری مەروانەی ناصر الدولە زیندوکرایەوە بەڵام چەند مانگ بەردەوام بوو، دوایی لە ناوبرا[٤].

ماوەی زیاتر بە دوو سەدە، لە نێوان لە ناوچوونی فەرمانڕەوایەتی مەروانیو پەیدابوونی بابا ئەردەلاندا هەیە، گوایە پەنای بردووە بۆ (سورخاب کوڕی بەدر)، کە پادشای شارەزوورو دینەوەر بووە لە دەوڵەتی عەننازی،

[١]- (ابن الاثیر) لە رووداوەکانی ساڵی (٥٠٠ك/ ١١٠٦ز) دەنووسێ، کە سورخابی کوڕی بەدری کوڕی موهەلهەل ناسراو بە ئەبو شوکی کوردی لەو ساڵە کۆچی دوایی کردووە، دەسەڵاتی ئەو بنەماڵەیە لە سەرەتای سەدەی شەشەمی کۆچی/دوازدەی زاینی لەناوچووە. بڕوانە: (الکامل في التاریخ، ج٦/ ص١١٢؛ حسام الدین نەقشبەندی: شارەزوورو لوڕستانی باکور، ل٣٦٢-٣٦٣).

[٢]- تاریخ مردوخ، ل٣١٢- ٣١٣؛ حوزنی هەمان بەسەرهاتی دووبارە کاردۆتەوە. بڕوانە: (سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی، ب١/ل٣٧٩).

[٣]- بۆ زیاتر زانیاری لەسەر ئەو زانیاریە هەڵانە بڕوانە: (منوچهر اردلان: لب تواریخ، ص٤؛ ملا محمدی شریف قازی: زبدە التواریخ، ص١٤؛ وقایع نکاری کردستانی: حدیقة ناصریة، ص٨١؛ حوزنی: سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی، ب١/ ل٣٧٩؛ زامباور: معجم الانساب، ج٢/ ص٣٩٦).

[٤] - عبدالرقیب یوسف: الدولة الدوستكیة في الوسطى، دار اراس للطباعة والنشر، ط٢، اربیل بغداد ٢٠٠١، ج٢، ص١٣

ماوەیەك لە لای پادشایانی عەننازی ماوەتەوە، لە پاش لەناوچوونی حکومەتی عەننازی، حکومەتی ئەردەلانی دامەزراندووە[١].

میرنشینی مەروانی لە ساڵی (٤٧٨ك/ ١٠٨٥ز) رووخاوە، دوا میر ئەو میرنشینەش لە ساڵی (٤٨٩ك/١٠٩٦ز) کوژراوە[٢]. حکومەتی (عەننازی)یش لە ساڵانی (٣٨١ك–٥١١ك/٩٩١– ١١١٧ز) بەردەوام بووە، ئەو ساڵەی کە بابا ئەردەلان پەناوی بردووە، بۆ سنووری سورخاب، حکومەتی عەننازیو سورخاب نەمابوون.

ئەم بۆچوونەش دەیباتەوە سەر ساسانیەکان، کە لەوەشدا دوو رای جیاواز هەیە، راستەوخۆ دەچێتەوە سەر بنەماڵەی ئەردەشێری بابکان یان ئەوی تریش دەیباتەوە سەر (خەسرەو)ی ئاشەوانەکەی دوا پادشای دەوڵەتی ساسانی[٣]. مەردۆخی، کە لەم بۆچوونەشدا هاوبەشە، دەڵێت: "...بابە ئەردەلان لە نەوەی خسرەو ئاشەوانی (مەرو)[٤] بووە،..خسرەو لە (مەرو) بە (یەزدەگوردی سێیەم) ئاشنا بووە، لە ئاشەکەی خۆی یەزدەگوردی کوشتووە، دەستی بە سەر سامانەکەیدا گرتووە، بۆتە بازرگان..."[٥]، هەتا ئەوەی دەیباتەوە سەر ساسانییەکان لە سەر یەك بۆچوون نیە، لە نێوان بردنەوەی بۆ سەر ئەردەشێری بابك (٢٢٤– ٢٤١ز)و خەسرەوی ئاشەوانی یەزدەگوردی ساسانی (٦٣٢– ٦٥٤ز)یە[٦]، کە لەگەڵ

---

[١]- سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی، ب١/ ل٣٧٩

[٢]- ابن الاثیر: الکامل في التاریخ، ج٧/ص١٢٧

[٣]- وقایع نکاری کردستانی : حدیقة ناصریة، ص٨١ ؛ صفی زادە: تاریخ کردو کردستان، ص٤٨٢

[٤]- مەرو: شارێکی ناودارو بەناوبانگی هەرێمی خوراسانە، لەنزیك نیسابور، ئێستا دەکەوێتە وڵاتی تورکمانستان بەناوی ماری. بڕوانە: (المقدسي: أحسن التقاسیم، ص٢٣٢-٢٣٣؛ یاقوت الحموي: معجم البلدان، ج٥/ ص١١٤-١١٥).

[٥]- مردوخ کوردستانی: تاریخ مردوخ، ص٣١٢، ئەم بۆچوونە بە شیوازی دیکە دووبارە بۆتەوە، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: (عبدالحمید حیرت سجادی: ایلات وعشایر کردستان، انتشارات دانشگاە کردستان، تهران، ١٣٨١هـ.ش، ص٨٧.

[٦]- صفی زادە: تاریخ کرد و کردستان، ص٤٨٢).

راستی مێژوویی پێکناگاتەوە. هەندێك لە سەرچاوەکان ئەو ئەگەرەیان بە کراوەیی هێشتۆتەوەو هەموو بۆچوونەکانیان باس کردووە[١].

بردنەوەی میرانی ئەردەلان بۆ سەر ساسانییەکان، مەبەستی نیشاندانی پیرۆزی بنەماڵەو شایستەیی میرەکانی ئەم ئەفسانەیان دروستکردووە[٢]، بێجگە لە چیرۆکێکی ئەفسانەیی، بە هەر شێوەیەك لە شێوەکان بێت، بە راست وەرناگیرێت.

پاشان ئەم بۆچوونە تێکەڵکردنی هەردوو بۆچوونی یەکەمو دووەمە، کە دەیبەنەوە بۆ سەردەمی ساسانیو دواتر بۆ فەمانڕەوایانی دیاربەکرو موسڵ، کە گوایە لە دوای ئەوەی خسرەو یەزدەگوردی کوشتووە، دەستی بەسەر زێڕو زیوی ئەودا گرتووەو کوڕێکی بووە بە ناوی بارام، دەبێتە بازرگانو دواتر دەچنە خوراسانو بەشداری شۆڕشی (ئەبو موسلیمی خوڕاسانی)ی کردووە، لەگەڵ سەرکەوتنی عەبباسییەکانیش هاتووە لە موسڵو دیاربەکر فەرمانڕەوایەتی دامەزراندووە[٣].

تێکەڵکردنی ئەو دوو بۆچوونەی سەرەوە، زیاتر نزیکی کردۆتەوە لە ئەفسانە، چونکە بە بەسەرهاتێکی کورت چارەسەری رەچەڵەکی بنەماڵەیەکی فەرمانڕەوا کراوە، بۆ ماوەی زیاتر لە شەش سەدە، کە زنجیرەی یەکەم لەگەڵ کۆتایی تێك ناکاتەوە. زۆربەی ئەو سەرچاوانەش، کە رەچەڵەکی بابا ئەردەلانیان بردۆتەوە بۆ سەردەمی ساسانی یان بنەماڵەی (دۆستەکی – مەروانی)، جۆرێك لە یەکلایی نەکردنەوەو رارایی پێوە دیارە[٤].

---

[١]- وقایع نکاری کردستانی: حدیقة ناصریة، ص٨١؛ شافیعی: تاریخی جوگرافیای، ص٧٤٥-٧٤٦؛ مردوخ کوردستانی: تاریخ مردوخ، ص٢٨٨-٢٨٩

[٢]- نەوشیروان مستەفا: لە پەراوێزی مێژووی ئەردەلان دا، ل٣١

[٣]- ئەلحوسەینی: مێژووی فەرمانڕەوایی ئەردەلانیەکان، ل٧؛ سجادی: ایلات وعشایر، ص٨٧-٨٨؛ شافیعی: تاریخی جوگرافیای، ص٧٤٥؛

[٤]- ئەو دوو دڵیەش زیاتر لە خستنەڕووی هەردوو بۆچوون بە بەکارهێنانی وشەی وا دەڵێین، یان بە گوزراشتی گومانو دوودڵی دەریدەبڕن. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (وقایع نکاری کردستانی: حدیقة ناصریة، ص٨١؛ ئەلحوسەینی: مێژووی فەرمانڕەوایی ئەردەلانیەکان، ل٧ ؛ جلال الدین شافیعی: تاریخی جوگرافیای، ص٧٤٥-٧٤٦).

بۆچوونێکی دیکه ئەوەی (مذکرات مأمون بیگ)ە، کە سەرچاوەیەکی بنەڕەتییە بۆ مێژووی ئەردەلان، تیایدا هاتووە، کە "...رەچەڵەکی بنەماڵەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ یەکێك لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر (د.خ) بە ناوی (أبو عبیدة الجراح)، گوایە لە سەردەمی دەسەڵاتی جەنگیزیەکان، (عادل) ناوێك لە باپیرانی ئەوان والی شارەزوور بووە، بۆیە خانەوادەی ئەوان بە عادیلانی ناسراون"[1].

هەرچی نازناوی (عادیلانی)و بردنەوەیەتی بۆ سەر ئەو سەحابەیە بۆچوونێکی بێ بنەمایەو سەرچاوەکانی دیکە پشتگیری ناکەن[2]، کەسیش لە خاوەن بۆچوونە جیاوازەکان بەڵگەی یەکلایی کەرەوەی نەداوە.

(نێکتین)یش بۆچوونێکی دیکەی خستۆتەڕوو، کە گوایە ئەو بنەماڵەیە "...لە تیرەی سەلاحەدین"ن[3]، هەرچەندە نووسەر خۆشی پشتگیری نەکردووەو سەرچاوەی ئەو زانیاریەشی دیار نیەو دەڵێت: "...خۆیان پێیان وابووە"[4]، واتە بنەماڵەی فەرمانڕەوایانی ئەو میرنشینە.

بۆچوونێکی دیکە پێی وایە، ئەو بنەماڵەیە خەڵکی ناوچەکەنو ناچنەوە سەر هیچ بنەماڵەیەکی بێگانە. ئەمین زەکی دەڵێت: "خانەدانی بەنی ئەردەلان ئەسڵەن گۆرانن، لە تیرەی مامۆیین"[5]، هەر لەوێدا نووسەر ئەو بۆچوونەی زۆر پێ لە راستیەوە نزیکە، چونکە پێی وایە بە هۆی بەهێزی هۆزەکەی بەسەر هۆزەکانی ئەو ناوەدا زاڵ بووەو ئەو دەسەڵاتەی دامەزراندووە[6]. مێژوونووسێکی ئێرانیش ئاماژەی بەمە داوە[7]. توێژەری

---

[1]- مأمون بیك بن بیكة بیك، ص١٦

[2]- نەوشیروان مستەفا: لە پەراوێزی مێژووی دا، ل٦

[3]- کوردو کوردستان، وەرگێڕانی/ خالیدی حسامی، هەولێر، ١٩٩٨، ل٤٨٩

[4]- هەمان سەرچاوە، ل٤٨٩

[5]- خولاصەی تأریخی، ج٢/ل٢٣٢؛ مشاهیر الکرد والکردستان، ج٢/ ص١٣١

[6]- مشاهیر الکرد و الکردستان، ج٢/ ص١٣١

[7]- ابو الحسن بن محمدامین کلستانە: مجمل التواریخ، ناشر کتابخانە ابن سینا، تهران، ١٣٤٤، ص١٧٩

تازەش هەن پشتگیری ئەو بۆچوونەیان کردووە[1]، لەگەڵ ئەوەدا لۆنکریك ئەگەری ئەوەی دانـاوە، کـە لـە بنەماڵەیـەکی شـەریفی دیاربـەکر بـن، بـەڵام دەڵێت: "زۆربەی زانیاریەکانی لەسەر بابـا ئـەردەلان هەیـە ئەفسـانەیە..."[2]، بۆیە بۆچوونی یـەکلایی کـەرەوە لـە مـەڕ رەچـەڵەکی میرانـی ئـەو بنەماڵەیـە ئەستەمە، بەڵام ئەم بۆچوونەی کۆتایی زیاتر لە راستیەوە نزیکە.

هۆزی گۆران پەیوەندیی بەهێزی لەگەڵ ئایینو ئەدەبیاتی ئەهلی هەق دا هـەبووە[3]، لـە ئامـاژە مێژووییەکانیشـدا لـە سـەر پێشـگری (بابـا) جـۆرە یەکدەنگیەك هەیە، کە زیاتر (ئەهلی هەق)، وەکو پێشگر بـۆ پیـاوە ئایینیـە گـەورەکانی خۆیـان بـەکاریانهێناوە[4]، ئەمـەش زیـاتر لـەو بۆچـوون نزیـك دەبێتەوە، کە بابا ئەردەلان پیاوێکی گەورەی ئایینی بووە، لـە سـەر ئـایینی ئەهلی هەق، ئەوە پێشگرەش گوزارشت لەو بۆچوونە دەکات، چـونکە ئـەوان بۆ پیـاوە ئایینیـەکانی خۆیـان بـەکارهێناوە. بـۆ پشتڕاسـت کردنـەوەی ئـەو بۆچـوونە، گـۆڕی زۆربـەی پیاوچـاکەکانی ئـەهلی هـەق کەوتۆتـە سـنووری ئەردەلانو بابان[5]. ئەو بنەماڵەیە لەگـەڵ (ئـەهلی هـەق) هاوکـاتو هاوئامـانج بوونە[6]، لەو روانگەیەوە هێزی ئایین لە ناو ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیەدا بووەتە

---

[1]- زرار صدیق : القبائل والزعامات، ص١٦٣

[2]- أربعة قرون، ص١٨

[3]- بۆ پەیوەندی نێوان گۆرانو ئایینی ئەهلی هەق، بڕوانە: (ڤاسیلیە: خـواروی رۆژهـەڵات، ل١٨٦-١٨٧ ؛ بۆرەکەیی: کاکەییەکانو رێو رچەکەیان، ل٩-١٠).

[4]- (بابا) پلەیەکی ئایینی گەورە بـووە، زۆربـەی پیـاوە ئایینیـە گـەورەکانی کاکـەیی پێشـگری بابـای پێوە بووە، وەکو: بابـا جـەلیلی دەودانـی، بابـا یادگـار، بابـا حەیـدەری، بـاوە وەیسـی، هـەروەها وشەی پیر پێشگرێکی تری کاکەییەکان بووە، بـۆ پیـاوە ئایینیـەکانی خۆیـان بـەکاریان هێنـاوە. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (بۆرکەیی: کاکەییەکانو رێو رچەکەیان، ل٣٠ ؛ سـوڵتانی: راپـەڕینی عەلەویەکانی، ل١٤٢).

[5]- بـۆ زانیـاری زیـاتر بڕوانـە: (وقـایع نکـاری کردسـتانی: حدیقـة ناصـریة، ص٦١-٨٢؛ مـلا محمـدی شریف قازی: زبدە التواریخ، ص١٤؛ توکلی: تاریخ تصوف، ص٣١-٣٢).

[6]- سوڵتانی: راپەڕینی عەلەویەکانی، ل١٢٣

هۆی بەهێزکردنی دەمارگیری[1].

لە (ذیل)ەکەی شەرەفنامەدا هاتووە، قەڵای (زەڵم)و (پڵنگان[2])، مەڵبەندی گۆران بوون، بابا ئەردەلان خستیە دەستی خۆیەوە[3]، ***ناشێت*** ئەو پیاوە بە ئاوارەیی پایتەختی هۆزێکی بەهێزی وەکو گۆرانی داگیر کردبێت، ئەگەر بنەماڵەکەیان لە ئەو هۆزە نەبووبن.

بەڵام ئەوەی لە هەموو بۆچوونەکان بەهێزتر دێتە بەر نیگا، ئەوەیە کە بنەماڵەی بابە ئەردەلان لەگەڵ بنەماڵەی میرانی (مەروانی – دۆستەکی) یەك بن، چونکە (الفارقی)و (بەدلیسی) وەکو دوو سەرچاوەی بنەڕەتین یەکەمیان بەشێوەی ناڕاستەوخۆو دووەمیان بەشێوەی ڕاستەوخۆ ئەو ئاماژەیان داوە. دەگونجێت دواتر ئەو بنەماڵەیە لە ناوچەی گۆرانو شارەزوور زیاتر تێکەڵ بە بزاڤی ئەهلی هەقو تێکەڵاو بە گۆرانەکان بووبن.

ڕۆڵی بابا ئەردەلان بە پێی سەرچاوەکان ڕۆڵێکی کاریگەرو بەرچاو بووە، لە دوای ئەویش (کلۆڵ)ی کوڕی بە دووەم میری ئەو میرنشینە دەژمێردرێت، ئەو مەڵبەندەکەی لە (زەڵم)ەوە بۆ قەڵای (پڵنگان) گواستەوە[4]، ئینجا دوو قەڵای دیکەی (مەریوان)و (حەسەن ئاوا)[5]ی

---

[1] - ابن خلدون: مقدمة ، ج١/ص ١٦٧

[2] - - قەڵای پڵنگان: ئێستا شوێنەواری ماوە، لە باکورەوە شاخی شاهۆو لە باشوورەوە رووباری گاوردۆو لە خۆرهەڵاتەوە هەورامانە، لە کۆتایی سەدەی ٩ك/١٥ز بەشێك بووە لە فەرمانڕەوایەتی کەلهور، بڕوانە: (البدليسي: شرفنامە، ص٥٣٥ ؛ سولڵتانی، راپەڕینی عەلەویەکانی، ل١٣٨).

[3] - ئەردەلانی: دوو ذە یلي شەرەفنامەی، ل٩٣

[4] - مردوخ کوردستانی: تاریخ مردوخ، ص٣١٤ ؛ صفی زادە: تاریخ کرد و کردستان، ص٤٨٣

[5] - - قەڵای مەریوان: لە بیرەوەریەکانی مەئمون بەگ بە (مهیروان) هاتووە، ئێستا شارێکە لە سەر دەریاچەی زریبار هەڵکەوتووە، لە بەشی رۆژئاوای ئوستانی سنە، مەڵبەندی قەزایە، بەڵام حەسەن ئاوا فرسەخێك (نزیکەی ٦کم) لە باشووری شاری سنە هەڵکەوتووە. بڕوانە: (وقایع نکاری کردستانی: حديقة ناصرية، ص٥٦-٥٧؛ مذكرات مأمون بك: هامش رقم ٢٥، ص٢٥؛ میرزا شکرالله سنندجی: هۆزو تایەفەی، ل٢٦، ٤١؛ بورەکەیی: دايرە المعارف کردی، ص٣٦٧).

دروستکرد. هەروەها گونجاوە کڵۆڵ بە کەسی بەهێزی میرانی ئەردەلان هەژمار بکرێت، چونکە لە سەردەمی ئەودا، وەکو ئاماژەی پێکراوە بەرەو رۆژئاوا فراوانبووە[١]، گەرچی دەڵێن کۆیەو هەریرو رۆژهەڵاتی کوردستانی خستۆتە ژێردەستو بەڕێوەبردنی کاری ئەو ناوچانە خرایە ئەستۆی لێزانیو لێهاتووی ناوبراوەوە[٢]، یان لۆنگریك لەو بارەیەوە دەڵێت "...باجی لە هەولێر ستاندووە"[٣]، بەڵام ئەو سەرچاوانەی باسی مێژووی هەولێر دەکەن لەو سەردەمە شتی وا باس ناکەن، فراوانی سنووری دەسەڵاتی بۆ هەریرو کۆیە، پێناچێت بنەڕەتێکی هەبێت، زیاتر دەشێت لە سەردەمێك لە سەردەمەکان ئەو ناوچانە دانیان بەدەسەڵاتی کڵۆڵ دانابێتو باجیان پێ دابێت.

ئەو میرنشینە لە سەردەمی کڵۆڵ زیاتر بەدیار کەوتووە[٤]، گەرچی بەدلیسی لەو بارەیەوە هیچی باس نەکردووەو کڵۆڵی وەکو پیاوێکی بێدەسەڵات نیشانداوە[٥]، خدری کوڕی کڵۆڵو دوایی ئەو ئەلیاسی کوڕی خدر درێژەیان بە فەرمانڕەوایەتی ئەردەلان داوە. لە بارەی شەش لە میرانی دوای کڵۆڵ زانیاری دەست نەکەوتووە[٦] و ئەوەش لە چەند زانیاریەکی گشتی تێپەڕناکات[٧].

---

[١] - مردوخ کوردستانی: تاریخ مردوخ، ص٣١٣

[٢] - منوچهر اردلان: لب تواریخ، ص٤؛ وقایع نکاری کردستانی: حدیقه ناصریه، ص٢٨-٢٩

[٣] - أربعه قرون، ص١٨

[٤] - وقایع نکاری کردستانی: حدیقه ناصریه،،ص٢١٢

[٥] -شرفنامة، ص٢١٢

[٦] -وقایع نکاری کردستانی: حدیقه ناصریه،،ص٢١٢ ل٢١٢، لە بارەی هەرەمی بنەماڵەی ئەردەلان بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە یەك)

[٧] - مستورەی اردلان: تأریخ الاکراد، ص٢٦-٢٨؛ وقایع نکاری کردستانی: حدیقه ناصریه، ص٨٢-٨٦ ؛ مستورەی اردلان: تأریخ الاکراد، ص٢٦-٢٨؛ ئەلحوسەینی: مێژووی فەرمانڕەوایی ئەردەلانیەکان، ل٨-١٠؛ مردوخ کوردستانی: تاریخ مردوخ، ص٣١٣، ٣١٣-٣١٧

بەدلیسی بە بێ دیاریکردنی ساڵ دامەزراندنی بۆ کۆتایی دەسەڵاتی (جەنگیزیەکان) گەڕاندۆتەوە[١]. هەندێك لە نووسەرانی تریش بە گوزارشتی جیاواز بۆ سەردەمی شاڵاوەکانی جەنگیزخان یان هۆلاکۆی دەگێڕنەوە[٢]، ئەمە لە کاتێکدا جەنگیزخان پێش هاتنی شاڵاوی مەغۆل بۆ ناوچەکە لە ساڵی (٦٢٤ك/١٢٢٧ز) مردووەو نەهاتووەتە شارەزوورو[٣]. ئەو دەقەش روونە، کە مەبەستی کۆتایی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیلیخانی (٦٥٦–٧٣٦ك/١٢٥٨–١٣٣٥ز)یە[٤].

لەگەڵ ئەوەدا (مأمون بەگ) لە بیرەوەریەکانیدا، رەچەڵەکی بنەماڵەکەیان ناباتەوە، سەر بابا ئەردەلان، بەڵام ئاماژەی بەوە کردووە، کە باپیرەیان لە سەردەمی مەغۆلەکان فەرمانڕەوای شارەزوور بووە[٥].

هەندێك لە مێژونووسانی ئێرانی سەردەمی بابا ئەردەلانیان بردووەتەوە بۆ زۆر پێش هاتنی مەغۆلو دیاریش نییە پشتیان بە چ سەرچاوەیەك بەستووە. ئەوان پێیان وایە لە ساڵی (٥٦٤ك/١١٦٩ز) قەڵای زەڵمی کردووە بە دارولمولکی خۆیو بۆ ماوەی ٤٢ ساڵ فەرمانڕەوا بووە، لە ساڵی (٦٠٦ك/١٢١٠ز)دا مردووە[٦]. هەمان بەروار لەلایەن ژمارەیەك لە توێژەرو

---

[١]- شرفنامە، ص٢١١

[٢]- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (منوچهر اردلان: لب تواریخ، ص٤؛ أمین زکی: تأريخ الدول والإمارات، ص٢٧٦؛ حوزنی: سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی، ب١/ ل٣٧٩؛ صالح قەفتان: مێژووی گەلی کورد، ل٩٩-٢٠٠؛ لونكريك: أربعة قرون، ص١٨).

[٣]-. الذهبي: العبر في الخبر من غبر، تح/ صلاح الدين منجد، الكويت، ١٩٨٤، ج٥/ ص٩٧-٩٨؛ حافظ أحمد حمدي: الدوله الخوارزميه و المغول، ص٢٢٢؛ ژنرال سير پرسی سایکس، تأريخ ایران، ترجمه/محمد تقی فخرداعی کیلانی، چ٤، شرکت چاپ و انتشارات علمی، تهران، ١٣٦٢، ص١٢٦

[٤]- کە لە دوای مردنی هۆلاکۆ بە فەرمانڕەوایەتی مەغۆل گوتراوە، بەڵام بەدلیسی بە(جەنگیزیەکان) ناوی بردووە.

[٥]- مذكرات مأمون بيك، ص١٦.

[٦]- میرزا شکرالله سنندجی: هۆزو تایەفەی، ل٩٠؛ وقایع نکاری کردستانی: حدیقە ناصریە، ص٨٢؛ بۆرەکەیی: دایره المعارف کردی، ص٢٠٧؛

مێژوونووسانی دیکە دووبارە کراوەتەوە[1]، یان گوتراوە لە ساڵی (٥٤٢ك/١٢٤٨ز) زنجیرەی ئەو بنەماڵەیە لە ناوچەی شارەزوور فەرمانڕەوایەتیان کردووە[2].

ئەو زانیاریانەش، کە دامەزراندنی ئەو میرنشینە دەبەستنەوە بە هاتنی مەغۆل لەگەڵ جیاوازی لە گێڕانەوەیاندا، وەکو ئەوەی دەڵێن هۆلاکۆ دانی بە دەسەڵاتی بابا ئەردەلان داناوە، یان فەرمانڕەوایانی مەغۆل شارەزووریان پێ بەخشیوە[3]، یان گوتراوە ئەردەلان ماوەیەك لە ژێردەستی مەغۆل میرانی ئەردەلان فەرمانڕەوای ئەو هەرێمە بوون[4]، کە هەموو ئەو دەقانە هاوگوزراشتن بەوە باس لە پەیوەندیی نێوان بابا ئەردەلانو مەغۆلەکان دەکەن.

ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە ئەوەیە، کە تێکەڵی زۆر هەیە لە سەر ئەو رووداوە، حوزنی وەکو لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا، پێی وایە، لە دوای کوژرانی شا (منصور) دوا پادشای دەوڵەتی مەروانی، یەکێك لە کوڕەکانی ناوی (فەیرۆز) بووە، لە لای سورخابی کوڕی بەدری حەسنەوی (٥٠٠ك/١١٠٧ز مردووە) گیرساوەتەوە، لە پاش نەمانی حکومەتی حەسنەویش لە ناو هۆزی گۆران ماوەتەوە، هەتا لە ساڵی (٦٣٣ك/١٢٣٦ز) هێزی پەیدا کردووەو لە شکری (مظفر الدین)ی هەولێری تێکشکاندووەو پاشان میرنشینەکەی دامەزراندووە، لە ساڵی (٦٧٥ك/١٢٧٧ز) مردووە[5]، وەکو لەپێشەوە باس کرا کۆمەڵێك زانیاری هەیە لە سەر پەیوەندییو هاوسەردەمی میرانی (مەروانی)و

---

[1]- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (بابا مردوخ روحانی شیواو: تاریخ مشاهیر کرد، ج٣/ص٢٢٨ ؛ صفی زادە: تاریخ کرد و کردستان، ص٤٨٤ ؛ محەمەدی حەمە باقی: میرنشینی ئەردەلان، بابان، سۆران، ل٣٠).

[2]- شافیعی: تاریخی جوگرافیای، ص٧٤٥

[3]- وقایع نکاری کردستانی: حدیقە ناصریە، ص٨٢

[4]- تاریخی سلێمانی، ل٢٣

[5]- سەرجەمی بەهەمی حوسێن حوزنی، ب١/ ل٣٧٩-٣٨٠

(عەننازی)و پەیدابوونی بابا ئەردەلان، کە لەگەڵ راستییە مێژووییەکاندا ناگونجێن.

بەو پێیە دەبێت کاتی هاتنی مەغۆل بکەوێتە دوا ساڵانی دەسەڵاتی کلۆڵو سەرەتای سەردەمی خدری کوڕی کلۆڵ، کە دیارە سەرەتای هاتنی مەغۆل بۆ هەرێمی چیا[1]و شارەزوور دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی (٦٣١–٦٣٣ك/١٢٣٤– ١٢٣٦ز) یان بە دوو ساڵ پێشتر[2]، بۆیە (سنندجی) ئەو پەیوەندییە دەبەستێتەوە بە سەردەمی کلۆڵی کوڕیو زنجیرەی ئەو بنەماڵەیەیان وا ریز کردووە، کە مەغۆل لە کۆتایی دەسەڵاتی (کلۆڵ) یان سەردەمی خدری کوڕی کلۆڵ دا هاتووە، دەڵێت: "...لە بەر لێهاتووییو بە جەرگی حکومەتی دیاربەکرو موسڵی پێ دەدرێت، هەتا لە سەردەمی زاڵبوونی جەنگیزدا لە سەر کاریان لابرد..."[3]، بەڵام ئاماژەی نەداوە کێ پێش هاتنی مەغۆل ئەو دەسەڵاتەی بەخشیوەتە کلۆڵ.

لە بەدواداچوونی سەرچاوەکان بەدەردەکەوێت، کە لە هەموو ئەو رووداوانەی هاتنی مەغۆلدا ناوی قەوارەیەك بە ناوی ئەردەلان لە شارەزوور دەست نەکەوت، بە تەنیا هەندێك لەو ژێدەرانەن باسیان لە پەیوەندیی نێوان سەرەتای دامەزراندنی ئەو میرنشینەو لەشکرکێشی مەغۆل کردووە.

---

[1] - هەرێمی چیا: لە نێوان هەێمەکانی ئەرمینیا، ئاران، ئازەربایجانە، دەکەوێتە نێوان خوراسان لە رۆژهەڵاتو عێراقی عەرەبی لە باشوورو وڵاتی دەیلەمو قەزوین لە باکور، لە سەردەمی سەلجوقیەکان پێ دەوترا عێراقی عەجەم. بڕوانە: (الاصطخري: الاقاليم، مخطوطة مصورة محفوظة في مكتبة المركزية لجامعة صلاح الدين، رقم، ٢٨٢٨٨- ٩٦/٣٠؛ المقدسي: أحسن التقاسيم، ص٣٦٠؛ القلقشندي: صبح الأعشى، ج٤/ص٣٦٦؛ كي لستريج : بلدان الخلافة، ص٢٢٠).

[2] - ٤٠ أبن ابي الحديد: حملات الغزو المغولي للشرق، دار لارماتون، باريس، ١٩٩٥، ص٥٨-٥٩؛ ابن العبري: تأريخ مختصر، ص٢١٨؛ المنسوب لابن الفوطي: الحوادث الجامعة و التجارب النافعة، تح/مهدي النجم، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٣، ص٣٨؛ فؤاد عبدالمعطي الصياد: المغول في التأريخ، ص١١٢-١٣٦

[3] - هۆزو تایەفەی، ل٦١

به پشت بەستن بە دوو ڕێگە دەتوانرێ ئاکامێکی نزیك لە ڕاستییەوە بۆ سەرەتای دامەزراندنی ئەو میرنشینە دەست بکەوێ، ئەوانیش یەکەمیان، بە گەڕانەوە بۆ مێژووی سیاسیی شارەزوور لە سەرەتای سەدەی ٦ك/١٢ز هەتا لەشکرکێشی مەغۆل بۆ ناوچەکە، دووەمیان بە هەژمارکردنی ژمارەو بەدواداچوونی ماوەی فەرمانڕەوایەتی میرەکانی ئەو میرنیشنە لە دامەزرێنەوە بۆ دوا میریان کە لە سەرەتای سەدەی ١٠ك/١٦ز حوکمی کردبێت.

سولتان (عماد الدین الزنکی) لە ساڵی (٥٣٤ك/١١٣٩ز) شارەزووری داگیرکردووە، پێشتر لە بندەستی میرنشینی قەفجاق (قبجاق)[1]ی تورکمانی دابووە[2]، دواتر لە بندەستی دەسەڵاتی ئەتابەکی موسڵ مایەوە هەتا هاتنی هێرشی سەلاحەدین بۆ گرتنی موسڵ، فەرمانڕەوای موسڵ ناچار بوو سازش بۆ فەرمانڕەوایەتی سەلاحەدین بکات. لە ساڵی (٥٨١ك/١١٨٥ز) شارەزوور بووە بەشێك لە فەرمانڕەوایەتی سەلاحەدینو لەلایەن نوێنەری ئەوەوە بەڕێوە براوە[3]. لە ساڵی (٥٨٦ك/١١٩٠ز) سەلاحەدینی ئەیوبی خاوەندارییەتی شارەزووری بە خانەوادەی(کوگبری) بەخشیوە[4]، لێرەوە بە

---

[1]- میرنشینی قەفجاق (القبجاق): قەفجاقی کوڕی ئەرەسەلانتاشی تورکانی لە شارەزوور دایمەزراندووە، سەرەتایەکەی دامەزراندنی دیار نیە، سنووری گەیشتۆتە هەولێرو کەرکوك، لەساڵی (٥٣٤ك/١١٣٩ز) لەلایەن عیمادەدین روخێنراوە. بڕوانە: (محسن محمد حسین: اربیل في العهد الاتابکي، ص١٧٩).

[2]- ابن الاثیر: الکامل في التاریخ، ج٩/ ص٣١٤؛ فارس العزاوي: دور الکرد في، ص٤٣-٤٤

[3]- ابن الاثیر: الکامل في التاریخ، ج١٠/ ص١٣٥-١٣٦؛ ابو شامة: الروضتین في اخبار الدولتین النوریة و الصلاحیة، تح/ ابراهیم الزیبق، مؤسسة الرسالة، (بیروت، ١٩٩٧)، ج٢/ ص٦٤ ؛ فارس العزاوي: دور الکرد في، ص٤٤

[4]- ابن شداد : النوادر السلطانیة و المحاسن الیوسفیة، تح/جمال الدین الشیال، مصر، ١٩٦٤، ج٢/ ص١٦٤، بۆ زانیاری زیاتر لە سەر قۆناغەکانی مێژووی سیاسیی شارەزوور لە سەدەی ٦ك/١٢ز هەتا مردنی موزەفەر کۆگبری بڕوانە: (درویش یوسف حسن: الاسرة الشهرزوریة و دورها السیاسي و الحضاري (٤٨٩-٦٣٠هـ/ ١٠٩٥-١٢٣٢م)، رسالة ماجستیر، کلیة الاداب، جامعة صلاح الدین، أربیل، ٢٠٠٤، ص٢٠-٢٧.

سوڵتان (مظفر الدين) گوتراوه خاوەنی هەولێرو شارەزوور[١]، له دوای مردنی ئەو له ساڵی (٦٣٠ك/١٢٣٣ز) کۆتایی به دەسەڵاتی ئەتابەکی هەولێر هاتووه، ناوچەکه هەموو گەڕایەوه بندەستی راستەوخۆی خەلافەتی عەبباسی[٢]. لەوەوه بەدەردەکەوێت، کە بەدرێژایی سەدەی ٦ك/١٢ز، هەتا مردنی کۆگبری، دەسەڵاتێك له شارەزوور نەبووه بەناوی فەرمانڕەوایانی ئەردەلان.

له ساڵی (٦٢٨ك/١٢٣١ز) یان (٦٢٩ك/١٢٣٢ز)ش سەرەتاکانی سوپای مەغول له شارەزوور نزیك بووه[٣]. (ابن الاثير)یش له باسی شاڵاوی تەتەر له ئازەربایجانەوه بۆ هەولێرو کەرکوکو دەروبەری شارەزوور باسی هیچ قەوارەیەکی کوردی نەکردووه، که لەگەڵ مەغۆل رێکەوتبێت یان بەرهەڵستی کردبێت[٤]. مێژوونووسێکی دیکەی هاوسەردەمی رووداوەکان، له باسی دەوڵەتی ئیلیخانی ناوی قەوارەیەك ناهێنێت له شارەزوور حوکمی کردبێت[٥]، توێژەری تازه له باسی بەرهەڵستیو هەڵویستی کورد بەرامبەر شاڵاوی مەغۆل هیچ ئاماژەیەکیان له سەر قەوارەیەکی سیاسیی لەو هەرێمه نییه[٦]. سەرچاوەکانی وەکو (ابن العبري)و (الهمذاني)، که هەردووکیان هاوسەردەمی رووداوەکانی نیوەی دووەمی سەدەی ٧ك/١٣ز بوون، له باسی پەیوەست بەو هەرێمه، ئاماژەیان به میرانی ئەردەلان نەکردووه[٧]، دوور نەبوو ئەگەر لەو سەردەمه هەبوایه، وەکو میرانی لوڕی گەورەو بچووکو هەکاری له رێگەی

---

[١]- ابن خلدون: تأريخ ابن خلدون (العبر و ديوان المبتدأ و الخبر في ايام العرب و البربر)، بيروت ١٩٨٤، ج٥/ ص٣٠٤

[٢]-المصدر نفسه، ج٥/ ص٣٢٢

[٣]- ابن الاثير: الكامل في التاريخ، ج١٠/ ص٤٩٤؛ الذهبي: العبر في الخبر من غبر، ج٥/ ص١١٣

[٤]- الكامل في التاريخ، ج١٠/ ص٤٩٤

[٥]- حمدالله مستوفي: تاريخ كزيده، ص٥٣٧-٦٢٣

[٦]- فارس العزاوي: دور الكرد في، ص١٣٨-٢٢٢

[٧]- بڕوانه: (تأريخ مختصر الدول، ص٢١٨-٢٤٠؛ جامع التواريخ، مج ٢، ج٢/ ص٢٦-٢٨٥).

هەڵوێست نواندیەوە لە سەرچاوەکان ناوی دەهات[1]، یان هەر نەبێ لە باسی بارودۆخی کوردستان لەو سەردەمە هەواڵێك لەو بارەیەوە دەستدەکەوت[2].

بەمەش دەگەینە ئەو ئاکامەی لە ساڵی (٦٣٠ك/١٢٣٣ز) هەتا کۆتایی سەدەی ٧ك/١٣ز هیچ قەوارەیەك لەو هەرێمە بەو ناوەوە نەبووە، بۆیە ئەوانەی دامەزراندنی ئەو میرنشنیە دەبەنەوە پێش سەدەی ٨ك/١٤ز پێناچێت بنەمایەکی زانستی هەبێت.

ئەو هەڵەیەش کە مێژوونووسان ئاماژەیان بۆ کردووە، کە گوایە لە سەردەمی هۆلاکۆ دابووە، لە بەدحاڵی بوونیانەوە بووە، لەو دەقەی بەدلیسی، کە دەسەڵاتی (جەنگیزیەکان) بە سەردەمی جەنگیزخان تێگەیشتوون.

لە رێگەی دیکەیشەوە دەتوانرێت، شرۆڤەی زانیاریەکان بکرێت بۆ گەیشتن بە سەردەمێکی دروست لە سەر دامەزراندنی ئەو میرنشینە، ئەویش بە هەژمارکردنی ژمارەی میرەکانو پێداچوونەوەی سەردەمی ئەوان.

(بێگە بێگ) لەدوای ساڵێك لە فەرمانڕەوایەتی مەئموون بەگی کوڕی بێگە بێگ سوڵتان (سلێمانی قانوونی ١٥٢٠-١٥٦٦ز) هاتووە[3]، کەواتە ئەو بۆچوونە لە راستیەوە نزیکە کە بێگە بێگ لە سەردەمی سوڵتان ئۆزروون حەسەنی ئاق قۆینلۆ (٨٥٧-٨٨٢ك/ ١٤٥٣-١٤٧٨ز) هەبووە[4]، ئەگەر ئەوەش بکەینە سەرەتایەك بۆ گێڕانەوەی زنجیرەی ئەو میرانەی لە پێش ئەو حوکمیان کردووە، بەدەردەکەوێت، کە بێگە بیك (دەیەمین) میری ئەردەلانە، کە لە ناویاندا (شەش) میریان بەدلیسی هیچ زانیاریەکی لە سەر دەست نەکەوتوون، ئەوەش رێی تێناچێت، کە ماوەی حوکمڕانی هەموویان

---

[1] - بۆ هەڵوێستی هەریەك لە میرنشینەکانی لوڕی گەورەو بچووكو هەکاری لەشاڵاوەکانی مەغۆل. بڕوانە: (زرار صديق : كردستان في القرن الثامن الهجري، ص٦٥).

[2] - بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: (عبدالله العلياوي: کوردستان في عهد المغول، سلیمانی، ٢٠٠٥، ص٢٤-٢٦).

[3] - البدليسي: شرفنامه، ص٢١٤-٢١٥

[4] - زرار صديق : كردستان في القرن الثامن الهجري، ص١٤٠

بگاته سێ سەد ساڵ، بەو پێیە ئەگەرچی مێژووی دامەزراندنی ئەو میرنشینە بگێڕدرێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی ٧ك/١٣ز، کە مێژوونووسان لە سەر زنجیرەی بە دوای یەکتریدا هاتنی ناوەکانیان یەکدەنگن[١]، بەڵام هیچ زانیاریەکیان لە سەر ماوەی حوکمڕانی یان هاوسەردەمی ئەوان لەگەڵ رووداوە دیارەکانی ئەو سەردەمە نەنووسیوە[٢]. ئەو ساڵانەش کە بۆ ماوەی فەرمانڕەوایەتیی هەریەك لەو میرانە لەلایەن مێژوونووسانی ئەردەڵانەوە دانراوە، بە نزیکەییەوە دانراوە[٣] و هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی لە سەر نییە.

بە خوێندنەوەی ئەو زانیاریە سەرەتاییانەی لە سەر میرانی ئەردەڵان هەیە لە ماوەی سەدەکانی ناوەڕاستو بە شرۆڤەی سەرچاوەکان، واتە ئەو میرنشینە لە سەرەتای ١٠/١٦ز تەمەنی لە دوو سەدە ساڵ تێنەپەڕیوە، لە سەدەی ٧ك/١٣زدا دانەمەزراوە.

هەندێك سەرچاوەی دیکەش هەن بە بێ خستنەڕووی هۆکارەکان سەرەتایەکی جیاوازیان لەو سەرچاوانەی پێشوو، بۆ ئەو میرنشینە داناوە. هەر بۆ نموونە، هەیە پێی وایە میرایەتیی ئەردەڵان لە کۆتایەکانی سەدەی ٧ك/١٣ز بە دیار کەوتووە[٤]، رای توێژەرێك وایە، کە لە سەرەتای سەدەی ٨ك/١٤ز پەیدا بووە[٥]، (مەلا محەمەدی قازی)یش تاکە مێژوونووسی

---

[١] - بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە یەك)

[٢] - میرانی ئەردەڵان هەتا هاتنی مەئموون بەگ بەم شێوەیە: بابا ئەردەڵان – کلۆل – خدر – ئەلیاس – خدر – حەسەن – بابلول – مونزەر – مەئمون – بیکە بیك. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (البدليسي: شرفنامە، ص٢١١-٢١٤؛ ئەردەلانی: دوو ذە يلي شەرەفنامە، ل٩١ ؛ مستورەی اردلان: تأريخ الاكراد، ص٢٦-٢٩؛ میرزا شكرالله سنندجی: هۆزو تايەفەی، ل٩٠-٩٦؛ ئەلحوسەينی: مێژووی فەرمانڕەوايی ئەردەلانيەكان، ل٨-١٠ ؛ بابا مردوخ روحانی شيواو: تاريخ مشاهير كرد، ج٣/، ل٢٢٨-٢٣٣ ؛ صفی زادە: تاريخ كردو كردستان، ص٤٨٤-٤٨٩؛ مردوخ كوردستانی: تاريخ مردوخ، ص٣١٣-٣١٧).

[٣] - نەوشیروان مستەفا: لە پەراوێزی مێژووی ئەردەڵان دا، ل٨

[٤] – کەمال بورقای: کوردو کوردستان لە سەردەمی، ل٢٠٢

[٥] - عماد عبدالسلام: ادارة العراق الاسرة الحاكمة..، ص٢٣٤

ئەردەلانە، بۆچوونی جیاوازی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا هەیەو پێی وایە، لە سەردەمی شاڵاوەکانی تەیموور لەنگ (٧٨٧–٨٠٧ك/١٣٨٥–١٤٠٥ز) دامەزراوە[١]، دیارە لەو سەردەمەشدا دابەش بوونێکی سیاسیی لە ناوچەکەدا هەبووە[٢]، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە (شامی) وەکو سەرچاوەیەکی بنەڕەتی بە وردی باسی داگیرکردنی ناوچە کوردیەکانی کردووە لەلایەن تەیموور لەنگەوە، باسی زۆر هۆزو قەڵاو میرنشینەکانی ئەوکاتەی کردووە، بەڵام باسی ئەردەڵانی نەکردووە[٣]. سەرچاوەیەکی دیکەش، کە باسی بۆ سەنانەوەی پیاوانی یەکێك لە هۆزەکانی شارەزووری کردووە، بۆ سوپایەکەی تەیموور لەنگ، کە ئەویش (٣٠)کەسی لەو هۆزەی گرتووەو بەدارەوە هەڵیواسیون[٤]، بەڵام هەواڵێکی لە سەر ئەو میرنشینە نەنووسیووە.

سەرچاوەیەکی دیکەیش هەیە دەگێڕێتەوە بۆ سەدەی ٨ك/١٤ز[٥]، بەڵام هیچ کاتێکی دیاریکراوەی ئەو سەدەیان دیاری نەکردووە، (زامباور) دەروبەری ساڵی (٧٣٠ك/١٣٣٠ز) داناوە[٦]، مەرج نییە بە وردیو تەواوی لەو ساڵەدا بووبێت، بەڵام ئەمەیان لە راستیەوە نزیکە.

ئەو ئەنجامەی پێی گەیشتین لە رێگەی هەندێك لە مێژوونووسانو شرۆڤەی سەرچاوەکانو تێگەیشتن لەو دەقەی بەدلیسی، ئەوەیە کە سەردەمی لاوازی دەسەڵاتی ئیلیخانی، واتە سەرەتای سەدەی ٨ك/١٤ز، کە وەکو دەرفەت وا بووە بۆ سەرهەڵدانی میرنشینو دەسەڵاتی بنەماڵە خاوەن قەڵاکان لە کوردستان[٧]، دەشێت میرنشینەکە لەو کاتە دامەزرابێت، کە

---

[١]- زبدە التواریخ، ص١٣-١٤

[٢]- شامي: ظفرنامة، ص٢١-٢٢

[٣]- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (هەمان سەرچاوە، ل٩٩-٢٣٢)

[٤]- الیزدي: ظفرنامة، ص٢٦٠

[٥]- نیکتین: کوردو کوردستان، ل٤٨٨

[٦]- معجم الانساب، ج٢/ ص٣٩٦

[٧]- بۆ زیاتر زانیاری لە سەر کۆتاییەکانی سەردەمی ئیلیخانی بڕوانە: (شامی: ظفرنامة، ص٢٣٢؛ زرار صدیق : کردستان في القرن الثامن الهجري، ص٦٩-٨٠).

دەکاتــە کۆتــایی چــارەکی یەکــەمو ســەرەتای چــارەکی دووەمــی ســەدەی ٨ك/١٤ز، ئـــەوە هاوســـەردەمی کۆتاییـــەکانی دەســـەڵاتی ئیلیخـــانی (جەنگیزیەکان بەپێی گوزارشتی بەدلیسی).

ئـەوەش، کـە لـە سـەردەمی تـەیموور لـەنگو پێشـتر هـەواڵێك لـەو بارەیەوە نەهاتووە، هێندەی بەڵگەیە لـە سـەر لاوازی دەسـەڵاتی سیاسـیی‌و سەربازیی ئەو میرنشینە، بەڵگە نییە لە سەر نەبوونی، چونکە گومان نیە، کە ئـەو میرنشـینە لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی ٩ك/١٥ز هـەبووە، گەرچـی لـە ڕووداوەکانی پەیوەست بە شالاوەکانی ئاق قۆینلۆ ناوی نەهاتووە.

ئەردەلان بایەخێکی گەورەی لە ناو میرنشینە کوردیەکاندا هەیە، چـونکە سنووری فەرمانڕەوایەتیەکەی فراوان بووە، لە هەموو قۆناغـە سـەختەکانیش سەربەخۆیی خۆی پاراستووەو تەمەنێکی درێژیشی هەبووە.

بەشێکی ئەو هۆکارە گشتیانەی خرانەڕوو، ڕۆڵی هەبووە لە دامەزرانـدنی ئـــەو میرنشـــینە. دەگونجێــت بابــا ئـــەردەلان لـــە ســـەرەتاوە مەبەســـتی دروستکردنی دەسەڵاتی سیاسیی نەبووبێت، لـە سـەردەمی کـوڕو نـەوەکانی گۆڕابێـت بـۆ دەسـەڵاتێکی سیاسـیی، هاوشـێوەی دامەزرانـدنی دەسـەڵاتی بنەماڵەی (سەفەوی) دەستی پیکردووە.

سەبارەت خەسڵەتو کەسایەتی بابا ئەدەلانەوە گوتراوە، کـە "پیـاوێکی کارزانو بە دەستو برد بووە..."[1] یان "هەتا بلێی پیـاوی چـاك بـووە، دڵـی پاك بووە، لە ئـاوی شـەو خـۆی دەپاراسـت، کـاری نـاڕەوای نـەدەکرد..."[2]، سەرچاوەکانی دیکەیش هـەر جـەخت لـە سـەر هـەمان خەسـڵەتی کاریزمـایی ئایینیو پیاوچاکی ئەو دەکەنەوە[3]، لەو سۆنگەیەوە بنەماڵەی ئەردەلان بۆتـە هەوینی یەکخستنی هۆزی گۆرانو هۆزەکانی دیکەی ناوچەکە.

---

[1]- البدليسي: شرفنامه، ص٢١١

[2]- مستورەی اردلان: تأريخ الاكراد، ص٢٥-٢٦

[3]- منوچهر اردلان: لب تواريخ، ص٥

سەرچاوەیەك ئاماژەی بەوە داوە، كە لەوانەیە لە سەردەمی لاوازی دەسەڵاتی ئێلیخانی كۆتایی سەدەی ٧ك/١٣ز بە دەرفەت زانیبێت، میرنشینی ئەردەلان لە زەڵمی نزیك شارەزوور پەیدابووبێتو دواتر لە سەردەمی نەوەكانی پەرەی سەندبێ[١]، پادشای ئێلیخانی (ئۆلیجاریتۆ ٧٠٣ – ٧١٦ك/ ١٣٠٤– ١٣١٧ز)[٢] مسوڵمان بووە، پەیوەندیی لەگەڵ خەڵكی ناوچەكە ئاسایی بۆتەوە، بارودۆخ جۆرێك لە ئارامیو پێشكەوتنی بەخۆوە بینیووە، لە سەر دەستی ئەو هەندێك چاكسازیو ئاوەدانی هاتەدی، بەڵام دوای مردنی ناكۆكیو ئاژاوە لە نێو ئەندامانی بنەماڵەكەی پەیدابوو[٣]. لە دوا ساڵانی دەسەڵاتی ئێلیخانیشدا جۆرێك لە بێ سەرەوبەرەیی بڵابووەوە[٤]، پێدەچێت ئەمە دەرفەتی دروستكردبێت بۆ دامەزراندنی میرنشینی ئەردەلان.

لە رووی ئایینیشەوە پەیدابوونی بابا ئەدەلان، وەكو رێبەرێكی ئایینی پەیوەندیی بەو باردۆخە ئایینیەوە هەبووە، كە لە كۆتایی دەسەڵاتی ئەبو سەعید (٧١٦–٧٣٦ك/١٣١٦–١٣٣٥ز)دا دوا سوڵتانی ئێلیخانیدا هاتە ئاراوە، دەورێشو سۆفی بڵابوونەوە، سوڵتان بەرگری لێدەكردنو وای لێهات تەكیەو خانەقا بە هەموو لایەكی وڵات دا بڵاوبۆوە[٥].

---

[١]- عماد عبدالسلام: ادارة العراق الاسرة الحاكمة و.. ص٢٣٢

[٢]- ئولیجاریتۆ: ئۆلیجارتۆ كوڕی ئەرغۆن، سوڵتانی مەغولی، ناوی خۆی گۆڕی بۆ موحەمەد خودا بەندە، بارودۆخی فەرمانڕەوایەتی مەغۆل گۆڕانكاری بەسەردا هات. بڕوانە: (ابن بطوطة: رحلة، ج١/ ١٤٠؛ زرار صدیق : كردستان في القرن الثامن الهجري، ص٥٦).

[٣]- رغد عبدالكریم احمد النجار: العراق في العهد الجلائري، ص١٧

[٤]- فاروق عمر، مرتضى حسن النقیب: تأریخ ایران، ص٢١١

[٥]- عباس إقبال: تاریخ المغول منذ حملة جنكیزخان، ص٤٥٥

## بەشی سێیەم

# دامەزراندنی میرنشینی بادینان (ئامێدی)

**باسی یەکەم: چەمکی ( بادینان ) لە رووی زاراوەو ریشەی مێژووییەوە**

**باسی دووەم: مەڵبەندو سنووری میرنشینی بادینان**

**باسی سێیەم: دامەزرێنەری میرنشینی بادینانو سەرەتای دامەزراندنی**

## باسی یەکەم:

## چەمکی (بادینان) لە رووی زاراوەو ریشەی مێژووییەوە

لەگەڵ ئەوەدا (بادینان، بەهدینان) ناوی میرشینێکی کوردی بووە، ناوی دەڤەرێکی فراوانی کوردستانیشە. بەدلیسی پێی وایە، ئەو ناوە لە (بەهائەدین)ەوە هاتووە[1]، شەجەرەی زیوکی (الشجرة الزیوکیة)، کە سەرچاوەیەکی دیکەی بنەڕەتییە لە سەر سەرەتاکانی میرانی ئەو میرنشینە[2]، لەگەڵ هەندێك لە سەرچاوە تازەکان هەمان بۆچوونیان هەیە[3]، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە پێش دامەزراندنی میرنشینی بادینان ئەو ناوە نەبووبێت.

لە بەرامبەردا ئەوەدا کە ئەو ناوە لە میر بەهائەدینەوە هاتووە، بەڵام هەندێ لە ژێدەرە تازەکان بۆچوونی دیکەیان هەیە، پێی وایە: لە ناوی (ئەدیابین یان هادیابین)ەوە هاتووە، کە وشەیەکی کۆنەو لە پێشدا بە ناوچەی زاخۆو دهۆك‌و ئامێدی‌و ئاکرێ گوتراوە[4]، بەڵام ئەم بۆچوونە دروست

---

[1]- شرفنامە، ص٢٥٣

[2]- دەستنووسێکە بە ناوی (ملوك هكاري و حكام شمدينان و سلاطين العمادية و مشايخ نيروە و الزيبار)، زیاتر بە مەبەستی بەدەرخستنی پەیوەندیی بنەماڵەی شێخەکانی نیرۆو زیبار لەگەڵ میرانی ئامێدی نووسراوە. سەرەتاکەی دیار نیە. دوو جار نووسراوەتەوە. جاری یەکەم لەلایەن مەلای گوندی سپیندارەی نزیك ئامێدی‌و جاری دووەم لە ساڵی ١٧٩٣ز لایەن تەها کوڕی مەلا عیزەدین ناوێکەوە نووسراوەتەوە. بڕوانە: (مؤلف مجهول: الشجرة الزيوكية "نسب أمراء بهدينان و تأريخهم"، "وثيقة المنشورة"، تح/عماد الدين عبدالسلام، مكتب التفسير للنشر و الاعلان، أربيل، ٢٠٠٩، ص١٢-١٤).

[3]- بابا مردوخ روحانی شیواو: تاريخ مشاهير كرد، ج٣/ ل١٤٢؛ الدوسكي: بهدينان في أواخر العهد العثماني، مؤسسة الموكرياني للبحوث والنشر، اربيل،٢٠٠٧، ص٢٥-٢٦؛ صديق الدملوجي: امارة بهدينان او امارة العمادية، تقديم و مراجعة: عبدالفتاح على بوتاني، دار اراس للطباعة والنشر، اربيل، ١٩٩٩، ص٥ ؛ عماد عبدالسلام رؤوف: ادارة العراق الاسرة الحاكمة، ص٣٠٤؛ المائي: الاكراد في بهدينان، الموصل، ١٩٦٠، ص١

[4]- الدوسكي: بهدينان في أواخر، ص٢٥-٢٦؛ عبدالفتاح علي يحي: الملا يحى المزوري و سقوط أمارة بادينان، القسم الاول، مجلة كاروان، ع (٤٢)، اذار ١٩٨٦، ص١٥٧ ؛ عماد عبدالسلام: ادارة العراق الاسرة الحاكمة، ص٣٠٤؛ ليرخ: دراسات حول الاكراد وأسلافهم الخالدين الشماليين، ترجمة/عبدي حاجي، منشورات مكتبة خاني، حلب، ١٩٤٠، ص٦٠

دەرناکەوێ. چونکە (ئەدیابین) بە نێوانی زێی بچووكو گەورە گوتراوە. بادینان ئەوکات کەوتبووە بەشی (کوردۆئین)، کە زۆربەی هەرێمەکانی باکووری کوردستانی ئێستای بە ناوچەی بادینانیشەوە گرتبووەوە [1]، ئەدیابین بە (حدیاب)یش هاتووە، کە بە هەولێرو دەوروبەری گوتراوە [2]، بۆیە ناشێت بادینان لەو ناوەوە هاتبێت.

مەرج نییە هەموو بۆچوونەکان بنەڕەتێکی زانستیان هەبێت، هەیە پێی وایە، ڕەنگە لە وشەی (بەدین، واتە دیندار)ەوە [3]، یان لە وشەی (مەهرینان، مەهرینا، مەهرانیان)ەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە دەکاتە شوێنکەوتووانی ئایینی (میهر، میترا) [4]، بوونی میرنشینی (مەهرانی)یش لە سەردەمی عەبباسیدا هەبووە [5]، کە لەوناوەوە نزیکە، ئەو بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوە.

بەڵام ئەم بۆچوونانەی سەرەوە بنەڕەوتی مێژوویی نیەو بەو شێوەیە بێت، بادینان دەبوایە پێش دامەزراندنی میرشینی بادینان هەبوایە.

سەرچاوە مێژووییو شارناسەکان ناوی (بادینان)یان نەبردووە، پێش دامەرزاندنی ئەو میرنشینە بەشێك بووە لە هەکاریو مەڵبەندەکەی

---

[1]- فرست مرعي: كردستان في القرن السابع الميلادي، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٦، ص٨-٩ ؛ محمد صالح زيباري: دهوك عبر العصور الوسطي (٢٥٠٠ق.م — ١٦٤١م)، مجلة دهوك، ع(٤)، (ايلول ١٩٩٧)، ص٧٥

[2]- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (فؤاد جميل: اربيلا و عشتار — اربيلا، مجلة سومر، ١٩٦٩، ج١/ ٢، مج/٢٥، ص٢١٩-٢٢١).

[3]- جمال رشيد: دراسات في بلاد سوبارتو، بغداد، ١٩٨٤، ص١٤،

[4]- عبداالرقيب يوسف: حدود كردستان الجنوبية تأريخيا و جغرافيا خلال خمسة الاف عام، السليمانية، ٢٠٠٥، هامش، ص١١٢.

[5]- لە سەدەی ٦ك/١٢ز میهرانیەکان چەند قەڵایەکی نزیك بە جەزیرەی بۆتان بە دەستەوە بووە، وەکو قەڵای ڕەیبەو شەعبانیە. بڕوانە: (ابن الاثير: الكامل في التاريخ، ج٩/ ص٢٧٥-٢٧٦ ؛ سوادي عبدمحمد: الاحوال الاجتماعية و الاقتصادية في بلاد الجزيرة الفراتية خلال القرن السادس الهجري/ الثاني عشر الميلادي، دار الشؤون للثقافة العامة، بغداد، ١٩٨٩، ص٣٧٦-٣٧٧).

جولەمێرگ[١]، قەڵای ئامێدی (العمادیـە) هێمـاو مەڵبەنـدی ناوچـەکە بـووە، لـە سەرچاوەکاندا لە کۆتایی سەدەی ٦ك/١٢زیەوە ناوی هاتووە[٢]، کە وەکو قەڵا یان ئاوەدانیەکی هەکاری هەژمار کراوە[٣].

بەڵام زیـاتر پێدەچێت بادینـانی دەوروبـەری ئامێـدی وەکـو بەشـیك لـە هـەکاری هـەژمار کرابێـتو ناوچـەکانی دهـۆكو شـێخان لەگـەل موسـڵ، واتـە هەموو ناوچەکە کـە دواتـر لـە سەردەسـتی میرانـی بادینـان یـەکخران پێشـتر وەکـو یەکەیـەی سیاسـیی‌و جـوگراف بـەدیار نەکـەوتبێت هـەتا پێویسـت بـە ناوێکی سەربەخۆ بکات.

لەگەڵ خستنەڕووی هەموو ئەو بۆچـوونانەی بەردەسـت بـوون لەژێـدەرە تازەکان، کە زۆربەیان بە لاوازو نازانستی دەبینرێـت، بۆیـە لـەوە زیـاتر، کـە ناوی بادینان لە (بهائەدین – بەهدینان، بادینان)ەوە هاتووە.

---

[١]- جولەمیرگ: مەڵبەندی هەکاری بووە، لە نێوان موسڵو وان، لە شوێنێکی ئەستەم بـووە، کـە نـە سوپا و نەتیر نایگاتێ. (القلقشندی: صبح الاعشی، ج٤/ص٣٧٧).

[٢]- إبـن الاثـير: الكامـل في التـاريخ، ج٩، ص٢٧٥-٢٧٦؛ إبـن كـثير: البدايـة و النهايـة ، ج١٢، ص٢٥٣؛ القلقشندي: صبح الاعشی، ج٤، ص٣٢٨؛ قادر محمد پشدەری: دامەزراندنی میرنشینی بادینان، گۆڤاری ئەکادیمی، هەولێر، ژ١٠، ٢٠٠٩،، ل٢٦

[٣]-یاقوت الحموي: معجم البلدان، ج٥/ ص٤٠٣

### باسی دووەم:

## مەڵبەندو سنووری میرنشینی بادینان

ئامێدی بایەخێکی گرنگی لە مێژووی ئەو میرنشینەدا هەبووە. ناوی میرەکانی بە فەرمانڕەوایانی (ئامێدی) ناو براوە، "لە سەرەتاوە بە تەنیا بە ئامێدیو دەوربەری گوتراوە میرنشینی بادینان"[١]، کە ئەو شارە لە سەرەتاوە تا کۆتایی تەمەنی تاکە پایتەختو مەڵبەندی فەرمانڕەوایەتی بووە.

دواتر میر حەسەنی چوارەم میری بادینان لە کۆتایی سەدەی ٩ک/١٥ز سنوورەکەی لە سەر حیسابی چەند میرنشینێکی دیکە، بە ئاراستەی ڕۆژئاواو باشوور فراوانکردووە. لە ڕۆژئاوا میرنشینی (سندی)[٢]و لە باشووری ڕۆژئاوا (داسنی)[٣] خستە سەر سنووری فەرمانڕەوایەتی خۆیەوە[٤]، پاشماوەی سنووری (حەمیدی)[٥]یش، کە لە ساڵی (٧١٠/١٣١٠ز) کۆتایی هاتبوو، (ئاکرێ) مەڵبەندەکەی بووە[٦]، وا بە دەردەکەوێ ئەویش بووبێتە بەشێك لە فەرمانڕەوایەتی بادینان.

---

[١] - الدوسكی: بهدینان في أواخر، ص٢٧؛ المائی: الاكراد فی بهدینان، ص١ ؛

[٢] - میرنشینی سندی: لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە لە سنووری بە ناوچەی سندیا ناسرابوو، لەشوێنی زاخۆی ئێستا، بڕوانە: (جەلیلی جەلیل: کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، وەرگێڕانی/کاوس قەفتان، بغداد، ١٩٦٩، ل١٠٧ ؛ زرار صديق : القبائل و الزعامات، ص١٦٣).

[٣] - میرنشینی داسەنی: میرنشینێکی بچووك بووە لە دەوروبەری چیای داسەنێ، بە کوردەکانی ئەو شوێنەشیان وتووە داسەنی، بەدلیسی دەڵێت: (میر حەسەن دەستی بەسەرادا گرت)، بەڵام دواتر مابوون. (البدليسي: شرفنامة، ص٢٦١؛ الدملوجي: امارة بهدينان، ص٣٦).

Minorsky: The Encyclopedias Of Islam Volume V, p.460

[٤] - البدليسي: شرفنامة، ص٢٦١

[٥] - میرنشین یان هۆزی حەمیدی: وەکو کوردانی حەمیدی لە کۆتایی سەدەی ٣ك/ ٩ز، ناویان هاتووە، چەند قەڵایەکیان لە ئاکرێو شوش بەدەستەوە بووە. بڕوانە: (ابن الاثير: الكامل في التاريخ، ج٦و ص٤٢٧، ج٨/ ص٢٨٤، ج٩/ ص٤٧٤؛ ياقوت الحموي، معجم البلدان، ج٣/ ص٣٧٢)

[٦] - زرار صديق: القبائل و الزعامات، ص٩١

سنووری ئاسایی ئەو میرنشینە گەیشتووەتە (داسەنی، شوش[1]، سلێڤان، سندیا، شێروان) لە رۆژئاوا، لە رۆژهەلاتەوە گەیشتۆتە سۆرانو لە باکوور گەیشتووەتە بۆتانو هەکاری، لە لای باشوورییەوە گەیشتۆتە چیای مەقلوبو رووباری دیجلە[2].

گوایە ئەم فراوانخوازیەش لە سەر حیسابی دەوروبەری لە دوای داننانی شا ئیسماعیلی سەفەوی بووە، بە دەسەلاتی ئەو میرنشینە[3]، کە دواتر بووە بە سنووری ئاسایی فەرمانڕەوایی بادینان. بە دروست نابینرێ، چونکە وا پێدەچێت پێش بەدەرکەوتنی شا ئیسماعیلی میری بادینان، لاوازی دەسەلاتی ئاق قۆینلۆی لە کۆتایی سەدەی ٩ک/١٥زدا بەدەرفەت زانیبێت بۆ ئەو فراوانخوازیەو پەیوەندیی بە بەدیارکەوتنی سەفەویەکانەوە نەبووبێت، وەکو بەدەردەکەوێ دەوڵەتی ئاق قۆینلۆ پەیوەندیی لەگەڵ میری بادینان باش نەبووە[4].

مێژوونووسو توێژەرە هاوچەرخەکان سنووری ئەو میرنشینە دەبەنەوە بۆ نێوانی زێی گەورە لە رۆژهەلاتو باکووری رۆژهەلاتو زێی خابوور لە باکووری رۆژئاوایی، یان بە گشتی بە ناوی شارو قەلا ناودارەکانی ناوی دەبەن وەکو قەلای زاخۆو دهۆکو ئاکرێ[5].

---

[1] - بڕوانە: (یاقوت الحموی: معجم البلدان، ج٣/ ص٣٧٢؛ القلقشندی: صبح الاعشی، ج٤/ ص٣٢٩).

[2] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (الدملوجی: اماره بهدینان، ص١٥؛ المائی: الاکراد فی بهدینان، ص١).

[3] - البدلیسی: شرفنامه، ص٢٦١؛ المائی: الاکراد فی بهدینان، ص١٢٥

[4] - بڕوانە: (باسی سێیەمی ئەم بەشە)

[5] - رابیعە فەتاح شێخ محەمەد: کوردستان لە سەدەی پازدەی زایینییدا، ل٢٦٦؛ لونکریک: أربعة قرون، ص١٩ ؛ جەلیلی جەلیل: کوردەکانی، ل١٠٦؛

## قەلاْو ئاوەدانييەكانى بادينان

**ئاميْدى:** پـيْش ئـەوەى بووبيْتـە مەلْبەنـدى ئـەو فەرمانڕەوايەتيـە، وەكـو قەلاْ سەختە سەربازيەكانى ناوچـەكە ناسـرابوو، لەگـەلْ دەوروبەريـدا بەشـيْك بوون لە هەريْمى هەكارى[١]، لـە سـەرەتاى سـەدەى ٧ك/١٣ بـووە بەشـيْك لـە فەرمانڕەوايەتى موسلْ[٢]. لە بارەى ئاوەدان كردنەوەيەوە (إبن الأثير) دەلْيْت: "(عماد الدين زنكي) سـوپايەكى نـاردووە بـۆ سـەر قـەلاْى (ئاشـب)[٣]، كـە لـە سەخترين قەلاْى كوردەكانى هەكارى بووە، دەستى بە سەر سـامانو خـەلْكى ناوچەكە داگرتو گەمارۆى دانو هەرچى كەسـيْكى تيْـدابووە دەرى كـردوون، ئاشب لە بەر گەورەيى نەپاريْزراوە، لە بەرامبەردا قەلاْى ئاميْدى بنيات نـاوە، ئاميْـدى (العماديـة) بـە نـاوى (عمـاد الـدين)ەوە ناوبـانگى دەركـردووە"[٤]. لـە سەرچاوە ميْژوويىو بولداينەكاندا، ئەوە جيْگير بووە، كە ئاميْـدى (العماديـة) بە ناوى (عماد الدين زنكـي)يـەوە نـاو نـراوە[٥]، كـە لـە سـالْى (٥٣٧ك/١١٤٣ز) ئاوەدانى كردۆتەوە[٦]، بەمەش بەدەردەكەوىْ، كـە ئاميْـدى لـە (العماديـە)ەوە وەرگيرابيْت.

---

[١]- ابن الاثير: الكامل في التاريخ، ج٩/ ص٣٢٦، ج١٠/ ص٨ ؛ القلقشندى: صبح الاعشى، ج٤/ ص٣٧٨

[٢]- ابن الاثير: الكامل في التأريخ، ج١٠/ ص٤٥٥ ؛ ابـن خلـدون: تـأريخ ابـن خلـدون، ج٥/ ص٣٢١؛ عطا عبدالرحمان: حركات الخواريج في بلاد الكورد و ما جاورها، ص٩٩-١٠٦

[٣]- قەلاْى ئاشيب: لە قەلاْ سەختەكانى كوردانى هەكارى بووە لە ولاْتى موسل، پاشماوەى ئەو قەلاْيە ئيْستا ويْرانە بە ناوى (ئاميْديكا خراب) لە رۆژهـەلاتى سەرسـەنگ. بڕوانـە: (يـاقوت الحموى: معجم البلدان، ج١/ ص٥٤).

[٤]- الكامل في التأريخ، ج٩/ ص٣٢٦، بەلاْم (العباسى) پيْى وايە، قەلاْى ئاشيب لە شويْنى ئيستاى قـەلاْى ئاميْدى نەبووە. بڕوانە: (امارة بهدينان العباسية، ص١٢).

[٥]- بە تەنيا (حمدالله مستوفى) نەبيْت، كـە پيْـى وايـە مەبەسـت لـە عمـاد الدوەلـە الـديلمى بويهييـە، بڕوانە: (نزهة القلوب، ص١٤٤ ؛ كي لسترنج : بلدان الخلافة، ص١٢٢).

[٦]- ياقوت الحموي: معجم البلدان، ج٤/ ص١٨٩؛ ابو شـامة: الروضـتين في اخبـار الـدولتين، ج١/ ص١٣٦؛ ابن الفرات: تأريخ ابن الفرات، تح/ حسن محمود الشماع، د.م، ١٩٧٠، مج٥، ج١/ ص٢٥٥-٢٥٦؛ كورد لە ئينسكلۆپيدياى ئيسلامدا، وەرگيْڕانى/حەمە كەريم عارف، هەوليْر، ١٩٩٧، ل٥٨

بۆ چوونی جیاواز لەو بارەیەوە ئەوەیە، کە لـە سەرچـاوە ئاشـووریەکان (ئامات) شارێکی گەورە بووە، بە شێوەی "ئامـادی – ئامێـدی، بـە ئامێـدی، ئامید یان ئامیدا، ئامادی" نـاوی هـاتووە[١]، ئەمـەش بەپێچـەوانەی بۆچـوونی یەکەم دەبێت (العمادیە) لە ئامێدیەوە وەرگیرابێت.

لە راستیدا ئامێدی لەو کۆنترە لەگەڵ هاتنی (عماد الـدین الزنکـی) پەیـدا بووبێت، وەکو ئاماژەی پێدرا لـە سـەردەمی ئاشـووریەکانەوە هـەبووە، ئـەو بۆچـوونە زیـاتر لـە راسـتییەوە نزیکـە ( عمـاد الـدین زەنکـی) ئـاوەدانی کردبێتەوەو ناوی ئـەوی وەرگرتبێـت، بـەڵام پـێ ناچـێت لـە بنەڕەتـەوە ئـەو بنیاتی نابێت.

ئەو گردەی قەڵای ئامێدی لە سەر بنیات نراوە، وەکـو بـەردێکی گـەورە لە سەر شێوەی هێلکەیی هەڵکەوتووە، ئەمەش بۆتە شوورایەکی سروشتی بۆ ئامێدی، رووبەرەکەی نزیکـەی (١٧/٥کـم٢)ە،ئـەوەی شـایانی بـاس کردبێـت دەرووبەرێکی پڕ کشتوکاڵو بە پیتو بەرەکەتی هەیە[٢]، بۆیە ئامێدی بە هۆی ئەو دەرامەتە ئابووریەوە لەو نێوەنـدەدا بـە درێـژایی سـەدەکانی ناوەڕاست مەڵبەندێکی گرنگی سەربازیو کارگێڕی ناوچەکە بووە.

**زاخۆ (الحسنیە)**: لە سەدەکانی ناوەڕاست بە قەڵای (الحسنیە) ناسراوە[٣]، کـە کەوتۆتـە نێـوان جـەزیرەو موسـڵو دوو ڕۆژە ڕێ (نزیکـەی٧٢کـم) لـە موسـڵەوە دوورە. رووبـاری خـابووری بـە نـاودا دەڕوا، کـە لـە زۆزان[٤] هەڵـدەقوڵێتو دەڕژێتـە رووبـاری دیجلـەوە[٥]، لـە سـەردەمی دەوڵـەتی

---

[١]- لە تابلۆکانی ئاشوریدا، لە باسی سەردەمی مەلیکی ئاشووری شمسی ئەددی پێنجەم (٨٢٣-٨١٠ پ.ز) بەناوی (ئامات) هاتووە. بڕوانە: (زرار صدیق : القبائل و الزعامات، ص١٨٦).

[٢]- کوردو کوردستان لە ئینسکلۆپیدیای تورکیدا، ل٢٣١ ؛ الدوسکی: بهدینان فی أواخر، ص٣٨

[٣] - یاقوت الحموی: معجم البلدان، ج٢، ص٢٦٠؛ القلقشندی: صبح الاعشی، ج٤/ ص٣٧٨؛

[٤]- زۆزان: دەڤەر ێکی فراوانە لە رۆژهەڵاتی دیجلە، لە لای جەزیرەی ئبن عومەر، تایبەت بەکوردانی بـەکوردانی بـوختی (بۆتـان) بـووە. بڕوانـە: (یـاقوت الحمـوی: معجـم البلـدان، ج٢/ ص١٢٤، ج٣/ ص١٥٨؛ خوشناو: الکورد و بلادهم، ص١٦٢).

[٥]- یاقوت الحموی: معجم البلدان، ج٢/ ص٢٦٠، ٣٣٥

(مەروانی– دۆستەکی) لە کۆتایی سـەدەی ٤ك/١٠زیـەوە بایـەخێکی گـەورەی هـەبووە، وەکـو مەڵبەنـدی بـە یەکگەیانـدنی جـەزیرەو موسـڵ بـووە[١]، وەکـو ئامـاژەی پـێ درا، لـە کۆتـایی سـەدەکانی ناوەڕاسـت مەڵبەنـدی میرنشـینی (سندی) بووە.

**ئاکرێ (العقر)**: لە سەدەی ٧ك/١٣زیەوە نـاوی لـە سەرچـاوە مێـژوویی‌و شارناسـەکاندا بـە (العقـر) هـاتووە، قەڵایـەکی سـەخت بـووە لـە ڕۆژهـەڵاتی موسڵ[٢]. عیمادەدینی زەنکی لە ساڵی (٥٢٨ك/١١٣٤ز) دەستی بەسەرا گرت[٣]. لە سەردەمی شاڵاوەکانی مەغۆل، هەتا سەرەتای سەدەی ٨ك/١٤ز بە دەست خانەوادەی (مازنجانی)[٤]یەوە بووە[٥].

**شوش**: قەڵایەکی بە ناوبانگ بووە لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە، نزیـك بـە ئـاکری، دوازدە فرسەخ[٦] (نزیکەی ٧٢کم) لە ڕۆژهەڵاتی موسـڵەوە دوورە، لـە هەنـدێك سەرچاوەکان (سوس)یش هاتووە، ناوی لەگەڵ قەڵای (ئـاکرێ) دا هـاتووە[٧]، بەڵام ناوی لەگەڵ سەردەمی فراوانخوازی فەرمانڕەوایەتی بادینان نـەهاتووە، پێدەچێت ئەوکات بایەخی نەمابێت.

---

[١]- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (ابن الاثیر: الکامل في التأریخ، ج٦/ ص٣٧٧، ج٧/ص٣٧٩ ؛ الذهبي: تاریخ الاسلام. ج٢١/ ص٧؛ ابن خلدون: تاریخ ابـن خلـدون، ج٤/ ص٤٥٠، ٦٠١ ؛ درویـش یوسـف: نبـذة عن تأریخ زاخو عبر العصور الاسلامیة، مجلة دهوك، ع٤، نیسان ٢٠٠٥،ص٩٠-٩١).

[٢]- یاقوت الحموی: معجـم البلـدان، ج٤/ ص١٣٨ ؛ أبـو الفـدا: تقـویم البلـدان، دار و مکتبـة بیبلیـون، لبنان، ٢٠٠٩، ص٣٧٤

[٣]- ابن الاثیر: الکامل في التاریخ، ج٩/ ص٢٧٤ ؛ ابن الـوردي: تـأریخ ابـن الـوردي، دار المکتبـة العلمیـة، بیروت، ١٩٩٦، ج٢/، ج٢/ ص٣٨

[٤]- مازنجـانی: خـاوەنی قـەڵای ئـاکرێ‌و شـوش بـوون، تیرەیـەك بـوون لـە حەمیـدی، لەگـەڵ مـەغۆل پەیوەندی ئاشتیان بەستووە. (القلقشندی: صبح الأعشی، ج٤/ ص٣٧٥).

[٥]- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (زرار صدیق: القبائل و الزعامات، ص٨٧-٩١).

[٦]- فرسـەخ: نزیکـەی شـەش کیلۆمـەترە. بڕوانـە: (فـالتر همنـتس: المکایـل و الاوزان الاسـلامیه، ترجمه/کامل العسلی، عمان، ١٩٧٠، ص٩٤)

[٧]- بڕوانە: (ابن خلدون: تـأریخ ابـن خلـدون، ج٥/ ص٣٢٠؛ القلقشـندي: صـبح الأعشـی، ج٤/ ص٣٢٩؛ ابن الوردي: تأریخ ابن الوردي،ج٢/ ص١٣٦؛ ابو شامة: الروضتین في اخبار الدولتین، ص١٢٠).

سەرەڕای ئەوانەی سەرەوە، ژمارەیەکی دێکە لە قەڵاو ئاوەدانی لە بادینان هەبوون، کە بە پێویست نەزانرا باسی هەموویان بکرێت[1].

لە سەرەتاوە بادینان مەڵبەندی هۆزەکانی مزوریو زێباریو رێکانیو بەرواری، محەل، سیاب کوڕی، تیلی، بەهل (نهل)، ئەمانە پێش هاتنی میر بەهائەدین بەشێك بووبن لە دەسەڵاتی میرنشینی هەکاری بەڵام دواتر بوونە بەشێك لەو هێزە میللیەی لە سایەی میر بەهائەدین کۆڵەکەی فەرمانڕەوایەتی میرنشینی بادینانیان بەهێز کرد[2]، گۆڕان بەسەر رایەڵەو پێکهاتەی هۆزەکانی سەدەکانی پێش سەدەی ٩ك/١٥ لەگەڵ سەردەمە تازەکاندا هاتووە، بەڵام هەندێك لە هۆزەکان بە درێژایی هەردوو سەدە بە هەمان ناوەوە ماونەتەوە[3].

لە زۆربەی ناوچەکانی بادینان (مەسیحی) هەبوون، بەتایبەت لە ئامێدیو زاخۆو دهۆكو ئاکرێو شێخان[4]. لە ناو شاری ئامێدیو دەرووبەری ژمارەیەکی زۆر لە گوندو ئاوەدانی مەسیحی هەن، ئەوانە لە سەرەتاوە لە سایەی میرانی بادینان ژیاون[5]، بەڵام زیاتر چڕی ئەوانە کەوتبووە نزیك موسڵ[6].

پاشان ئەو ناوچەیە مەڵبەندی سەرەکی پەیڕەوکارانی ئایینی (ئیزیدی)یە، گۆڕی پیاوە گەورەکانیان لە شێخانە، وەکو (شێخ عودەی

[1]- بۆ زانیاری زیاتر لە سەر قەڵاو ئاوەدانیەکانی بادینان، بڕوانە: (عباس العزاوی: العمادیە فی مختلف العصور، تح/حمدي عبدالمجید السلفي و عبدالکریم فندي، هولیر، ١٩٩٨، ص١٩، ٦١-٦٤؛ المائی: الاکراد فی بهدینان، ص١٩-٢٠).

[2]- البدلیسي: شرفنامة، ص٢٥٣-٢٥٧

[3]—بۆ ئەو مەبەستە بڕوانە: (عباس العزاوي: العمادیة في مختلف العصور، ص٦٦-٨١).

[4]- رەشاد میران: رەوشی ئایینیو نەتەوەیی لە کوردستاندا، سەنتەری برایەتی، هەولێر، ٢٠٠٠، ل٣٤-٣٥؛ ولیام یغلتن: القبائل الکردیة، ص٢٧-٢٨

[5]- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (عباس العزاوي: العمادیة في مختلف العصور، ص٨٣-٨٤).

[6]— لە شارەکانی وەکو بەرتەلەو بەعشیکاو قەرەقوشو کرملیس، بە رێژەیەکی زۆر مەسیحی هەن. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (سوادي عبدمحمد: امارة الموصل، ص١٠٣-١٠٧).

کوڕی موسافیرو ئەبو ئەلبەرەکاتی برازا[١]ی، کە لە سەدەی ٦ک/١٢ز ژیاون، ڕیشەی ئەو ئایینە کۆنە[٢]، مەڵبەندی سەرەکی یەزیدیەکان باکووری موسڵ بووە، بە تایبەت نێوان موسڵو ئامێدیو ژەنگار (سنجار)ی ڕۆژئاوای موسڵ[٣].

پەیڕەوکەرانی ئایینی (جولەکە)ش بە شێوەیەکی بەربڵاو هەبوون، بەڵام دەڤەرو هەرێمی تایبەت بە خۆیان نەبووە، بە گشتی لە ناوچەی بادینانو بە تایبەت لە ئامێدیو ئاکرێو زاخۆ، ڕێژەیەکی زۆر جوولەکە هەبوون[٤].

---

[١]- عەدی کوڕی موسافیر: لە پەرستگای لالش ژیاوەو لە ساڵی (٥٥٧ک/١١٦٢ز) مردووە، بە شێخێکی خواناس ناسراوە، ئەبو بەرەکاتیش لە لالش لە ساڵی (٥٩٢ک/١١٩٦ز) لە دایك بووە، زانایانی ئەو سەردەم لە سەر بیروباوەڕی ئەو دووانە فەتوایان هەبووە. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (ابن المستوفي: تأريخ أربل، ج١/ ص١١٦؛ ابن تغرى بردى: النجوم الزاهرة، ج٥/ ص٣٦٢ ).

[٢]- بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ریشەی ئایینی ئیزیدی، بڕوانە: (ئەمین زەکی: خولاصە، ج٢/ل٢١١-٢١٣؛ ڕەشاد میران: ڕەوشی ئایینیو نەتەوەیی، ل٨٥-٨٦؛ مینورسكي: الاكراد، ص٥٣-٥٥).

[٣]– بۆ زانیاری زیاتر لە سەر شوێنی ئێزیدیەکان. بڕوانە: (عدنان زيان فرحان: الكرد اليزديون في اقيلم كردستان، مركز كردستان للدراسات الستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٤، ص٢٥-٢٦؛ سوڵتانی: ڕاپەڕینی عەلەویەکانی، ل١٧؛ المائي: الاكراد في بهدينان، ص٦٣-٦٦).

[٤]- الدملوجي: امارة بهدينان، ص١٣٦-١٣٨ ؛ عباس العزاوى: العماديه في مختلف العصور، ص١٤؛ هەڵویست عمر قادر: يهود كردستان، هولير، ٢٠٠٧، ص٢٨

## باسی سێیەم:

## دامەزرێنەری میرنشینی بادینان و سەرەتای دامەزراندنی

بەدلیسی وەکو سەرچاوەی بنەڕەتی، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە ئەو پیاوەی فەرمانڕەوایەتی ئەو بنەماڵەیەی دامەزراندوە، ناوی (بەهائەدین) بووە، زۆربەی سەرچاوە نوێیەکانی لە سەر ئەوە یەك دەنگن[١]. لە ژێدەرەکاندا هاتووە، کە خانەوادەی میر بەهائەین، کە بە (میر سەیفەدینا) ناسراون، بە ناوی میر سەیفەدینی کوڕی میر بەهائەدین[٢]، بەلاّم لە سەرچاوەکانی دیکەدا باسی نەهاتووەو بۆیە بنەڕەتێکی نیە.

لە بارەی باپیرانیەوە، بەدلیسی دوو بۆچوونی خستۆتەڕوو. یەکەمیان ئەوەیە، کە باپیرەیان لە بنەماڵەی عەبباسیەکانن. بۆچوونی دووەم ئەوەیە، کە باپیرەیان ناوی (عەباس) بووە، نەك ئەوان بگەڕێنەوە بۆ سەر بنەماڵەی عەبباسیەکان، بۆ یەکەمیان پشتی بە "حەکایەتخوانان و بەسەرهاتی پێشینان بەستووە" بۆ دووەمیشیان دەڵێت: "...هەندێك لە مێژوونووسانی پێشوو وا دەڵێن"[٣]، لێرەدا بەدلیسی رای دووەمی بە پەسندتر زانیوە[٤]، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا ناوی هیچ مێژوونووسێکی نەبردووە.

گوترایشە کە (مەلیك خەلیل) باپیرە گەورەی میر بەهائەدین بووە، (عزالدین) ناوێك لەو خانەوادەیە، لە قەلاّی تارون نیشتەجێ بووە، خانەوادەیەکی پیرۆزو پێگەیەکی گەورەی ئایینیان هەبووە، ئەو عێزەدین کوڕی پیاوێك بووە بە ناوی محەمەد کوڕی موبارەك، ئەویش نەوەی خەلیفەی

---

[١]- شرفنامە، ص٢٥٣ ؛ أمين زكى: تأريخ الدول والإمارات، ص٣٩٢؛ بابا مردوخ روحانى شيواو: تاريخ مشاهير كرد، ج٣/ ص١٤٢؛ بورەكەيى: دايره المعارف كردى، ل١٤٠-١٤١؛ الدملوجى: امارة بهدينان، ص٥؛ زامباور: معجم الانساب، ج٢/ ص٣٩٦؛ عبدالفتاح علي يحي: الملا يحى المزوري، ص١١٤٦
Minorsky: The Encyclopaedia Of Islam, Volume V,p. 460

[٢]- الدوسكى: بهدينان في أواخر، ص٤٣ ؛ المائى: الاكراد فى بهدينان، ص١٢٢

[٣]- البدليسى: شرفنامە، ص٢٤٣

[٤] – المصدر نفسه، ص٢٤٣

عەبباسی (المستعصم باللە ٦٤٠-٦٥٦ھ/١٢٤٣-١٢٥٨ز) بووە[١]، گوایە بنەماڵەی عەبباسییەکان لە نیشتیمانی تازە جەختیان لە سەر سێ شوێن کردووەتەوە، ئەویش جۆلەمێرگو شەمدینانو ئامێدی[٢]، هاتنی ئەو بنەماڵەیە لە سەردەمی مەلیك خەلیل دابووە بۆ ئامێدی[٣]، کەواتە بە دوور نازانرێ، ئەو بنەماڵەیە لە پێش میر بەهائەدینەوە هاتبنە ئامێدی.

هەندێك لەو مێژوونووسە عەرەبیانەی باسی ئەو مەسەلەیان کردووە، میرانی بادینان دەبەنەوە سەر بنەماڵەی عەبباسیەکان[٤]. (الدملوجي) دەڵێت: "مێژوونووسانی کورد بۆ ئەوە دەچن، کە لە رەچەڵەکی عەبباسییەکان بن"[٥]، بن"[٥]، دیاری نەکردووە، ئاخۆ مێژوونووسانی کورد کامانەن، کە هاوڕان لەگەڵ ئەو بەڵام زیاتر مەبەستی بەدلیسی بێت.

ئەوەی کە دەیەوێت نیشانی بدات میر بەهائەدین لە بنەماڵەیەکی کوردە، پشتی بە سەرچاوەی بنەڕەتی نەبەستووە[٦]، یان بە کوڕی میر (شمس الدین) کوڕی (شجاع الدین) کوڕی (الامیر نجم الدین)، هەتا دەگاتە (مبارز الدین المازنجاني)[٧]، یان (مبارزالدین کاك) لە هۆزی حەمیدیەن، بەڵام بە عەبباسی ناوبانگیان دەرنەکردووە[٨]، کە ئەمەش سەرچاوەی بنەڕەتی لەسەر نیەو دوورە لە شیکاری زانستیەوە.

---

[١]- لەوێدا زنجیرەی ئەو بنەماڵەیەی لە مەلیك خەلیلەوە بەم شێوەیە ریز کردووە: ١- مەلیك خەلیك ٢- علائەدین ٣- میر مەجەلی ٤- میر بەهائەدین ٥- زەینەدین ٦- نورەدین ٧- میر موحەمەد. ٨- میر بەهائەدینی دووەم. ٩- میر حەسەن. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (العباسي: العباسیون بعد احتلال بغداد، بغداد، ١٩٩٠، ص٥٠، ٦٠-٦١؛ عماد عبدالسلام : ادارة العراق الاسرة الحاکمة، ص٣٠٤)

[٢]- المصدر نفسه، ص٦٠.

[٣]- العباسي: العباسیون بعد احتلال بغداد،ص٥٠

[٤]- عماد عبدالسلام: ادارة العراق الاسرة الحاکمة، ص٣٠٤؛ الدملوجي: امارة بهدینان، ص٥

[٥]- امارة بهدینان، ص٥

[٦]- عبدالفتاح علي یحي: الملا یحی المزوري، ص١٤٦

[٧]- الدوسکي: بهدینان في أواخر، ص٤١ ؛ طارق باشا: العمادیة، تاریخ نضال، ص٧٩؛ فارس العزاوي: دور الکرد في المقاومة، ص٢١٣

[٨]- المائي: الاکراد فی بهدینان، ص١١٨

له سەرەتاوە ئەو بنەماڵەیە نوێنەرایەتی دەوڵەتی عەبباسیان کردووە، دوایی لەگەڵ مەغۆلەکان ڕێکەوتوون، عێزەدین ناوێک پێشتر بە سەر ئامێدیەوە بووە[1]، دوای (عزالدین)، (نجم الدین)ی برایو ئینجا (شجاع الدین) کوڕی (نجم الدین)[2]، دوای ئەویش دەسەڵاتی ئەو بنەماڵەیە دیار نییە، ئەمەش ئەو بۆچوونە هەڵدەوەشێنێتەوە، کە میر بەهائەدین لە سەرەتای سەدەی ٧ك/١٣زیەوە فەرمانڕەوایەتی لە ئامێدی دامەزراندبێ، چونکە (مبارز الدین) لە ساڵی (٧١٠ك/١٣١٠ز) مردووە، دوای خۆی میراتی دەسەڵاتی بنەماڵەی، لە ئاکریو شووش بووە، نەك ئامێدی[3]، هەتا سێ پشت لە مردنی ئەو پیاوە، کە دەکاتە نزیك بە نیوەی دووەمی سەدەی ٨ك/١٤ز، ڕیشەی ئەو بنەماڵەکەی ونە، بۆیە پێدەچێت دوورو نزیك ئەو خانەوادەیە پەیوەندییان بە میر بەهائەدینەوە نەبووبێت.

بەڵگەی دیکە بۆ کوردبوونیان ئەوەیە، کە ئەو خانەوادەیە لە ناوچەی شەمدینانەوە هاتوونو لە قەڵای تارون فەرمانڕەوا بوون، بەڵام ئەوەش نابێتە بەڵگەی یەکلایی کەرەوە، چونکە لەو سەردەمەدا، بنەماڵەی تورکمانو عەرەبی زۆر هەبووە، لە سەر خاکی کوردستان فەرمانڕەوایەتیان دامەزراندووە[4].

له سەرچاوە تازەکاندا ئەو بابەتە یەکلایی نابێتەوە، ئەمەش بە هۆی نەبوونی سەرچاوەی بنەڕەتی لە سەری، هەتا بەدلیسی خۆی وەکو ئەگەری لاواز باسی کردووە، لەگەڵ ئەوەدا خواستێکی زۆربەی بنەماڵەی ئەو سەردەمە بووە، کە ڕەچەڵەکی خۆیان بردۆتەوە سەر بنەماڵە

---

[1] - القلقشندي: صبح الأعشى، ج٤/ ص٣٧٥ ؛ درويش يوسف حسن هروري: بلاد هكاري ٩٤٥-١٣٣٦، مطبعة سبيريز، دهوك، ٢٠٠٥، ص١٨٨-١٨٩

[2] - القلقشندي: صبح الأعشى، ج٤/ ص٣٧٥-٣٧٥

[3] - المصدر نفسه، ج٧/

[4] - بۆ نموونە دامەزرێنەرانی ئەتابیك لە موسڵو هەولێرو دیاربەکرو لوڕستان تورکمان بوون (توێژەر)

فەرمانڕەواکانی پێش خۆیـان. هەرچـەندە نووسـەرێك پێـی وایـە، بردنـەوەی ڕیشەی ئەو بنەماڵەیـە بـۆ سـەر عەبباسـیەکان لەلایـەن ئـەو بنەماڵەیـەوە بـۆ ڕکەبەری بنەماڵەی ئـەو کاتـەی (زەنکی)یـەکان بـووە[١]، بـەڵام خـۆ بنەماڵـەی زەنکی هەر لە سەرەتای سەدەی ٧ک/١٣ز کۆتـایی بـە دەسـەڵاتیان هـاتبوو، بردنـــەوەی بنەماڵەکـــەیان بۆســـەر بنەماڵـــەی عەبباســـی دوور نییـــە بـــۆ مسۆگەرکردنی گوێڕایەڵی خـەڵکی ناوچـەکە بووبێـت[٢]، بـەڵام لـە باپیریانـەوە بنەماڵەیـەکی کـورد بـووبن‌و خۆیـان بـە دڵسـۆزی بنەماڵـەی خەلیفـەکانی عەبباسی نیشان دابێت[٣]، ئەمەش زیاتر لە ڕاستیەوە نزیکە.

جێی ئاماژەیە، کە زۆر لە فـەرمانڕەواکانی سـەردەمی عەبباسـی لەگـەڵ ئەوەدا کورد یان تورکمان بوون، بەڵام پێویستیان بە دانپێدانانی خەلیفـەکان هەبووە، هەر بۆ نموونە یەکێك لە بنەماڵەی ئەیوبیەکان لە یەمەن ڕەچـەڵەکی خۆیان بردۆتەوە سەر بنەماڵەی خەلیفـەکانی ئومـەوی‌و لـەو ڕێگەیـەوە داوای خەلافەتی کردووە[٤].

پاشان لە ڕووی خەسڵەتی کەسێتیی میری دامەزرێنەرەوە ڕووخسـارێکی ئایینیان پێ بەخشیوە. میر بەهائـەدین، لـە پـاڵ بەرپرسـیاریەتی سیاسـییدا پیاوێکی ئایینی‌و خواناس، موریدو شـوێنکەوتووی هـەبووە، بۆیـە متمانـەیان پێکـردووە[٥]، بـۆ کەسـایەتیەکی دەرەوەی ناوچـەی بادینـان ئەسـتەم بـووە، سەرۆك هۆزەکان ملکەچـیەتی بکـەن، ئەگـەر بـەو ڕێگەیـەوە نەبوایـە، وەکـو مێـژوونووس ئامـاژەی پێـداوە، بنـەڕەتی گـەورەیی‌و دەسـەڵات لـە پێگـەی

---

[١]- عبدالفتاح علي يحي: الملا يحى المزوري، ص١٤٦

[٢]- شاولي: امارة بهدينان ١٧٠٠-١٨٢٤، دهوك، ٢٠٠٠، ص٣٠

[٣]- عبدالفتاح علي يحي: الملا يحى المزوري، ص١٤٦

[٤] – بڕوانە: (ابن خلكان: وفيات الاعيان و انباء ابناء الزمان، تح/احسان عباس، دار العلمية، بيروت، د.ت، ج٧/ص١٤١).

[٥]- العباسي: العباسيون بعد احتلال بغداد، ص٦٠؛ عبدالفتاح علي يحي: الملا يحى المزوري، ص ١٤٦؛ المائي: الاكراد فى بهدينان، ص١٢٠-١٢١

ئاییندوه بووه[1]، ئەمە کاریگەری لە سەر جێگیربوونی دەسەڵاتی دامەزرێنەردا هەبووە.

بەڵگەی یەکلاییکەرەوە نییە، بۆ ئەوەی کە لە بنەماڵەی عەبباسیەکان بووبێت، ئەو دەقەی بەدلیسیش یەکلایی کەرەوە نییە، بۆیە ئەگەر بەڵگەی کوردبوونی ئەو خانەوادەیە روون نەبێت، لە بەرامبەردا بەڵگەی بنەماڵەی عەبباسیو عەرەب بوونیشی روون نییە.

سەبارەت بە نیشتیمانی یەکەمی ئەو بنەماڵەیە، تەنیا ئەوە گوتراوە لە ناوچەی (شەمدینان)[2]ەوە هاتوون[3]، لە پێشدا قەڵای (تارون)[4]یان لە وێ بە دەستەوە بووە، دوایی کۆچیان کردووە بۆ ئامێدی[5]، زانیاری زیاتر لەو بارەیەوە دەستنەکەوت.

لە شەجەرەی زێوکیدا هاتووە، کە گوایە عەبباسیەکان لە سێ مەڵبەندی جیاواز فەرمانڕەوایەتیان دامەزراندووە، یەکەمیان لە جۆلەمێرگ لە هەکاری، دووەم لە نەهری لە شەمدینان، سێیەم، ئامێدی لە بادینان[6]، بەلام هاتنی ئەوان لە قەڵای (تارون)ەوە ئەو بۆچوونە هەڵدەوەشێنێتەوە، بە تایبەت ئەوەی کە پێی وایە ئەو لە سەرەتاوە ئەو بنەماڵەیە بە ناوی حاکمی قەڵای تارونەوە فەرمانڕەوایەتی ئامێدیان کردبێت[7]، نووسەری ئەو دەستنووسەو

---

[1] - ابن خلدون: مقدمة، ج١/ص١٦٧

[2] . شەمدینان: ناوچە یان قەزایەکە لەو پەڕی باشووری خۆرهەلاتی هەکاری، لە باشوورەوە هاوسنووری ولاتی موسڵی ئەوکات بووە، ناوەندەکەی گوندی (نەهری)یە. (کوردو کوردستان لە ئەنسکلۆپیدیای تورکیدا، ل٣١٨-٣١٩).

[3] - البدلیسی: شرفنامە، ص٢٥٣.

[4] - تارون: لە سەرچاوە شارناسەکان ناوی ئەو قەلایە دەست نەکەوت، بەلام لەسەرچاوەیەکی ئەرمەنیدا هاتووە، کە تارون قەلایەك بووە لە رۆژئاوای دەریاچەی وان. بڕوانە:
Colophons of Armenias Manuscripts,(1301–1480) Selected and annotated by A, K, Sanjian, arvard University, 1969 , p.421

[5] – البدليسي: شرفنامة، ص٢٥٣

[6] - مؤلف مجهول: السجرة الزيوكية، ص ٩١-٩٣؛ العباسي: العباسيون بعد احتلال بغداد، ص٥٠

[7] - عیماد عبدالسلام رووف: ادارة العراق الاسرة الحاكمة، ص٢٠٣

سەرچاوەی ئەو بەڵگەنامەیەش دیار نییە، دوور نییە شەرەفنامەی کردبێتە سەرچاوەو زانیاریەکانیو هی خۆشی خستبێتە سەر.

سەبارەت بە هۆکاری هاتنی ئەو بنەماڵەیە لە شەمدینانو پێگەی ئەوان پێش هاتنی میر بەهائەدین بۆ ئامێدی دیار نییە، لە سەرچاوەکان لەو بارەیەوە زانیاری دەست نەکەوت، بەڵام زیاتر دەشێت لەمەڵبەندی هەکاریەوە هاتبن چونکە ئەو مەڵبەندە پێشتریش سەربە هەرێمی هەکاری بووە، کاریگەری رووداوە سیاسییەوە هەکاری بە سەرەوە بووە.

دەستنیشانکردنی ساڵێکی دیاریکراو بۆ دامەزراندنی ئەو میرنشینە ئەستەمە، مێژوونووسان لە ناوخۆیاندا لە سەر سەرەتاکانی یەك دەنگ نین، لەو بارەیەوە بۆچوونە جیاوازەکان لە نێوان چەند سەدەیەك دایە، ئێمەش بە پێی ئەوە جیاوازیە دابەشی دەکەین:

**بۆچوونی یەکەم:** ئەوانەی دەیگەڕێنەوە بۆ سەدەی ٧ك/١٣ز.

ئەوانە زیاتر پشتیان بە بەدلیسی بەستووە، کە ئەو هیچ ساڵێکی دیاری نەکردووە، بەڵام دەڵێت: "...ئەوەی هیچ گومانی تێدا نییە، کە نزیکەی چوار سەد ساڵە ئەو بنەماڵە لە ئامێدی دەسەڵاتدارن"[١]، چونکە ناوبراوە لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٠ك/١٦ز شەرەفنامەی نووسیوەتەوە، بەمەش دەبێت لە سەرەتای سەدەی ٧ك/ ١٣ز دامەزرابێ، ئەمە بۆتە سەرچاوە بۆ هەندێك لە مێژوونووسانو توێژەرەوان، کە لە مەودای ئەو سەدەیە دەرنەچنو هەندێکیان لە پشتگیری بۆچوونەکەی ئەوە بەو لاوە بۆچوونی دیکەیان نییە[٢]، بەشێکیش دامەزراندنی ئەو میرنشینەیان بردۆتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی ٧ك/ ١٣ز[٣]، یان بە درێژایی ئەو سەدەیان دیاری کردووە[٤]،

---

[١]- شرفنامە، ص٢٥٣

[٢]- بۆ ئەو مەبەستە بڕوانە: (ئەمین زەکی: خولاصە، ج٢/ص٢٧٣؛ دون ماکنینزی: دائرة المعارف الاسلامیة، الترجمە العربیە، القاهرە، ١٩٣٣، ج٨/ ص٢٤).

[٣]- المائی: الاکراد فی بهدینان، ص١٢١).

[٤]- الدوسکي: بهدینان في أواخر، ص٣٨؛ شاولي: امارة بهدینان، ص٢٩

بۆچوونێکی دیکە ئەوەیە، کە لە سەردەمی مەغۆلەکانەوە وەکو میرنشینی نیمچە سەربەخۆو میرەکانی بە نازناوی پادشا (الملك) هەبوون[1].

هەیشە نێوانی دوو سەدەی گرتووەو بە بڕوای ئەو لە کۆتایی سەدەی ٧ك/١٣ز سەرەتای سەدەی ٨ك/١٤ز دامەزراوە[2]، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم ژێدەرە زۆر جێی متمانە نیە.

**بۆچوونی دووەم**: ئەوانەن، کە دەیبەنەوە بۆ سەدەی ٨ك/١٤ز، ئەوانیش لە سەر دیاریکردنی ساڵ یان سەردەمێکی دیاری کراو لەو سەدەیە بۆچوونی جیاوازیان هەیە، دابەشبوون بە سەر سەرەتای ئەو سەدەیە[3] و نیوەی یەکەم[4] و نیوەی دووەمی[5]، کە ئەو جیاوازیە زۆرە لە ماوەی یەك سەدە نیشانەی بێ دیکۆمێنتیە لە سەر سەرەتای ئەو دامەزراندنە، بەڵام دامەزراندنی لەو سەدەیە لەوانی دیکە لە راستیەوە نزیکترە.

بۆچوونی سێیەم: ئەوانەی دەیبەنەوە بۆ سەرەتای سەدەی ٩ك/ ١٥ز.

خاوەنی ئەم بۆچوونەش مێژوونووسی عەرەبی (یاسین العمری)یە، کە پێی وایە لە سەرەتای سەدەی ٩ك/١٥ز دامەزراوە[6].

لەگەڵ ئەوەدا لە رێگەی ئەو بۆچوونە جیاوازانەی مێژوونووسانو رۆژهەڵاتناسو توێژەرەوانی هاوچەرخ هەیانە لەسەر ساڵو سەردەمی

---

[1]- عماد عبدالسلام: ادارة العراق الاسرة الحاكمة، ص٢٠٣

[2]- الدملوجي: امارة بهدينان، ص٥، ١١

[3]- توێژەر ساڵی ٧٠٠ك/ ١٣٠١ز داناوە، بڕوانە: (بهزاد شرفخانی: حول قیام، ص٦٨)

[4]- العباسي: ساڵی (٧٤٠ك/ ١٣٤٠ز) دانەوە، العباسيون بعد، ص٥٩، یان توێژەر پێی وایە لە کۆتایی دەوڵەتی ئیلیخانی دامەزراوە. بڕوانە: (درويش هروری: بلاد الهكاری، ص١٨٤)، لەو بارەیەوە رای (عباس العزاوی)یش جێی بایەخە، کە پێی وایە لە دوای ساڵی (٧٤٠ك/١٣٤٠ز)و مردنی حاجی کوڕی عومەر کوڕی عەلی، دەبێت بنەماڵەی بەهائەدین ئەو میرنشینەیان دامەزراندبێ. بڕوانە: (العمادية في مختلف العصور، ص٢٩).

[5]- لونگریك دەڵێت: (لە کۆتایی سەدەی ٨ك/ ١٤ز دامەزراوە)، بڕوانە (اربعة قرون، ص١٩)، هەروەها صفی زادە، پێی وایە لە ساڵی (٧٧٨ك/١٣٧٧ز) داناوە. بڕوانە: (تاریخ کرد و کردستان، ص٥٤٥).

[6]- منيه الادباء في تأريخ الموصل الحدباء، تح/ سعيد الدملوجي الموصل، ١٩٥٥، ص٢١٨-٢١٩

دامەزراندنی میرنشینی بادینان، ناگەینە قەناعەتێکی یەکلایی کەرەوە، بۆیە پێویستی بە بەدواداچوونێکی شیکاری هەیە، ئەویش لە دوو ڕووە:

یەکەمیان بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە بنەڕەتییەکان لە سەر فەرمانڕەوایەتیی ئامێدی لە سەدەکانی ٧و ٨ك/١٣و ١٤ز.

دووەم بە لێکدانەوەی شرۆڤەکاری لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی میرانی بادینان، دەگەینە ئاکامو دەکرێتە بنەما بۆ سەرەتاکانی دامەزراندنی ئەو میرنشینە.

چونکە قەڵای ئامێدی لە پێش دامەزراندنی ئەو میرنشینەوە هەبووە، بەڵام ئەو میرنشینە ئەوکات دانەمەزراوە، کەواتە گەڕانەوە بۆ مێژووی فەرمانڕەوایەتی ئەو قەڵایە لە سەدەی ١٣/٧زو دواتر، هاوکارە بۆ گەیشتن بە سەرەتایەك بۆ دامەزراندنی ئەو میرنشینە.

لە سەرەتای سەدەی ٦ك/١٢ز هەتا کۆتایی ئەو سەدەیە، ئامێدیو هەموو ناوچەی بادینان راستەوخۆ سەر بە ئەتابەکی موسڵ بوون[1]، لە دوای ناکۆکیو رکەبەرایەتی ناوخۆی بنەماڵەی (زەنکی)، لە ساڵی (٦٢٢ك/١٢٢٥ز) (بدر الدين لؤلؤ) دەستی بەسەر ئامێدی دا گرتووە[2]، ئیتر لەوە بەدواوە وەکو قەڵایەکی سەربازی ئەو وابووە[3].

لە کاتی هاتنی مەغۆلیش بە هۆی رێکەوتنی (بدرالدين لؤلؤ) لەگەڵیاندا، ناوچەکە وەکو ناوچەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی بەدرەدین لە کاولکاریان بە دوور بووە[4]، ئەوکات (عزالدين أيبك) بە نوێنەرایەتیی بەدرەدین حاکمی

---

[1] - سوادي عبدمحمد: امارة الموصل، ص٣٥٦-٣٥٧

[2] - ابن الاثير: الكامل في التاريخ، ج٩/ ص٤٥٥، ٤٥٦، ٤٥٩؛ ابن العبري: تأريخ مختصر، ص٤٠٤-٤٠٦ ؛ ابن واصل: تأريخ ايوبيان (مفرج الكروب في اخبار بني ايوب)، ترجمه/پرويز اتابيكى، تصحيح/ حسين محمد ربيع، تهران، ١٣٦٩، ج٤/ ص١٤-١٧؛ بهزاد شرفخاني: حول قيام امارة العمادية، مجلة متين، ع(٦٨)، ١٩٩٧، ص١٠٨-١٠٩؛ سوادي عبدمحمد الرويشدي: امارة الموصل في عهد بدرالدين لؤلؤ (٦٠٦-٦٦٠ه/١٢٠٩-١٢٦١م)، بغداد، ١٩٧١، ص١٢٧-١٣٢

[3] - الروشدي: امارة الموصل، ص١٠٩

[4] - الرويشدي: امارة الموصل، ص١٠٦-١٠٧ ؛ قادر پشدەری: دامەزراندنی میرنشینی بادینان، ل٢٤

ئامێدی بووە، لە دوای ڕاگەیاندنی گوێڕایەڵی بۆ مەغۆل (عزالدین أیبك) لە ساڵی (٦٦٧ك/١٢٦٨ز) لە مەراغە چۆتە سەردانی (ئاباقا خان)[١]ی پاشای مەغۆلەکان، بە پێی سەرچاوەیەك ئەو قەڵایە لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ٧ك/١٣ز بە دەستی میر محەمەد کوڕی ئەبو بەکرو میر عەلی ناوێکەوە بووە[٢]. لە کۆتایی سەدەی ٧ك/١٣ز ناسنامەی فەرمانڕەوایەتی ئامێدی دەستنەکەوت، بەڵام لە ڕوانگەی بەدەرکەوتنی ڕووداوەکانەوە پێدەچێت هەتا کۆتایی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیلیخانی (٦٥٦-٧٣٦ك/١٢٥٨-١٣٣٥ز) فەرمانڕەوایەتی بادینان بە ڕێبەریەتی میر بەهائەدین دانەمەزرابێت.

بەڵام بەوردبوونەوە لە زنجیرەی میرانی ئەو میرنشینەو ڕووداوە هاوسەردەمەکانیان، ئەو بۆچوونە هەڵدەوەشێتەوە.

بە پێی ئەو زانیاریانەی سەرەوە دەگەینە ئەو باوەڕەی میرنشینی ئامێدی لە سەردەستی میر بەهائەدین لە سەدەی ٧ك/١٣ز دانەمەزراوە، کەواتە دەبێت لە سەدەی دواتر بگەڕێین بە دوای ئەو بەڵگانەی دەمانگەیەنێتە بڕوا، لەگەڵ ئەوەشدا توێژەرێك پێی وایە کۆتایی ئەو سەدەیەو سەرەتای سەدەی دواتر بوارێك هەبووە بۆ دروستبوونی میرنشینە تازەکان[٣]، کە دەشێت ئەو دەرفەتە میرنشینی بادینانیش بگرێتەوە.

لە چارەکی یەکەمی سەدەی ٨ك/١٤زیش ناوی ئامێدی لە سەرچاوەکاندا دەستناکەوێت، لە ساڵی (٧٣٩ك/١٣٣٨ز)، (القلقشندی) ناوی خاوەنی ئامێدی (صاحب العمادیە)ی بەکارهێناوەو دیارینەکردووە، ئەو خاوەنە کێ

---

[١]- ئاباقاخان: لە ساڵانی (٦٦٣-٦٨٠ك/١٢٦٥-١٢٨٢ز) لە دوای مردنی هۆلاکۆ پادشای دەوڵەتی ئیلیخانی مەغۆلەکان بووە. (ابن العبري: تأريخ مختصر، ص٤٩٧-٥٠٥ ؛ حمدالله مستوفي: تأريخ كزيدە، ص٥٩١-٥٩٣ ؛ ج.ساندر: تأريخ فتوحات مغول، ص٩؛ عبدالله رازي: تأريخ كامل ايران، از تأسيس سلسله ماد تا انقراض قاجاريه، چ٣، چاپو انشارات اقبال، تهران، ١٣٧٦ھ.ش، ص٣٢٠-٣٢١).

[٢]- العمري: مسالك الأبصار، السفر الثالث/ ص١٣٤

[٣]- زرار صديق : كردستان في القرن الثامن الهجري، ص٦٥-٦٦

بووه[1]، به پێی بەڵگەنامەیەکی ئەو سەردەمە (الحاجی بن عمر) ناوێك خاوەنی قەڵای ئامێدی بووە[2].

کەواتـە دەبێـت لەسـەردەمی جـەلائیری بـۆ دامەزرانـدنی ئـەو میرنشـینە بگـەڕێین‌و خـۆ لـەو ئاماژانـە ببـووێرین کـە دەیبەنـە سـەدەی ٧ك/١٣ز بـە بۆچـوونەکەی بەدلیسشـیەوە. ئەگـەر هـەتا ئێسـتا نـەبوونی هـیچ زانیاریـەك لەپێش کۆتایی دەوڵەتی ئێلیخـانی (٧٣٦ك/١٣٣٥ز) لـە سـەر بادینـان بەڵگـە بێت لە سەر نـەبوونی ئـەو بـوونی ئـەو ناوانـەی وەکـو فەرمانڕەوایـەتی یـان خاوەن قەڵای ئامێدی ناویان هـاتووە، ئـەوە پشتڕاسـت دەکەنـەوە، کـە لـەو ماوەیەدا نەبووەو دانەمەزراوە.

ڕێگەیـەکی دیکـە بـۆ دۆزینـەوەی سـەردەمی دامەزرانـدنی هـەژمارکردنی ژمارەی میرەکانە، کە لەو سەردەمەی زانیاری دروست هەیـە لـە سـەر کـاتی فەرمانڕەوایەتی، بۆ ئەو مەبەستەش (مـیر حەسـەن کـوڕی مـیر سـەیفەدین)، روونـتر نییـە، کـە مـاوەی حـوکمڕانی لـە سـاڵی لەشکرکێشێشـیەکەی ئـاق قۆینلۆی ساڵی (٨٧٥ك/١٤٧٠ز) بۆ سەر ئامێدی میری بادینان بووە[3].

دیارە، کە لە نێوان میر حەسەن‌و میری دامەزرێنەردا بە تەنیا دوو کـەس میرایەتیان کردووە، ئەوانیش مـیر (زەینـەدین‌و سـەیفەدین) بـوون[4]، بـە پێـی نووسینی بەدلیسی لە دوای میر بەهائەدین، میر زینـەدینی کـوڕی دەسـەڵاتی وەرگرتووە، کە ماوەی میرایەتی ئەوی دیارینەکردووە، بەڵام ئـەوەش هەیـە، کە لە ڕۆژانی تەیموور لەنگ‌و (شاروخ)ی کوڕە گەورەی تەیموور لەنگ، مـیری

[1] - صبح الاعشى، ج٧/ ص٣٠٩، ج٨/ ص٢٢٧

[2] - محمد امين دوسكي: قراءة في وثيقة التأريخية تكشف عنها النقاب لاول مرة، مجلة متين، دهوك ١٩٩٦، ع٢٤، ص١٤٦-١٤٧، (عبـاس العـزاوي) ڕێزبەندیـەکی بـۆ کـردووین لـە سـەر هـەموو ئـەو فەرمانڕەوایانەی بە درێژایی سەردەمی مەغۆل خاوەنی ئامێدی بوون‌و لە سەرچاوەکان ناویـان هاتووە. بڕوانە: (العمادية في مختلف العصور، ص١٧).

[3] - البدليسي: شرفنامة، ص٢٥٨؛ العباسي: العباسيون بعد احتلال بغداد، ص٩٤

[4] - بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە دوو)

بادینان بـووه، دوای ئـەو مـیر سـەیفەدینی کـوڕی هـاتووه[١]، کـە شـالاوەکانی تـەیموور دەکاتـە (٧٨٨– ٨٠٧ك/١٣٨٦–١٤٠٦ز) و هـی (شـارۆخ)ی کـوڕی دەکاتە (٨٠٧– ٨٥٠ك/١٤٠٦– ١٤٤٨ز)، کۆتایی سەدەی ٨ك/١٤زو سەرەتای سـەدەی ٩ك/١٥ز[٢]، لـە ژێدەرێکـدا هـاتووە، کـە مـیر زەینـەدین لـە سـەدەی ٩ك/١٥زدا میرایەتی کردووە[٣]، لەمەڕ سەردەمی مردنـی ئـەو مـیرە، بەدلیسـی زانیـاری نـەداوە، بـەڵام هەیشـە وای بۆچـووە، مـیر سـەیفەدین لـە سـاڵی (٨٧٨ك/١٤٧٣ز) مردووە[٤]، بەڵام ئەمە دروست نییـە، چـونکە لـە سـەردەمی شالاوی ئاق قۆینلۆ لە ساڵی (٨٧٥ك/١٤٧٠ز) میر حسـەن بـەرگری کـردووە[٥]، میر حەسەن هاودەمی شالاوەکانی ئاق قوینلـۆو پەیدابوونی شـا ئیسـماعیلی سەفەوی بووە[٦]، گومان نامێنێتەوە، کە ئەوکات میر حەسـەن مـیری بادینـان بووە، سەرچاوەکان ئەوەشـیان روونکردۆتـەوە، کـە مـیر حەسـەن لـە سـاڵی (٩٤٠ك/ ١٥٣٣ز) مردووە[٧]، بەمەش دەگەینە ئەو ئاکامەی:

ئەگــەر پشــت ببەســتین بــەو ســەرەتاییەی مێــژووی دامەزرانــدنی دەگەڕێننەوە بۆ سەرەتای سەدەی ٧ك/١٣ز، ناشێت هـەتا کۆتـایی سـەدەی ٩ك/١٥ز (چوار میر) بەشدار بووبن، ئەمە لە کاتێکدا میر حەسەن، یەکێکە لەو چوار مـیرە مـاوەی چارەکە سـەدەیەك لـەو ماوەیـە بەرکـەوتووە، بەدلیسـی دەڵێـت: مـیر سـەیفەدین کـوڕی مـیر بەهائـەدین هاوسـەردەمی شـالاوەکانی تەیموور لەنگ بووە[٨]، بۆیە ئەوکات دەبێت نێوان فەرمانڕەوایەتی بـاوكو مـیر

[١]- شرفنامە، ص٢٥٨).

[٢]- بابا مردوخ روحانی شیواو: تاریخ مشاهیر کرد، ج٣/ ص١٤٣

[٣]- زامباور: معجم الانساب، ج٢/ ص٣٩٦

[٤]- بورەکەیی: دایره المعارف، ص١٦٣

[٥]– البدلیسـی: شـرفنامە، ص٢٥٨؛ الدوسـکي: بهـدینان في أواخـر، ص٤١؛ رابیعـە شـێخ محەمـەد: کوردستان لە سەدەی پازدەی زاینییدا، ل٢٦٩؛ العباسي: العباسیون بعد، ص٩

[٦]- بڕوانە (البدلیسی: شرفنامە، ص٢٦١؛ پاشکۆی ژمارە دوو)

[٧]- الدوسکی: بهدینان في أواخر، ص٤٢؛ صفی زادە: تاریخ کرد و کردستان، ص٥٤٤

[٨]- البدلیسي: شرفنامة، ص٢٦٠

زەینەدینو میر سەیفدینی ئەوەی دەكاتە سەرەتای سەدەی ٧ك/١٣ز بۆ كۆتایی سەدەی ٨ك/١٤ز بێت، ئەوەشیان شتێكی نەگونجاوە، ئەمە لەكاتێكدا دەبێت سەردەمی تەیموور لەنگ سەرەتای فەرمانڕەوایەتی میر سەیفەدین بووبێت، چونكە میر حەسەنی كوڕی لە ساڵێك لە دوای چارەكی یەكەمی سەدەی ١٠ك/١٦ز مردووە.

بۆیە هەموو ئەو بۆچوونانە زیاتر لە راستیەوە نزیكن، كە دامەزراندنی دەبەنەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی ٨ك/١٤ز، چونكە:

یەكەم: رووداوەكانی سەدەی ٧ك/ ١٣ز لە ئامێدی، كە رەنگدانەوەی كۆتایی دەوڵەتی (زەنكی)و دواتر هاتنی شالاَوی مەغۆلەكانە، دەرفەتی بۆ دامەزاندنی میرنشینێك لە ئامێدی دروست نەكردووە.

دووەم/ ناگونجێت میر حەسەن لە سەرەتای چارەكی كۆتایی سەدەی ٩ك/١٥ز بۆ ساڵی (٩٤٠ك/١٥٣٣ز) چوارەم میری بادینان بووبێت، نێوانی ئەو لەگەڵ هاتنی میر بەهائەدین، بە تەنیا دوو میر بووبێت، كە دەكاتە نزیكەی دوو سەدە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە هەیە، كە ئەو لە تەمەنی (٨٠) ساڵیدا مردووە[١]، بۆیە گونجاوە بوترێت، دامەزراندنی ئەو میرنشینە دەكەوێتە سەرەتای نیوەی دووەمی ٨ك/١٤ز، دەشێت میری دامەزرێنەر تا كۆتایی ئەو سەدەیە میرایەتی كردبێت، دواتر ئەوە لە راستیەوە نزیكە، كە میر زەینەدین لە كۆتایی ئەو سەدەیەوە، هەتا پێش هاتنی شالاَوی ئۆزۆن حەسەن لەگەڵ میر سەیفەدین بە دوای یەكدا میرایەتیان كردبێت.

بەو پێیەش بێت دەشێت لە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی ٨ك/١٤ز دامەزرابێت، بەلاَم دیاریكردنی ساڵێك یان ماوەی دە ساڵ بۆ ئەو سەرەتاییە ئەستەمە، ئەو ساڵانەش كە لەلایەن هەندێك لە مێژوونووسە هاوچەرخو توێژەرەكانەوە دیاریكراون، بەو شێوە بێت بنەمای زانستیانەی نیە.

[١]- المائی: الاكراد فی بهدینان، ص١٢٢

لەگـەڵ ئـەوەدا لـە رووی خەسـڵەتو هۆکـاری دامەزراندنـەوە، کۆمـەڵێك خاڵی هاوبەشی هەیە لەگەڵ میرنشینەکانی هاوسەردەمی خۆی، بـەڵام خـاڵی جیاوازیشی هەن، لە ناو ئەو میرنشینانەی ئەم توێژنەوەیەی بۆ تەرخانکراوە، لە سەرەتاوە تا کۆتایی، یەك پایتەختی هـەبووە، کـە شـوێنێکی سـتراتیژیو گرنگی بادینان بووە.

ئامێدی پـێش دامەزرانـدنی ئـەو میرنشـینەش پێگـەی گرنگـی هـەبووە، ئینجا بایـەخی ئامێـدی بـە تـەنیا لـە رووی سیاسـیو سـەربازیەوە نـەبووە، بـەڵکو بایـەخێکی گرنگـی زانسـتیشـی هـەبووە[1]، بـەوەی ببـووە مەڵبەنـدی زانستو پێگەیاندنی زانایان.

بۆیە لەگەڵ ئەوەدا باپیرانی میر بەهائەدین دیار نییـە، بـەڵام ناشـێت بـە بێ پێشینە لە پێگەی ئایینیو کۆمەڵایەتی ئەو بنەماڵەیە وا بـەزوویی بووبنـە جێگەی متمانەی دانیشتووانی ناوچەکە، بەدلیسی هـیچ ناسـاندێکی لـە سـەر کەسایەتی ئەو نەداوە، بـەڵام نووسـەرێکی دی پێـی وایـە، خۆشەویسـتو بـە رێزو پیرۆز بووە، ئارامیو ئاشتیو دادپەروەری لـە سـایەی ئـەودا بـە هـەموو لایــەك بڵاوبــووەوە[2]، مزگــەوتی دروســتکردووەو رێگاکــانی چــاککردووەو ئاشتەوایی نێوان خەڵکی بەرقەرار کردووەو بایەخی بە زانستو زانیاری داوەو قوتابخانەی لە ئامێدی کردووەتەوە[3].

ئەمە سـەرەڕای هۆکـاری جـوگرافی، کـە بادینـان ناوچـەیەکی شـاخاویە، ئاوی زۆرەو ئاووهەوای مام ناوەندیە، بەرهەمی ئابووری زۆر بووە[4].

میری بادینان میر زەینەدین ملکەچی بۆ تەیموور لەنگ نیشـان داوە، کـە لە ساڵی (٧٩٧ك/١٣٩٤ز) شاڵاوی بۆ ناوچەکە هێنـابوو، لـە کۆتـایی سـەدەی ٩ك/١٥ز ئاق قۆینلۆ لە بایەخی ئامێدی تێگەیشتبوون، بۆیـە بـە فەرمانـدەیی

---

[1] - عباس العزاوي: العمادية في مختلف، ص٨٥-٨٦

[2] - الىمائى: الاكراد فى بهدينان، ص١٢٠-١٢١

[3] - الاكراد فى بهدينان، ١٢١

[4] - المصدر نفسه، ص١

سلێمان بەگ بێژەن لە دوای داگیرکردنی هەردوو قەڵای ئاکرێ (العقر)و شووش، لە دوای (٣) مانگ لە ساڵی (٨٧٥ك/١٤٧٠ز) لە گەمارۆدانی ئامێدی پاشەکشەیان کرد[١]، ئەمەش بووە پاشەکشەی هەموو لەشکری ئاق قۆینلۆ لە کوردستان[٢]، ئەمە لە کاتێکدا ئاق قۆینلۆ لە سەردەمی بەهێزی دابووەو ئۆزۆن حەسەن بێجگە لە زەبرو زەنگ ڕێگەی دی لە بەردەم میر کوردەکاندا نەهێشتبۆوە[٣]، بەڵام ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە میرانی بادینان داگیرکەرانی کوردستانیان ناچار کردووە، دەسەڵاتی ئەوان بەهێند وەربگرن.

لە سەرەتاوە لە ناکۆکیەکانی عوسمانی — سەفەوی میر حەسەن هەڵوێستی ڕوونی نەبووە[٤]، ئەمەش لێزانی ئەو میرە نیشان دەدا بۆ پاراستنی ئارامی لە سنووری فەرمانڕەوایەتیەکەیدا.

دروستبوونی ئەو میرنشینە وڵامدانەوەیەکی میللی بووە لە ناوچەکەو رەچەڵەکی دامەزرێنەر بۆ ئەو مەبەستە بەتەنیا بەس نەبووە، ئەگەر خواستێکی میللی نەبێتو هۆزەکانی ناوچەکە پێکەوە هەوڵی بۆ نەدەن[٥]، وەکو بەدەردەکەوێت سەرهەڵدانی ئەو میرنشینە وەکو ئەڵقەیەکی دانەبڕاو لە ئەوانی تر بۆ پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییە سیاسییە بووە، کە لە قۆناغە جیاجیاکانی هەردوو سەدەی ٨و ٩ك/١٤و ١٥ز دروست بوون.

سەرەڕای هۆکارە هاوبەشەکانو ئەو چەند هۆکارەی باسکرا، هۆکاری دیکەی تایبەت هەبوون، لەوانە سەختی قەڵای ئامێدی، وەکو (المائی)

---

[١]- البدليسي: شرفنامة، ص٢٦١؛ رابيعە فتاح شێخ محمد: کوردستان لە سەدەی پازدەی زایینییدا، ل١٦٨؛ العباسي: العباسيون بعد احتلال بغداد، ص٦٤

[٢]- عماد عبدالسلام: السلطان حسين، ص٧، ٩

[٣]- رابيعە فتاح: کوردستان لە سەدەی پازدەی زایینییدا، ل١٧١-١٧٢، گەرچی دیاربەکری لە گرتنی موسڵو دەوروبەری باسی شکستی قەڵای ئامێدی نەکردووە، بەڵام بە شانازیەوە باسی توندو تیژی لەشکری ئاق قۆینلۆی کردووە. بڕوانە: (تارانی: دیاربەکریە، ب١/ ل٤٣١-٤٣٢)

[٤]- رابيعە فتاح: کوردستان لە سەدەی پازدەی زایینییدا، ل٢٧٠

[٥]- عماد عبدالسلام: السلطان حسين، ص٦

دەڵێت: "ئامێدی لە قەڵا سەختەکانی عێراقە، لە هەموویان کۆنترو بە ناوبانگترە..."[1]، چونکە وەکو ئاماژە درا لە دوای لە ناوچوونی دەسەڵاتی بەدرەدین لؤلؤ، مانەوەی لە بندەستی چەند فەرمانڕەوایەکی خۆجێی، لە سەرەتای سەدەی ٨ك/١٤ز ئامێدی وەکو فەرمانڕەوایەتیەکی قەڵا، هەر بە خاوەنی ئامێدی (صاحب العمادیە) مابووەوە، دەشێت لەگەڵ باردۆخی هەردوو سەدەی ٨و ٩ك/١٤و ١٥ز هاوکار بووبن بۆ زەمینەی ڕەخساندنی دامەزراندنو پەرەسەندنی ئەو میرنشینە.

[1]- الاكراد في بهدينان، ص٥

# بەشی چوارەم
# دامەزراندنی  میرنشینی سۆران

**باسی یەکەم : چەمکی ( سۆران ) لە رووی زاراوەو ریشەی مێژووییەوە**

**باسی دووەم: مەڵبەندو سنووری میرنشینی سۆران**

**باسی سێیەم: دامەزرێنەرانی میرنشینی سۆران و بنەماڵەو هۆزی سۆران**

**باسی چوارەم: سەردەمی  دامەزراندنی میرنشینی سۆران**

## باسی یەکەم:

## چەمکی ( سۆران ) لە رووی زاراوەو ریشەی مێژووییەوە

گەیشتن بە سەرەتایەك بۆ بەکارهێنانی ریشەی وشەی (سۆران) یاریدەدەرە بۆ سەرەتای مێژووی میرنشینەکەش، کە لە سەرچاوە مێژوویەکاندا وەکو رەهەندی (جوگرافی، کۆمەلایەتی، سیاسیی) ناوچەکە بەکارهاتووە، ناوی سۆران بە (سهریە، صوران[1]، صهریە[2]، شهریە[3])یەش هاتووە.

بۆ لێکدانەوەی ئەو ناوە رای جیاواز هەیە، بۆ یەکەم جار بەدلیسی شرۆڤەی بۆ کردووە، پێی وایە (عیسای کۆلۆس) لە کاتی دەورەدانی یەکەم قەلای بەرگری ناحەزەکەیان، (بەردی سووریان) لە گرتنی قەلایەکە وەکو چەکێکی سادەو ساکار بەکارهێناوە، بە کۆمەلی (بەردە سۆران) ناسراون، بە هۆی لەنگی لە زمانو بۆ ئاسان بەکارهێنان لە بەردە سوورانەوە بووە بە سۆران[4]. لەگەڵ ئەوەدا هەندێك لە مێژوونووسانی هاوچەرخ بەبێ سەرنج ئەوەیان دووبارە کردووەتەوە[5].

---

[1]- مەئمون بەگی کوری بیگە بەگ لە کۆتایی سەدەی ٩ك/ ١٥ز بە نزیکەی بیست ساڵ پێش بەدلیسی لە کاتی هەلاتنی ئەلقاس میرزای سەفەوی ناوی سۆران بە ناوچەی (صوران) دێنێت. بڕوانە: (مذکرات مأمون بيك، ص٥٨).

[2]-العمري: المسالك و الابصار، السفر الثالث/ ص٢٦٥

[3]- پیدەچێت (القلقشندی) بەهەڵەداچووبێت، ئەگینا زۆربەی زانیاریەکانی لە (العمری) وەرگرتووە، کە ئەو بە (السهریه) ناوی هێناوە. بڕوانە: (صبح الاعشی، ج٤/٣٧٦)

[4]- شرفنامە، ص٤٥٣

[5]- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (بابا مردوخ روحانی شیواو: تاریخ مشاهیر کرد، ج٣/ ص٣٨٠؛ جلیلی جەلیل: کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی، ل١١٦؛ جمال بابان: اصول اسماء المدن و المواقع العراقية١، بغداد، ١٩٧٦، ج١/ ص٢١٧-٢١٨).

هەیە پێی وایە بۆ شاری (سوور) دەگەڕێتەوە، کە لە هەزارەی یەکەمی پێش زایین پایتەختی (نایری)[1] یەکان بووە[2]، یان لە وشەی (سوور)ەوە هاتووە، کە مانای ئاگرو خۆر دەگەیەنێت[3]، ئەو دووانە هەردووك دەیبەستنەوە بە (سوور)ەوە، بۆچوونی دیکە هەیە، گوایە لە سەرەتاوە (شۆڕان)[4] بووە، دوایی بۆتە (سۆران)[5]، بەلاّم ئەم بۆچوونانە تەنیا لێکدانەوەن و دوورن لە پشتڕاستکردنەوەی زانستی.

لەلایەن العمري، لە سالّی (م ٧٤٩ك/١٣٤٩ز) وەکو ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو بە ناوی ولاّتی سەهەری (بلاد السهريه) ناوی براوە، هەروەك دەلّێت: "ولاّتی سەهەری (السهريه) لە نێوان شەعلبادو خەفتیانە.."[6]، دوای ئەویش القلقشندی (م٨٢١ك/١٤١٨ز) بە هەمان شێوەی سنووری پێشوو باسی کردووە، دەلّێت: "...لە نێوان شەقلاّوە (شقلباد)و هاودیان (خفتیان)

---

[1]- نایری: لە هەزارەی یەکەمی پێش زاین، لە گۆمی وانەوە دەسەلاّتیان درێژ دەبۆوە هەتا زێی گەورە، لە دوای خۆریو میتانیو لە پێش میدیەکانەوە هاتوون، پادشای ئاشووری نیگلات پلایسیر شەری ئەوانی کردووە. (ئەمین زەکی: خولاصە، چ١/ل٨١-٨٤؛ کەمال بورقای: کوردو کوردستان لە سەردەمی، ل٨٥-٨٦).

[2]- حوسێن حوزنی: مێژووی میرانی سۆران، چاپخانەی هەولێر، هەولێر، ١٩٦٢، ل٤

[3]- سولّتانی: ڕاپەڕینی عەلەویەکانی، ل١٢٩ ؛ عبدالفتاح علي البوتاني: لمحات تأريخية عن نشاة امارة السوران، مجلة ڤەژین، ع٣، دهوك، ١٩٩٦، ص١٣٩؛ عثمان عبدالرحمن سمايل: امارة سوران (منذ البداية القرن الثامن العشر حتى العام ١٨٣٦م، رسالة ماجستير، كلية الاداب، قسم التاريخ، جامعة صلاح الدين، اربيل، ٢٠٠٩، ص٦

[4]- ئێستا گوندێك لە ١٠ کم ڕۆژهەلاّتی قەلاّدزێ هەیە بە ناوی (شۆڕان). (توێژەر)

[5]- ئەمە گوایە بۆچوونی مەلا عەبدولکەریم مودەڕیسە بەلاّم ئاماژەی بە سەرچاوەکەی نەکراوە، بڕوانە: (عثمان عبدالرحمن سمايل: امارة سوران ، ص٦؛ مزوری: مێژووی ڕەواندز، هەولێر، ٢٠٠٦، ل١٦٩).

[6]- مسالك الأبصار، السفر الثالث/ ص٢٦٥-٢٦٦

دەربەند[١]ێك هەیە، شوێنی تایەفەیەكن بە ناوی (شەهری = الشهریە)"[٢]، هەردووكیان بە زیاتر لە دوو سەدە پێش بەدلیسی ژیاون[٣]، زیاتر پێدەچێ ئەوەی (القلقشندی)یش هەر (السهریە) بێت، چونكە زۆربەی زانیاریەكانی لە (العمری) وەرگرتووە.

لە رووی مێژوویشەوە بەكارهێنانی ئەو سەرەتاییەی بەدلیسی بۆ ئەو ناوە دروست دەرناچێت، لە رووی لێكدانەوەكەشی لە بەسەرهاتێكی خەیاڵی دەچێت، چونكە هەر بۆخۆی لە شوێنێكی دیكە ناوی سۆرانی وەكو هۆز بردووەو بە یەكێك لە هۆزە ناودارەكانی كوردی داناوە[٤]، مێژوونووسێكی دیكەش لە ناوهێنانی هۆزە ناودارو خاوەن دەسەڵاتەكانی سەدەكانی ناوەڕاست ناوی سۆرانی بردووە[٥]، بۆیە ئەگەر ئەو بنەماڵە فەرمانڕەوایە پێشتر نەبووبن، ناتوانن بەو ماوە كەمە بچنە ریزی هۆزە گەورەكان، بۆیە ناتوانین بەوە باوەڕ بكەین، كە سۆران لەگەڵ هاتنی عیسای كەڵۆس هاتبێت، بە ناوی جیاواز لەو ناوەوە گوزارشتی لێ كراوە.

پێ ناچێت ئەوەی (ابن خرداذبة ٢٨٠ك/٨٩٤ز مردووە) لە بابەت (زموم

[١] -بە گوتەی (القلقشندی) دەڵێت: دەربەندەكە لە نێوان دوو شاخی بەرزەو رووبارێك لە نێوانیان دایە. بڕوانە: (صبح الاعشی، ج٤/ ص٣٧٦) پێدەچێت مەبەستی دەربەندی گەلی عەلی بەگ بێت

[٢] - صبح الاعشی، ج٤/ ص٣٧٦، لەگەڵ ئەوەدا بەدلیسی لە باسی تیرەو تایەفەكانی ناوچەی گورگێل (الجورقیل)، ناوی تایەفەیەك دێنێ بە ناوی (شەهرلی)، پەیوەندی بە (شەهریە، سەهریە، سۆران)ەوە نیە، چونكە، یەكەم، لەوێدا بە شیعە مەزهەب ئەژماری كردوون، دووەم، ئەوانە بە تایەفەیەكی جیاواز دانراون. بڕوانە: (البدلیسی: شرفنامە، ص٢٧٣ ؛ زرار صدیق : القبائل والزعامات، ص١١٨).

[٣] - بەدلیسی لە ساڵی ١٠٠٥ك/١٥٩٨ز لە نووسینی شەرەفنامە بۆتەوەو لە ساڵی ١٠٠٩ك/١٦٠٤ز مردووە. بڕوانە: (شەرەفنامە مێژووی ماڵە میرانی كوردستان، وەرگێڕانی/ هەژار موكریانی، دەزگای چاپو بڵاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦، پاشكۆی ل٥٥٩).

[٤] - البدلیسی: شرفنامە، ص٤٥٤-٤٥٥

[٥] - عباس العزاوی: عشائر العراق، لندن، د.ت، ج٢/ ص٢٥-٢٦

الاكراد)[١]ەوە ئاماژەی پێداوە، بە ناوی (زوم سۆران)، کە سەرەتایەکی وشەی سۆرانی لە کۆتایی سەدەی ٣ك/٩ز تێدا دەستکەوێت[٢]، مەبەستی ئەو هەرێمە بێت، کە بابەتی ئەم توێژینەوەیە، کە توێژەرێك وای بۆ چووە[٣]، لەگەڵ ئەوەدا دوور نییە ئەو ناوە لە شوێنی دیکە دووبارە بووبێتەوەو مەبەست ئەم سۆرانە نەبووبێت[٤].

هەندێك هەر لە خۆوە بێ بەڵگەی مێژوویی لێکدانەوەی سۆزداریان هێناوەتنەوە، لەو رووە هاتووە، کە "سوورە، بە زمانی پەهلەوی بە مانای پاڵەوانو دلێر هاتووە..."[٥]. هەیشە ئاماژەی داوە، کە لە (سوبارتو)وە هاتبێت، کە لە سەردەمی سۆمەریو ئەکەدی بە باکووری نێوان دوو زێ گوتراوە[٦]، بەڵام ئەمەیان رێی تێناچێت.

بەڵام راستر وایە هەر لە وشەی (سوور) وەرگیرابێت[٧]، وەکو رەنگی سووری کوردی، یان (سوور)ی عەرەبی کە بە مانای دیواری بەرگریو قایمکاری، بە کوردی (شوورە)ی پێدەڵێن، دوور نییە بە هۆی سەختیو شاخاوی ناوچەکەوە لەو وشەیەوە هاتبێت، (سوور) بووبێتە بنەڕەت بۆ ناوی سۆران، جا ئەو سوورە بە هەر ماناو واتایەك بووبێت، یان بە دەربڕینی جیاوازو نزیك لە (سۆران)ەوە گوزراشتی لێ کرابێت. لە رووی مێژووی ئەو هاتنی ئەو وشەیە وەکو گوزراشتێکی جوگرافیو کۆمەڵایەتی، لە پێش هاتنی عیسای کۆڵۆسو لە پێش سەدەی ٨ك/١٤زەوە هەبووە.

---

[١] - زوم: بە مانای مەحاڵو سنوورێکی دیاریکراوی کۆچەری یان کۆمەڵێك رەشماڵ نشین دێت لە ژیانی کۆچەرایەتی. بڕوانە: (ارشاك بولاديان: الاكراد حسب المصادر الارامية، ص٩٣-٩٥ ؛ زرار صديق : القبائل والزعامات ، ص١٠٦-١٠٧).

[٢] - المسالك و الممالك، طبعة دار صادر، بيروت، عن نسخة مدينة ليدن سنة ١٨٨٩، ص٤٧

[٣] - عثمان عبدالرحمن سمايل: امارة سوران، ص٦ ؛ لە کاتی شاڵاوەکانی تەیمووری لەنگ بۆ هەرێمەکانی بوخاراو خوراسان لە پاڵ ناوهێنانی تاشکەند ناوی (سۆران) هاتووە. بڕوانە: (حافظ أبرو: زبدة التواريخ، ص٢٤٣) دوور نیە لە وڵاتی ئەودیو رووبار (ماوراء النهر)یش بەو ناوە هەبووبێت.

[٤] - بڕوانە: (حافظ أبرو: زبدة التواريخ، ص٢٤٣).

[٥] - صفي زادة: تاريخ كرد و كردستان، ص٥٨٢-٥٨٣

[٦] - عبدالفتاح على البوتانى: لمحات التأريخية عن نشاة امارة السوران، ص١٣٩

[٧] - بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ناوی سۆران. بڕوانە: (عثمان عبدالرحمن سمايل: امارة سوران، ص٦-٧).

**باسی دووەم:**

## مەڵبەندو سنووری میرنشینی سۆران

مەڵبەندێکی جێگیر بۆ سەرهەڵدانی دەسەڵاتی هۆزو میرانی سۆران هەبووە، سەرباری ناجێگیری باری سیاسییو شاڵاوە یەك بەدوای یەکەکان بۆ سەر ناوچەکە، ئەم هۆزە، تا رادەیەك سنووری فەرمانڕەوایەتی خۆی پاراستووە، ئەو سنوورەش لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە وڵاتی (السهریە) ناسرابوو، ئەو جیاوازیەی نەبووە، لە سنووری ئەو سۆرانەی لە دوای فراوانبوونی لە کۆتایی سەدەی ٩ك/١٥ز هەبووە، کە لە نێوان شەقڵاوەو هاودیانان هەڵکەوتبوو، لە نێوانیان دەربەندێك، لە نێوانی دوو شاخی گەورە، هەڵکەوتووەو زێیەکی گەورە لێکی جیا کردوونەتەوە[١]. ئەو سۆرانەی (العمری) باسی کردووە، هاوسێی فەرمانڕەوایەتی (زەرزاری) یەکان بوون، دەنووسێت: "...دراوسێی گروپێکی دیکەن بەناوی زەرزاری"[٢].

ئەو کات سنووری فەرمانڕەوایەتی زەرزاری لە رەواندزەوە هەتا شنۆ (أشنه)[٣]یە بووە، بەلای راستی سۆران درێژ دەبۆوە[٤]، لە سەرچاوەیەکدا هاتووە، کە تیرە زۆرەکانی (سۆران) لە نزیك هاودیان دەژیان[٥].

فراوانی سنووری میرنشینەکە پەیوەست بووە بە ئەندازەی دەسەڵاتی هۆزی سۆرانی، هەتا سەرەتای سەدەی ٩ك/١٥ز سنوورەکەی نەگەیشتۆتە هەولێر، چونکە لە سەدەکانی ٨، ٩ك/١٤، ١٥ز وەکو هەولێر فەرمانڕەوایەتی

---

[١]- مسالك الأبصار، السفر الثالث/ ص٢٦٥

[٢]- المصدر نفسه، ص٢٦٧

[٣]- شنۆ (أشنه): لە سەرچاوە بولدانیەکان بە (ئەشنە) ناویان بردووە، کە شاروچکەیەکە لە ئازەربایجان، کاتی خۆی پێگەی زەرزاریەکان بووە، لە ورمێ دوو رۆژە رێ (نزیکەی ٧٢کم) دوورە. بڕوانە: (ابن حوقل: صورة الارض، ص٨٥؛ ياقوت الحموي: معجم البلدان، ج١/ ص٢٠١ ؛ القلقشندی: صبح الاعشی، ج٤/ ص٣٧٦ ؛ حسام الدين النقشبندي: اذربيجان، ص٨٦).

[٤]- القلقشندی: صبح الاعشی، ج٤/ ص٣٧٦ ؛ زرار صديق : القبائل والزعامات، ص١٠١

[٥]- کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا، ل٦٦

شار حاكمی تايبـەتی خـۆی هـەبووە[١]، لـە فـەرمانڕەوايی زەرزاریو سـۆرانی جيابووە.

لە سەردەمی دەسەڵاتی ئيلخانی(٦٥٦-٧٣٦ك/١٢٥٨-١٣٣٥ز) يـەوە، بەدرێژايی هـەردوو سـەدەی ٨و ٩ك/١٤و ١٥ز ئـەو سـنووره هـەر بـە سـۆران ناسرابوو[٢].

هەيـە پێـی وايـە، هـەمان سـۆران سـنووری جـوگرافی هـەرێمی كـۆنی (حەدياب) يان (ئەديابين)[٣]بووە، كە سـنووری نێـوان هـەردوو زێ بـووە، كـە وڵاتی سۆران لە شەقڵاوەوە بۆ هاوديانانو دەشتی هـەريرو دەربەنـدی گـەلی عەلی بەگ بووە، بەڵام هەرێمی (ئەديابين) دواتـر بـووە هـەرێمی (هـەزبانی)، توێـژەريكيش لـە باسـی هـەولێری سـەدەكانی ناوەڕاسـت، دەڵێـت: "وڵاتـی سۆران لە چەند شارو گوندێك پێك هـاتووە، بـە زۆری سـەر بـە فـەرمانڕەوای هەولێر بوون"[٤]، بەڵام وەكو لە سەرچاوەكان بەدەردەكەوێت سنوورەكەی لـە سەدەكانی ناوەڕاست نەگەيشتۆتە هەولێر، بە تەنيا بەشێكی سنووری نێـوان هەردوو زێی گرتۆتەوە.

ئەو ناوە وەكو رەهەندێكی جوگرافی لەگەڵ سەرەتای سـەدەی ١٠ك/١٦ز فراوان بووە بۆ هەولێرو دەوروبـەری، پاشـان بـەرە بـەرە هـەموو ناوچـەكانی نێوان هەردوو زێی گەورەو زێی بچووكی گرتۆتەوە، سەرچاوە تازەكان زيـاتر

[١]- شـامی: ظفرنامـة، ص١٤٠؛ ؛ القلقشـندی: صـبح الأعشـی، ج٧/ ص٣٠٠ ؛ العـانی: العـراق في العهـد الجلائري، ص٥٢-٥٤

[٢]- العمری: مسالك الأبصار، السفر الثالث/ ص٢٦٥-٢٦٦؛ زرار صديق : القبائل والزعامات، ص١١٤-١١٥

[٣]-ئـەديابين: لـە دوای مردنـی ئەسـكەندەری مەكـدۆنی كوردسـتان لـە سەردەسـتی سـەركردەكانی دابەش كرا بـۆ چـەند يەكـەی فەرمانڕەوايـەتی بـە نـاوی ئـەديبابينو كوردۆئينو ئـەترۆپاتين (ئازەربايجـان)، ئـەوەی لێـرەدا مەبەسـتە (ئـەترۆپاتين)ە، (مـادی بچووك)يشـيان پـێ وتـووە، مەڵبەندەكـەی شـاری ورمـێ بـووە. بـۆ زانيـاری زيـاتر، بڕوانـە: (حوسـێن حـوزنی: كوردسـتانی موكريان، چ١، چاپخانەی زاری كرمانجی، رەواندز، ١٩٣٨، ل١-٢؛ فرست مرعي: كردستان في القـرن السابع الهجري، ص٨-٩).

[٤]- على عادل حسين: اربيل في الفترة، ص٢٧

به سنووری سەردەمی نویٚ نیشانیان داوە[1]، بەبیٚ ئەوەی ئـەوە بەدەربخـەن، کە ئەو میرنشینە لە سەدەکانی ناوەڕاست بە تەنیا لە باڵەکانو هاودیانانـەوە بەرەو باشوور هەتا شەقڵاوە درێژبووەوە، ئەمە بەشـێکە لـەو سـنووری ئـەو سۆرانەی کە بە رەهەندی دیالێکتی سۆرانو ناوچەی سۆران ئێستا هەیە[2].

سۆرانی نیوەی دووەمی سەدەی ٩ك/١٥ز، کە باسی کراوە، هـەمان ئـەو ناوچانە بـوون، کـە لـە سـەدەکانی ٨ك/ ١٥ز دیـاری کـراوە، (عیسـای کـوڕی کۆلۆس) بە پشتیووانی گوندی باڵەك شۆڕشی کـردووە[3]، قـەڵاتی (ئـاوان) ی دەست بەسەرداگرتووە[4]، بەڵام لە سەرەتای سـەدەی دواتـریش فـراوان بـووە بـۆ هـەولێرو کۆیـە، دواتـر هـەولێر بۆتـە مەڵبەنـدی سـۆران[5]و لەلایـەن (مـیر سەیدی کوڕی شا عەلی)یەوە دەستی بەسەرداگیراوە[6].

بە پێی بەڵگەنامەکانی عوسمانی لە کاتی شـاڵاوەکەی سـوڵتان سـلێمانی قانوونی بۆ هەولێر لە ساڵی (٩٤١ك/١٥٣٤ز) هەریەك لـە قەڵایـەکانی ئـاڵتوون کۆپریو هەولێرو هەریرو شەقڵاوەو هاودینانو هەریر لە ژێر دەسەڵاتی مـیری سۆران دا بوون[7]، بەڵام ئەو سنوورەی دوای شـەڕی (چـاڵدێران ٩٢٠ك/١٥١٤ز) ناکەوێتە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیە.

---

[1]- جمال بابـان: اصـول اسمـاء المـدن و المواقـع العراقيـة، ج١/ ص٢١٧ ؛ صـالح قـەفتان: مێـژووی گـەلی کورد، ل٢٠٦؛ عباس العزاوي: عشائر العراق، ج٢/ ص١٥٥؛ ؛

[2] - فؤاد حمة خورشيد: اللغة الكردية والتوزيع الجغرافي للهجاتها، ص٣٥

[3]- البدليسي: شرفنامه، ص٣٥٤

[4]- شرفنامه، ص٤٥٩

[5]- لە دوای هاتنی سلێمانی قانونی بۆ هەولێر (٩٤١ك/ ١٥٣٤ز)، هەولێرو سۆران دوو ناوچـەی جیـاواز بوون، سوڵتانی عوسمانی لە هەولێر میر (عێزەدین شێر)ی سۆرانی کوشتو هەموو سۆرانی بـە هەولێرەوە گرێداوە. بڕوانە: (حوزنی: مێژووی میرانی سۆران، ل٧-٨).

[6]- بابا مردوخ روحانی شیواو: تاريخ مشاهير كرد، ج٣/ ص٣٨٢

[7]- عماد عبدالسلام: دراسات وثائقية في تاريخ الكرد الحديث وحضارتهم، اربيل، ٢٠٠٨، ص٢٩

## قەڵاو ئاوەدانیەکانی سۆران

**ڕەواندز:** بۆ فەرمانڕەوایانی سۆران وەکو هێما بەدیترکەوتووە، بەڵام لە سەدەکانی ناوەڕاست بەو ڕۆشنیە ناوی نەهاتووە.

لە سەرچاوە ئیسلامیەکاندا بەو ناوە ئاماژەی پێ نەکراوە، بەڵام ناوی قەڵایەك هاتووە، بەناوی (ڕوێندن)، کە قەڵایەکی سەختی سەر بە (ئازەبایجان)و لە نزیك تەورێز بووە[1]. (ابن الاثیر)یش بە یەکێك لە قەڵا هەرە سەختەکانی ئازەبایجانی داناوە، بە گوتەی ئەو سەربازەکانی (جلال الدین خوارزمشاه) گەمارۆی (ڕوێندن)ی داوەو بە ناچاری ئەوانەی ناو قەڵا خۆیان بە دەستەوە داوە[2]، ئەگەر مەبەستی سەربازەکانی بێت ئەگینا جەلالەدین بۆ خۆی نەگەشتۆتە سنووری سۆران، بە تەنیا باسی گەیشتنی لەشکرەکەی هەیە لە ساڵی (٦٢١ك/١٢٢٩ز) بۆ هەولێرو دواتر بۆ داقوق[3]، بەڵام باسی ڕەواندز نەهاتووە[4]، بۆیە پێ ناچێت مەبەستیان ڕەواندز بێت.

(عەونی) پێی وایە قەڵای ئاوان (قەڵای ڕەوان) بووە، یان ڕەنگە قەڵای ڕەوان یان قەڵای ڕەواندی بووبیت[5]، هەیەشە پێی وایە، لە دەورانی کۆڵۆس ناوی (ئاوان) گۆڕاوە بۆ (ڕەوان– دن)[6]، بۆیە هەیە پشتگیری ئەو بۆچوونەی کردووە، کە (ئاوان) هەمان شوێنی ڕەواندز بووبێت، لەوێوە میرنشینەکەی

---

[1] - یاقوت الحموي: معجم البلدان، ج٣/ ص١٠٥

[2] - ابن الاثیر: الکامل في التاریخ، ج١٠/ ص٤٨٨-٤٨٩ ؛ زبیر بلال پێی وایە ڕەواندز لە (ڕویندز)ەوە وەرگیراوە. بڕوانە: (اربیل في ادوارها التاریخیة، مطبعة النعمان، النجف، ١٩٧١، ص٢٥٤).

[3] - داقوق: لە نێوان هەولێرو بەغدا هەڵکەوتووە، نزیك بە قەڵای کەرخینی (کەرکوك)، ١٨٠کم لە هەولێرەوە دوورە. (یاقوت الحموی: معجم البلدان، ج٢/ ص٤٥٩، ج٤/ ص٤٥٠؛ عطا عبدالرحمن: حرکات الخواریج فی بلاد الکورد، ص١٠٧).

[4] - بڕوانە: (الجویني: تاریخ جهانگشای جویني،، ج٣/ ل١٥٣-١٥٥).

[5] - البدلیسی: شرفنامە، هامش محمد علی عونی رقم (٤)، ص٤٥٤ ؛ جەمال نەبەزیش پشتگیری بۆچوونەکەی عەونی کردووە. بڕوانە: (الامیر الکردی میر محمد الرواندزی، ترجمە/ فخری سلاحسور، چاپو بلاکردنەوەی ئاراس، هولێر، ٢٠٠٣، ص٤٣).

[6] - ڕۆژبەیانی: وڵاتەکەت باشتر بناسە، ل٣٣٤

فراوان کردووه[١]، ڕەواندزیش لە (ڕەوان + دژ) وەرگیراوە، کە مەبەست لە ڕەوان، (ڕوادی)یە، ئەوانیش تیرەیەك بوون لە هۆزی گەورەی هەزبانی[٢]، وشەی (دژ)یش بە مانای قەڵاو سەنگەری بەرگری دێت، ڕەواندز بە واتای قەڵای پۆڵاین[٣]

سەرچاوە ئێرانیەکانیش ناوی (ڕوئین دز) دەهێنن، کە گوایە (قەرەیوسف)[٤] لە ساڵی (٧٨٩ك/١٣٧٨ز) لە تەورێزەوە بە ئاراستەی (مەرو)و (مەراغە) پەلاماری (ڕوئین دز)ی داوە[٥]، ئەمەش ڕێی تێدەچێت کە مەبەست شاری ڕەواندزی ئێستا بێت، چونکە ئەوکات ڕەواندز سەر بە هەرێمی ئازەربایجان بووە.

لێکدانەوەیەکی تریشمان بۆ ئەو (ڕوئین– دز) هەیە، کە دوو قەڵا بە یەك ناوەوە هەبووبێت، بەڵام ڕیشەی ناوەکەیان جیاواز بێت، ئەوەی زیاتر لە ڕاستیەوە نزیکە لە (ڕەواند – دژ)ەوە هاتبێ، کە دەکاتە قەڵای (هۆزی ڕەواندی)ەکان.

---

[١]- بابا مردوخ روحانی شیواو: تاریخ مشاهیر کرد، ج٣/ ص٣٨٠ ؛ زبیر بلال : تأریخ اربیل، ص١٥٦

[٢]- ابن خلکان: وفیات الاعیان، ج٣/ ص١٣٩، ج٧/ ص١٣٩؛ ألیاس احمد کریم: الدور السیاسي و الحضاري للهذبانین في الدولة الایوبیة في مصر و الشام (٥٦٩-٦٥٨م/ ١١٧٣-١٢٦٠م)، رسالة ماجستیر، کلیة الاداب، جامعة صلاح الدین، أربیل، ٢٠٠٨، ص١٦-٢٣

[٣]- حوسین حوزنی: مێژووی میرانی موکریان، ل٢٨، بۆ زانیاری زیاتر لە مانای وشەی ڕەواندز بڕوانە: (ئەحمەد حەمەد ئۆمەر: ڕەواندز (١٩١٨-١٩٣٩)، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسیە (١٩١٨-١٩٣٩ز)، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٤-٧).

[٤]- قەرە یوسف: (٧٩١-٨٢٣ك/١٣٨٨-١٤٢٠ز) لە بەهێزترین پاشایانی قەرەقۆینلۆ بووە، لەدوای مردنی تەیموورخان، کوردستانو ئێرانی خستە ژێردەسەڵاتی خۆیەوە، تەورێزی کردە پایتەخت، پەیوەندی لە میرە کوردیەکان بێجگە لەمیری بەدلیس خراپ بوو. بڕوانە: (حافظ أبرو: زبدة التواریخ، ص٢٤٣-٢٤٩؛ رابعە فەتاح: کوردستان لە سەدەی پازدەی زاینییدا، ل٥٩-٧٧).

[٥]- جافظ أبرو: زبدة التواریخ، ص٢٤٩

**ئاوان:** له سەردەمی عیسای کۆلۆس مەلبەندی پادشایەکی ستەمکار بووە[1]، بەڵام دیار نییە ئەو پادشایە کێیە؟ بێجگە لە بەدلیسی سەرچاوە بنەڕەتییەکانی دیکە، ناوی قەڵای (ئاوان)نیان نەبردووە، وەکو لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا، هەیە پێی وایە، مەبەست هەر قەڵای ڕەواندزە، بۆیە پێدەچێت، کە ئاوان شوێنی ئێستای ڕەواندز بێت.

**هاودیـــان ( *خفتیـــان* ):** قەڵایەکی کۆنە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عەبباسییەکان، دوو قەڵا هەبوون بەو ناوەوە، یەکیان لە نزیك هەولێر بووە، لە سەر ڕێی مەراغە، ئەوەی دیکە لە سەر ڕێی شارەزوور بووە[2]، (حمد الله المستوفی) لە ڕیزی ئاوەدانییەکانی سەدەی ٧ك/١٣ز هەژمار کردووە[3]، بە پێی بەڵگەنامەی عوسمانی هاودیان لە سەرەتای سەدەی١٠ك/١٦ز قەڵایەکی سەخت بووە لە باکووری هەولێر، بەرگری لە بەرامبەر سوپای عوسمانی نیشان داوە[4]، مەبەست لە (خفتیان) هاودینانی ئێستایە، کە ١٠کم لە باکووری ڕۆژئاوای ڕەواندزەوە هەڵکەوتووە[5]، بەڵام (یاقوت الحموي) بەوە گومانی دروست کردووە، کە ئامازەی داوە، لە ژێرەوەی ڕووبارێکی گەورە

---

[1] - البدلیسی: شرفنامە، ص٤٥٥

[2] - (خفتیان) به ناوی جیا هاتووە، وەکو (خفتیذکان، جقندکان، خفتیان بن سرخاب)، (یاقوت الحموي: معجم البلدان، ج٢/ ص٣٧٩-٣٨٠؛ حسام الدین نەقشبەندی: شارەززورو لوڕستانی باکور، ل٦٤-٦٥؛ ڕزار صدیق، ئەگەری ئەوەی داناوە، کە (خفتیانی نێوان هەولێرو شارەزوور لە کۆیە بێت)، بڕوانە: (کردستان في القرن الثامن الهجري، ص٣١٣) لە نێوان گوندی (بۆرقامیش‌و گۆپتەپە)ی سەر بە ناحیەی (ئاغجەلەر)ی ئێستا، زیاتر ڕای عەبدوڕەقیب یوسف لەڕاستیەوە نزیکە کە پێی وایە، (قەڵایگان) بێت، لەبەرانبەر گوندی بۆگدی دەشتی کۆیە، لە سەر زێی بچوك، کە ئیستا پاشماوەی قەڵایە ماوە. بڕوانە: (حدود کردستان الجنوبیة، ص٢٦٠-٢٧٠)

[3] - نزهة القلوب، ص١٢٧-١٢٩

[4] - عماد عبدالسلام: دراسات وثائقیة ، ص٢٨-٢٩

[5] - ئەمین زەکی: خولاصە،ج٢/ ل٢٤٤ ؛ زبیر بلال : اربیل في ادوارها، ص٢٥٥؛ احمد عبدالعزیز محمود: الامارة الهذبانیة الکردیة في ارمینیا و اربیل و الجزیرة الفراتیة، هولیر، ٢٠٠٢، ص٧٠

هەیە، بەڵام ناوبراو خۆی بە (خەفتیانی زەرزاری) ناوی بردووە[1]، دووریش نییە ئەو بۆ خۆی ئەو جێگایەی نەدیبێتو بۆیان باسکردبێت، لە باسکردنی ئەو خەسڵەتە کەوتبێتە هەڵەوە.

**باڵەکان:** بە (باڵەکان) ناوی هاتووە، کە شوێنی زەرزاریەکان بووە، لەو سەردەمە خاوەنی سێ هەزار جەنگاوەر بوون بۆ پاسەوانی سنووری ڕێگای نێوان هەولێرو ئازەربایجان[2]، بەڵام لە سەدەی ٨ك/١٥ز، کە شوێنەواری زەرزاری لە ناوچەکە نەمابوو، پشتیووانی عیسای کۆڵۆس بوون لەو سەرهەڵدانەی بەرپای کرد[3].

**شەقڵاوە** (شقلاباد): لە سەردەمی میر سەیدی بووە بە دووەم پایتەختی سۆران[4]، کە دەکەوێتە کۆتایی سەدەی ٩ك/١٥زیو سەرەتای سەدەی دواتر، لە سەرەتای سەدەی ٨ك/١٤ز بە (شقلاباد)، ناوی هاتووە، کە گوندێکی گەورەیە، لە دامێنی چیایەکە، هەشت فرسەخ (نزیکەی ٤٨کم) لە هەولێرەوە دوورە[5]، وەکو ئاماژەی پێدرا سنووری باشووری سۆران بووە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا.

**هەریر:** لە سەردەمی شاعەلی کوڕی عیسا پایتەختی میرنشینی سۆران بووە[6]. سەرچاوەی بولدانی بە (هرور) ناوی بردووەو دەڵێت: "لە بەشە شاخاویەکەی باکووری هەولێر هەڵکەوتووە)[7].

---

[1]- معجم البلدان، ج٢/ ص٣٨٠
[2]- القلقشندی: صبح الاعشی، ج٤/ ص ٣٧٦
[3] - البدلیسی: شرفنامه، ص٤٥٤
[4]- المصدر نفسه، ص٤٥٨
[5]- یاقوت الحموي: معجم البلدان، ج٢/ ص٨٠٦
[6]- البدلیسی: شرفنامه، ص٢٥٦
[7]- یاقوت الحموی: معجم البلدان،، ج٥/ ص٤٠٣

**دوین:** ئێستا پاشماوەی قەڵاو گوندێکی وێرانەیە لە نێوان هەولێرو پیرمام، بە دووری ٥کم لە پیرمامەوە دوورە[1]، روون نەبۆوە کە ئەم قەڵایە لەسەرەتای دامەزراندنی میرنشینی سۆرانەوە هەبووە یان نا، هەروەها شارێکی دیکە هەیە، لەم (دوین)ە بە ناوبانگترو لەو پەڕی باکووری ئازەربایجان لە رۆژئاوای تەفلیس هەڵکەوتووە، کە شوێنی باپیرانی پادشایانی ئەیوبیەو لە دوینی سۆران بەناوبانگتر بووە[2].

ئەمە سەڕای کۆمەڵێك قەڵاو شوورەی دیکەی بەرگری لە نزیك رەواندوزو سنووری سۆران، کە رەنگدانەوەی فەرمانڕەوایەتی سۆرانە لە قۆناغە جیاجیاکانی خۆیدا[3].

کەواتە یەکەم پێگەی ئەو میرشینە، لە ناوچەی رەواندز بووە، سەرچاوەکانی هەردوو سەدەی ٨و٩ك/١٤و ١٥زیش هەر جەخت لە سەر هەمان سنوور دەکەنەوە، بەوەی سنووری سۆران پێش سەدەی ١٠ك/١٦و، بە شێوەی لاکێشەیی لە (باڵەك)ەوە درێژدەبووەوە بۆ (شەقلاوە)، بێجگە لە دەشتی هەریر ئەوەی دیکە هەمووی ناوچەی شاخاویو دۆڵو لێڕەواری سەخت بووە، بەڵام پێدەچێت لەگەڵ لاوازبوونی دەسەڵاتی ئاق قۆینلۆ لە کۆتایی سەدەی ٩ك/١٥ز سنووری سۆران بەرەو دەشتەکان بە ئاراستەی هەولێر فراوان بووبێت.

---

[1] - زیاد احمد محمد: قلاع الامارة السورانية في اربيل، رسالة ماجستير، كلية الاداب، قسم التاريخ، جامعة صلاح الدين، اربيل، ٢٠٠٧، ص٥٦، شارێکی تر هەبووە بە ناوی (دوین) لە ئاران، کاتی خۆی پایتەختی میرنشینی رەوادی بووە، (ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة، ج٦/ ص١٢).

[2] - بڕوانە: (ياقوت الحموي: معجم البلدان، ج٢/ ص٤٩١؛ عطا عبدالرحمن محى الدين: ئەسەدەدین شێرکۆ ژیاننامەو رۆڵی لە شەڕی خاچیەکاندا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١١-١٣).

[3] - بۆ زانیاری زیاتر لە سەر قەڵاو شورەکانی سۆران بڕوانە: (زیاد احمد محمد: قلاع الامارة، ص٦٧-٨١)

له رووی ئابووریو بازرگانیەوە دەشتەکانی نێوان هەولێرو ورمێ، لە سەرچاوە مێژووییەکاندا بە ناوچەیەکی پڕ لە باخو بێستان ناوی هاتووە[1]، کە سۆران بڕبڕە پشتی نێوان هەولێرو ورمێ پێکدەهێنێت، هەروەها ڕێگەی پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان هەولێرو تەورێزو شارەکانی ئازەربایجان بووە، بە گوتەی (یاقوت الحموی) ڕێگەی شاخاوی نێوان ئازەربایجانو هەولێر لە ناوچە شاخاویەکانەدا بازاڕێکی گەورەو ناوچەی ئاوەدانو دڵگیر هەبووە، بە وتەی ناوبراو گردێکی گەورەیە لە سەر ڕێگایەکەو قەڵایەکی لە سەرە، لە پاڵ رووبارێکە، کە ڕۆژی دووەم کاروانچییەکانە دەگەنە ئەو قەڵایە[2]، دیارە مەبەستی ناوچەی ستراتیژی سۆران بووە، کە ئەوکات بایەخی گرنگی بازرگانی هەبووە[3].

لە سەدەکانی ناوەڕاست میرنشینی سۆران قەڵاو ئاوەدانیەکی دیاریکراوی نەکردبووە مەڵبەندی سەرەکی خۆی، هەریەك لە (هاودیانان، ڕەواندز، هەریر، شەقڵاوە) پایتەخت یان مەڵبەندی فەرمانڕەوایەتی بوون[4]، هەولێریش لە سەردەمەکانی دواتر پایتەخت بووە.

شاعەلی کوڕی عیسا لە ماوەی حوکمڕانیدا، "ناوچەی هەریری پاتەخت بوو"[5]. هەیە پێی وایە، لە سەردەمی عیسای کۆلۆسەوە هەریر بۆتە پایتەخت[6]، بەڵام بەدلیسی لەو بەسەرهاتەی بۆ عیسای داڕشتووە، ناوی

---

[1]- ابن حوقل: صورة الارض، ص٣١٥؛ ياقوت الحموي: معجم البلدان، ج١/ ص٨٩، ٢١٠؛ حسام الدين النقشبندي: اذربيجان، ص٧٨-٧٩؛ كي لسترنج : بلدان الخلافة، ص٢٠٠

[2]- معجم البلدان، ج١/ ص٢٠١، ج٢/ ص٤٥

[3]- بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: (زرار صديق: كردستان في القرن الثامن الهجري، ص٢٧٦-٢٧٧)

[4]- عبدالفتاح علي يحي: الهجوم العثماني و سقوط امارة سوران، القسم الاول، مجلة كاروان، ع (٥٢)، كانون الثاني ١٩٨٧، ص١٣٥

[5]- شرفنامە، ص٢٥٦

[6]- حوزنی: مێژووی میرانی سۆران، ل٥؛ عەلی سەیدۆ گەورانی: لە عەممانەوە بۆ ئامێدی (گەشتێك بە کوردستانی باشووردا)، وەرگێڕانی/تالیب بەرزنجی، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل١٥٨

هەودیانو باڵەکان دێنێت[١]، وای لێ تێدەگەین، کە لە ڕەواندزەوە نزیك بووە بۆیە دەشێت هەریر لەگەڵ کۆتایی سەدەی ٩ك/١٥ز بووبێتە پایتەختو شەقڵاوە لەگەڵ سەرەتای سەدەی دواتر، بەڵام پێشتر ناوەندی فەرمانڕەوایەتیی سۆران لە ناوچە شاخاویەکانی نزیك ڕەواندز بووەو لە دەشتەکان نزیك نەبۆتەوە.

بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانو شوێنەواری قەڵاو شوورەکانی دەڤەری ڕەواندزو باڵەکانو هەریرو دوین، بەدەردەکەوێت مەڵبەندی حوکمڕانی قۆناغی دووەمی فەرمانڕەوایەتیی میرانی سۆران لە سەر کەلاوەی هەمان قەڵاو ئاوەدانی پێشووتری سەری هەڵداوەتەوە، هەتا کۆتایی سەدەی ١٠ك/١٦ز جیاوازیەکی بەرچاو نییە لە سنووری سۆران، بەڵام دواتر فراوانی بەخۆوە بینیوە.

سەرەڕای ئەوەی، کە زۆربەی دانیشتووانی سنووری سۆران کورد بوونو لە رووی ئایینەوە موسوڵمان بوون، بەڵام لە هەولێر هەتا شەقڵاوەو دوینو ڕەواندز کەمینەی کریستیانی لێ بووەو لە سەر مەزهەبی کاتولیك بوون[٢]، ئەمە سەرەڕای کەمینەیەکی جوولەکە، کە لە ناوچەکانی سۆران هەبوونو بە پیشەگەریەوە خەریك بوون[٣].

لە ڕووی پێکهاتەی خێڵەکیەوە مەڵبەندی هۆزەکانی میران بەگی (سۆران )و ڕەوەندو بلباسو هەرکیو سورچیو زراری[٤]و خۆشناو خەیلانیو

---

[١]- شرفنامة، ص٤٥٤

[٢]- بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەو بابەتە بڕوانە: (عثمان عبدالرحمن سمایل: امارة سوران، ص٤٤-٤٦)

[٣]- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (عثمان عبدالرحمن سمایل: امارة سوران، ص٤٧-٤٨ ؛ هەلویست عمر قادر: یهودا کردستان، ص٢٨)

[٤] - دوور نیە، (زراری)یەکانی ناوچەی زرارەتی ڕۆژئاوای هەریرو (زەرزا)ی ناوچەی موکریان، بەشێك بووبن لە پاشماوەی زەرزاریەکان. بڕوانە: (عباس العزاوي: عشائر العراق، ج٢/ص١٤٣-١٥٤)

باڵەکی‌و شێروانی‌و ئاکۆو براودۆست‌و چەند هۆزێکی دیکەیە[1]. پەیوەندیی ئەم هۆزانە بە تیرەو هۆزەکانی (زەرزاری، باڵەکان، حەسنائی، گەلالی، شەهری، حەکمیە، قەرتاوی، مازنجانی)، کە لە سەدەی ٩ك/١٥زی‌و پێشتر هەبوون[2]، رۆشن نییە، بەڵام رێی تێدەچێت، کە زۆربەی ئەو هۆزانەی سەدەکانی دواتر لە ئاکامی هەڵوەشانەوەی هۆزەکانی پێش خۆیانەوە پەیدا بووبن.

[1]- بۆ زانیاری زیاتر لە سەر هۆزەکانی رەواندزو هەریرو دەوروبەری بڕوانە: (عثمان عبدالرحمن سمایل: امارة سوران، ص٥٥-٦١).

[2]- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەو قەوارانەی کە لە سەدەی ٧و ٨ك/١٣و١٤ز لە سۆران‌و دەروروبەری هەولێر باڵادەست بوون، بڕوانە: (علی عادل حسین: اربیل في الفترة، ص٢٢٢-٢٢٩).

## باسی سێیەم:

## دامەزرێنەرانی میرنشینی سۆران و بنەماڵەو هۆزی سۆران

بەلای بەدلیسیەوە، عیسای کوڕی کەلۆس میرنشینی سۆرانی دامەزراندووە[١]، زۆربەی سەرچاوە هاوچەرخەکان، هەمان ئەو بۆچوونەی بەدلسیان بە سەرنجەوە یان بە بێ سەرنج لە مەڕ دامەزراندنی ئەو میرنشینە دووبارە کردوەتەوە[٢]، کەمی سەرچاوەی بنەڕەتی لە سەر دامەزراندنی، کۆمەڵێك گیروگرفتی دروستکردووە.

مێژوونووس بەو شێوەیە دەستی پێکردووە: "زنجیرەی بنەماڵەی سۆران دەچنەوە سەر کۆلۆس ناوێك، کە عەرەبی بەغداو ئاوارەی گوندی (ئاوان) بووە، کە سەر بە ناوچەی سۆرانە، لە گوندی هاودیان بۆتە شوان، کۆلۆس، چونکە ددانی پێشەوەی نەمابوو، بە کەلۆس ناوی دەرکردبوو، سێ کوڕی هەبووە، ئەوانیش (عیسا، ئیبراهیم، شێخ وەیس). عیسا پیاوێکی رووخۆش و دڵفراوان بووە، لەو رێگەیەوە گەنج و هەرزەکارانی گوندی لە خۆی کۆکردۆتەوە، لەو سەردەمە دوژمنێك رووی کردۆتە ئەو مەڵبەندە، هاوڕێکانی نازناوی میریان بە عیسا داوە، روویان لە باڵەکان کردووە، لەوێ خۆیان سازداوەو بەرەو قەڵای ئاوان بوونەتەوە، بە زەبری بەرد ئازادیان کردووەو لێرەوە میرایەتی عیسا دەستی پێکردووە"[٣]. دوای خوێندنەوەی ئەم بەسەرهاتە مێژووییە، کە بنەمایەکی زانستی نییە، ئەم سەرنجانەی خوارەوە دروستدەبێت:

---

١- شرفنامە، ص٤٥٣-٤٥٤

٢-أمین زكي: تأریخ الدول والإمارات، ص٣٩٩-٤٠٠؛ بابا مردوخ روحاني شیواو: تاریخ مشاهیر كرد، ج٣/ ص٣٧٩ ؛ زبیر بلال : تأریخ اربیل، ص٣ ؛ جەلیلی جەلیل: کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی، ل١١٦؛ حوزنی: مێژووی میرانی سۆران، ل٣-٤؛ صفی زادە: تاریخ کرد و کردستان، ص٥٨٢-٥٨٣ ؛ عەلی سەیدۆ گەورانی: لە عەممانەوە بۆ ئامێدی، ل١٥٨

460 .Minorsky: The Encyclopedias Of Islam,Volume V, p

٣- البدلیسی: شرفنامە، ص٤٥٤

- نووسەری ئەو دەقە بە نزیکەی سەدەو نیوێك لە دوای ئەو رووداوەوە هاتووە، کەچی ئاماژەی بە هیچ دیکۆمێنتێکی باوەرپێکراو نەکردووە، لە بەرامبەردا سەرچاوەو زانیاریەکانی دەگەرێنێتەوە بۆ گێرانەوەی دەماودەم[1]، کە ناتوانرێت پشتی پێبەسترێت. بە تایبەت، کە خودی سەربوردەکە زیاتر لە ئەفسانەوە نزیکەوە، وەکو لە راستی، بۆ ئەو مەبەستەش هەندێك لە توێژەران رەخنەیان لێگرتووەو بە هەڵبەستراوی دەزانن[2]، حوزنی موکریانی عیسای سەر بە بنەماڵەیەکی ناوداری کورد ناودەبات[3]، بەڵام بێ بەڵگەو لە روانگەی سۆزداریەوەیە، ئەمە نابێتە سەرچاوە بۆ یەکلایی کردنەوە، ئەم هەنگاوەی بەدلیسی وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا دامەزرێنەرانی زۆربەی میرنشینو قەوارە کوردییەکانی سەدەکانی ٨، ٩ك/ ١٤، ١٥ز بەو شێوەیە بۆ ئەویان باس کردووە، کە بنەماڵەی ئەوان دەچنە سەر یەکێك لە بنەماڵە فەرمانرەواکانی پێشوو، ئەویش وەکو خۆی تۆماری کردوون.
- کە دەڵێت باوکی عیسا شوان بووە، خەڵکی بەغدا بووە، دیارە ئەو ناوچەیە مەڵبەندی هۆزە ناودارەکانی کورد بووە، رێی تێناچێت وا بە ئاسانی قبوڵی فەرمانرەوایەتی شوانێکی نامۆ بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ناوچەکەیان بکەن، ئەگەر پێشتر پێشینەیەکی فەرمانرەوایەتی لە ناو ئەواندا نەبووبێت.
- ئەوەش جێی پرسیارە، کە ئەو دوژمنە کێ بووە، دەستی گرتووە بە سەر قەڵای (ئاوان)، کە عیساو هاوەڵانی بە چەکی سادەو ساکار هێرشیان بردۆتە سەر، چۆن بە شوانێكو لاوەکانی گوندی باڵەکان وا بە ئاسانیو بە بەرد دەستی بە سەرا گیراوە؟.

---

[1] - بەدلیسی لە سەرەتای ئەو چیرۆکە دەنووسی: (هەقیقەتی ئەو گێرانەوەیە لە خاوەن بیرتیژەکان شاراوە نیە کە بنەماڵەی فەرمانرەوایانی سۆران دەچنەوە سەر کۆڵۆس). بروانە: (شرفنامە، ل٢٥٤).

[2] - زرار صديق: كردستان في القرن الثامن الهجري، ص١٦٩؛ عبدالفتاح على البوتاني: لمحات التأريخية عن نشأة امارة السوران، ص١٣٩

[3] - حوزنی: مێژووی میرانی سۆران، ل٣

له سەرچاوە تازەکان ئەو بۆچوونە دەستناکەوێت، پشتگیری ئەوە بکات کە رەچەڵەکی (کۆڵـۆس) دەچـێتەوە سـەر عـەرەب، بێجگـە لـە چـەند مێژوونووسـێکی عـەرەب نـەبێت، وەکـو (عبـاس العـزاوي‌و عبـدالعزیز نـوار)[١]، هۆکـاری بردنـەوەی رەچـەڵەك بـۆ سـەر بنەماڵـە فـەرمانڕەواکانی دەرەوەی کوردستان، کە زیاتر بەدلیسی لە سەر زاری خۆیانەوە وەریگرتـووە، بەشـێك بـووە لـە دابینکردنـی مەسـەلەی رەوایـەتی[٢]، ئەمـەش پەیوەنـدیی بـە بـەدابینکردنی هێـزی مەعنەوەییـەوە هەیـە، کـە لـە رێگـەی دەمارگیریـەوە بەرجەسـتە دەبێـت بـۆ مسـۆگەرکردنی دەسـەڵات، بایەخـدان بـە ریشـەو رەچەڵەکیش لەو مەبەستەوە سەرچاوەی گرتووە[٣].

بەڵام هەندێك بە بێ چـەندو چـوون، عیسـا بـە کـوردو خـەڵکی ناوچـەکە ناودەبەن[٤]، هەتا لێرەوە بۆچوونی تر پەیدابووە، کـە فـەرمانڕەوایانی سـۆران دەبەنەوە سەر هۆزەکانی موکری[٥].

لـەو بارەیـەوە بۆچـوونی دیکـەش هەیـە، بـەوەی دەگەڕێنـەوە بـۆ سـەر بنەماڵەیـەکی نـاوداری ناوچـەی پشـدەر[٦]، کـاتی خـۆی میرانـی سـۆران لـە گونـدێکی نزیـك قـەڵادزەوە بـە نـاوی (شـۆڕان)ەوە چـووبنە رەوانـدزو ئـەو میرنشینەیان دامەزراندبێت[٧]، بەڵام سەرچاوەی رەسەنی زانیـاری دیـار نییـەو بەڵگەیەکی روونتریش لەوبارەیەوە دەستنەکەوت.

---

[١]- عشائر العراق، ج٢/ ص١٦٥ ؛ تأريخ العراق الحديث، قاهرة، ١٩٦٨، ص١٠١

[٢]- بۆ ئەو فاکتەرە بگەڕێوە بۆ بەشی یەکەم، باسی دووەم.

[٣]- ابن خلدون: مقدمة، ج١/ص١٣٧

[٤]- ئەمین زەکی: خولاصە، ج٢، ص٢٩٤؛ زبیر بلال : اربیل فی ادوارها، ص٢٥٥-٢٥٦ ؛ زیاد احمد محمد: قلاع الامارة، ص٧-٨

[٥]- لونکریك: أربعة قرون، ص١٠٥؛ مزوری: مێژووی رەواندز، ل١٧٦

[٦]- زبیر بلال: اربیل في ادوارها، ص٢٥٥

[٧]- زبیر بلال: اربیل في ادوارها، ص١٧٦

(الحیدری) بۆچوونێکی بێ بەڵگەو بنەمای هەیە بەوەی سۆران سەرداری هەموو کوردان بوونو سەر بە هۆزی (طي)ی عەرەبین، دیارە باپیرە گەورەی ئەو هۆزەش (حاتم طائي) بووە[1]. ئەمە هیچ بنەڕەتێکی نییە، هەتا لە شوێنکی دیکەدا دەڵی: "کورد هەموویان لە نەوەی پیاوە ماقوڵەکانی عەرەبن، ئەگەر نکۆڵی لەوە بکەن، ناگەڕێنەوە سەر عەرەب ئەوە لە دەماگیریانەوەیە"[2]. بەوەش نووسەر ئەوەی پێشووتری دەخاتە گومانەوە، چونکە هیچ سەرچاوەیەکی بەدەستەوە نیە بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونەی.

(عباس العزاوی)یش شارەزا لە مێژووی هۆزەکانی عێراق، گومانی لە سەر ئەو دەقەی ناوبراو دەبڕێوەو پێی وایە سۆرانیەکان کوردنو هیچ پەیوەندییان بەو هۆزی (طي) عەرەبیەوە نییە[3].

کۆلۆسی باوکی عیسا گەرچی لەلای بەدلیسی وەکو دامەزرێنەر نەهاتووە[4]، هەیە ناوی وەکو دامەزرێنەر بردووە[5].

بەدلیسی خۆی لە شوێنێکی دیکەدا دانی بە بوونی فەرمانڕەوایەتیی سۆران داناوە، پێش هاتنی عیسای کۆلۆس، وەکو یەکێك لە هۆزە گەورەو بە دەسەڵاتەکانی کوردستان هەژمارکردووە[6]، کەچی لێرەدا هۆزی سۆران دیار نیەو ناوی سۆران بۆ یەکەم جار پەیدا دەبێت، ئەمەش بەڵگەیەکی دیکە لە سەر ئەفسانەیی ئەو بەسەرهاتەی بەدلیسی بۆ سەرەتای دامەزراندنی میرنشینی سۆرانی داڕشتووە.

لەو بارەیەوە مەستوورە دەڵێت: "سورخاب لەگەڵ دەوڵەتی رۆمی رێك کەوتو وڵاتی تێکەڵ بە عوسمانی کرد، سورخاب یازدە کوڕی هەبوون...

[1]- عنوان المجد في بيان احوال بغداد و البصرة ونجد، دار الحكمة، بغداد، ١٩٩٨، ص١١١، ١٢١

[2]- المصدر نفسه، ص١٢٢

[3] - عشائر العراق، ج١/ص٢٠٠-٢٠١

[4] - شرفنامة، ص٤٥٣

[5] - صفي زادة: تاريخ كرد و كردستان، ص٥٨٢

[6]- شرفنامە، ص١٠١

بارام بەگ یەکێك بووە، لە کوڕەکانی بە فەرمانڕەوایی لە سەر ڕەواندزی دانا"[1]. ئەمەش ڕای مێژوونووسانی دیکەی ئەردەلانە، کە دامەزراندنی میرنشینی سۆران وەکو بەشێك لە پەرەسەندنی میرنشینی ئەردەڵان دادەنێن، بەو پێیە میری ناوبراوی ئەردەلان باپیری میرانی ڕەواندز بووە[2]، لە کاتێکدا سورخابی میری ئەردەڵان ساڵانی (٩٤٥–٩٧٥ك/١٥٣٩–١٥٦٨ز) بۆتە فەرمانڕەوای ئەردەڵان[3]. بنچینەی نادروستی ئەو بۆچوونە ئەوەیە، کە سورخابی میری ئەردەلان بارامی کوڕی ناردووە، ئەوکات دەبێت عیسا کوڕی بارامی کوڕی سورخاب بێت، ئەمەش دوورە لە واقیعی مێژووییەوە، چونکە لە سەردەمی سورخاب ئەو میرنشینە لە ناو ڕووداوەکاندا هەبووە، چ جای بارامی کوڕی سورخاب، ئەو زانیاریانەی مێژوونووسانی ئەردەلان لە سەر ئەو بابەتە جێی گومانن[4]، لە ساڵی (٩٤٥ك/١٥٣٩ز) سەرەتای فەرمانڕەوایەتی سورخابە، هەتا ئەو ساڵەدا پێنج لە میرانی سۆران میر (عیسا، پیر بوداغ، سەیفەدین، حوسێنو سەیدی) میرایەتیان کردووە[5].

چوارەم: ئەو پێشینە مێژووییە، کە پێشتر فەرمانڕەوایەتیەکی سەربەخۆ لە هەمان ئەو مەڵبەندە هەبووە، بە ناوی (سهران) یان (سهرانیە)، وەکو سنوورێکی جوگرافیو قەوارەیەکی فەرمانڕەوایەتی بێت یان وەکو هۆزێکی بەهێزی کورد لەو ناوچەیەدا، ئەوەش لەڕاستیتەوە نزیکە چونکە:

---

[1] - تأريخ الاكراد، ص٤١

[2] - منوچهر اردلان: تواريخ، ص١٦؛ میرزا شكرالله سنندجی: هۆزو تایەفەی، ص١١٥؛ وقايع نگار كردستانی: حديقة ناصرية، ص١٢٥؛ بابا مردوخ روحانی شیواو: تاريخ مشاهير كرد، ج٣/، ص٣٧٩؛ صالح قەفتان: مێژووی گەلی کورد، ل٢٠٧ ؛ صفی زاده: تاريخ كرد و كردستان، ص٥٨٣؛ عەلی سەیدۆ گەورانی: لە عەممانەوە بۆ ئامێدی، ل٤٨

[3] - البدليسي: شرفنامه، ص٢١٦-٢١٨؛ صفی زاده: تاريخ كرد و كردستان، ل٥٨٣

[4] - نەوشیروان مستەفا: لە پەراوێزی مێژووی ئەردەلان دا، چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٤٨

[5] -بڕوانە: ( پاشکۆی ژمارە سێ).

هـۆزی سـۆران پێشـتر هـەبووە، لەگـەڵ هۆزەکـانی تـر باسـی کـراوە لـە سەدەکانی ناوەڕاست. باسکاری تازەش هەیـە پێـی وایـە، هـۆزی سـۆران لـە سـەردەمی مەغۆلەکانـەوە دراوسـێی زەرزاریـەکان بـوون[١]، لـەو ناوچـەیەدا سـۆرانیەکان (سـهریە) هـەبوون، لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی ٨ك/١٤ز ناویـان هاتووە[٢]، لـە دوای لـە ناوچـوونی میرنشـینی زەرزاری، سـۆرانەکان جێگـەیان گرتۆتـەوە، فەرمانڕەوایـەتیی ئـەوان لـە شـەقڵاوە هـەتا هاودیـان کەوتۆتـە بندەست[٣]، لە سەرەتای سەدەی ٨ك/١٤ز میرێکیـان هـەبووە بـە نـاوی (امـیر حسام الدین بـن عـم قمیـان)[٤]، جگـە لـە بنەماڵـەی کـەلۆس، (مـیر روسـتەمی ئاورانیش) هەیە[٥]، کە دەشێت لەوکاتەوە فەرمانڕەوایەتیان نەپچڕابێتەوە

توێژەرێك دەڵێت: "لە سەدەی ٩ك/١٥ز سنووری دەسەڵاتی زەرزاری بـە هەر رێگەیەك بێت بۆتە هی میرنشینی سۆران، ئـەوان درێـژەیان پێـداو بـاوەڕ بـەو بەسـەرهاتە میللیـەش ناکرێـت، کـە بەدلیسـی لـە سـەر دامەزرانـدنی میرنشـینی سـۆرانو رەچـەڵەکی دامەزرێنەرەکـەی دەیگێڕێتـەوە"[٦]، لـە سەرچـاوەکاندا ئـەو ئەنجامـە بەرچـاو نەکەوت،کـە ناوچـە شـاخاویەکانی رەواندزو باڵەکیانو هەریر کەوتبنە بەر شاڵاوی جەلائیری یان لە باسی گرتنی هەولێرو ئاڵتوون کۆپریو تکریت لەلایـەن تـەیمووری لەنگـەوە لـە سەرچـاوە بنەڕەتییـەکان باسـی سـۆرانو هاودیـان نـەکراوە[٧]، لـە سـەرەتای سـەدەی ٩ك/١٥ز سوپای ناوبراو ڕووی لە هەولێر کردو پاشان بە ئاڕاستەی زێی گەورە

---

[١]- زرار صديق : القبائل والزعامات، ص١١٤

[٢]- القلقشندى: صبح الاعشى، ج٤/ ص٣٧٦

[٣]- رابیعە فەتاح: کوردستان لە سەدەی پازدەی زاینییـدا، ل٣٣١؛ زرار صديق : القبائل والزعامات، ص١١٤-١٥

[٤]- زبير بلال : امارة سوران، جريدة خبات، ع٨١٩، ١٩٩٨/٣/٢

[٥]- تارانی: کتێبی دیاربەکرییە، ب٢/ل٥٢٦-٥٢٧

[٦]- زرار صديق : كردستان في القرن الثامن الهجرى، ص١٦٩

[٧]- شامي: ظفرنامة، ص١٤٢-١٤٥

چۆتە موسل[1]، هەتا لە باسی شالاوی قەرەقۆینلۆ لە ساڵی (٨١٣ك/١٤١١ز) باسی دەستبەسەراگرتنی هەولێرو دەوربەری هاتووە، ئەویش بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی لامەرکەزی، لە دوای مردنی (قەرەیوسف)یش لە ساڵی (٨٢٣ك/١٤٢٠ز) پادشایانی قەرەقۆینلۆ کەوتنە رابواردنو کاروباری ولاتیان فەرامۆش کرد[2].

لە میانی ئەو بەدواداچوونەدا ئەو ئەنجامە دەست دەکەوێت، کە میرنشینی سۆران وەکو هۆزێکی بە دەسەلاتی ناوچەکەو فەرمانڕەوای هەرێمی سۆران لە سەدەی ٨ك/١٤ز هەبووە، لەگەڵ لە ناوچوونی میرنشینی زەرزاریشدا دەسەلاتیان پەرەی سەندووە.

وا پێدەچێ هەندی لە قەوارەو میرنشینو هۆزە کوردیە خاوەن قەلاو فەرمانڕەواکانی دیکەی کوردستان کاتێک کەوتوونەتە بەر شالاوی داگیرکارانیو فەرمانڕەوایەتیان لە دەست داوە، دواتر پەیدا بوونەتەوە، ئەفسانەی (عیسای کۆلۆس)یش بەشێکە لە رووداوێکی راستەقینە لە سەر دووبارە وەرگرتنەوەی دەسەلاتی بنەماڵەی سۆران، چونکە میر (حسام الدین بن عم قمیان) لە سەدەی ٨ك/١٤زو میر (رۆستەمی ئاوران)، لە قەلای هاودینان لە ساڵی (٨٧٣ك/١٤٦٨ز) بەرگری لە سوپای ئۆزۆن حەسەن کردووە، دەشێت ئەوانە بەشێك بووبن لە زنجیرەی بنەماڵەی پێشووی سۆرانو عیسای کۆلۆسیش لە شێوەی میرنشینێکی سەربەخۆدا سۆرانی ژیاندبێتەوە، هەر بۆیە گەڕاندنەوەی ئەو بنەماڵەیە بۆ سەر (رەوادی یان روادی)ی کوردی، کە لە سەدەکانی ناوەڕاست لە نێوان هەولێرو ئازەبایجان ژیاون[3]، لەراستیەوە نزیکترە، چونکە لە کۆتایی سەردەمی خەلافەتی عەبباسیەوە هۆزی هەزبانی تیرەو تایەفەکانی سەر بەو هۆزە لەو ناوچەیە بالادەست بوون.

---

[1] - الیزدی: ظفرنامة، ج١/ ص٤٧٠

[2] - بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: (علی عادل حسین: اربیل في الفترة ، ص١٧٥-١٧٦)

[3] -جلیلی جلیل: کوردەکانی، ل١١٧

## باسی چوارەم:

## سەردەمی دامەزراندنی میرنشینی سۆران

ئەگەر ئەو سەرەتاییە بریتی بێت، لەوەی مێژوونووسی پێش بەدلیسی باسی کردووە، کە (نجم الدین باشاك) میری هەموو هێزی زەرزاری بووە[١]، دوای مردنیشی قەڵاکانی بە سەر براو کورو نەوەکانی دابەشبوون[٢]. گوایە ئەوکات سۆران وەکو هۆزو قەوارە لە پاڵ میرنشینی زەرزاری ناسراو بووە، لە سەرەتای سەدەی ٨ك/١٤ز میری سۆران ئەوکاتە پەیوەندیی لەگەڵ مەمالیکی میسر هەبووە، چونکە دەوڵەتێکی بەهێزو دەسەڵاتیشی بە سەر میسرو شامدا هەبووە[٣]. هەر چەندە سەرچاوەیەکی ڕەسەن بۆ چەسپاندنی ئەم ڕایە بەرچاو نەکەوتووە، بەڵام توێژەرێك ئاماژەی بەوە کردووە، کە بە هۆی شاڵاوی مەغۆلەکانەوە کۆمەڵێك لە سۆرانییەکان پەیوەندییان بە سوپای مەملوکیەوە کردووەو چوونەتە میسرو شام[٤]، گەرچی سەرچاوەیەکی ڕەسەن دەستنەکەوت لە سەر پەیوەندیی سۆران بە مەمالیکەکانەوە، بەڵام دەگونجێت لە چوارچێوەی ئەو پەیوەندییە گشتیەدا بووبێت، کە بە درێژایی هەردوو سەدەی ٨، ٩ك/١٤، ١٥ز زۆربەی میرەکانی بەشی باکووری ڕۆژئاوای کوردستانی گرتبووە، کە بە هۆی دراوسێیەتیو بەرژەوەندی ئابووریو دابینکردنی پشتیووان لە بەرامبەر شاڵاوی یەك بە دوای یەکی گرووپە شاڵاوهێنەکان پەیوەندییان لەگەڵ مەمالیك دا هەبووە[٥]، بەڵام هیچ زانیاریەك لە سەر ئەو پەیوەندییە دەستنەکەوتووە، ئەمە لە کاتێکدا هاوسنووری مەمالیکیش نەبووە. نکۆڵی لەوە ناکرێت زەرزاریەکان لە سەدەی ٨ك/١٤زدا

---

[١]- القلقشندی: صبح الاعشی، ج٤/ ص٣٧٦

[٢]- المصدر نفسه، ج٣/ ص١٣٠

[٣]- زبیر بلال : اماره سوران، جریده خبات، ع٨١٩، ١٩٩٨/٣/٢

[٤]- زرار صدیق : القبائل والزعامات، ص١١٥

[٥]- لە بارەی پەیوەندی کوردو مەمالیك بڕوانە: (زرار صدیق : كردستان في القرن الثامن الهجري، ص١٧٥-١٧٩ ؛ رابیعە فتاح: کوردستان لە سەدەی پازدەی زایینیدا، ل١٤٠-١٤٥).

خاوەنی چەند کەسایەتی سەربازیو زانستی بوون لە وڵاتی شامو لە دەوڵەتی مەمالیکدا[1]، پێدەچێ سۆرانییەکانیش هاوشانی زەرزاریەکان بەشداربووبن، کۆچیان کردبێت بۆ شام، بەڵام کاریگەری ئەوان کەمتر بووبێت.

(العمری) لەبارەی سۆرانییەکانی ئەوکات دەڵێت: "...ئەوانە خەریکی غدرو فرتو فێڵو کاری خراپن، رێبوار ناتوانێ لە ناویاندا بەرگری لە خۆی بکات، یان بە سەلامەتی بەلایاندا تێپەڕێ"[2]. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی ٦ك/١٢ز بە دواوە کۆمەڵێك قەوارەی بچووك لە هەولێرو دەوروبەری هاوشانی (هەزبانی) هەبووە، وەکو (حکمیە، حسنائیە، زەرزاری)، ئەمانە لە سەدەی ٨ك/١٤ز کۆمەڵێك قەڵایان بە دەستەوە بووە[3].

لە سەر زمانی (مطراقي زادە)ی و لە کاتی شاڵاوی سوڵتان سلێمانی قانوونی بۆ سەر هەولێرو کوشتنی (عێزەدین شێر)[4]، دواتر پێشڕەویکردنی هێزی عوسمانی بۆ گرتنی قەڵا سەختەکانی باکووری هەولێر، لەوێ لە باسی گرتنی هاودیان (خفتیان) گوتراوە کە: "قەڵایەکی سەختەو شوێنی سوڵتان و پاشایانی پێشوو بووە"[5]، ئەگەرچی دیاری نەکراوە پادشاو سوڵتانەکانی پێشوو کامانەن، ئەمە لە کاتێکدا سوڵتان لە سەرەتای سەدەی ١٠ك/١٦ز شاڵاوی کردۆتە سەر ناوچەکەو لە سەروبەندی کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست دابووە، بێجگە لە قەڵاو شوێنەوارەکانی زەرزاریو سۆران، هیچ دەسەڵاتێکی دیکە بە درێژایی سەدەکانی ٨و٩ك/١٤و ١٥ز لە ناوچەکە باڵادەست نەبووە.

---

[1]- بۆ زانیاری زیاتر لە سەر کەسایەتیە زەرزاریەکان لە شام بڕوانە: (العسقلاني: الدرر الكامنة في اعيان المائة الثامنة، القاهرة، د.ت، ج٤/ ص٨٦-٨٧، ١١٦، ج٥/ ص٢١، ٥٣؛ ألياس احمد كريم: الدور السياسي و الحضاري للهذبانيين، ص٢٤-٦٥).

[2]- مسالك الأبصار، السفر الثالث/ ص٢٦٦

[3]- علي عادل حسين: اربيل في الفترة، ص٢٣-٢٦

[4]- لە میرانی هەکاریش میر (عێزەین شێر)مان هەیە، کە هاوسەردەمی شاڵاوەکانی تەیموورخان بووە. بڕوانە: (البدليسى: شرفنامه ص٢٣٣-٢٣٤؛ اليزدى: ظفرنامة، ج١/ ص٣٠٧).

[5]- لە کتێبی (عماد عبدالسلام: دراسات وثائقية، ص٢٩) وەرگیراوە

پاشان ئەگەر میر عیسا وەکو دامەزرێنەر وەربگیریت، ئەوە سەرەتایەکی گریمانی دەکەوێتە بەردەست، چونکە لە لای بەدلیسی لە دوای عیسا هەریەك لە (شا عەلی کوڕی عیسا، پیربداغ کوڕانی شاعەلی، میر بوداغی کوڕی عیسا، میر سەیفەدینو میرحوسین کوڕانی میر بداغ، میر سەیدی کوڕی شاعەلی) میرایەتیان کردووە[1]، میر سەیدی لە سالّی (٩٢٢ك/١٥١٦ز) یان (٩٢٣ك/١٥١٧ز) دەستی بە سەر هەولێردا گرتووەو دوو سالّ دوای ئەوە مردووە[2]، هەتا هاتنی سولّتان سلێمانی قانوونی (٩٤١ك/١٥٣٤ز) چەند رووداوێکی هاوسەردەمی هەیە، کە دەکرێت سوودیان لێوەربگرێت بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی نزیك بۆ سەردەمی هاتنی عیسای کۆلۆس.

سەرەڕای ئەوە بە خوێندنەوەی هەموو ئەو دەقانەی بوونی میرانی سۆرانو سۆرانیەکان دەسەلمێنن، ئەوە روون دەبێتەوە، کە سۆران وەکو قەوارەیەکی سیاسیی هۆزایەتی هەبووە، لەگەڵ لاوازبوونی زەرزاریەکان بە تایبەت لە نیوەی یەکەمی سەدەی ٨ك/١٤زیەوە دەسەلاّتیان زیادی کردووە، هەتا بە تەواوی جێگەوەی ئەوانیان گرتۆتەوە، بەلاّم ناتوانرێ سەرەتایەك بۆ ئەو سەرهەلّدانە دابنرێ.

بۆ ئەو سەرەتایەش، کە دەشێت بە قۆناغی دووەمی ئەو میرنشینە هەژمار بکرێتو لە عیسای کۆلۆسەوە دەستی پێکردووە، ئەوە بە وردبوونەوە بە زنجیرەی میرانی دوای عیسا هەتا دەگاتە میر سەیدی لە کۆتایی سەدەی ٩ك/١٥ز رێگەخۆشکەر دەبێت بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی نزیك لە راستیەوە.

میر شا عەلی بە دەستی میر بداغی بابانی کوژراوە، لە بەرامبەردا میر سەیدی لە تۆلەی باوکی لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی خۆییدا میر بوداغی

[1] - بڕوانە: (البدلیسی: شرفنامە، ص٤٥٣-٤٥٩؛ پاشکۆی ژمارە سێ).

[2] - بورەکەیی: دایرە المعارف کردی، ص١٦٢

بابانی کوشتۆتەوە، هەروەها میر بوداغ (سوماقلق)[1]ی لە هۆزی (نیلخاس) سەر بە قزڵباش[2] رزگار کردووە[3]، لە کاتێکدا بۆ ئەوانەش ساڵی دیاری کراو لە بەردەستدا نییە، (نیلخاس)یش یەکێکە لە هۆزە (قزڵباش)ەکان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە باس لە تورکانی شیعە مەزهەب دەکات، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت، کە مەبەستی سەفەویەکان بووبێت لە نێوان ساڵانی (٩١٨–٩٢٠ك/١٥١٢– ١٥١٤ز)، بەڵام میر سەیدیو میر عێزەدینی کوڕی پەیوەندییان لەگەڵ سەفەویەکان خۆش بووە، باجی ئەو پەیوەندییەشیان لە لای عوسمانیەکان داوە[4].

بە گوتەی بەدلیسی پێش میر عێزەدین شێر (حەوت میر) حوکمیان کردووە، لەگەڵ ئەوەدا ماوەی حوکمڕانی دیاری نەکردوون، بەڵام بۆ دوانیان میر سەیفەدینو میر حوسێن، ماوەی حوکمڕانیان زۆری نەخایاندووە[5]، چونکە میر سەیدی کوڕە بچووکی شا عەلی بووە، ماوەی فەرمانڕەوایەتی برایەکو دوو برازای دیووە. مێژوونووسی دیکە، لە سەر ئەو زنجیرەیە هێندە جیاواز نین[6]، کەواتە ماوەی نێوان سەرهەڵدانەوەی دووەمی سۆران لە سەر دەستی عیسای کۆڵۆس، هەتا ساڵی (٩٢٥ك/١٥١٩ز، کە لەو ساڵەدا میر سەیدی مردووە) ماوەی حوکمڕانی، شەش میرە، لەوانە دوانیان کوڕی عیسایەو

---

[1] - رۆژبەیانی پێی وایە (سوماقلق) سماقوڵی ئێستایە بە دووری دوو کیلۆمەتری رۆژئاوای شاری کۆیە هەڵکەوتووە. (شرفنامة، هامش رقم (١٥)، ص٤٥٦-٤٥٧)

[2] - قزڵباش: واتە کڵاو سوور، ژمارەیەك لەو هۆزە تورکمانانە بوون کە بوونە شیعەو هاوکاری شا ئیسماعیل بوون.، پارچە قوماشێکی سووریان دەبەست بەسەریانەوە. بڕوانە: (حسن پیر نیا: تاریخ ایران، ص٦٦٣ ؛ مینورسکی: الاکراد، ص٥٧-٥٨ ؛ ژنرال سیر پرسی سایکس، تأریخ ایران، ص٢٤٦؛ راجر سیوري: یران عصر صفوي، ص١٩ ).

[3] - البدلیسی: شرفنامه، ص٤٥٦

[4] - البدلیسی: شرفنامه، ص٤٥٩ ؛عباس العزاوی: أربیل فی مختلف العصور، ص١١٥

[5] - البدلسی: شرفنامه، ص٤٥٧

[6] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (حوزنی: مێژووی میرانی سۆران، ل٣-٨، پاشکۆی ژمارە سێ).

دوانیان نەوەیەتی، کە ماوەی حوکمیان کەم بووە[١]، بۆ ئەوانی دیکە، ئەوە بە پێی سیستمی میرنشینایەتی ئەوکات هەتا مردن لە فەرمانڕەوایەتی بەردەوام بوون، ماوەی فەرمانڕەوایەتی (شەش میر) لەپێش شەڕی چالْدێران، بە رەچاوکردنی ئەوەی بەدلیسیو ئەوانی دیکە باسیان لێوە کردوون، دەشێت لە نیو سەدە زیاتر بووبیت.

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لە توێژەرانو مێژوونووسان بە گوێرەی لێکدانەوەی خۆیان سەرەتایەکیان داناوە، ئەگەر لە دیرینترینیانەوە دەستپێبکرێت، مێژوونوسێك رایەکی جیاواز لەوەی پێشووی هەیەو پێی وایە عیسا لە سەدەی ٥ك/١١ز دا هاتۆتە هەولێرو لە ناوچەی ئاوان پەیدا بووە"[٢]. هەیشە سەرەتای دامەزراندنی بە سەدەی ٦ك/١٢ز داناوە[٣]، وەکو توێژەرێکیش ئاماژەی داوە، کە بە تەواوی نەزانراوە کەی دروستبووە، بەڵام هەیە لە توێژەران پێی وایە، کە لە سەدەی ٦ك/١٢زەوە دروستبووە[٤]، ئەم بۆچوونە لە راستییەوە دوورە، چونکە مادام گەڕاونەتەوە بۆ سەر عیسای کۆڵۆس، ئەوە ناگونجێت پەیدابوونی بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە.

بەڵام بۆ سەدەکانی دواتر وەکو گوتراوە "..لە سەدەی ٨ك/١٤و دامەزراوە)[٥] یان، ئەو نجیرەیەی صفی زادە، کە لە میر عیساوە ماوەی حوکمڕانی رێکی خستووەو هیچ سەرچاوەیەکیشی دیاری نەکردووە، کە پشتی پێبەستبێ، لەوێدا ساڵانی (٨٠٢– ٨١١ك/١٤٠٠–١٤٠٩ز) داناوە[٦]، یان

---

[١] - البدليسي: شرفنامة، ص٤٥٧

[٢] - مێژووی گەلی کورد، ل٢٠٦

[٣] - لە عەممانەوە بۆ ئامێدی، ل١٥٧

[٤] - عبدالفتاح علي يحى: الهجوم العثماني و سقوط أمارة سوران، ص٢٢٥

[٥] - عماد عبدالسلام: دراسات وثائقية، ص٢٠٣

[٦] - بە بێ دوودڵی ماوەی حوکمڕانی هەموو میرانی سۆرانی داناوە، (شا عەلی ٨١١-٨٢٩ك/١٤٠٩- ١٤٢٣ز) — میر عیسای کوڕی شاعەلی (٨٢٩-٨٥٨ك/١٤٢٣- ١٤٥٤ز) — میر بوداغ کوڕی شاعەلی (٨٥٨-٨٩١ك/١٤٥٤- ١٤٨٦ز) بە تایبەت ئەوەی پەیوەندی هەیە بە میرانی سۆرانی پێش شەڕی چالْدێران جێی باوەڕ نیە، چونکە پشتی بە هیچ سەرچاوەیەکی بنەڕەتی نەبەستووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ( صفی زادە: تاريخ كرد و كردستان، ص٥٨٢-٥٨٦).

لـه سـەردەمی فەرمانڕەوایـەتی قـەرەقۆینلۆ لـە سـەرەتای سـەدەی ٩ك/١٥ز دامەزراوە[1].

ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر بەو زنجیرەیە بێت، کە عیسا دامەزرێنەر بـێو لـە سەر ئەو شێوازەی هەیە دایرشتووە دیاری بکرێ، لە رووی مێژووییەوە راست دەرناچێت.

لە رێگەی خەملاندنی ماوەی حوکمڕانی میرەکانو ژمارەیانو لـە رێگـەی شرۆڤەکاری سەرچاوەکانەوە، دەشێت سەرهەڵدانەوەی ئەو میرشینە لە سەر دەسـتی عیسـای کۆلـۆس لـە سـەرەتای نیـوەی دووەمـی سـەدەی ٩ك/١٥ز دابوو‌بێت، وردتر لە نێـوان سـالانی (٨٥٠– ٨٦٥ك/ ١٤٤٦–١٤٦١ز)دا بـووە، ئەمەش بـە خوێندنـەوەی مـاوەی حـوکمڕانی ئـەو میرانـەی لـە پـێش شـەڕی چالدێران حوکمیان کردووە.

بەلام بە دەر لەو سەرەتاییە، سۆران وەکـو هـۆزو قەوارەیـەکی خـاوەن قەلا پێشتر هەبووە، ئەگەرچی سەرەتاکەی دیـار نییـە، بـەلام کـە پێشـتر لـە ئاسـتی رووداوە گـەورەکانی ئـەو سـەردەمەدا دیـار نـەبوون، دەشـێت بـەوە لێکبدرێتەوە، کـە بـە هـۆی سـەختی ناوچـەکە بـووە، دوژمنـان نـەیانتوانیوە رووی تێ بکەن، مێژوونووسانی ئەو سەردەمەش بە زۆری لـە رێگـەی شـالاوە سەربازیەکانەوە، ناوی میرو هۆزو میرنشینەکانیان هێناوە.

میرنشینی سۆران یەکێکە لەو میرنشینانەی جیا لەوەی (بەدلیسی) باسی کـردووە، بـە هـۆی سەرچـاوەکانی دیکـە، بـە بچڕپچـڕی وەکـو قەوارەیـەکی فـەرمانڕەوای هۆزایـەتی نـاوی لـە سەرچـاوەکاندا هـاتووە، کـە لـە سـەدەی ٨ك/١٤ز هەبووە.

دەکرێت ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی دامەزرانـدنو مانـەوەی سۆران لـەم خالانەی خوارەوەدا کورت بکرێنەوە.

---

[1]- زبیر بلال : تأریخ اربیل، ص١٥٦

یەکـەم: شـالاوی داگیرکـەران لـە مـاوەی ئـەو دوو سـەدەیە کاریگـەری هەبووە، لە سەر پەرەسەندنو مانەوەی میرنشینە کوردیەکان، بـەو هۆیـەوە کە ناوچەی سۆران شاری گەورەی نەبووە، هەروەها نەکەوتۆتە سـەر ڕێگـای ئەوانـەوە، زیـاتر هـەولێرو کـەرکووك کرابوونـە ئامـانج، ئەمـەش کاریگـەری کردۆتە سەر مانەوەو پەرەسەندنی میرنشینەکە لە ناوچەکانی خۆیدا.

دووەم: لەگەڵ ئەوەدا سۆرانیەکان لە پاڵ زەرزاریـەکان هێزێکـی بچـووك بوون، بەڵام قۆناغ بە قۆناغ لەگەڵ لاوازبوونی دەسەڵاتی ئـەوان لـە ناوچـەکە ئـەو بۆشـاییەی ئـەوانیان پـڕ کردۆتـەوە، کەواتـە میراتگـری میرنشـینو فەرمانڕەوایەتی زەرزاریەکانی پێش خۆیان بوون.

سێیەم: لە پاڵ ئەوەدا، کـە سـۆران خـاوەنی قـەڵاو ناوچـە سـەختەکانی خـۆی بـووە، لـە ڕووی ئابووریـەوە سـوودمەندبووە، لـە ناوچـە دەشـتەکانی هـەریرو شـەقڵاوە، وەك سـەرەڕێی بازرگـانیش نێـوان ئازەربایجـان لەلایـەك‌و موسڵ‌و هەولێر لەلایەکی ترەوە هەڵکەوتووە.

# بەشی پێنجەم
# دامەزراندنی میرنشینی بابان

**باسی یەکەم: چەمکی ( بابان ) لە رووی زاراوەو ریشەی مێژووییەوە**

**باسی دووەم: مەڵبەندی سەرهەڵدان و سنووری میرنشینەکە**

**باسی سێیەم: خانەوادەکانی دامەزرێنەری میرنشینی بابان و سەردەمی دامەزراندن**

## باسی یەکەم:

## چەمکی ( بابان ) لە رووی زاراوەو ریشەی مێژووییەوە

لە هەندێك ژێدەرەکاندا شرۆڤەی هەڵە بۆ بنەڕەتی ئەو ناوەو مێژووی پەیدابوونی کراوە، بەوەی کە بۆ (سلێمان بەبە)[١] یان گێڕاوەتەوە، چونکە لە دوای دامرکانەوەی شۆڕشەکەی، کاتێك سەردانی سوڵتانی عوسمانی کردووە لە ئەستەنبوڵ، سوڵتان بە سامو هەیبەتەکەی سەرسام بووە، گوایە وتویەتی (وای بابە)، بەو پێییە بابان لەو (بەبە)یەوە وەرگیراوە ٢، سلێمان بەبە، کوڕی فەقێ ئەحمەد یان کوڕەزایەتی، لە پێنجەم خانەوادەی میرانی بابانە، لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٢ك/١٧ز ژیاوە، بەڵام (سلێمان بەبە) بە زیاتر لە نیو سەدەی دوای بەدلیسی هاتووە، چوار بنەماڵەی بابان لە پێش ئەوە بەو ناوەوە حوکمیان کردووە[٣]، ناشێت ریشەی ئەو ناوە بەو سادەییە هاتبێت.

بۆ لێکدانەوەی ریشەی ئەو ناوە هەندێك بۆچوون لە بەردەستدایە وەکو:

یەکەم/ لە بابا ئەردەڵانی دامەزرێنەری میرنشینی ئەردەلانەوە هاتووە، چونکە بابانەکانیش لەو بنەماڵەیەن[٤].

دووەم/ بابا پلەیەکی ئایینی بووە بۆ رێزو گەورەیی کراوەتە پێشگر، وەکو بابا سلێمانو بابا تاهیر[٥]، نازناوی بابا بە مانای شێخ یان باوك هاتووە، کە بە سەرۆکی خانەوادە گوتراوە، دوایی بۆتە میرات بۆ ئەو سەرۆكو خێزانانەی بوونەتە فەرمانڕەوا[٦].

---

[١]- بڕوانە: (عماد عبدالسلام: دراسات وثائقية، ص١١٥-١٣٦).

[٢]- بۆ ئەو مەبەستە بڕوانە: (ئەمین زەکی بەگ: تاریخی سلێمانیو وەڵاتی، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٣٤؛ جمال بابان: بابان في التأريخ و مشاهير البابانيين، بغداد، ١٩٩٣، ص١٠؛ حسين ناظم بيك: الامارة البابانية، ص٧٣)

[٣]- شرفنامة، ص٤٧٣-٤٨٣

[٤]- سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی، ب١/ ل٣٩١

[٥]- اياد بابان: أسره بابان الكرديه، دار الزمان، بيروت، ٢٠٠٨، ص٢٥؛ جمال بابان: بابان في التأريخ و مشاهير البابانيين، ص١٠-١١؛ رۆژبەیانی: وڵاتەکەت باشتر بناسە، ل١٩، ٤٧

[٦]- عماد عبدالسلام: ادارة العراق الاسرة الحاكمة، ص٢٤٨؛

رەنگـە دروسـتر بێـت بووترێـت، ئـەو نـاوە لـە (بابـا، بابـە، بـاوە)ەوە هاتبێـت، کـە پلـەو پایەیـەکی ئـایینی بـووە لـە لای (ئـەهلی هـەق)[1]، چـونکە پێدەچێت لە سەرەتاوە بابانەکانش لە پێگەی ئایینیـەوە ئـەو پلـەو پایـەیان دەستکەوتبێت، (پیر نەزەر) یەکێك بووە لە میرانی بـەرایی میرنشـینەکە، بـە پێشگری (پیر) ناوی هێناوە، کە وەکو پێشتر باسکرا، ئەهلی هەق بۆ پیـاوە ئایینـە گـەورەکانی خۆیـان بـەکاریان هێنـاوە، هـەروەك (بەدلیسـی)یش لـە سەرەتاوە ناوی میر بوداغ کوڕی میر ئەبدالی بە (پیر بوداغی بەبەیی) هێناوە

وەکـو ئامـاژە درا هـەردوو بنەماڵـەی بابـانو ئـەردەلان، دوو بنەماڵـەی ئایینی بوونو (بابا) هەڵقوڵاوی ئەدەبیاتی ئـایینزایی ئـەهلی هـەق بـوون، کـە ئـەوکات لـە نـاو گۆرانـەکان بڵاببـووەوە[2]، رۆژبـەیانی دەڵێـت: "لـە هـەرێمی کرماشانو هەمەدان چەند دێ هەن، بە ناوی بابان"[3]. پێدەچێت ئـەو هەرێمـە لە نیوەی دووەمی سەدەی ٧ك/١٣ز بووبێتە مەڵبەندی ئـایینی ئـەهلی هـەق. هەر بۆ نموونە لـە سـەرەتای سـەدەی ٨ك/١٤ز تـەیموور لـەنگ، لـەکاتی ئـەو شـاڵاوەی بـە کورسـتاندا بـەرەو شـام کـردی، لـە سـەر زێـی بچـووك تووشـی ژمارەیەك لە پەیڕەوکارانی (عەلەوی)[4] و (ئیسـماعیلی)[5] شـیعە بـووە، کـە بـە

---

[1] - رۆژبەیانی: ولاتەکەت باشتر بناسە، ل١٩

[2] - رۆژبەیانی: ولاتەکەت باشتر بناسە، ل١٨، ٣٨٠؛ ڤاسیلیە: خواروی رۆژهەلات، ل٤٥-٤٦

[3] - ولاتەکەت باشتر بناسە، ل٤٦

[4] - عەلەوی: شیعەکان بە گشتی عەلەوین، لە دوای شـەهید کردنـی عـەلی کوڕی ئـەبو تالیب پێیـان وایە کوڕو نەوەی ئـەو شایستـەترین کەسـن بـە وەرگـرتنی خەلافـەت. بڕوانـە: (جمیـل مـدیك: موسوعة الادیان، بیروت، د. ت، ص٣٨).

[5] – ئیسماعیلی: لقێکن لە شیعە، پێیان وایە لە دوای مردنـی شەشـەم پێشـەوای شـیعەکان جەعفـەر پێشـەوایەتی گوازراوەتـەوە بـۆ ئیسـماعیلی کـوڕی نـەك موسـا، بەشـێك لـە وانـە لـە ئێـران بڵاوبونەتـەوە، (الباطنیـة)شـیان پێدەڵێن، زۆر بـە تونـدی کەوتنـە بـەر شـاڵاوەکانی هۆلاکـۆ. بڕوانـە: (الشهرستاني: الملل و النحل، دار المعرفـة، بـیروت، ١٤٠٤هـ، ج١/ ص١٩١ ؛ فـؤاد عبـدالمعطي الصیاد: مؤرخ المغول الکبیر رشـید الـدین فضـل الله الهمـداني، القـاهرة، ١٩٦٧، ص٢٧-٣١؛ مصـطفی طه البدر: محنة الاسلام الکبری، ص٣٧).

هۆی شالاَوەکانی هۆلاکۆوە خاکی ئێرانیان بەجێهێشتبوو، بەرەو ئەو هەرێمە هاتبوون[1].

ئـەوەی لـە رەهەنـدی مێـژوویی‌و ئـاییینی قۆنـاغی دوای شـالاَوەکانی مەغۆلەوە دەستدەکەوێت، (بابا) پلەیەکی ئایینی گەورەی ئایینی ئەهلی هەق بووە، هەمان ریشەی وشەی (بابا)ی (بابا ئەردەلان)ی هەیە[2].

ئەمە وەکو ریشەو سەرچاوەی ئەو وشەیە، بەلاَم لـە رووی گوزارشـتەوە، چەند مەبەستێك بەکارهاتووە، لەوانە بابان وەکو ناوچەیەکی جوگرافی، هـۆزو فیدارسیونێکی هۆزایەتی، سنوورێکی جوگرافی دیاریکراو، لە جیاتی کرمانج بۆ دانیشـتووانی سـنووری میرنشـینی بابـان، لـەو بارەیـەوە گـوتراوە: "هـۆزی کرمـانج، کـە بـە بابـان ناویـان دەرکـردووە، ..."[3]، لـە هەنـدێك سەرچـاوەی دیکەش بابان هاوواتای (کرمانج) بەکارهاتووە[4]، لەگـەڵ ئـەوەدا کرمـانج هـۆز نییـە، بـەلاَم لـە دەستنووسـێکی یاداشـت کـراوی سـاڵی (١١٠٩ك/١٦٩٨ز) هـاتووە، کـە "ئەمسـاڵ کرمـانج سـەرکەوت بـە سـەر قەلاَیـەکانی هـەورامان‌و میهربان‌و جوانڕۆ ئەوانی دیکە..."[5]، ئەمەش لـە سـەردەمی فەرمانڕەوایـەتی سلێمان بەبە لە شارباژێڕو شـارەزوور بـووە، کـە پـەلاماری سـنووری ئێرانـی داوە٦، ئەوەی لێرەدا گرنگە بەکارهێنانی وشەی (کرمانج)ە بەرامبەر (بابـان) لە رۆژگارێکدا، کە نزیکـە لـەو سـەردەمەی بۆتـە بابـەتی ئـەو لێکۆڵینەوەیـە، بـەلاَم سـەبارەت بـە وشـەی (کرمـانج)و (بابـان) هـەردوو وشـە لـەوەدا یـەك دەگرنەوە، کە وەکو هـۆز نـەبوون‌و لـە چوارچـێوەی سـنووری جـوگرافی یـان فیدراسیونێکی هۆزایەتی بەکارهاتوون.

---

[1]- تەیموور لەنگ: بیرەوەریەکانی، ل٢٥

[2] - بۆ شرۆڤەی وشەی (بابا) بڕوانە: (بەشی دووەم، باسی یەکەم)

[3]- میرزا شکراللە سنندجی: هۆزو تایەفەی، ل٥٤

[4]- ابو الحسن بن محمدامین گلستانە: مجمل التواریخ، ل١٦٥-١٦٦ ؛ مستورەی اردلان: تأریخ الاکراد، ص٢٢

[5]- مؤلف مجهول: الحاشیة للكتاب فرائض، جاری یەکەم لـە سـاڵی (١١٠٩ك/١٦٩٨ز) نووسـراوە، لـە لای مامۆستا مەلا عەلی گوندی (ئیسێوێی) بناری قەندیل پارێزراوە. دیکۆمێنتەکە وەکو بیرەوەری کەسێك وایە لە سەر ئەو کتێبە، دوو خەت دەبێت، لـە پـەڕەی پێشـەوەی کتێبەکـە، بـە خـەتی خاوەن کتێب‌و بە زمانی عەرەبی ئەو گوزراشتە نووسراوە.

[6]- (عماد عبدالسلام: دراسات وثائقیة، ص١٢٤-١٢٥).

باسی دووەم:

## مەڵبەندی سەرهەڵدان و سنووری میرنشینەکە

دیاریکردنی شارو شارۆچەکەیەك بۆ شوێنی دامەزراندنی ئەو میرنشینە ئەستەمە، چونکە زۆر لە سەرچاوەکان ئاماژەیان بە هیچ مەڵبەندێك نەکردووە بووبێتە یەکەم پێگەی فەرمانڕەوایەتی بابان، بەڵام دیاریکردنی سنوورێکی جوگرافی دیاریکراو بۆ فەرمانڕەوایەتیان زیاتر باسی کراوە، یەکەم سەرچاوەش، کە باسی مەڵبەندی سەرهەڵدانی کردبێت (بەدلیسی)بووە، لە بارەی میر بوداغ کوڕی میر ئەبدالەوە دەڵێت: "...مەڵبەندی لاجانی لە زەرزا سەندو سێوی لە سۆران جیا کردەو سندوسی لە قزڵباش پاکردەوەو قەڵای مارانی وەکو جارانی پێشوو ئامادەکردەوە، ...، هۆزەکانی موکریو بانەی بە زۆر یان بەخۆشی خستە ژێر فەرمانی خۆیەوە، شارباژێڕی لە دەست ئەردەلان دەرهێنا، ...، کەرکووکی سەر بە بەغداشی کردە باجدەری بابان..."[1].

ئەگەر شوێنی جوگرافی ئێستای هەریەك لەو شوێنانەی ناویان لە دەقەکە هاتووە دیاریبکرێ، دەگەینە ئەنجامێکی نزیك لە دیاری کردنی ئەوسای سنووری بابان.

مەڵبەندی (لاریجان) لە نزیك (شنۆ)یە هەڵکەوتووە، لە سەدەکانی ناوەڕاست مەڵبەندی هۆزی زەرزاری بووە، لەگەڵ (سندوس) ناوی بردوون، کە دەکەونە ناوچەی موکریان[2]..

لە سەر ئەو شوێنەش کە بە (سێویَ) هاتووە، بۆچوونی جیاواز هەیە، رۆژبەیانی پێی وایە، رەنگە (شنۆ) بێت[3]. وەرگێڕی کوردی شەرەفنامە پێی

---

[1]- شرفنامە، ص٤٧٥

[2]- المصدر نفسه، هامش ٧، ص٤٧٤

[3]- المصدر نفسه، هامش ٦، ص٤٧٤

وایە، دەبێت (سیوەیل) شارباژێڕ یان زێوە بێت[1]، ناشێت (سێویٚ) سیوەیلی شارباژێڕ بێت، چونکە دەسەڵاتی سۆران ئەوکات نەگەیشتبووە شارباژێڕ هەتا لە بندەستی سۆرانی دەربهێنێت، لە سەر ئەوەی (سماقولّی) یان (زێویٚ)بێت، ئەویش زیاتر بۆچوونە، بەڵام دەبێت شوێنێك بێت، لە سنووری سۆرانەوە نزیك بێت، چونکە ئەو شوێنەی لە سۆران دابڕیوە.

سەبارەت بە قەڵای ماران، لە نێوان خورماڵی ئێستا[2]و کێوێکی سەختو بەردەڵانی نێوانی بۆکانو مهاباد[3]، دوو بۆچوونی جیاواز هەیە، ڕێی تێناچێت خورماڵ بێت، چونکە ئەوکات خورماڵ چەقی دەسەڵاتی ئەردەلان بووەو وەکو باسکرا لە نزیك قەڵای زەڵم هەڵکەوتووە، بۆچوونی دووەم زیاتر لە ڕاستیەوە نزیکە، کە شوێنێکە لە موکریان.

هەر یەك لە شارباژێڕو کەرکووك شوێنیان دیارە، سنووری هەریەك لە ئەردەڵانو سۆران روونە بەوەی کە هاوسنووری ئەوکاتەی دەسەڵاتی میر بوداغ بوون.

ئەگەر ئەو دەقە بکەینە بنەمایەك بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی میرنشینەکە، لەگەڵ بەراوردکردنی بە سەرچاوەکانی دیکە، دەگەینە ئەو ئاکامەی، کە سەرەتاوە لە سنووری باشووری ڕۆژئاوای گەیشتۆتە شاری کەرکوك، بەشی باکووری ڕۆژئاوای گەیشتۆتە لارجانی هاوسنووری سۆرانو سنووری ڕۆژهەڵاتی گەیشتۆتە بانەو لە باکورەوە لە (شنۆ)ی تێنەپەڕیوە، ئەو کات شارباژێڕی لەگەڵ زۆرینەی ناوچەی موکریانی هاوسنووری شارباژێڕو پشدەرو مەرگەی بەدەستەوە بووە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکریٚ ئاماژەی نەکردووە مەڵبەندی ئەو میرنشینە.

[1] - شەرەفنامە، وەرگێڕدراوی کوردی، پەراویزی ژمارە، ٢، ل٣٥٨
[2] - شرفنامە، هامش ٨، ص٤٧٤
[3] - شەرەفنامە، وەرگێڕدراوی کوردی، پەراویزی ٣، ل٣٥٨

لــه ســـەرەتاوە ســـنووری هـــەرێمی موکریـــان بەشـــێکی ســـەرەکی فەرمانڕەوایـەتی بابـان بـووە، بـەڵام دوای دامەزرانـدنی میرنشـینی موکریـان ســـنووری فەرمانڕەوایـــەتی بابـــان زیـــاتر کەوتـــە لای پشـــدەرو شـــاربازێڕو شـارەزوور، ئینجـا مـیر بـوداغ بـە ئاراسـتەی شـەقڵاوەو هـەریری لـە خـۆراوا دەستدرێژی کردە سەر سنووری سۆران[1]. بـە گوزارشـتی سـنووری جـوگرافی ئێستا، ئـەوەی لێدەخوێندرێتـەوە، کـە لـە سـەرەتاوە بەشـی زۆری هـەرێمی موکریان لە رۆژهەڵاتو ناوچەکانی پشدەرو مەرگەو شاباژێڕ هـەتا کـەرکووك، سنووری فەرمانڕەوایەتی ئەو میرنشینە بـووە، دوای سـەرهەڵدانی میرنشـینی موکریان لە کۆتایی سەدەی ٩ك/١٥ز چەقی دەسەڵاتی بابانەکان لەو هەرێمـە پێدەچـێت پاشەکشـەی کردبێـتو قورسـاییان خسـتبێتە سـەر پشـدەرو شاربازێڕ.

مێژوونووسـێکی ئـەردەلانیش لـە بـارەی سـنووری بابانـەوە پێـی وایـە، شوێنی دانیشتنیان کەوتۆتە لای کەرکوكو شارەزوورو سابلاغی موکری[2].

ئەوەی دەمێنێتەوە چەقی دەسـەڵاتو مەڵبەنـدی فەرمانڕەوایـەتیی ئـەو میرنشـینەیە. هەنـدێك لـە ژێـدەرە تازەکـان لـەو بارەیـەوە ئاماژەیـان داوە، توێژەر پێی وایـە، (مەرگـە) مەڵبەنـدی یەکـەمی بابانـەکان بـووە[3]، توێـژەری تازەش پێی وایە فەرمانڕەوایەتی بابان لە سەردەمی میر بوداغەوە لە گوندی دارەشمانەی قەزای پشدەر بووە[4]، کە هەردوو ئاوەدانی لێك دوور نین، بـەڵام هیچ شارو ئاوەدانیەکی دیاریکراو لە سەرچاوە بنەڕەتیەکاندا لەو سەرەتایەدا نـاوی نـەهاتووە، ئەمـە بـۆ قۆنـاغی سـەرەتای دامەزرانـدن راسـتە بـەڵام لـە

---

[1] - سەرجەمی بەرهەمی، ب١/ ل٣٩٨

[2] - میرزا شکراللە سنندجي: هۆزو تایەفەی، ل٥٤

[3] - جمال بابان: بابان في التأريخ و مشاهير البابانيين، ص٣٢

[4] - عبدربه ابراهيم الوائلي: تاريخ الامارة البابانية/١٧٨٤-١٨٥١م،ط١، دار الزمان، دمشق، ٢٠٠٨،ص٩٠

قۆناغەکانی دواتر، ناوچەی مەرگەو پشدەر ئەو ڕۆڵە دەگێڕن[١]، کە پێدەچێت، ژێدەرە تازەکانیش لە سەر ئەو بنەڕەتە وای بۆچووبن. بۆ نموونە (حاجی بابە شێخ) پێنجەم میر دوای بوداغ هاتووە، مەڵبەندی فەرمانڕەوایەتیەکەی لە (مەرگە) بووە[٢]، بەسەرهاتی باپیرانی (فەقێ ئەحمەد) لە گوندی (دارەشمانە)[٣]، کە درێژەپێدەری میرانی پێش خۆی بووە، مەڵبەندەکەی مەرگەو پشدەر بووە[٤]، ئەمە لە کاتێکدا سەردەمی هاتنی عوسمانی جیاوازیەکی نییە لە رووی گۆڕانکاریە سیاسییەکانەوە لە سەر ناوچەکە، هەتا مەڵبەندی فەرمانڕەوایی بابانەکان گۆڕابێت، بەڵام بە هۆی ڕووداوەکانی کۆتایی سەدەی ٩ك/١٥ز زیاتر دەسەڵاتیان لە مەرگەو دەوروبەری چڕ بووبێتەوە، ئەمەش بەهۆی ناکۆکییە ناوخۆییەکانەوە بووە، ئەگینا پێشتر زۆر فراوان بووە.

مێژوونووس لە باسی کۆتایی سەدەی ٩ك/١٥ز، بە میرنشین یان ولایەتو ئەیالەتی بابان ناوی بردووە[٥]، کە دواتر بەڵگەنامەکانی عوسمانی

---

[١]- حسين ناظم بيك: الامارة البابانية، ص٣٦٥؛ میر بەسری: ناودارانی کورد، وەرگێڕانی/ عەبدولخالق عەلائەدین، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٦

[٢]- البدليسى: شرفنامە، ص٤٧٨

[٣]- لە سەرەتای سەدەی ١١ك/١٧ز دووبارە میرنشینی بابانی بۆ سەردەمی چاخی تازە ژیاندۆتەوەو مەڵبەندەکەی لە پشدەر بووە. (حسين ناظم: تأريخ الامارة البابانية، ص٥٥-٥٧؛ صالح قەفتان: مێژووی گەلی کورد، ل٢٠٦).

[٤]- مەبەست لەو بەسەرهاتە مێژووییانەیە، کە لەسەر فەرمانڕەوایی شێخ حەیدەری موکری هەتا دەگاتە ناکۆکی کاکە میرو کاکە شێخی باوكو مامی فەقێ ئەحمەد تۆمار کراوە، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی ١٠ك/١٦ز، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (ئۆسکارمان: تحفة مظفرية، وەرگێڕانو ساغکردنەوەی هێمن موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٤٧٤ ؛ تۆفیق قەفتان: مێژووی حوکمدارانی بابان لە قەڵاچوالان هەتا دروستکردنی شاری سلێمانی، چاپخانەی سییدیان، مهاباد، ١٩٦٩، ل٩-١٢؛ حسين ناظم: الامارة البابانية، ص٦٥-٦٦؛ ؛ عبدالقادر بن رستم باباني: تأريخ و جغرافياي كردستان سير الاكراد، بكوشش/ محمد رؤوف توكلي، تهران، ١٣٦٦؛ ص١٥٦؛ کەریم زەند: جوگرافیای کوردستان، ل٤١٢).

[٥]- البدليسى: شرفنامە، ص٤٧٩، ٤٨٠، ٤٨١، ٤٨٢

هـەر ئـەو ناوچـەیە بـە وڵاتـی بابـان نـاو دەبـەن، دەقێکـی دیکـە هەیـە، کـە مێژووەکـــەی دەگەڕێتـــەوە بـــۆ پـــێش شـــەرەفنامە، لـــە نیـــوەی دووەمـــی ســـەدەی١٠ك/١٦ز نووســـراوە بـــە نـــاوی (دفـــتر مهمـــە)[١]، کـــە تایبەتـــە بـــەو نووسـراوانەی لـە نێـوان ئەسـتەنبوڵو والـی شـارەزورو میرەکـانی ئامێـدیو هەکاریی ئاڵوگۆڕ کراوە، لەوێدا حاکی لیوای (بەبـە) هاوسـنووریەتی، لـە پـاڵ شارەزوورو کەرکوك، سنووری هۆزی ئاکۆو بلْباس هاوسنووری ئەو لیوایـەن[٢]، کـە پێدەچێت، ئـەوکات وڵاتـی بابـان زیـاتر لـە ناوچـەی شـاربازێڕو مەرگـەو پشدەر کورت بووبێتەوە، بەڵگەنامەکە زیاتر پەیوەنـدیی هەیـە بـە چـۆنیەتی پاراستنی ئارامیو ئاسایشی ناوچەکە بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی بـاج، لەوێـدا بەرپرســـە خۆجێیـــەکان لـــە هـــەولێرو کـــەرکووك باســـی پێویســـت بـــوونی نوێکردنەوەی قەڵای قزڵجـەو میهرەبـانو دروسـتکردنی قـەڵای بابـان دەکـەن لەگەڵ دروستکردنی قەڵایەك بۆ ئەو مەبەستە لە سەر دەربەندەی مەبەستە[٣]، دەشێت زیاتر دەربەندی بازیانی مەبەست بێت، ئەگەرچی ئەو سنوورەی لـەو بەڵگەنامەیەدا دەستدەکەوێت، هی دوای شەڕی چاڵدێرانە، بەڵام لەو ماوەیەدا ئەو ئاڵوگۆڕە لـە شـوێنی بنـەڕەتی میرنشـینی بابـان بـەدی نـەهاتووە، بۆیـە دەشێت گوزراشت لە سەردەمی پێش شەڕی  چاڵدێرانیش بکات.

---

[١] - دفتر مهمه: کۆمەڵێك تۆماری پارێزراوی دەوڵەتی عوسمانیە، تایبەتە بە فرمانی دەروازەی باڵا بۆ ولایەتەکان، لە سـەدەی ١٠ك/١٦ز، زانیـاری زۆری لـە سـەر ولایەتـە کوردیـەکان تێدایـە. بڕوانـە: (عماد عبدالسلام: دراسات وثائقية، ص٥٧).

[٢] - م.ن، ص١١٥-١٣٦

[٣] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (عماد عبدالسلام: دراسات وثائقية،، ص١٠٩-١١١)

## باسی سێیەم:

## خانەوادەکانی دامەزرێنەری میرنشینی بابان و سەردەمی دامەزراندن

فەرمانڕەوایەتی بابان بەتایبەت ئەو قۆناغەی لە رایەڵەی هۆزێکەوە گواستیەوە بۆ فیدارسیونێکی هۆزایەتی و دواتر لە چوارچێوەی میرنشینێدا بەدەرکەوت، ئەستەمە دامەزرێنەرانی دەستنیشان بکرێت، ئەوانەی بە پشت بەستن بە شەرەفنامە (میر بوداغی کوڕی میر ئەبدال) بە دامەزرێنەری میرنشینی بابان دادەنێن[1]، بە هەڵە لەو دەقەی بەدلیسی گەیشتوون، چونکە:

یەکەم: ئەو نەیوتووە، ئەو میرە دامەزرێنەری میرنشینی بابانە، بەڵکو دەڵێت: "...دوای ئەوەی فەرمانڕەوایی ئەو خانەوادەیە بە پیر بوداغی بەبەیی و برایی[2] گەیشت...". لێرەدا دەبێت لە پێش میری ناو براو میرانی دی هەبووبن، کە فەرمانڕەوایەتیان کردووە، واتە یەکەم میر نەبووە، بەتایبەتیش کە میر بوداغ کوڕی میرێکی پێش خۆیەتی بە ناوی (میر ئەبدال)[3].

دووەم: چەند دەستەواژەیەکی (بەدلیسی) هەیە، کە گوزارشت لە درێژەپێدان دەکات، وەکو لە باسی میر بوداغ دەڵێت: "...میرانی بابان بە میرانی کوردستان و زۆری لایەنگرو رەعیەت ناسراون، ... ئەوکاتە ئەو بنەماڵە دیرینە کەسی بە توانیان نەمابوو، کاروباری فەرمانرەوایەتی بە ئەستۆ بگرێ، هەتا ..."[4].

هەندێك لە مێژوونووسانی هاوچەرخ، مردنی بوداغی کوڕی رۆستەم و هاتنی پیر نەزەر بە کۆتایی دەسەڵاتی زنجیرەی یەکەمی فەرمانڕەوایەتی ئەو

---

[1]- بڕوانە: (ئەمین زەکی: خولاصە، ج٢/ ل٢٨٤؛ تأريخ الدول والإمارات الكرديه، ص٤١٦ ؛ ایاد بابان: أسرة بابان الكردية، ص٢٧).

[2]- مەبەست لە (رۆستەم)ی برایەتی، بەدلیسی دەڵێت: هەوڵی کوشتنی بوداغ بەگی برای داوە بەڵام سەرکەوتوو نەبووە. بڕوانە (شرفنامە، ص٤٧٥).

[3]- البدليسي: شرفنامه، ص٤٧٤

[4]- المصدر نفسه، ص٤٧٣-٤٧٤

بنەماڵەیەو سەرەتای زنجیرەی دووەمی دادەنێن[1]، چونکە میرایەتی گواستراوەتەوە بۆ (پیر نەزەر)، لە بابەت ئەو گواستنەیەوە گوتراوە: "...نێرینەیان بەجێ نەهێشتو فەرمانڕەوایەتی لە ناو ئەواندا کۆتایی هات"[2]، لە دوای میرایەتی پیر نەزەر، هەریەك لە میر سلێمانو میر ئیبراهیمی کوڕی حوکمیان کردووە، هەتا ئێرە لە بەدلیسی بترازێت، پێناچێت زانیاری دی لە سەر بنەماڵەی میر بوداغو خانەوادەکانی زنجیرەی یەکەم تا سێیەم هەبێت، بیجگە لەو سەرچاوەیەی باسی ناوی میرێکی بابانی هێناوە، بەدلیسی باسی نەکردووە، لەوێدا ئاماژەی داوە، کە میر (هەمزەی بابان)ی راپەڕی بۆ جەنگو دیاربەکرو حەلەبی گرت، تورکو عەرەب لەگەڵی کەوتن بۆ جەنگ، (حەمدون بەگ) سەرلەشکری هەمزە بابانی بووە، خیانەتی لێ کرد، میر هەمزە شکاوەو چووە قەڵای مەریوان، لەوێ دووبارە خۆی رێك خستەوە، بەڵام دەرمانخواردوویان کردووە[3]، ئەمەش سەرەداوێکی دیکەیە لە سەر بنەماڵەی میرانی بابان.

بنجو بنەوانی بنەماڵەی بابانەکان نادیارەو ئەوەش، کە هەیە وردو یەکلایی کەرەوە نییە[4]، بۆیە بۆ دامەزرێنەری میرنشینی بابان ناتوانرێت هیچ

---

[1] - بڕوانە: (حسين ناظم بيك: الامارة البابانية، ص٣٤٥؛ رۆژبەیانی: وڵاتەکەت باشتر بناسە، ل٤٧؛ عماد عبدالسلام: ادارة العراق الاسرة الحاكمة، ص٢٥١-٢٥٢؛ پاشکۆی ژمارە چوار)

[2] - البدليسى: شرفنامه، ص٤٨٢-٤٨٣

[3] - باسی میر هەمزەی بابانی لە کتێبی (نور الانوار)، کە لە ساڵی (١٠٩٩ك/١٦٨٨ز) لە لایەن (عبدالصمد توداری) بە زمانی فارسی نووسراوە. نووسەر لەوێدا دەڵێت: کە ئەو زانیاریەی لە کتێبی (تذكرة الاجناد في محاربة الاكراد و الاتراك)، کە کتێبێکی ونە وەرگرتووە، ئەوەی پەیوەندی بە کوردستانەوە هەیە موحەمەدی مەلا کەریم کردویەتی بە کوردی بە ناوی، (چەمکێکی مێژووی مەریوانو هەورامان) بڵاوکردۆتەوە، لە پێشەکیەکەیدا وەرگێڕ سەرسوڕمانی خۆی بە دیار خستووە، کە لە سەدەی ٨ك/١٣ز میرنشینی بابان هەبووەو یەکێك لە میرەکانی بە ناوی میر هەمزەی بابانی لەگەڵ تورکان بە شەڕ هاتووە. بڕوانە: (چەمکێکی مێژووی هەورامانو مەریوان، بەغدا، ١٩٧٠، ل٤، ٤٣).

[4] - ئەمین زەکی بەگ: تاریخی سلێمانی، ل٢٨؛ میر بەسری: ناودارانی کورد، ل١٦).

کەسێك دیاری بکرێت و بە هەڵە ناوی میر بوداغ کوڕی میر ئەبدال بە دامەزرێنەری میرنشینی بابان دیار کراوە.

بە پێچەوانەی زۆر لەبنەماڵەی میرانی دیکە، بەدلیسی هیچ ئاماژەیەکی بە ریشەی ئەو بنەماڵەیە نەداوە، بەڵام لە سەرچاوەو ژێدەری دیکە، زانیاری تازە دەستدەکەوێت.

لەگەڵ ئەوەدا هەندێك لە زانیاریەکانی حوزنی لە راستیەوە زۆر دوورن، لەبارەی ریشەی میرانی بابان پێی وایە، ئەوکاتەی بابا ئەردەلان شارەزووری خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، قەڵای (میشلە)[1]ی دا بە میر ئەبدالی کوڕە گەورەی، ئەویش لە دوای خۆی سپاردی بە پیر بوداغی کوڕی[2]، لەوەڕا بەدەر دەکەوێت، کە میر ئەبدالی باوکی میر بوداغ، کوڕی بابا ئەردەلان بێت، بە وردبوونەوە لە سەردەمی بابا ئەردەلانو سەردەمی میر بوداغ دەردەکەوێت، کە یەکەمیان وەکو ئاماژەمان پێدا لە سەرەتای سەدەی ٨ك/١٤ز هاتووەو دووەمیان لە سەرەتای نیوەی سەدەی ٩ك/١٥زدا، کە دەکاتە نزیکەی سەدەو نیوێك، بۆیە ناشێت ئەمە بکرێتە بنەمایەك بۆ ریشەی ئەو خانەوادەیە[3]، بۆیە ئەو بۆچوونەی حوزنی لە بابەت ریشەی فەرمانڕەوایانی بابان لە جێی خۆیدا نیە.

هەیە پێی وایە دەچنەوە سەر بنەماڵەی بابانی ناوچەی موکریان[4]، یان بە پێچەوانەوە موکری بە تیرەیەك لە بابان دانراوە[5]، بۆیە لە نێوان بابانو

---

[1] - قەڵای میشلە: لە سەرچاوەکان شوێنی قەڵای میشلەمان دەست نەکەوت، بەڵام بە گوێرەی (مذکرات مأمون بك)و (شەرەفنامە) میهروانو تەنوورەو کەولۆس ناویان هێناوە، پێدەچێ هەر لە شارەزوور لەلای رۆژئاوای قەڵای زەڵم دا بێت. بڕوانە: (مذکرات مأمون بیك، ص٧٩؛ شرفنامة، ص٢١٥-٢١٦).

[2] - سەرچەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی، ب١/ل٣٩٦

[3] - بۆ سەردەمی هەریەك لە بابا ئەردەلانو میر ئەبدال، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە یەك، پاشکۆی ژمارە چوار)

[4] - ئەمین زەکی: تاریخی سلێمانی، ل٣٥؛ رۆژبەیانی: وڵاتەکەت باشتر بناسە، ل٤٨،

[5] - صمدی: تاریخ مهاباد، انتشارات رهرو ، مهاباد، ١٣٧٣ ه.ش، ص١٢

موکری لێك نزیکیەك هەیەو دەگونجیّ ئەمە لە راستیەوە نزیك بێت، دیارە لە سەرچاوە مێژووییەکان باسی بابانیو موکریان پێکەوە هاتووە، کە بنەڕەتی دەسەڵاتدارانی موکریانیش لە شارەزوورەوە چوونەتە ئازەربایجان [1]، بەمەش لە شوێنی دەسەڵاتداریەتی بابانەکان نزیك دەبنەوە.

لە شوێنێکی دیکە ڕەچەڵەکی بابان زۆر فراوانکراوە، بەوەی هەردوو هۆزی رۆژەکیو هەکاریش لە هۆزەکانی بابانن[2]، لەگەڵ ئەوەدا ئەو دوو هۆزە لە سنووری بابانەوە لێك دوورنو ریّی تێناچێت.

(میجرسۆن) دەڵێت: "لە تیرەی نورەدەینی بووە، کە نورەدینیش تیرەیەکە لە بابان)[3]، دەشوترێت دەچنەوە سەر بلّباسەکانی موکریان[4]، لەگەڵ ئەوانە هیچی یەکلایی کەرەوە نینو لە باسی بنەماڵەی فەقیّ ئەحمەد ئەوانە وتراون، نەك بنەماڵەی میر بوداغ، لەو بارەیەوە بۆچونی تریش هەیە[5]، هەر چۆنێك بێت (بنچو بنەوانی خێزانی بابانەکان نادیارە"[6].

بنەماڵەی میرانی بابان هەر لە سەرەتاوە بە سەر یەکەوە لە یەك بنەماڵەوە نەهاتوون، پەیوەندیی نێوان خانەوادەی یەکەمو دووەم نادیارە، پیر نەزەر لە خانەوادەی میر بوداغ نیە[7]، لە هەمان کاتدا پەیوەندیی،

---

[1] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (بابا مردوخ روحانی شیواو: تاریخ مشاهیر کورد، ج٣/ ص٣٦٤ ؛ رۆژبەیانی: وڵاتەکەت باشتر بناسە، ل٢٣٢؛ زرار صدیق تۆفیق: القبائل و الزعامات، ص١٤٢؛ صمدی: تاریخ مهاباد، ص١٢ ؛ ).

[2] - البدلیسي: شرفنامة، ص٤٨٢

[3] - رحلة منتكر الى بلاد مابين النهرين وكردستان، ترجمة/فؤاد جميل، بغداد، ١٩٧٠، ج١/ ص٢٣٥

[4] - بابا مردوخ روحانی شیواو: تاریخ مشاهیر کرد، ج٣/ ص٤٥١

[5] - لە لای (ریچ) بابان لقێکن لە هۆزی (سەکر). بڕوانە: (گەشتنامەی ریچ، وەرگێڕانی/محەمەد حەمە باقی، چ١، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٢٤٨).

[6] - میر بەسری: ناودارانی کورد، ل١٦

[7] - لە کۆتایی دەسەڵاتی خانەوادەی چوارەم کە بەدلیسی باسی کردووە، بنەماڵەی فەرمانڕەوایەتی بابان نامێنیّ. بڕوانە: (شرفنامە، ص٤٨٢).

خانەوادەی پێنجەم بە خانەوادەکانی پێش خـۆی روون نیـە[1]، بۆیـە یـەکلایی کردەوەی  ریشەی بنەماڵەی ئـەو فەرمانڕەوایەتیـە ئاسـان نیـە، ئـەوەش کـە سەرچاوەکان باسیان کردووە، بیروبۆچوونی جیاوازنو دەشێت دروست بن یا نا.

گیروگرفتێکی دیکە، کە بۆتە هۆی ئاڵۆزی لە دیاریکردنی بنەڕەتی میرانی بابـان، ئەوەیـە بابـان لـە هەنـدێك لـە سەرچـاوەکان وەکـو هـۆز یـان وەکـو فیدراسـیونێکی هۆزایـەتی یـان وەکـو دانیشـتووانی تایبـەت بـە نەتەوەیـەك هاتووە، لەو حاڵەتەدا هەموو دانیشتووانی ژێردەسـەڵاتی بابـانو هـەموو ئـەو هۆزانەی بەشدارن لەو فیدراسـیونە خێڵەکیـەی بابانـدا، هـەر بۆیـە بەدلیسـی زاراوەی (هۆزەکانی بابان)و (گەلی بابان)ی بەکارهێناوە[2].

بە دەر لە باسـی میرانـی بابـان، بەدلیسـی نـاوی بابـانی وەکـو هـۆزێکی گەورەی کورد ناوبردووە، لە ریزی  هـەکاری، سـۆران، ئـەردەلان[3]، لـە باسـی میر سەیفەدینی دامەزرێنەری میرنشینی موکریدا دەڵێت: "...زۆری لە کوردی بابانیو شوێنی دیکەی کوردستان لە دەوری خۆی کۆکردنەوە..."[4].

لـە دوو سەرچـاوەی سـەردەمی مـەمالیکی میسـر نـاوی بابـان وەکـو (تایەفەیـەك لـە کـوردان) هـاتووە، نـاوەرۆکی ئـەو باسـە پەیوەنـدیی بـە ئاوارەبوونی کەسێکی بابانیەوە هەیە لە وڵاتی خۆیەوە بۆ قـاهیرە، بـە نـاوی (شـێخ عومـەر کـوڕی ئیـبراهیم کـوڕی ئەبوبـەکری بـەبانی کـوردی)، کـە لـە کوردستان لە دایك بووەو گەورە بووە، لە دوای ساڵی (٨٤٠ك/١٤٣٦ز) چـۆتە قاهیرەو لە ساڵی (٨٦٨ك/١٤٦٤ز) لـەوێ مـردووە[5]. بـۆ زیـاتر دڵنیـایی بـوون

---

[1] - عماد عبدالسلام: ادارة العراق الاسرة الحاكمة، ص٢٥٣

[2] - شرفنامه، ص٤٧٧، ٤٨٢

[3] - شرفنامه، ص١٠١

[4] - شرفنامه، ص٤٨٥

[5] - ابن تغرى بـردى: النجـوم الزاهـرة، ج١٤/ ص٢٢٨ ؛ السـخاوى: الضـوء اللامـع لأهـل القـرن التاسـع، منشورات دار مكتبة للحياة، بيروت، د،ت، ج٦/ ص٦٤؛ زرار صديق: القبائل والزعامات، ص٢٤

لەوەی کە مەبەستی ئەو (بابان)یە، کە لەوێدا بە (الببانی)ی ناوی هاتووەو (السخاوی) ئاماژەی داوە، کە یەکەم پیتی (ب) بە فەتحەوە دەخوێندرێتەوە واتە دەبێتە (بەبانی)[١]. شایانی باسە ئەو لە وڵاتی خۆی (کوردستان) لە دایك بووەو هەر لەوێ قورئانی پیرۆزی لە بەرکردووە، دوایی وڵاتی خۆی بەجێهێشتووە[٢]. لەگەڵ ئەوەشدا گوندێك لە سەر ڕێگەی (کەرکووك — هەولێر) هەیە بەو ناوەوەو (بابۆنی) هەیە کە تیرەیەکن لە گۆران[٣]، بەڵام زیاتر پێدەچێت مەبەستی (بابان) بێت چونکە: لە دوای شاڵاوەکانی مەغۆلەوە بۆ کوردستان، هەتا کۆتایی دەسەڵاتی ئاق قۆینلۆ، ناوچەی ژێردەسەڵاتی مەمالیك بە ئارامو سەقامگیر سەیر کراوەو بۆیە کۆچیان کردووە بۆ میسرو شام، کەسانی ئەو بنەماڵەیەش کۆچیان کردووە، هەروەها روونتر دەردەکەوێت کە هاتووە، بابان تایەفەیکن لە بابان.

بە خوێندنەوەیەکی وردی دەقەکان ئەو ئاکامانە دەردەکەوێت کە:

یەکەم/ لە سەدەی ٨ك/١٤زیەوە بابان فیدراسیونێکی خێڵەکی گەورە بووە، کۆمەڵێك هۆزو تیرەی دیکەی لە خۆ گرتووە، لە پاڵ ڕەهەندە هۆزایەتیەکەیدا رەهەندێکی جوگرافیشی وەرگرتووە.

دووەم: تێکەڵ بوونی رەهەندی جوگرافیو ڕیشەی خانەوادەیی بابان لەگەڵ موکری لە هەموو بۆچوونەکانی دیکە بەهێزترە.

زانیاریەکان لە سەرەتای دامەزراندنی ئەو میرنشینە ئاڵۆزە، سەرچاوەی بنەڕەتیش کەمە، (عباس العزاوی) لە زمانی حەمدی بەگی بابانەوە دەڵێت: "...میرنشینی بابان سەرەتایەکەی ونە..."[٤]، هی دیکەش جەخت دەکەنەوە، کە سەرەتاکەی نەزانراوە[٥]، بەڵام بە گرتنەبەری ئەم خاڵانەی خوارەوە

---

[١]- الضوء اللامع، ج٦/ ص٦٤

[٢]- المصدر نفسه، ج٦/ ص٦٤

[٣] - زرار صديق: القبائل والزعامات، ص٢٤

[٤]- عشائر العراق، ج٢/ ص٩٩

[٥]-بڕوانە: (نەوشیروان مستەفا ئەمین: میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی رۆمو عەجەمدا، چاپەمەنی خاك، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٣٥).

دەكرێت ئەنجامێكی دروست بە دەستبێت.

**یەكـەم:** ئـەو سەرچـاوانەی بـوونی بابـان وەكـو بنەماڵـەو هـۆزیكی فەرمانڕەوا بە دیاردەخەن.

كـۆنترین سـەردەم، كـە نـاوی (بەبـە) تێـدا هاتبێـت، وەكـو قەواریـەكی خێڵـەكی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەدەی (٤ك/١٠ز)، حـوزنی بـاس لـە پشـتگیری سەرۆكەكانی كوردستانی موكریانو بەبەی بۆ (بازی كوڕی دۆستەك) لە ساڵی (٣٥٦ك/٩٦٧ز) كـردووە[١]، ئـەوەش جێگـای بـاوەڕ نییـە، چـونكە بەڵگـەو سەرچـاوەیەكی بـۆ پشتڕاسـتكردنەوەی رایەكـەی بـە دەرنەخسـتووە، لـە سەرچاوەكانیش ئەو پشتڕاست نەكراوەتەوە.

ئەگەرچی توێژەرێكیش پێی وایە، دەشێت وەكو بنەماڵەیەكی فەرمانڕەوا مێژووەكەیان بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئێلیخانیەكان، ئەویش بەپشتبەستن بە سەرچاوەكەی (التـوداری)[٢]، كـە لەوێـدا بەسـەرهاتی (مـیر هـەمزەی بابـانی) دەبەستێتەوە لـە سـەردەمی مـەغۆلو دەسـەڵاتی ئێلیخانیـەكان[٣]، دەقێكـی دیكە لەو سەرچاوەیەدا دەستدەكەوێت، كە تایبەتە بە گرێبەسـتی فرۆشـتنی زەوی پیاوێكی بابانی بە ناوی (میرزا عبدلكریم بن خالد بـن أحمـد البابـاني)و (شیخ زكریا بن شیخ عبدالرحمن خالد) ناوێك[٤]، بـە كـۆنترین دەقـی مێـژوویی دادەنرێت، كە ناوی بابانی تێدا هاتبێت، مێژووەكـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی (٧٧٥ك/١٣٧٤ز)، ئەمە بەڵگەیە لە سەر بـوونی بابـان وەكـو هـۆزێكی دیـاری ناوچـەكە، بـەڵام نابێتـە بەڵگـە لـە سـەر ئـەوەی بابـان وەكـو قەوارەیـەكی سیاسیی لەو سەردەمە هەبووبێ.

---

[١]- دیركی پێشكەوتن، ل٨

[٢]- زرار صدیق: القبائل والزعامات، ص٢٤

[٣]- بۆ زیاتر زانیـاری بڕوانـە: (چمكێكی مێـژووی هـەورامانو مـەریوان، ل٤٣؛ زرار صدیق: القبائـل والزعامات، ص٢٤)

[٤]- چمكێكی مێژووی هەورامانو مەریوان، ل١٤-١٥؛ زرار صدیق : كردستان فى القرن الثـامن الهجـري، ص٢٨٣-٢٨٤

هەروەك لە پێشـەوە ئامـاژەی پێـدرا، ئـاوارەبوونی پیاوێـك لـە تایەفـەی بابان لـە كوردسـتانەوە بـۆ قـاهیرە لـە سـاڵی (٨٤٠ك/١٤٣٦ز)[١]، ئـەوە پشـت ڕاست دەكاتەوە، كـە بابـان وەكـو هۆزێـك لـە ڕووداوەكـانی نیـوەی یەكـەمی سەدەی ٩ك/١٥ز ڕۆڵیان هەبووەو بەشداربوون.

**دووەم:** پاشان نووسەرانو مێژوونووسان بە پێی لێكدانەوە، بۆچـوونی خۆیان دەربڕیوە، ڕۆژبەیانی دەڵێت: "سەرداریەتی بابان لە سەدەی ٨ك/١٤ز دا هەبووە"[٢]، سەرچاوەیەكی دیكەش ئاماژەی بـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی ٩ك/١٥ز[٣] یان بە كۆتایی سەدەی ١٥زو سەرەتای سەدەی دواتر داوە[٤]، بـەڵام وەكو میرنشینو بە ڕێبەری مـیر بـوداغ یـان مـیر ئەبـدالی بـاوكی لـە كۆتـایی سەدەی ٩ك/١٥ز دامەزرابێت[٥]، ئەوە دەمانخاتە گومانەوە ئەوەیە، كە لە پـاڵ شاڵاوەكانی ئاق قۆینلـۆ باسـی نـەهاتووە، گەرچـی ژێـدەرێك بـەوە شـرۆڤەی كـردووە، كـە بـە هـۆی نـەبوونی شـاری گـەورەو دەوڵەمەنـدو قـەڵاو بنكـەی ستراتیژیەوە نەبووەتە جێگای چـاوتێبڕین[٦]، ئـەوەش لـە ڕاسـتییەوە نزیكـە، چـونكە لـە دوای سـەدەیەك لـە حـوكمڕانی ئـاق قۆینلـۆ لـە كوردسـتان، لـە بەڵگەنامەیەكی نووسراوەی ساڵی (٩٨١ك/١٥٧٣ز) عوسمانیـدا هـاتووە، كـە وڵاتـی بابـان لـە ڕووی ئاوەدانیـەوە دواكـەوتووەو شـوێنی حەوانـەوەی تێـدا كەمەو زۆربـەی خەڵكەكـەی لـە ڕەشمـاڵان دا دەژیـن[٧]، دەشێت لـە ڕێگـەی شرۆڤەی ئەو سەرچاوانەوە ئەوە بە دەستبێت، كە بابان بە دەر لە هـەبوونی

---

[١] - ابن تغری بردی: النجوم الزاهرة، ج١٤/ ص٢٢٨ ؛ الضوء اللامع، ج٦/ ص٦٤؛ زرار صديق : القبائل والزعامات، ص٢٤

[٢] - وڵاتەكەت باشتر بناسە، ل٤٧

[٣] - عماد عبدالسلام: ادارة العراق الاسرة الحاكمة، ص٢٤٨

[٤] -سعدي عثمان هروتي: كوردستان والامبراطورية العثمانية، ص١١

[٥] - سعدي عثمان: امارة بابان، في النصف الاول من القرن الثامن عشر، مؤسسة موكريان للطباعة النشر، اربيل، ٢٠٠١، ص١١

[٦] - نەوشیروان مستەفا: میرایەتی بابان، ص٣٥

[٧] - عماد عبدالسلام: دراسات وثائقية، ص١٠٢

وەکو هۆز، لە چوارچێوەی قەوارەیەکی سیاسیی لە نیوەی دووەمی سەدەی ٩ك/١٥ز هەبووە.

**سێیەم:** ساغکردنەوەی سەردەمی میر بوداغو میر ئەبدالی باوکی وەکو سەرەتایەکی زانراو، بۆ سەرەتای میرنشینی بابان.

بەدلیسی هەتا هاتنی هێرشەکانی سەفەویو عوسمانی هیچ مێژوو یان هاوسەردەمێکی دیاری نەکردووە، بەڵام بەگوێرەی بەراورد لەگەڵ ئەو گرژییەی کەوتۆتە نێوان میر بوداغ و میرانی سۆران، کە میری بوداغ شا عەلی کوڕی عیسای میری سۆرانی کوشتووە، دواتر لەلایەن میر سەیدی کوڕی شا عەلی کوژاوەتەوە، کە میر سەیدی لە دوای کوڕو کوڕەزای شا عەلی حوکمی کردووە، پێدەچێت ماوەی فەرمانڕەوایەتیی میر بوداغ زۆر بووبێت، ئەمە لە کاتێکدا (میر ئەبدال)ی باوکیشی میرایەتی کردووە، لە دوای ئەو (میر بوداغی کوڕی رۆستەمی) برازاییو (پیر نەزەر)و هەردوو کوڕەکەی (سلێمان)و (برایم)، پاشان (حاجی بابە شێخ) هاتووە، کە ئەمەی دوایی هاوسەردەمی هاتنی سەفەویەکان بووە بۆ کوردستان، ئەوان هێرشیان کردووەتە سەرو ئەویش بەرگری لە سنووری فەرمانڕەوایەتیەکەی خۆی کردووە، هەتا سوڵتان سلێمانی قانوونی هاتووەو لە گەڵیدا رێك کەوتووە[1]، بەو شێوەیە بێت، دەبێت حاجی بابە شێخ لە پێش شەڕی چاڵدیران (٩٢٠ك/١٥١٤ز) میری ئەو میرنشینە ژیابێت.

نووسەرێك دەڵێت: لە سەردەمی سوڵتان سلێمانی قانوونی (٩٢٦-٩٧٤ك/١٥٢٠-١٥٦٧ز) منداڵێك لە خانەوادەی بابان حوکم کردووە، بە ناوی (خدری کوڕی میر حوسێنی کوڕ میر سلێمان)[2]،، کە ئەو دوا میری بنەماڵەی چوارەمی بابانە لە مەرگە بووەو نەوەی (حاجی بابەشێخ) بووە، لە کۆتایی دەسەلاتی سوڵتان سلێمانی قانوونی حوکمی کردووە.

---

[1] - أمين زكى: مشاهير الكرد و كردستان، ج٢/ ص١٦٥

[2] - السليمانيه من نواحها المختلفه، من مطبوعات المجمع العلمي العراقي (الهيئة الكردية)، بغداد، ١٩٨١، ص٣٦٦

دواتـر هەنـدێك لـە مێژوونووسـانی هاوچـەرخ هـەتا هـاتنی سـەفەویەکان، دەسـەڵاتی میرانـی بابانیـان بـۆ یـەك لـە دوای یـەکی ئـەو (پێـنج) بنەماڵـە فەرمانڕەوایـە دابـەش کـردووە[1]، کـە (دوو) لەوانـە دەکەوێتـە، سـەدەکانی ناوەڕاســت، هــەمووی پێکــەوە بــە پێــی بەدلیســی ئــەو دوو بنەماڵــە فەرمانڕەوایـەش (شـەش)میریـان شـوێنەواری دیـارە، کـە لـەپێش شـەڕی چالدێران میرایەتیان کردووە[2].

بە خوێندنەوەی ریزبەندی ماوەی حوکمڕانی ئەو (شەش) میرە، دەکرێ تەخمینی ماوەی حوکمڕانی بکرێ، ئەمە لەکاتێکدا، بەو وێناکردنەوەیەش بۆ هەر یەکیان، دەگونجێت بگەینە چەند زانیاریەکی تاڕادەیەك دروست لە سەر ماوەی حوکمڕانی ئەوانە. بۆ نموونـە بـە خوێندنـەوەی چۆنیەتی سـەردەمی میرایەتیان پێدەچێت ماوەی حوکمڕانی بوداغی یەکەم زۆر بوبێـتو زانیـاری لەسـەر بـاوکی دەسـتنەکەوت، بـوداغی دووەم ماوەیـەکی کـەم حـوکمی کردبێت[3]، پیر نەزەر مـاوەی حـوکمڕانی زۆر بووبیـت، میرێکـی بـە دەسـەڵات بووبێـت، لـە سـەردەمی ئـەودا دەسـەڵاتی بابـان گەیشـتە (کفـری). بـۆ مـیر سـلێمانی کوڕیشـی، بەدلیسـی رای وایـە، (١٥) سـاڵی حـوکم کـردووە، مـیر ئیبراهیمی برای (٩) ساڵی حوکم کردووە[4]، حاجی بابە شێخ پێدەچێت لەگـەڵ سەرەتای سەدەی ١٠ك/١٥ز حوکمی گرتبێتە دەستو لـە سـاڵی٩٤٠ك/ ١٥٣٤ لە مەرگە کوژراوە.

دەشێت ماوەی حوکمڕانی هەتا میر ئەبدالی باوکی بوداغ بەگ بگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی ٩ك/١٥ز.

---

[1] بڕوانە: (حسین ناظم بیك: الامارة البابانیة، ص٣٤٥-٣٥٢؛ عماد عبدالسلام: ادارة العراق الاسرة الحاکمة، ص٤٥٠-٤٥٣؛ کەریم زەند: جوگرافیای کوردستان، ل٤١٢؛ پاشکۆی ژمارە سێ).

[2] - بڕواانە: (شرفنامە، ص٤٧٣-٤٧٨؛ پاشکۆی ژمارە چوار)

[3] - بەدلسی لەبارەوەی میر بوداغی دووەمەوە دەڵێت: (دوو ساڵ حوکمی کرد...)، بڕوانە: (شرفنامە، ص٤٧٦).

[4] - شرفنامة، ص٤٧٧

پوختەی ئەو ئەنجامانەی سەبارەت بە سەرەتای دامەزراندنی میرنشینی بابان بە دەستدێت ئەوانەن:

**یەکـــەم:** بابـــان وەکـــو هـــۆزو وەکـــو رەهەنـــدێکی جـــوگرافیو وەکـــو فیدراسیونێکی خیڵەکی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی دەوڵـەتی ئێلیخـانی، بـە درێژایی سەدەی ٨ك/١٤ز لە ناوچەکانی مەرگەو پشدەرو شارباژێڕو موکریـان هەبوون.

**دووەم:** وەکو میرنشینو قەوارەیەکی سیاسیی خێڵەکی دەگەڕێتـەوە بـۆ سەردەمی میر ئەبدال لە سەرەتای نیوەی دووەمـی سـەدەی ٩ك/١٥ز، بـەڵام بەوردی ناتوانین ساڵێك دیاری بکەین، بۆ ئەو سەرەتاییە.

هاوشـێوە بوونێـك هەیـە، لـە چـۆنیەتیو هاوسـەردەمی لـە دامەزرانـدنی هـەردوو میرنشـینی سـۆرانو بابـان، دوور نییـە ئـەو دەرفەتـەی بـۆ (عیسـای کۆلۆس) هەڵکـەوتووەو هـەمان زەمینەسـازیش بـۆ مـیر بـوداغی کـوڕی مـیر ئەبدال هاتبێتە ئاراوە.

هەنـدێك خەسـڵەت هـەن، سـەرهەڵدانی ئـەو میرنشـنیە لـە ئـەوانی دیکـە جیادەکەنـەوە، لەوانـە کاریگـەری ئـایینی (ئـەهلی هـەق)، وەکـو باسـکرا بـە ئاشکرا بە سەرەتاییەکانی دامەزراندنیەوە دیارە، میرانی بابان لە سەدەکانی مەڵبەنـدێکی جـێگیری فەرمانڕەوایـەتی دیاریـان نـەبووە، وەکـو هێمـای ئـەو میرنشینە وابێت، هەروەها لە رووی پێکهاتەوە زیاتر وەکو بەرەیـەکی میللـی بـووە، بـەو سـیفەتەی سـەرهەڵدانی ئەمارەتـە کوردییـەکان دیاردەیـەکی بەرەنگاربوونـەوەی هـەموو شـێوازەکانی داگیرکـردنو بـێ سـەرەوبەرەیی سیاسـیی بـووە لـە ناوچـەکەداو بۆتـە پرۆژەیـەکی میللـی[1]، کـە وەکـو فیدراسیونی کۆمەڵێك هۆز وابووە[2]. بەڵام ئـەم میرنشـینە جیـا لـەوانی دیکـە، مەڵبەنندی سەرهەڵدانی یەکەم جاری رۆشن نیە، لە دوا ساتەکانی میرنشـینی

[1]- عماد عبدالسلام: السلطان حسين، ص٧

[2]- عباس العزاوي: شهرزور السليمانية، ص١٨٤

بابان مێژوونووس دەڵێت: "...ئێستا هۆزی بابان بێ فەرمانڕەوا ماونەتەوە، بەڵام ... سەریش بۆ کەس دانانەوێنن...)[1]، ئەمەش بەڵگەیە، کە پێویست بوونی ئەو هەرێمە بە میرنشینێك، کە ڕۆڵی لە مانەوەیاندا هەبووە.

میرانی بابان لە یەك بەرەبابەوە نەهاتوون، دەسەڵات لە بنەماڵەیەکەوە گوازراوەتەوە بۆ بنەماڵەیەکی دیکە، هەر بۆ نموونە. هەروەکو روون دەبێتەوە (پیر نەزەر) لە خزمە نزیکەکانی (میر بوداغ) نەبووە[2]، یەکێکی دیکە لە خەسڵەتەکان ناکۆکی ناو بنەماڵەی بابانو دەستێوەردانی دەرەکییە، لە ناکۆکییە ناوخۆییەکان، حاجی شێخ یەکەم میری بابانە لە بەر زۆڵمی مامی هەڵاتووە، دوای مردنی مامی گەڕاوەتەوەو شەڕی ئامۆزایەکەی کردووە[3].

لە پاڵ هۆکارە گشتیەکانی سەرهەڵدانی چەند هۆکارێکی تایبەت بە خۆی هەیە وەکو:

**یەکەم:** لە رووی ئابوورییەوە ناوچەیەکی دەوڵەمەند بووە، بەدلیسی لە کاتی بۆشایی دەسەڵاتی میرایەتی بابان دەڵێت: "... ساڵانە چوار بار زێڕ کۆدەکەنەوەو دەیدەن بە خەزێنەی شارەزوور...)[4]. گەرچی پێدەچێت جۆرێك لە زیادەڕوویی هەبێت لەو بڕە داهاتە، بەڵام بەڵگەیە لە سەر دەوڵەمەندی ناوچەکە، بە تایبەت کە زەویو زارێکی بە پیتو فراوانی کشتوکاڵی لە شارباژێڕو شارەزوورو پشدەر هەبووە، کە سنووری قەڵەمڕەوی ئەو میرنشینە بووە.

**دووەم:** مەڵبەندی فەرمانڕەوایەتیی بابان لە شارباژێڕو پشدەرو مەرگە، لە سەر رێگای شاڵاوی داگیرکاران هەڵنەکەوتووە، نەبۆتە جێگای چاوتێبڕین، بۆیە دەسەڵاتی خۆیان بە سەر هۆزەکانی سنووری فەرمانڕەوایەتی خۆیان پاراستبوو.

---

[1]- البدلسی: شرفنامة، ص٤٨٣

[2]- المصدر نفسه، ص٤٧٦

[3]- المصدر نفسه ص٤٧٨

[4]- المصدر نفسه، ص٤٨٢-٤٨٣

## بەشی شەشەم

# دامەزراندنی میرنشینی (موکری) موکریان

باسی یەکەم: چەمکی موکری ( موکریان ) لە رووی زاراوەو ریشەی مێژووییەوە

باسی دووەم: مەڵبەندو سنووری میرنشینی موکری

باسی سێیەم: دامەزرێنەرو بنەماڵەو هۆزی میرانی موکری

باسی چوارەم: سەرەتاکانی دامەزراندنی میرنشینی موکری

## باسی یەکەم:

## چەمکی موکری (موکریان) لە رووی زاراوەو ریشەی مێژووییەوە

(موکری) یان (موکریان) گوزارشت بووە بۆ (هۆز، میران، میرنشینو هەرێمێکی دیاریکراو). بەدلیسی لێکدانەوەیەکی ساکارانەی بۆ سەرەتای بەکارهێنانی ئەو ناوە هەیەو پێی وایە لە (مەکرو فێڵ)ەوە هەروەك دەڵێت: "میرسەیفەدین دامەزرێنەری میرنشینی موکری پیاوێکی فێڵزانو مەکرۆ بووە"[1]، لەگەڵ ئەوەدا پشتگیری ئەو بۆچوونە دەکرێت[2]، کەواتە دەبێت سەرچاوەی وشەی موکری لە (مکر، ماکر)ی عەرەبی وەرگیرابێت، کوردیش ئەو وشەیە بەکاردێنێت، کە دەکاتە فێڵزانو وریاو چاپۆك، ئەمەش لە خەسڵەتی کەسێکی ناوداری وەکو میر سەیفەدین بووە، لەو روانگەیەوە دەبێت سەرەتای بەکارهێنانی ئەو وشەیە بگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی ٩ك/١٥ز، بەڵام پێناچێت لە رووی شرۆڤەو دانانی ئەو سەرەتایە بۆ ناوی موکری دروستبێت.

لە رووی مێژووییەوە، لە شوێنی دیکە بەدلیسی بە ناڕاستەوەخۆ رایەکی پێچەوانەی ئاماژە پێداوە، کە دەڵێت: "میرانی موکری سەر بە هۆزی موکرین"[3].

وا دیارە ناوی موکریان لەو کۆنترە شەرەفنامەدا باسی کردووە، لە بنەڕەتدا (موغ = ڕێ، موغان= ڕێگای موغان) وەرگیراوە[4]، ئەمەش پەیوەندیی بە (موغ)ی ئایینی زەرادەشتیەوە بووە، لە کاتێکدا ورمێ مەڵبەندی ئایینی (زەرادەشتی)و شوێنی لە دایکبوونی (زەردەشت) بووە[5]،

---

[1] - شرفنامە، ص٤٨٥

[2] - صمدی: تاریخ مهاباد، ١٣٧٣، ص١٢

[3] - شرفنامە، ص٤٨٥

[4] - محمد جەمیل رۆژبەیانی: فەرمانڕەوایانی موکریان، بەغدا، ١٩٩٢، ل٩

[5] - ابن خرداذبة: المسالك و الممالك، ص١١٩؛ دائرة المعارف الاسلامية الكبرى، (مادة اذربيجان)،، ط١، باشراف/ كاظم الموسوي الجبوردي، طهران، ١٩٩٩، ج١/ ص٦٥٦-٦٦١ ، ج١، ص١١٨

بۆ ئەو مەبەستەش هەندێك لەگەڵ سەرنجیان لە بۆچوونەكەی بەدلیسی بەلای ئەوەدان لە (موغ، ریٚ) زەرادەشتیەوە هاتبێت، كە سەرەتاكەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایی (مادەكان)[١].

لەو بارەیەوە بۆچوونی دیكە هەیە، گوایە شەمسەدین سامی پێی وایە، كە لە خێڵی توركمانی (موركیت)ەوە هاتووە، لەو هەرێمە بوونو لە ئاسیای بچووكیش هەن[٢]، ئەگەری ئەو بۆچوونەش هەیە، چونكە بە درێژایی سەدەكانی ناوەڕاست ئەو ناوچەیە رووبەڕووی لەشكركێشی هۆزە مەغۆلیو توركمانەكان بۆتەوە[٣]، یان (موكری) لە دوو وشەی (مو + كری)یەوە هاتووە، بەوانە دەوترێت، كە بە كاری رستنو چنینەوە خەریكن[٤].

هەروەها تێبینیش دەكرێت لێك نزیكی لە نێوان (موكری)و (هۆزی دیبوكری) هەبیت، كە هۆزێكی دیارو دیرینی ناوچەی موكریانن، رای تر هەیە، كە پێی وایە، هۆزی (دیبوكری) هەمان هۆزی (موكری)ی پێشووە[٥].

سەبارەت بردنەوەی ریشەی وشەی موكری بۆ (مەكر)، ئەوە لە زمانی كوردیدا سیفەتی (مەكر) بەرامبەر فێڵبازی بۆ ژنان بەكاردەهێنرێت، نەك بۆ پیاوان، لە رووی مێژووییەوە بەكارهێنانی وشەی موكری، ئەوەی بەدلیسی

---

[١]– بڕوانە: (رحيم اشنؤئي محمد زادة: معاني بعضي، ص٤١٥؛ صفي زادة: تاريخ كرد و كردستان، ص٤٠٠-٤٠١).

[٢]- رابيعە فتاح: كوردستان لە سەدەی پازدەی زاینییدا، ل٣٠٠٠، لە دوا چاپی (قاموس ئيعلام)توركيی كە توێژەر پشتی پیٚ بەستووە، تایبەت بە (موكری) ئەو گوزارشتەی تێدا نەبووە. دەگونجیٚ لە شوێنێكی دیكە ئەو ئاماژەیە هەبیٚ، دەستمان نەكەوت. بڕوانە: (مادەی موكری، قاموس الاعلام، معارف نظارت جيلەسی گرفندن تقدير و تحسين اولنەرق طبع او لنشور ،استبول، ١٣١٦ه، ج٦/ ص٤٣٦٨- ٤٣٦٩)، بەلاّم لە سەرچاوەی دیكەی تایبەت بە هۆزە ناتوركەكانی مەغۆل هۆزی (موركیت) هەبووە. بڕوانە: (اسماعيل عبدالعزيز الخالدي: العالم الاسلامي و الغزو المغولي، مكتبة الفلاح، الكويت، ١٩٨٤، ص٢٧).

[٣]- زرار صديق : كردستان في القرن الثامن الهجري، ص٩٩

[٤]– رحيم اشنؤئي محمد زاده: معاني بعضي، ص٤١٥

[٥]-وليم يغلتن: القبائل الكردية، ص٨٠

زیاتر دەکەوێتە ژێر سەرنجو دروست دەرناکەوێ، لە هـەموو بۆچـوونەکان لـە راستیەوە دوورترە.

ئەو بۆچوونە بە دروستر بە دەردەکەوێت، کە ناوی موکری لەگەڵ هـۆزی دیبـوکری، یـەك ریشـەیان هـەبێت، بـەر لـە هـاتنی مـیر سـەیفەدین وەکـو هەرێمێکی سەربەخۆ بەو دەڤەرە وترابێ، موکری یان موکریان.

لـە سەرچـاوە مێژوویـەکان هـەردوو وشـەی (مـوکری) یـان (موکریـان) بەکارهاتووە، کە یەکەمیان زیاتر گوزارشت بووە لە هۆزی موکری یان میرانی موکری، بەڵام بۆ دووەمیان زیاتر رەهەندێکی جوگرافی هەبووە.

## باسی دووەم:

## مەڵبەندو سنووری میرنشینی موکری

بەدلیسی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مەڵبەندی ئەو میرنشینەوەو ئەو سنوورەی لەسەرەتاوە هەیبووە دیاریکردووە، بەم شێوە: "...کوردێکی زۆری هۆزەکانی بابانو هۆزەکانی دیکەی لە دەور کۆبووەوە، سنووری فراوانکرد (دۆڵ باریك)و (ئەختاچی)و (ئیلتەیمور)و (سەلدۆز)ی بە (دەریاس)ەوە گرێدا"[١]، هەریەك لەو شوێنانەی، کە ناوی هێناون ئێستا بە ناوی خۆیانەوە لە موکریان ماون[٢]، لێرەدا بەدەرکەوتووە، کە (دەریان) یان (دەریاس) ئەو شوێنەیە، بۆتە مەڵبەندی فەرمانڕەوایەتیی میرانی موکری، ئێستا پێی دەڵێن (شارویران)[٣]، ناوی دەریاس لە بنەڕەتدا تورکیە، پایتەختی میرانی موکری بووە، پاشماوەی ئەو شوێنە لە نزیك شاری (مهاباد)[٤]ەو گوندێکی وێرانەیە٥.

موکریان پیشتر مەڵبەندی هۆزی موکری بووە، نێکتین دەڵێت: "هۆزی موکری لە خواروی گۆلاوی ورمێ نیشتەجێن.."[٦]، ناوچەی موکریان زیاتر بە رۆژئاوای ئازەربایجان گوتراوە[٧]، رۆژهەڵاتناسێکی رووسی پێی وایە، هۆزی

---

[١]- شرفنامە، ص٤٨٥

[٢]-بەدلسی: شەرەفنامە، پەراوێز، ل٣٦٦

[٣]- بورەکەیی: دایرة المعارف کردي، ص٦٠٣؛ رۆژبەیانی: وڵاتەکەت باشتر بناسە، ل٢٣٠

[٤]- سابلاخ وشەیەکی تورکیە، ئەمرۆ مهابادی پێدەڵێین، لە نیوەی سەرەتای سەدەی ١١ك/ ١٧ز بنیات نراوە. بڕوانە: (صمدي: تاریخ مهاباد، ص٨ ؛ کەریم زەند: جوگرافیای کوردستان، ل٥٤؛ ن. ڤۆلتکەنگ ردۆلف: هۆزی فەیزەوڵلا (فیض اللە) بەگی، وەرگێڕانی/ ناجی عەباس، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٧،/پ٢/ ل٩٠؛ )

[٥]- فەرمانڕەوایانی موکریان، ل٢٣٠؛ کەریم زەند: جوگرافیای کوردستان، ل٥٥

[٦]- کوردو کوردستان، وەرگێڕانی/ خالیدی حسامی، هەولیر، ١٩٩٨، ل٤٨١

[٧]- ئی، جەی ئارهنری فێڵد: هۆزەکانی کورد، وەرگێڕانی/حسێن عارف، بەغدا، ١٩٨٥، ل٢٤

موکریی وەکو فیدراسیونێکی هۆزایەتی گەورە کەوتۆتە نێوان دەریاچەی ورمێو ئەردەلان[١].

وەکو رەهەندی جوگرافی موکریان کەوتۆتە ئازەربایجانی رۆژئاوا، کە بەشێکی دیکەی کوردستان دەگرێتەوە[٢]، بە شێوەیەکی وردتر ناوچەی موکریان کەوتووەتە باکووری هەرێمی ئەردەلان، باشووری ورمی، رۆژئاوای تەورێز، رۆژهەڵاتی هەرێمی هەکاری[٣].

بە پێی ئەو نەخشە سیاسییەی لە کۆتایی سەدەی ٩ك/١٥زدا دروستکرابوو، لەوێدا کوردستان دابەش ببوو بەسەر میرنشینە کوردیەکان، لەو روانگەیەوە، دەشێت بەو شێوەیە دەستنیشان بکرێت، کە میرنشینی موکریان کەوتبووە نێوان میرنشینی هەکاری لە باکوورو باکووری رۆژئاوا، برادۆست لە باکوور، ئەردەلان لە باشوور، سۆرانو بابان لە باشوورو باشووری رۆژئاوایەوە.

ئازەربایجان لە سەدەی ٣ك/١٠ز لە (ئەترۆپاتین)ەوە وەرگیراوە[٤]، دواتر بەشێك بووە لە مەڵبەندی ژمارەیەك میرنشینی کورد[٥]، لەگەڵ کۆتایی هاتنی فەرمانڕەوایەتی ئاق قۆینلۆ کەوتە سنووری ململانێی سەفەوی – عوسمانی[٦].

---

[١] - لیرخ: دراسات حول الاکراد، ص٧٨

[٢] - رۆژبەیانی: فەرمانڕەوایانی موکریان، ل١٠

[٣] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (؛ شمس دین سامی: قاموس الاعلام، ج٦/ ص ٤٣٦٩ ؛ بابا مردوخ روحانی شیواو: تاریخ مشاهیر کرد، ج٣/ ص٣٦٤؛ رۆژبەیانی: فەرمانڕەوایانی، ل١٥؛ کورد لە ئینشکلۆپیدیای ئیسلامدا، ل٦٧ ؛ مسعود گوانی: کورتە تیرینەك چەند لایەنی لە سەر دەڤەرا موکریانی، ل١٣-١٤)

[٤] - رحیم اشنؤئي محمد زاده: معاني بعضي، ص٤٣-٤٦؛ فارس العزاوي: دور الکرد في المقاومة، ص٢٩

[٥] - ئەو ناوچەیە بەشێك بووە لە سنووری میرنشینی روادی، شەدادی، فەرمانڕەوایەتی ئەحمەدیل، بڕوانە: (حوسێن حوزنی: کوردستانی موکریان، چاپخانەی زاری کرمانجی، رەواندز، ١٩٣٨، ل١٤٧-١٥٢).

[٦] - لە رێکخستنی کارگێڕی دەوڵەتی عوسمان لە سەدەی ١٠ك/١٦ز سەر بەولایەتی شارەزوور بووە، لە شەڕو کوشتاری نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانیو سەفەوی بە لایەنگری عوسمانی زیانی زۆری بەرکەوتووە. بڕوانە: (عماد عبدالسلام: دراسات وثائقیة، ص٢٥٠).

زیاتر سەرچاوە تازەکان باسی شارو ئاوەدانییەکانی هەرێمی موکریانیان کردووە، ئەو شارانەش لە پێش سەدەی ١٠ك/١١ز هەبوون یان دواتر دروستبوون لێکیان جیا نەکردوونەتەوە، وەکو سەلماس[١]، ئورمیە، شنۆ، لاجان[٢]، نەغەدە[٣]، سابڵاخ، بۆکان، خانە، سەردەشت، سەقز، مەراغە٤، میاندواو، هەندێك شوێنو شاری دیکە، کە دەکەونە سنووری ناوچەی موکریان٥، بەڵام شارەکانی ورمێ، سەلماس، مەراغە، شنۆ، لەو شارانەن، کە شارناسەکان لە پێش سەدەی ٩ك/١٥ز باسیان کردوون[٦].

لە کۆنەوە ئەم هەرێمە مەڵبەندی ئایینی زەردەشتی بووە، پێناچێت لەو سەردەمەی چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیە، لە سنووری موکریان پەیڕەوکارانی ئایینی زەرادەشتی مابێت، بەڵام لەو سەردەمە کەمینەیەکی جولەکەو مەسیحیشی تیدا هەبووە٧، زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن، هەروەها تورکمانەکانیش نیشتەجێی ناوچەکە بوونو زۆرینەیان لە سەردەمی

---

[١]- سەلماس: شارێکی بە ناوبانگی ئازەربایجان بووە، دوو رۆژە ڕێ (نزیکەی ٧٢کم) لە رۆژئاوای ورمێ هەڵکەوتووە. بڕوانە: (یاقوت الحموی: معجم البلدان، ج٣/ ص٢٣٨).

[٢]- سەرچاوەمان لە بەردەست دانیە لە سەدەکانی ناوەڕاست هەبووبێت، بەڵام بەدلیسی لە سەرەتای دامەزراندنی میرنشینی بابان ناوی هێناوە. بڕوانە: (شرفنامە، ص٤٧٤).

[٣]- سلدوز لە نزیك نەغەدەی ئێستا بووە، ناوەکەی لە (نە + قەدە) هاتووە، کە ئەمەیان لە گوندێکەوە پەرەی سەندووە، واتە (دێی تازە). بڕوانە: (رحیم اشنؤئي محمد زادە: معاني بعضي، ص٤٤١-٤٤٢).

[٤]- مەراغە: شارێکی بەناوبانگو جوانی بەشی رۆژهەڵاتی ئازەربایجانە، بە بێستانو کشتوکاڵو داری بەری بەناوبانگە. بڕوانە: (مؤلف مجهول: حدود العالم، ص١٢٠؛ یاقوت الحموي: معجم البلدان، ج٥/ ص٩٣؛ العمري: مسالك الأبصار، السفر الثاني/ ص٦٧).

[٥]- جمال بابان: بابان في التأريخ و مشاهير البابانيين، ص٢٣؛ رابیعە فتاح: کوردستان لە سەدەی پازدەی زاینییدا، ل٢٩٩؛ رۆژبەیانی: فەرمانڕەوایانی موکریان، ل١٥؛ کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا، ص٦٧

[٦]- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (ابن حوقل: صورة الارض، ص٨٥ ؛ اکو برهان محمد: التجارة و النظم المالية، ص٢٣-٢٥؛ حسام الدين النقشبندي: اذربيجان، ص٨٦-٨٧؛).

[٧]- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (حسام الدين النقشبندي: اذربايجان، ص١٥).

عەبباسیەوە هاتوون، جێگەیان بە کورد لێژکردووە، بەشێکی دیکە لەو هـۆزە تورکمانەیە، کە لە ڕێگەی شالاوە سـەربازیەکانەوە بوونـە خـاوەن دەسـەلات لەو هەرێمە[1]، لە ڕووی مەزهەبیەوە لەگەڵ هـاتنی سـەفەوییەکانەوە ناوچـەکە بە توندی بەرەوڕووی بە شیعەکردن ببۆوە[2].

لـە هۆزەکـانی موکریـان دیبـوکری، بلّبـاس، فـەیزوڵڵا بـەگی[3]، گـەورك، حەسـەن خـاڵی، مـەنگوڕ. مامـەش، زەرزا، بـەگزادە، تیلـەکۆ، باشـوکی، ئۆمەربل، باریك، ورمزیار، سیت، سێ لەکەیی، بەختـەیی، گـەڵباخی، پـیرانو پشدەری هەن[4]. موکری ناوی سیاسیی ئەو ناوچەیە کـە خێڵـەکانی موکریـانی تێدا دەژین[5]، وەکو بەدەردەکـەوێت بنەماڵـەی فـەرمانڕەوایانی موکریـان بـە ناوی موکریەوە بووەو لە قۆناغەکانی دواتر لەگەڵ نەمانی میرنشینی موکری، بـە سـەر هۆزەکـانی دیکـە دابـەش بووبێـت، دووریـش نیـە هـۆزی دیبـوکری پاشماوەی ئەوان بن.

ناوچەی موکریان ناوچەیەکی کشتوکاڵی بـە پیتـە، بـە بایەخـەوە باسـی داهاتی کشتوکاڵو بێستانو سەرچاوەی ئاوو بازرگانی شنۆو ورمـێ کـراوە[6]، لێرەشدا جەخت کردنەوەیە لەسـەر مەڵبەنـدی ئـەو میرنشـینانەی بەتەنیشـت دەشتە بەپیتە کشتوکاڵیەکانەوە دامەزراون.

---

[1] - فەرهاد حاجی عبوش: المدینه الکردیه، ص٢٣٦-٢٣٨

[2] – سعدي عثمان: كوردستان و الامبراطورية العثمانية، ص٣٠

[3] - فەیزواللا بەگی لە سەقزو دەروروبەری نیشتەجێنو خۆیان بە بەشێك لە بابان دەزاننو لە نێوان فەیزوڵڵابەگیو بابانو موکری لێك نزیکیەك هەیە. (عبدالحمید حیرت سجادی: ایلات وعشایر کردستان، ص٢٣١-٢٣٣؛ ن. ڤۆلتکەنگ ردۆلف: هۆزی فەیزەوڵڵا "فیض اللة" بەگی، ل٦٩-٨٠).

[4] - بـۆ زانیـاری زیـاتر لـە سـەر هۆزەکـانی موکریـان بڕوانـە: (حـوزنی: کوردسـتانی موکریـان، ل٤٥؛ صمدی: تاریخ مهاباد، ص١١٩-٢٠٧؛ لیرخ: دراسات حـول الاكـراد، ص٨٠-٨١؛ مسعود گـوانی: کورتـە تیرینەك، ل٢٥-٢٦؛ وليام ايغلتن: القبائل الكردية، تـرجمة/أحمد محود خليل، مؤسسة الموكريـاني للطباعة والنشر، كوردستان، ٢٠٠٦، ص٧٧-٨٢).

[5] - ڤۆلتکەنگ ردۆلف: هۆزی فەیزەوڵڵا (فیض اللة) بەگی، ل٧٠

[6] - يـاقوت الحمـوی: معجـم البلـدان، ج١/ ص١٥٩، ٢٠١؛ أكـو برهـان محمـد: التجـارة و الـنظم الماليـة في كوردسـتان (مـن القـرن ٤-٧ه/ ١٠-١٣م)، رسـالة دكتـوراء، كليـة العلـوم الاجتماعيـة، جامعـة كويـة، كوية، ٢٠٠٧، ص٧٨-٧٩

## باسی سێیەم:

## دامەزرێنەرو بنەماڵەو هۆزی میرانی موکری

یەك دەنگیەك هەیە بەوەی (میر سەیفەدین) دامەزرێنەری میرنشینی موکریانە[١]، کە پێدەچێت راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەدلیسی بووبێتە سەرچاوەی بنەڕەتی بۆ ئەو یەکدەنگییە، بەڵام گرفت لەگەڵ سەرچاوە بنەڕەتیەکەیە، کە لەو بارەیەوە، دەڵێت: "سوودم لە شارەزایانو حەکایەتخوانان وەرگرتووە، ...کە زنجیرەی بنەماڵەی موکری دەچنەوە سەر پیاوێك بە ناوی سەیفەدین.."[٢]، بەڵگەیەکی ناکۆك لە بەرامبەردا دەستنەکەوتووە،، بەڵام ئەوە گومان هەڵدەگرێت، بەوەی ، کە پشتی بە سەرهاتی دەماودەم بەستووە، نزیکەی نیو سەدە لە پێش لەدایك بوونی میر سەیفەدین مردووە[٣]، پێویستی بە بەسەرهاتی پشتاوپشت نەبووە، چونکە ئەو هەرێمەی میرنشینی موکری تێدا دامەزراوە، لەزێدی نووسەرەوە دوور نەبووەو نێوانی میر سەیفەدینو بەدلیسی زۆر نەبووە.

بەدیدێکی دیکە گومان دروستدەبێت، لە سەر پەیدابوونی میر سەیفەدین وەکو دامەزرێنەری ئەو میرنشینە، کە بە بێ هیچ پێشینەیەکی کۆمەڵایەتیو سیاسیی لە ناوچەکەدا بۆتە میر. ئەو پێگەیەی میر سەیفەدینی کردە دامەزرێنەری ئەو میرنشینە کامەیە؟، پێشتر بابو باپیرانی خاوەن پێگەی هۆزایەتی یان سەربازی بوون لە ناوچە یان نا؟...چونکە ناوی هۆزەکانی بابان دێنێت، کە پشتیوانیان لە میر سەیفەدین کردووە[٤]، رێی تێناچێت هۆزی

---

[١]- البدلیسی: شرفنامە، ص٤٨٥؛ جمال بابان: بابان في التأريخ و مشاهير البابانيين، ص٢٣؛ صفی زادە: تاریخ کرد و کردستان، ص٤٠١؛ صمدی: تاریخ مهاباد، ص١٢

[٢]- شرفنامە، ص٤٨٥

[٣]- میر سەیفەدین لە ساڵی (٩٠٢ك/١٤٩٧ز) مردووە، بەدلیسی لە ساڵی ٩٥٤ك/١٥٤٨ز لەدایك بووەلە ساڵی ١٠٠٥ك/١٥٩٧ز لە نووسینی شەرەفنامە بۆتەوە. بڕوانە: (بەدلیسی: شەرەفنامە، وەرگێرانی/هەژار، ل٥٥٩).

[٤]- البدلیسی: شرفنامە، ص٤٨٦

موکری له سەردەستی میر سەیفەدین دروست بووبێت، یان لە پێشدا ناوی ئەو بنەماڵەی (موکری) نەبووبێت[١]، چونکە کاریگەریی ئەو هۆزە لەگەڵ سەرەتای سەدەی ١٠ك/١٦ز بەرامبەر شالاوەکانی شا ئیسماعیلی سەفەویو بەدەرکەوتنی لە ڕێبەری کردنی هۆزەکانی ناوچە، ئەو قەناعەتەی دروست کردووە، کە هۆزی موکری پێشتر هەبووبن، بەلام لە سەرچاوەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بەڵگە دەستنەکەوت، کە چۆن لەو ماوە کەمەی بە سەر میرنشینی موکریدا تێپەڕیوە، لە لای بەدلیسی (موکری) بووبیتە هۆزێکی گەورەو فەرمانڕەوای هەرێمێکی وەکو موکریان.

لە بابەت پەیوەندیی بابانو موکری تێکەڵیەك هەیە. نیکتین لەو بارەیەوە دەڵێت: "عەشیرەتی موکری، کە خزمایەتیان لەگەڵ (بەبە)کانی شارەزووردا هەیە، لە ٩ك/١٥ز لەگەڵ سەرۆکەکەی خۆیان بە ناوی سەیفەدین هاتوونەتە ناوچەی مهاباد"[٢]، هەروەها هەیە پێی وایە: "موکریو بلباس هەردووکیان لە یەك عەشیرەت کەوتوونەتەوە، لەگەڵ عەشیرەتی بەبە خزمایەتیان هەیە"[٣]، میر سەیفەدین نازناوی موکری لەو هۆزەوە دەستکەوتووە، کە پێشتر لە شارەزوورەوە چوونەتە ئەو ناوچەیە[٤].

هەیە باسی نزیکی موکری ناکات لەگەڵ بابان بەلام شارەزوور بە نیشتیمانی یەکەمی ئەو بنەماڵەیە دەزانێت، کە بە شێوەی سەرۆکی هۆز بەدەرکەوتووە[٥]، یان بە روونتر بنەماڵەی فەرمانڕەوایانی هەردوو میرنشین

---

[١]- سید عبدالقادر سیادەت: سارم بەگو جێ نشینەکانی، گۆڤاری سروە، ژ٥٣، ساڵی شەشەم، سەرماوزی ١٣٦٩، ل١١

[٢]- کوردو کوردستان، ل٤٨١

[٣]- هەمان سەرچاوە، ل٤٨٢

[٤]– ڤۆلتکەنگ ردۆلف: هۆزی فەیزەوڵلا (فیض اللة) بەگی، ل٨٠ ؛ نیکتین: کوردو کوردستان، ل٤٨١

[٥]- زرار صدیق : القبائل والزعامات، ص١٤٢؛ ڤۆلتکەنگ ردۆلف: هۆزی فەیزەوڵلا (فیض اللة) بەگی، ل٨٠

بابان‌و موکری لێك نزیکن[1]، چۆنیەتی ئەو لێك نزیکیە ساغ نەبۆتەوە، بە هۆی ئەو جەخت کردنەوەیەو هاوسنووریەی نێوانیان لە هەموو بۆچوونەکانی دیکە لە راستیەوە نزیکترە، بەڵام سەبارەت بەو بۆچوونانەی پێیان وایە، بنەماڵەی موکری لە شارەزوورەوە چوونەتە موکریان، لە رووداوەکانی هەردوو سەدەی ٨و ٩ك/ ١٤و ١٥ز راستەوخۆ هیچ زانیاری دەستکەوت لە سەر کۆچی هۆزو بنەماڵەکانی شارەزوو بۆ موکریان‌و ئازەربایجان‌و هیچ پاساوێك لەو بارەیەوە درکی پێناکرێ.

[1]- بابا مردوخ روحانی شیواو: تاریخ مشاهیر کرد، ج٣/ ص٣٦٢-٣٦٤؛ ؛ ن. ڤۆلتکەنگ ردۆلف: هۆزی فەیزەوڵڵا (فیض اللة) بەگی، ل٧٠-٨٠؛ کورد لە ئینشکلۆپیدیای ئیسلامدا، ل٨٢ ؛ مینورسکي: الاكراد، ص١٦)

## باسی چوارەم:

## سەرەتاکانی دامەزراندنی میرنشینی موکری

لێرەوە بە بەدواداچوونی سەردەمی هەردوو میری یەکەمو دووەمی موکری (میر سەیفەدین)و (میر سارم بەگی کوڕی)، پاشان بە گەڕانەوە بۆ بارودۆخی سیاسیی موکریان پێش هاتنی میر سەیفەدین دەشێت ئەنجامێك لە سەر دانانی کاتێکی دیاریکراو بۆ دامەزراندنی میرنشینی موکری دەستبکەوێت.

بەدلیسی کاتێکی بۆ سەرەتای هاتنی میر سەیفەدین دانەناوە، بەڵام هاوسەردەمییەکی دیاریکردووە، بەوەی "سەرەتای دەسەڵاتی میر سەیفەدین هاوکاتی دوا ساڵانی تەمەنی سوڵتانەکانی تورکمان بووە"[1]، کە ئەوەی لە راستییەوە نزیکە مەبەست لە دوا ساڵانی تەمەنی سوڵتانەکانی تورکمان، فەرمانڕەوایانی ئاق قۆینلۆ بێت.

میر سەیفەدین لە کۆتایی دەسەڵاتی تورکمانەکان (ئاق قۆینلۆ) هاتووە، (دەریاس)ی لە هۆزی (چابقلۆ)ی تورکانی پاك کردۆتەوە، کە میر سەیفەدین بەرامبەر دەسەڵاتی ئەوان شۆڕشی کردووە، ناوچەی موکریانی ئازادکردووە[2].

(چابقلۆ)، کە میر سەیفەدین پەلاماری داونو (دەریاس)ی لە بندەست دەرهێناون، لە سەرچاوەکان ناوی ئەو هۆزەمان دەستنەکەوتووە. رۆژبەیانی پێی وایە، دەبێت (چابقۆ) هەڵە بێت[3]، هۆزی (جاگیرلۆ) هەیە، لە دەروبەری ئەردەبیل[4] نیشتەجێنو هاوکاری ئاق قۆینلۆو دواتر سەفەویەکان بوون، دوور نیە بە هۆی شەپۆلی هۆزە تورکمانەکانەوە بۆ ناوچەی موکریان

---

[1] - شرفنامه، ص٤٨٥

[2] - المصدر نفسه، ص٤٨٥

[3] - فەرمانڕەوایانی موکریان، ل٣٣-٣٤

[4] - ئەردەبیل: شارێکی بەناوبانگی رۆژهەڵاتی ئازەربایجانەو لە نزیك دەریاچەی قەزوین، چل فرسەخ (نزیکەی ٢٤٠کم) لە رۆژهەڵاتی مەراغە هەڵکەوتووە. (القلقشندي: صبح الأعشى، ج٤/ ص٤٠٥).

جۆرێك له تێكەلابوون بووبێت، چونكه هەریەك له (تارانی)و (حەسەن روملو) پێش بەدلیسی ژیاون، بەلام ناوی ئەو هۆزەیان نەبردووە، بەڵكو هۆزی (جاگیرلۆ) هاتووە[١].

ئەو لاوازیەی بە سەر دەوڵەتی ئاق قوینلۆدا هات لە نەوەدەكانی سەدەی نۆی كۆچیو هەشتاكانی سەدەی پازدەی زاینی، ئەم پەشێویە سەرەتاكەی له مردنی ئۆزۆن حەسەنەوە له ساڵی (٨٨٢ك/١٤٧٨ز) دەستی پێكردووە، كە سوڵتانێكی دیكەی بە هێز نەبووە جێگەی بگرێتەوە[٢]، كۆمەڵێك شۆڕشو راپەڕینی كوردانی لێكەوتەوە، به مردنی سوڵتان یەعقووبی ئاق قۆینلۆ لە ساڵی (٨٩٦ك/١٤٩٠ز) شیرازەی ئارامیو ئاسایش زیاتر تێكچوو، ناكۆكی توند له نێوان خانەوادەی فەرمانڕەوای ئەو دەوڵەته دەستی پێكرد[٣]، بەوەش تەمەنی دەوڵەتی ئاق قوینلۆ كۆتایی هات.

سەبارەت به كاتو سەردەمی مردنی میر سەیفەدین دیار نیە. صفی زاده ئاماژەی داوە، كە سارم بەگ لە ساڵی (٩٠٢ك/١٤٩٧ز) هاتۆتە سەر حوكم[٤]، لەگەڵ ئەوەدا دەیەوێ ئەوە بگەیەنێت، كە (میر سەیفەدین) لەو ساڵەدا مردووە، ئەمەش دەگونجێت له راستیەوە نزیك بێت.

وەكو بەدەردەكەوێت ماوەی فەرمانڕەوایەتی له سەردەمی دووەم میری موكری (٩٠٢- ٩٢٧ك/١٤٩٧-١٥٢١ز)، كە قۆناغێكی زێڕینی ئەو میرنشینەیە، پێدەچێت پەیوەندیی بەو پێشینەوە هەبێت، كە ئەو میرنشینە

---

[١]- ئەگەر مەبەستی هۆزی جاگیرلۆ بێ ئەوە هۆزێكی گەورەی توركمانی ببوون، بە پلەی یەكەم جێی بایەخی قەرەقۆینلۆكانو دواتر جێی بایەخی ئاق قۆینلۆكان بوون، كۆمەكی هەردولایان كردووە. بڕوانه: (البدلیسی: شرفنامه، هامش رقم ٣، ص٤٨٥؛ تارانی: دیاربەكریە، ب١/ ل١٥٨، ب٢/ ٤٦٨، ٥٣٢، ٥٧٠ ؛ حسن روملو: أحسن التواریخ، بە اهتمام عبدالمحسن نوائي، تهران، ١٣٤٩هـ.ش، ج١١/ ل٨٣، ١٠٠، ٤٨٠ ؛ ؛ رابیعە فتاح: كوردستان لە سەدەی پازدەی زاینییدا، ل٣٠١-٣٠٢).

[٢]- عماد الجواهری: صراع القوی فی المشرق العربی، ص٣١-٣٤

[٣]- رابیعە فەتاح: كوردستان له سەدەی پازدەی زاینییدا، ل١٨٨-١٨٩

[٤]- دایره المعارف كردی، ل٦٩٧

لەسـەردەمی مـیر سـەیفەدین هـەیبووە، بـە دوور نـازانرێ پـێش مـیری دەمەزرێنەریش موکریەکان هەبووبن، لەو بارەیەوە لۆنگریك دەڵێت: "موکری مەملەکەتێکی کۆنی کورد بووە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ رۆژانی دەوڵەتی سەلجوقی"[١]، لە پاڵ ئەوەدا ئاماژەی تریش هەیە، لەسەر پێشینەی موکری، کـە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەرەتای سـەدەی ٨ك/١٤ز[٢]، لەوانـە گەڕانـەوە بـۆ مێژوویـەکی دووری وەکـو سـەردەمی سـەلجوقی بـەدوور بگیریـت، بـەڵام ناتوانرێت پشتگیری لە بۆچوونێکی لەو جۆرە نـەکرێت، کـە پێشـینەیەك بـۆ هاتنی میر سەیفەدین هەبووە، بەڵام لەو بارەیەوە بەڵگـەی یـەکلایی کـەرەوە دەستنەکەوت.

سەبارەت بە شۆڕشی میر سەیفەدین نووسەر پێی وایـە، لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی ٩ك/١٥زدا بـووە[٣]، لـە ئەنسـکلۆپیدیای ئیسـلامیدا هـاتووە، کـە لـە گەرمـەی نـاکۆکی تـەیمووری لـەنگو پادشـایانی قـەرە قۆینلـۆی تورکمـانی دامـەزراوە[٤]، ئەمـەش لـە بۆچـوونی مینۆرسـکیەوە نزیکـە، کـە دەڵێـت: لـە سەردەمی فەرمانڕەوایانی قەرەقۆینلۆو ئاق قۆینلۆ واتە لە سـەدەی ٩ك/١٥م دروستبووە[٥].

باسکاری تازەش پێی وایە، لەوە کۆنترە کـە بەدلیسـی، بـە هـاتنی مـیر سـەیفەدینی موکریـەوە پەیوەسـت کـردووە[٦]، یـان بـۆ چـوون هەیـە، کـە لـە مەودایەکی فراوانی سەدەی ٩ك/١٥ز دامەزراوە[٧]، بەڵام دیاری نـەکراوە، لـە چ سەردەمێکی ئەو سەدەیە بووە، پێدەچێت مەبەسـتی کۆتـایی ئـەو سـەدەیە

---

[١]- أربعة قرون، ص١٩

[٢]- رۆژبەیانی: فەرمانڕەوایانی موکریان، ل٩

[٣]- هەمان سەرچاوە، ل٣٤

[4] - Minorsky: The Encyclopaedia Of Islam, , Volume V, p.456

[٥]- الاكراد، ص١٦

[٦]- نازناز محمد عبدالقادر: میرنشینەکانی کوردستانی رۆژهەڵات، ل٤٨

[٧]- أمین زكی: تأریخ الدول والإمارات، ص٣٩٠

بوویێت، چونکە هەمان مێژوونووس لە سەرچاوەیەکی تریدا میر سیفەدینی بە دامەزرێنەر داناوە[١]، دانانی ئەو میرەش بەدامەزرێنەر لە کۆتایی سەدەی ٩ك/١٥ز دایە، توێژەرێکیش ئەو بۆچوونەی هەیە، کە لە کۆتایی سەدەی ٩ك/١٥ز لە سەر دەستی ناوبراو دامەزرابێت[٢].

لە هەمووان روونتر، حوزنی لە کتێبە مێژووییەکەی لە سەر موکریان، لە سەرەتاوە مێژووی موکریانی نووسیوە هەتا هاتنی میر سەیفەدین ئەوەی دیاریکردووە: "کوردستانی موکریان لە سەرەتای تاریخەوە هەتا هاتنی میر سەیفەدینی موکری سالّی (٨٧١ك/١٤٦٧ز)"[٣]، گەرچی لە بەراوردکردنی سالّی زاینی بە کۆچییەکەی بە هەلّەدا چووە، کە سالّی (٨٧١ك) دەکاتە سالّی (١٤٦٩ز)، کە ئەو سالّە هاوکاتە لەگەلّ هاتنی ئۆزۆن حەسەن بۆ تەورێز بۆ دەستبەسەراگرتنی ئازەربایجان، ئەمە لە کاتێکدا هەتا مردنی ئۆزۆن حەسەن لە سالّی (١٤٧٨/٨٨٢ز) دەسەلاّتی ئاق قۆینلۆ لەوپەڕی دەسەلاّتی دابووە[٤]، ئەو هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگێڕیتەوە، کە میللەتی کورد ئۆزۆن حەسەنیان زۆر خۆشویستووە، گەڕاونەتەوە نیشتیمانی خۆیانو حکومەتی موکریان دامەزراندووە[٥]، بەلاّم هیچ سەرچاوەیەکی دیکە دەستنەکەوت پشتگیری ئەو مەسەلەیە بکات، ئەمە لەکاتێکدا وەکو ئاماژە درا، زۆربەی قەلاّو سەنگەرەکانی کورد لە لوڕستانو بادینانو هاودیانانو دیاربەکرو بوتان لە لایەن ئۆزۆن حەسەنەوە گەمارۆدران.

---

[١]- أمين زكي: خولاصه، ج٢/ل٢٧٠

[٢]- رابیعە فەتاح : کوردستان لە سەدەی پازدەی زاینییدا، ل١٨٨-١٨٩

[٣]- بڕوانە: (بەرگی دەرەوەی کتێبی حوسێن حوزنی: کوردستانی موکریان).

[٤]- بۆ زیاتر زانیاری لە سەر سەردەمی ئۆزۆن حەسەن بڕوانە: (القزويني: لب التواريخ، ل٢٠-٢١ ؛ دائره المعارف الاسلاميه الكبرى، (ماده أق قونلو)، ج١/ ص٣٨٥-٣٨٦؛ رابيعه فتاح: کوردستان لە سەدەی پازدەی زاینییدا، ل١٦٤-١٧٩).

[٥]- حوزنی: کوردستانی موکریان، ل٣٨٢

لەگەڵ ئەوەدا  لە سەردەمی ئۆزۆن حەسەنو هەردوو کوڕەکەی سولْتان خەلیلو سولْتان یەعقووب لە ئازەربایجان بە ڕێژەیەك ئارامیو ئۆقرەیی هەبووە[1]، ساڵی پێشتر شالاوی ئاق قۆینلۆ بۆ سەر شارەکانی کوردستانی باکوور گەمارۆی بۆتانو ژمارەیەك لە شارو شارۆچکەکانی دیکەیان داو داگیریان کردووە[2]. هەر لەو ساڵەدا شالاوی بردووەتە سەر لوڕستانو هەتا ساڵی (٨٧٨ك/١٤٧٣ز) لە بەرامبەر عوسمانیەکان شکاوە، دەسەلاتی بەهێزی بە سەر کوردستاندا هەبووە[3]، هاتنی ئۆزۆن حەسەن لە (٨٧١ك/١٤٦٩ك) سەرەتای قۆناغێکی تازەیە لە واقیعی سیاسیی کوردستان، پێشتر پایتەختی فەرمانڕەوایی ئاق قۆینلۆکان لە دیاربەکر بووە، دواتر گواستیەوە بۆ تەورێز، لەگەڵ خۆیدا ژمارەیەك لەو هۆزانەی پشتگیری بوون گواستنەوە بۆ ئازەربایجان، هەڵوێستی ئۆزۆن حەسەن لەگەڵ میرە کوردەکان باش نەبووە، هەرچی قەلاَی میرانی هەکاریو حصن کیفا هەبووە، دەستی بە سەرا گرتوونو هەندێك بنەماڵەیەش بۆ ژێردەسەلاتی مەمالیك لە شام رایانکرد[4]، لە جیاتی ئەوە ناوچەکەیانی بە خێڵە تورکمانەکانی لایەنگری خۆی سپارد، لە ئازەبایجانەوە هێرشی گەورەی کردە سەر لوڕستانو لەوێ رووبەڕووی بەرگری گەورە بۆوە، لەلایەن میرنشینی ئەوکاتەی لوڕستان[5]، تێکچوونی پەیوەندییەکانی ئەو لەگەڵ میرە کوردەکات هاوکات بووە لەگەڵ فراوانخوازی عوسمانیەکان لە ئاسیای بچووك، تێکچوونی پەیوەندیی نێوان مەمالیك لەگەڵ ئاق قۆینلۆ لەلایەکو ئاق قۆینلۆ لەگەڵ عوسمانی لەلایەکی دیکەوە، ئۆزۆن حەسەنی ناچاری خۆئامادەکردن کردووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە

---

[1] - دائرة المعارف الاسلامية الكبرى، (مادة اذربيجان)، ج١/ ص١٢١

[2] - تارانی: کتیبی دیاربەکرییە، ب٢/ ل٥٣١-٥٣٢؛ البدليسي: شرفنامة، ص٢٣٩-٢٤٠

[3] - تارانی: کتیبی دیاربەکرییە، ب٢/ ل٥٥٨-٥٦٠

[4] - البدلیسی: شرفنامە، ص٢٣٩-٢٤٠، ٣١٥

[5] - تارانی: کتیبی دیاربەکرییە، ب١/ ل٤٨٤ ؛ رابیعە شێخ : کوردستان لە سەدەی پازدەی زاینییدا، ل١٧٥

لەگــەڵ دەوڵــەتی عوسمــانی، لــە ســاڵی (٨٧٨ك/١٤٧٣ز) ســەرەڕایی کۆکردنـەوەی هێزێکـی گـەورە لـە بەرامبـەر عوسمانییـەکان شـکا[١]، بەمـەش شپرزەیی کەوتە ناو بنەماڵەیەوە، کوڕەکەی لێی هەڵگەڕایەوە پەیوەندیی بە مەمالیەکەکانەوە کردو دوای مردنی خـۆی لـە سـاڵی (٨٨٢ك/١٤٧٨ز) شـەڕو ناکۆکی کەوتە ناو بنەماڵە ئاق قۆینلۆ، دەوڵەتی مەمالیك ئەمەی بـە دەرفـەت زانی هێرشی کردە سەر سنووری دەسەڵاتی ئاق قۆینلۆ لە ئاسیای بچووك[٢].

دەشێت ئەگەر لە ئازەربایجان ئۆقرەییەك هەبووبێت، بۆ دەسـەڵاتی ئـاق قۆینلۆ یـەکلایی بووبێتـەوە، ئینجـا پـەلامارەی هەرێمـەکانی دیکـەی دابێـت، توێژەر پێی وایە لە کۆتایی دەسەڵاتی ئاق قۆینلۆ میر سەیفەدین بە دەرفەتی زانیووەو سەربەخۆیی راگەیاندووە[٣]، ئەمە پشتگیری دەقەکەی بەدلیسیە، کە لە کۆتایی ساڵانی تەمەنی سوڵتانەکانی تورکمان، میر سەیفەدین راپـەڕیوە، بەڵام ئەم کۆتاییەکەی بووە؟.

ئەمە لە کاتێکدا ماوەی دەسـەڵاتی ئـۆزۆن حەسـەن سـەردەمی زێـڕینی دەوڵەتی ئاق قۆینلۆ بووە، لە دوای مردنی خۆی ناکۆکی کەوتـە نێـوان کـوڕو ئامۆزایەکانی لە سەر دەسەڵاتو نیشانەی کۆتاییو لاوازی لـێ بەدەرکـەوت[٤]. لێرەوە جارێکی تر میرە کوردەکان کەوتنـەوە جموجـۆڵ بـۆ دابینکردنـەوەی سەربەخۆیی خۆیان. بە تایبەت لە دوای ساڵی (٨٩٦ك/١٤٩٠ز) ناکۆکی زیـاتر کەوتە ناو بنەماڵەی ئۆزۆن حەسەنەوە، ئەمەش دەرفەتی زیـاتری رەخسـاند، هەر لەو سەروبەندەدا میرانی هەکاریو حصن کێفا گەڕانەوە قـەڵاکانی بـابو باپیرانی خۆیان[٥] .

---

[١]- رابیعـە شـێخ : کوردسـتان لـە سـەدەی پـازدەی زاینییـدا، ل١٧٩؛ روبیرمـان تـران: تـاريخ الدولـة العثمانية، ج١، ص١٤١-١٤٢

[٢]- حسن روملو: احسن التواريخ،، ج١١/ ص٥٩٣

[٣]- رابیعە فتاح: کوردستان لە سەدەی پازدەی زاینییدا، ل١٩٠

[٤]-بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (القزوینی: لب التواريخ، ل٢٢١-٢٣٢ ؛ حسن روملو: احسن التواريخ، ج١١/ ل٦١٩- ٦٣٥ ؛ مرتضى افندي : گلشن خلفا، ص١٧٨-١٧٩).

[٥]- البدليسى: شرفنامە، ص٢٤٠-٢٤٢، ٣١٥-٣١٦

له دوای کۆتایی هاتنی دەوڵەتی ئاق قۆینلۆ ئەو میرنشینە بووە دەوڵەتی عوسمانیو سەفەوی ناچارکردووە نادیدەی نەگرن[1]، ئەگەر موکریان وەکو فیدراسیونێکی هۆزایەتی گەورە لەپێش دامەزراندنی میرنشینەکەی نەبوویێت، ئەوە ریی تێناچێت لە ناکاو پیاوێك هەڵکەوێتو هەمووان یەك بخاتو دواتر لە سەردەمی کوڕەکەی هۆزەکانی ناوچەکە یەکگرتووانە بەرەنگاری هێزێکی وەکو سەفەویەکان بکاتەوە.

سەرچاوەکان زیاتر لە سەر (سارم بەگی کوڕی میر سەیفەدین) دوان، بە تایبەت بەرگری ئەو میرە لە موکریان لە بەرامبەر شالاوی شا ئیسماعیل لەگەڵ سەرەتایی پەیدابوونی دەوڵەتی سەفەوی[2].

سارم بەگ لە ساڵی (٩٠٢ك/١٤٩٧ز)، دەسەلاتی موکریانی گرتۆتە دەستو لە دوای گەڕانەوەی پیرۆزبایی لە سوڵتان سلێمانی قانوونی بە بۆنەی هاتنە سەرحوکمیەوە، سارم بەگ مردووە[3]، کە دەکاتە (٩٢٧ك/١٥٢١ز).

ئاوابوونی دەسەلاتی ئاق قۆنیلۆ دەرفەتی بۆ هێزێکی تازەی لە ناوچەکە دروستکرد، ئەوانیش سەفەویەکان بوون لە ساڵی (٩٠٨ك/١٥٠٣ز) دوا ئامادەکاری پاشماوەی ئاق قۆینلۆ لە تەورێز کەوتە دەست شا ئیسماعیلی سەفەوی[4]، بە ماوەیەکی کەم شا ئیسماعیلی بە مەبەستی داگیرکردن چەند جارێك لە شکری ناردۆتە سەر موکریان[5].

---

[1] - عماد عبدالسلام: دراسات وثائقية، ص٢٥٠

[2] - بۆ ئەو مەبەستە بڕوانە: (القزويني: لب التواريخ ، ص٢٤٨؛ قازى احمد تتوى و ديگران: تاريخ ألفى، ج٨/ ص٣٢٦؛ اسكندر بيك تركان: تاريخ عالم اراى عباسى، زير نظر با تنظيم فهرستها و مقدمة، ايرج افشار، مؤسسة انتشارات امير كبير، تهران، ١٣٨٢، مج١/ ل٢٩-٣١).

[3] - البدليسى: شرفنامه، ص٤٨٦

[4] - حسن روملو: أحسن التواريخ، ج ١٢/ ص٦٣

[5] - أسكندر بيك تركمان: عام اراى عباسى، ص٢٩-٣١؛ البدليسى: شرفنامه، ص٤٨٦؛ صمدى: تاريخ مهاباد،ل١٢؛ منهوچر باسادوست: شا اسماعيل اول، شركت اسهامى انتشار، تهران، ١٢٨١ ﻫ،ش، ص٣٩٩

له رووی دیاریکردنی بەروارەکەیەوە رای مێژوونووسی لەباری سەفەوی لە هەمووان دروستر دێتە بەرچاو، کە پێی وایە لە ساڵی (٩٠٩ك/١٥٠٤ز) شا ئیسماعیل گەیشتۆتە (خۆی)و (سەلماس)و لە ساڵی (٩١٠ك/١٥٠٦ز) هێرشی کردۆتە سەر سارم بەگ[١].

دوا هێرشی هێزەکانی سەفەوی لە شێوەی گەلەکۆمەکێی هۆزەکانی لایەنگری، پێکهاتبوو لە هۆزەکانی کوردو قزڵباشەکان وەکو (دورمۆش خانی شاملۆ، عەبدی بەگی شاملۆ[٢]، سارۆی عەلی میهردار، بارام بەگی قارەمانلۆ)[٣]، هەریەك لە (دورمۆش خانی شاملۆ)، (عەبدی بەگی شاملۆ) خۆیانو هۆزەکانیان لەگەڵ هۆزەکانی دیکە وەکو ئیستاجلۆو قاجارو تیکلۆو زیلقەدرو ئەفشار لە هۆزە تورکمان بوون، کە لە سەرەتاوە بەشداری لە شکری سەفەوی بوون[٤]، سارم بەگ لەو بەرەنگاریە سەرکەوتووەو بەڵگەی بە توانایی خۆیو میرنشینەکەی نیشاندا[٥].

ئەوەی گرنگە ئەو ئاماژەییە، کە سارم پێش هاتنی سەفەوی سەربەخۆیی خۆی راگەیاندبوو[٦]، دوای خۆراگری لە بەرامبەر گەلەکۆمەکێی

---

[١]- اسكندر بيك تركان: تاريخ عالم اراي، ل٢٩-٣١ ؛ بۆرەکەیی: دايره المعارف كردى، ل٦٩٧ ؛ سعدي عثمان هروتي: كوردستان و الامبراطورية العثمانية، ص٣٢؛ منوجهر باسادوست: شا اسماعيل اول، شركت اسهامي انشاز، تهران، ١٢٨١، ص٣٩٩

[٢]- عەبدی بەگ باوکی دورمیش خانە، ئەوانە بە خۆیو هۆزەکەیانەوە پەیوەندیان بە شا ئیسماعیلەوە کردووە، خاوەن پلەو پێگە بوون لە لای ئەو. بڕوانە: (حسن روملو: احسن التواريخ، انتشارات كتابخانه شمس، تهران، ١٣٤٢ه، ش، ج١٢/ ص٦٦)

[٣]- القزويني: لب التواريخ، ص٢٤٠-٢٤١؛ احمد تتوى و ديگران: تأريخ ألفى، ج ٨/ص ٣٢٦؛ اسكندر بيك تركان: تاريخ عالم اراي، ص٣١؛ ملا محمدى شريف قازى ؛ حسين ناظم بيك: الامارة البابانية، ص١٩؛ منوجهر باسادوست: شا أسماعيل اول، ص٢٩٥-٢٩٦ ؛).

[٤]- حسن پير نيا: تاريخ ايران، ص٦٦٣

[٥]- حسن روملو: احسن التواريخ، ج١٢/ ص٩٠؛ رابيعە فەتاح: كوردستان لە سەدەی پازدەی زایینیدا، ل١٩٥

[٦]- احمد تتوى و ديگران: تاريخ الفى، ج ٨/ ل٣٢٦ ؛ بابا مردوخ روحانى شيواو: تاريخ مشاهير كرد، ج٣/ ص٣٦٤؛ حسن انزلي: ارمية در گذشتة زمان، انتشارات دستان، تهران ١٣٨٤، ص٢٣٠

هۆزەکانی سەر بە شا ئیسماعیل هەر لەو ساڵەدا ناچاربوو، پەنا بەرێتە بەر سولْتان سەلیمی عوسمانی[1]. وەکو بەدەردەکەوێت سارم بەگ سازشی نەکردووە لە سەر سەربەخۆیی میرنشینەکەیو ئەو توانا سەربازییو ئەو پێگە میللیەی پشتی پێ بەستووە، درێژکراوەی سەردەمی میر سەیفەدینی باوکی بووە.

ئەوەی لەو بەرەنگارییو سەرکەوتنەی سارم بەگ جێی بایەخە، ئەوەیە کە هێشتا هێزی عوسمانی لەو هەرێمە بەدەرنەکەوتووە، چونکە ئەم رووداوە پێش شەڕی چاڵدێران (٩٢٠ک/١٥١٤ز) بووە، ئەمەش توانای ئەو میرنشینە بەدەردەخا، کە پشتئەستوور بووە بە وزەو توانای ئەو فیدراسیونە هۆزایەتیەی لە ژێر فەرمانی دابووە.

